تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

كۆماری عیراق
وزارەتی رۆشنبیریو راگەیاندن
دەزگای رۆشنبیریو بلاوکردنەوەی کوردی
زنجیرەی ژمارە (١٣٨)

# دیوانی ویسالی



جمال محمد محمد امین

کۆماری عیراق
وزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن
دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی
زنجیرەی ژمارە (١٣٨)

# دیوانی ویسالی

جمال محمد محمد امین

مطبعة دار الجاحظ للطباعة والنشر - بغداد

پێشکەشە بەوانەی : ـ

١ ـ دڵسۆزی وشەی کوردین •

٢ ـ  بە هەموو کوردێکی دڵسۆز لەم سەر زەمینە •


٣ ـ بە گیانی پاکی ویصالی •

جەمال محەممەد
١٩٨٥




ئەی برای کورد ڕوو بکە ئیتتیفاق
بۆ عاقڵ نابێ ، لادە لە نیفاق
تاکەی ئەکێشی یاری بێگانە
هەتاکەی ؟ ، مردی بە دەردی مەراق
دەرکە لە دڵت حەسەدو کینە
یەک بن بە ڕۆح و بەماڵو ئینفاق
برا تێک مەدەن خاکی کوردستان
خۆ دووچار مەکەن بە دەردی وەناق
خزمی خۆت بگرە ، بێگانە لاخە
خۆت زەحمەت مەدە بە (ما لا یطاق)


«سالی ١٩١٩ ز»



وێنەیەکی تر لە دەستخەتی ویصالی



وێنەیەک لە دەستخەتی ویصالی



وێنەی دەستنوسێکی تر لە
دەستنوسەکان بە دەسخەتی شاعیر

کلام ... محمد ...

ز غم عبد ذلیل تو مدد یا شاه گیلانی

بیو عالم دلیل تو مدد یا شاه گیلانی

غلام ابرو ان تو ... قربان تو

شیدای آستان تو مدد یا شاه گیلانی

فدای خاک ... تو ...

چو ... آستان تو ... مدد یا شاه گیلانی

غم ... با عنان تو ...

زار ... یوسف ... مدد یا شاه گیلانی

غریب ملک آلامم ... ماه تابانم

بسان شیخ صنعانم مدد یا شاه گیلانی

غریق بحر عصیانم اسیر بند هجرانم

که چاک تیغ حرمانم مدد یا شاه گیلانی

نیاز قلب مجنونه دوا ... محزونه

چراغ دشت هامونه مدد یا شاه گیلانی

بر بوتو نالینی ... درزینی

ملک ... مدد یا شاه گیلانی

[illegible]

مدد یا شاه گیلانی

تو ... راحت جانم ...

حرارت ... مدد یا شاه گیلانی

... جانی ... مدد یا شاه گیلانی

... جیلان ... حیوان

... مدد یا شاه گیلانی

شفاعت ... صبیب ... انسانی

بینا جمع مریدانه مدد یا شاه گیلانی

رئیس اولیا دنیا تو ... ساکن بغدا

تو شمع شب یلدا ... مدد یا شاه گیلانی


عنادل ... لاله گر ... قفس ...

دلیس ... مدد یا شاه گیلانی

وصال بود وصال تو ... وصف کمال تو

چهار ... جمال تو مدد یا شاه گیلانی

تمت ...



وێنەی دەسخەتێکی نثری شاعیر

# چۆن دەستم کرد بە کۆکردنەوەی ئەم دیوانە ؟

لە پشووی سەری ساڵی ١٩٧٣دا بوو کاتێک گەڕامەوە بۆ چوارتا ، عەوداڵ بووم بە دوای ئەو شاعیرو ئەدیبە نەناسراوانەی کە لەم ناوچەیەدا هەبوونو هیچیان دەربارە نەزانراوە ، یەکێک لەم شاعیرانە مامۆستای خواڵێخۆش بوو شێخ محەممەدی قەرەداغی بوو کە نازناوی شیعریی (ویصالی)یەو خاوەنی دیوانێکی گەورەو نایابە لە کوردیو فارسیو کەمێکیش عەرەبی ·· پاش ئەوەی چوومە لایو یەکترمان ناسی ، توانیم ڕازی بکەمو دەستنووسەکانی لێ وەربگرم بە هیوای ئەوەی بە چاپیان بگەیەنم ·· .

ئەو کاتە من چوومە خزمەتی ، نەخۆشی سەر جێگار بوو ، لەماڵی مەلا عەبدوڵلای کوڕی بوو لە کەڕەکی تووی مەلیک لە سولەیمانی ، بە هۆی نەخۆشی (زەغطەوە) هاتبووە ئەوێ ، وەختێ کەوتمە گفتوگۆ نەی ئەتوانێ وەک پێویست هەموو ئاواتەکانم بێنێتە دی ، بە تایبەتی لە وەڵام دانەوەی پرسیارەکانم ، بەڵێ دەردی پیرییو نەخۆشی تەنگی پێ هەڵچنیبوو ، بای ئەجەل بەرۆکی گرتبوو تا غونچەی ژیانی هەڵوەرێنێو لەم جیهانە فانییەی جودا بکاتەوە ، بەڵێ هەر پاش ئەو چاوپێ کەوتنە مەرگ بوو بە میوانی ، کە لە داهاتوودا لێی ئەدوێم ·· بەڵێ ، لەسەر جێگا ڕاکشابوو ، بێ تواناو بێ تاقەت بوو ، پەکی کەوتبوو ، بە گران قسەی بۆ ئەکرا ، پاش ئەوەی لە مەرامەکەم گەیشت کە بۆچی چوومەتە خزمەتی ، زۆری لە خۆی کردوو وتی : ـ [ ڕۆڵە من ئەمرمو نامێنم ، بەڵام ئەشعارەکانمو ناوم هەر ئەمێنێ ، ئومێد ئەکەم بە دڵسۆزییەوە بە چاپیان بگەیەنی ، بەڵام ئەوەی ئەمەوێ پێت بڵێم ئەوەیە کە شیعرەکانم وەکو خۆی ، بێ زیادو کەمو دەسکاری بڵاو بکەرەوە ] ، منیش پەیمانی ڕاستیو وەفاداریم دایێ کە مەرامو ئاواتی ئەوو هەموو ئەدەب دۆستو هەموو کوردێکی دڵسۆز بهێنمە دی ، وە پاش هەوڵو کۆششێکی زۆر توانیم ئەم دیوانە بەمشێوەیە بخەمە بەردەستی خوێندەوارانی ئازیزی گەلەکەم ، کە هیوادارام جێی خۆی لە دڵیاندا بکاتەوە ··

جا پێش ئەوەی باسی پایەو پلەی شاعیرێتیو لایەنە جیاجیاکانی ئەم شاعیرە بکەم ، پێویستە دەربارەی ژیانو ڕەگەزی بدوێم · ئەمە لە لایەک . لە لایەکی ترەوە خۆم بە بەختیار ئەزانم کە هەر کەمو کووڕیو ناتەواوییەک

کە لەم دیوانەدا یەدی ئەکرێ ، یان لێکدانـەوەی واتـای وشـەیەک یـان زاراوەیـەک کە بە هەڵە بۆی چووبم ، بە شانازیو سـنگی فراوانـەوە ، سوپاسی ئەو ڕۆشنبیرە ئەکەم کە مەلۆی ئاگاداریو شارەزایی ئەخاتە سەر شارای ئەم دیوانە .. چونکە مەبەستی سەرەکیم لەم کارە خزمەت کردنـی زمانو ئەدەبی کوردییە ...

## ویصالی کێیە ؟

شاعیری ناوداری ئەم باسە ناوی محەممەدە کوڕی شێخ ئەحمەدی شێخ ئەهای شێخ عەزیزی شێخ عومەری شێخ عەبدول لەتیفی مەردۆخییە ، لـە شێخەکانی قەرەداغە ، لە گوندی [ تەکیە ]ی قەرداغ لە پارێزگای سولەیمانی لە بەرواری ٢٢ـ٣ـ١٩٠٢ زایینی هاتۆتە دنیاوە ، بەڵام بـە داخەوە هـەر لەو مانگەدا تیایا چاوی بە دنیا هەڵهێنا ، دایکی کۆچی دوایی ئەکات ، لە پاشـی ساڵێک باوکی ژنێکی تر ئەهێنێت ، وردە وردە ژیانی کەوتە ناخۆشییەوە ، هەر وەک وتراوە : ــ [ کە دایکت بوو بە باجی لای باوکت بێ ڕەواجی ] ، لـە تەمەنی شەش ساڵیدا باوکیشی کۆچی دوایی ئەکات ، بـەم جۆرە ژیانـی لێ تاڵ بوو ، خانەوێرانو ئاوارە بوو ، ئەمجا چووە لای ئامۆزاکانی ، بوو بـە شوان تا تەمەنی ئەگاتە دەساڵی ،.. هەر لەو ماوەیـەدا ، ڕۆژێک لـە ڕۆژە جوانو دڵڕفێنەکانی بەهار ، خەریکی بەخێوکردنی مەڕو بزنەکانـی ئەبێت ، ئەیان بات بۆ قۆپیە ، [ قۆپی دێیەکی زۆر خۆشە ، پڕ میوەیە ، ئاووهەوایەکی سازگاری هەیە ، دڵڕفێنە ... ] ، لە یەکێ لە سەرچاوە خۆشەکانی کـە ئەڵێی سەرچاوەی ئاوی حەیاتە یا کەوسەرە ، ڕۆژی سـێ شەممـە ئەبێت ، تاقمێک فەقێو مەلا لە قەرەداغەوە دێن بۆ دیدەنی شێخ بابە عەلی بـۆ تەکیە لەوێوە ئەچن بۆ سەیران بۆ قۆپی ،وەختێ ویصالی چاوی بەم کۆمەڵە ڕێکو پێکو جوانە ئەکەوێت لەو پەری شـەوقو زەوقدا ئەبـن ، زۆر دڵگـرانو دڵتەنگ ئەبێت ، تەنانەت نەختێکیش بۆ حاڵی ناتەواوی خۆی ئەگری ، لەبەر خۆیەوە ڕازی دڵی دەرئەبڕێو ئەڵێت : [ منیش ئەگەر باوکو دایکـم بمایە ، منیان ئەکرد بە فەقێ وەکو ئەمانە ] ، ئەوانیش بانگی ئەکەنـە لای خۆیـان ، مەڕەکەی ئەباتە بن دارێکو ئەمۆڵێن(١) ، بەخێر هاتنـی مـەلاو فەقێکـان

---

(١) ئەمۆڵێن : ــ واتە مۆڵ ئەخۆن ، لەبن سێبەرێکدا کۆ ئەکرێنەوە .

ئەکات ، مامۆستا شێخ بابە عەلی ئەیبینێ ، بانگی ئەکاتــە لای خۆیـی‌و ئەفەرموێت : ــ [ حەمە گیان ، وەرە بۆچی ناخوێنی بۆ خۆت وەکو ئـــەم فەقێیانە وابیت ؟ ] ئەڵێت : مامەم نایەڵێت‌و ڕێم نادات ، ئەمجا حاڵی خـۆی بۆ شێخ بابە عەلی‌و مامۆستا شێخ مستەفای قەرەداغی باس ئەکا ، کـە نـە باوکی هەیەو نە دایک ، مامۆستا شێخ مستەفا ئەفەرموێت : شێخ بابە عەلـی بۆ ئەو خێرە ناکەیت لە مامەکانی بسێنەو پێی بخوێنە،شێوەی وا دیارە زیرەک‌و ژیربێت ، ئەفەرموێت مامەکانی نایەڵن ، شێخ ئەفەرموێت حەوالەی لای منـی بکە ، هەقت نەبێ ، پێی ئەڵێت :ــ حەمە ئەچیت بۆ لای شێخ مستەفا بــۆ قەرەداغ بخوێنی ؟ ئەڵێت بەڵێ ، شێخ بابە عەلی ئەفەرموێت بەیانی خـۆت بدزەرەوە ، کەس نەزانێ بۆ کوێ چوویت وەرە لەگەڵ شێخ مستەفا بچۆ بــۆ قەرەداغ ، مامە شێخ مستەفاش هەر خزمی خۆتە ، ئەو لە مامەکانت باشترە ، ویصالی ئەڵێت : زۆر حەز لە خوێندن ئەکەم ، ئەگەر وازم لـێ‌بێنن ، هــەر لەو کاتەدا ئەیلاواندەوەو لەبەر خۆیەوە بە دەم گریانەوە ئەی وت : ــ

ئاخ‌و داخ منیش هەر وەکو ئەمان
فێر ببوومایە حەدیث‌و قورئان

بەڵام بڵێم چی داخی گرانم
نەباوکم ماوە نە براکانم

نە باوک‌و دایک ، نە خوشک‌و برا
هیچ کەسم نی‌یە ، خوێندم فێرکا

ئەی قوڕ بەسەرم چەندە بەد بەختم
بۆچی نەت‌کوشتم کەوا بەد بەختم

هەی داد زەمانە چیت کرد لەگەڵما
بێ باوک‌و دایکت کردم لە دنیا

وەکو شێتەکان لەم خێڵ بۆ ئەو خێڵ
هەر بخولێمەوە کەوێڵـەو کەوێـڵ

بەسەر گەردانـی هــەر بمێنمـەوە
لەســەر کۆســاران بســـووڕێمەوە

خوافێرم کـەی کتێــب‌و قــورئـان
بمکەی بــە فەقـێ وەک ئەمان جوان

له بەختی منــۆ ئــەوە زۆر دوورە
مەگەر هــەر خــوا ، کــە ڕەحمی زۆرە

پاش ئەوە بۆ ڕۆژی دوایی خۆی ئەدزێتەوە ئەچێت بۆ تەکیە بۆ خزمەت شێخ بابە عەلی ، پێی ئەفەرموێت : ـ حەمە گیان مــن ئەتوانـم بە خێوت بکەم وە پێشت بخوێنم ، لە کوڕەکانی خۆمت جیـا نەکەمەوە ، بەلام مامەکانت نایەلن وە ئەگەر بچیت بۆ قەرەداغیش هەر ئەت‌بەنەوە بەلام کاغــەزت بــۆ ئەنووسم بۆ لای شێخ عومەری قەرەداغی کە لە سولەیمانی‌یە لە خانەقــای مەولانا خالیدی نەقشبەندی‌یە خزمەتی چاکت ئەکات وە شێخ مارفیش هــەر لەوێ‌یە لە مزگەوتی تەکیەیە وە هەردووکیان بۆ تۆ لــە باوکت باشـترن چونکی نزیکترین خزمن‌و هەردووکیشیان دەسەلاتیان هەیە ، مەعلووم ئەبێت بە شت ، بەلام هەرچی من پێت ئەلێم وا بکە وە لەوێش شێخ عومەر یان شێخ مارف چیان پێ وتی وا بکە ، فرو‌فێل‌و درۆو دەلەسە نەکەیت ، چونکە ئەوان هەموو شتێک ئەزانن ، بۆ خۆت بخوێنە ، وە نامەیەکی بۆ ئەنووسێ ئەمەش نامەیەکە : ـ

بو حضوری مەرحەمەت ظهوور جەنابی شێخ عومەر ( زیده مجده العالي ) اولا سلام بلا ختام بعرض عالي میرسانم پس از ابلاغي سلام و احترام اکر شما احوال ما بپرسید حمدا لله حال ما خوب است ، عزیزا حامل ورقه شێخ محمد نام پسر شیخ احمد شیخ طه است از نسل‌و سلسلەی خودمان باشد و یتیـم است بر ماو بر شما واجب است که حد الامکان سعی‌و کوشش تمـام بـرای نکاه داشتن او بکار آید بلکه ضایع نشود و بخواندن مشغــول باشد لــذا حواله ئان جناب عالي کردم بلکه از لطف خداوندو همت ئان جنــاب عالــي بهرەمند باشد ، زیاده عرضی ندارم ،

مخلص

## بابا علي إمام و مدرس و خطيب تكيه

کورتەی نامەکەش پاش سلاوی بێ کۆتایی بۆ ئێوەی خاوەن پایە پاشــ سلاو و ڕێزم ، ئەگەر ئێوە هەوالی ئێمە ئەپرسن سوپاس بۆ خوا ئێمە باشین ، خۆشەویستم هەلگری ئەم نووسراوە شێخ محەممەدی کوڕی شێخ ئەحمەدی تەها لە ڕەگەزو بنەمالەی خۆمانەو بێ‌باوکەو دایکە لەسەر ئێمــەو ئێــوە

پێویستە کە بە پێی توانا هەوڵ بدەینو کارێک بکەین سەرگەردان نەبێت ، وە بە خوێندنەوە خەریک بێت ، بۆیە ناردمە لای ئێوە بەڵکو بە لوتفی خواو هیممەتی ئێوەوە بەهرەوەر ببێت ، ئیتر قسەی ترم نی‌یە لە خزمەتتانا .

# موخلیســـتان

## بابە عەلی پێش‌نوێژو خوتبە خۆینو مامۆستای

## تەکیە ..

پاشان ویصالی نامەکە وەرئەگرێو دێت بۆ سولەیمانی ، لە تەمەنـــی دەساڵی‌دا لە خزمەت مامۆستا شێخ عومەری قەرەداغی‌دا دەست ئەکات بـــە خوێندن ، ماوەی پێنج ساڵ لە خزمەت مامۆستا شێخ عومەرو مامۆستا شێخ مارف‌دا ئەمێنێتەوە هەتا دەست ئەکا بە (جامی)، ئەمجا لەسەر خواستو فەرمانی مامۆستا عومەر ئەچێت بۆ (هەرزنی) کە گوندێکە لە ئالانی ئێران لـــە سەر سنووری پشدەر ، وە ماوەی‌سێ ســـاڵ لە نارچـەی ئالانـی باپیر ئاغـــا ئەمێنێتەوە ، لە تەمەنی هەژدە ساڵی‌دا ئەچێتە خزمەت مامۆستا مەلا صاڵحی خوارەمیر کە هەر لە هەمان ناوچەدا ئەبێتو دوو ساڵیش لای ئەو ئەخوێنێ ، پلەی خوێندنی لەو کاتەدا گەیشتبووە . ( مختصر ) ، وە توانـــای وابـــوو ( شرح العقائد ) بخوێنێ ، وە ئەو ماوەیە زیرەکیو بلیمەتی لەناو هەمـــوو هاورێکانیا وە دەرکەوت ، لە تەمەنی بیست ساڵی‌دا ئەچێت بۆ ( بێتووش ) ، وەماوەی ساڵێکیش لە خزمەت مەلا عەبدوڵلادا ئەمێنێتەوە ، وە لای مامۆستا ناوبراو ( فەناری ) خوێندووە ، لە تەمەنی بیستو دوو ساڵی‌دا کەوتە داوی عەشقەوە ، بەڵێ کەوتە داوی عەشقی نازدارێکەوە ، وە بەم بەیتەی خوارەوە دەست ئەکات بە باسی خۆشەویستەکەی : ـ

برۆ طاقو مەمک جووت ، وەک تاژی کەوتوومە دووت<br>
قامیشـەڵانـی جیســـم بە بەرقی حوسنی تۆ ســـووت

بەڵام هاورێ ناڵەبارو بەخیلو چاوچنۆکەوە تووشی نارەحەتیو دەردی سەری بووە ، ئەو هاورێیانەی کە خەڵـکی ناوچەکە بوون ، مادەیان لەو بەرەو

زوورتر بوو بەڵام هیچیان لە (جامی) حوێنێک یا (استعارە) زیاتریان لا نەبوو ، لەگەڵ ئەوەشا کە مادەیان ( تەهذیبو گولنبەوی بورهانو جمع الجوامـــعو تەشریح ) بوو .. ویصالی لەو کاتەدا لە گەرمەی خوێندندا بـــووە ، بـــەڵام هاوڕێکانی بە ڕازو نیازیان ئەزانی ، لای مامۆستا مەلا عەبدوڵلا نامـە خراپیان کرد ، وە لە لایـەکی تریشەوە چونکە مەعشووقەکەی ( دڵدارەکەی ) خزمـی نزیکی مامۆستا بوو ، لێی زویر بوو ، وە ئیزنی دا بڕوا ، وە بـە نـاچاری و دڵشکاوی‌یەوە ئەوێی بەجێ‌هێشت ، وە ئەم چەند بەیتەی بۆ هاوڕێکانـــی نووسیو بۆی بەجێ هێشتن کە تیایا ئەڵێت : ـ

براگەل مژدەبێ لێتان ، لە لاتـان
ئـەوا ڕۆیی ڕەفیقـي بێ هەواتان
بە کوڵ بگرین لە دوای ئەو یارە تەحقیق
نی‌یە وەک ئەو لە دنیا جان فیداتان
کە گوڵشەن خاڵیە ئیمرۆ لە غونچە
ئەبێ چبکا هوزاری بێ نەواتان ؟
بە بولبول گەرم ئەبێ بازاڕی غونچە
لە لا ئەو هەر گوڵە خاري جەفاتان
ئیتر هەر ئێوەبن با ئێمە دەرچین
بە ئێمە با نەبێ نەقصو نماتان
بە فەوتی ئێمە یاخوا ئێوە دووربن
لە دەردوغەم لەژێر سایەی هوماتان
عەزیزم ماچی لێوی دەفعی دەردە
لە عاشق قەط مەکەن مەنعی دەواتان
بە ناحەق نی‌یە ڕوو وەردەگێڕن
بە ناحەق مەمکوژن ئێوەو خوداتان
( ویصالی ) لێرە دەرکەن با نەمێنێ
ئەگونجێ بەو ببێ دەفعی بەڵاتان

پاش ئەم ڕووداوە نامەیەکو چەند شیعرێکی نووسیو ناردی بـۆ حاجی هەباس ئاغا لە کەرماو ، چونکە لەوەپێش بە هۆی شیعرو ئەدەبیاتەوەو بەهۆی دەنگخۆشیو زیرەکییەوە ، ناوبانگی دەرکردبوو ، وە زۆریان خۆش ئەویست ، وە هەموو پیاوە بە دەسەڵاتەکانی ئەو ناوچەیە لـەو سـەردەمەدا وەکو هەباس ئاغای سەلیم ئاغا ، ڕەشید ئاغای عەبدوڵڵا ، مستەفای مێرگاسە ، عبدوللا ئاغای بێژوویی ، هەروەها پیاوە دەست ڕۆیشتووەکانی ئەشکانو مێرگاسە ، ئەمانە ، هەر شتێک مامۆستا ویصالی داوای کردایە ، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا جێبەجێ ئەکرد ·· بەڵام چونکە بە وەفا بوو وە هەرگیز بـە نزمیو کەمو کووڕی کەس نەئـەکرد ، لەبەر ئەوە هەر لە دڵی خۆیا بوو کە کەس نەزانێ بۆچی بێتووش بەجێ ئەهێڵێت ، لەگەڵ ئەوەشدا حاجی هەباسـی دەست ڕۆیشتوو پەیمانی پێ دابوو کە هەتا ( ئیجازە ) وەرنەگرێ نابـێ بڕوات ، وە هەر کاتێکیش ئیجازەی وەرگرت بێتـە مـەڵای دێی حاجـی هەباس ·· بە کورتی نامەیەکی شیعری ئەنووسێو بەجێی ئەهێڵێت کـە ئەمەش دەقی ئەو نامە شیعرییەیە کە ئەڵێت :ـ

شاهیدم ئیمڕۆ لە باغا غونچەیەکی سەرچڵە
مەنشەئی عەشقی دەروونو مەرکەزی فکری دڵە
بولبولی دڵ گەر نەبێ سەرمەست بە عەطری میشکی خەط
یەحتەمیل لەم باغەدا نەڕوا ، ڕۆینی نا قابیلە
خزمەتی مرتەوتو حوجرەو خانەقاکەی بۆچییە
ڕەندی عاشق هەر لە مەیخانە مورادی حاصڵە
سونبل ورێحانەو میناى لەلا مەطلەب نییە
کۆششی بولبول لە شەودا ، پێشکە هەر بۆ گوڵە
بێڕیا ئێستا ( ویصالی ) عاشێقێکی موخلیصە
گەر گوڵێکی پێ نەدەی لەم باغە کاری موشکلە

کە بێتووش بەجێ ئەهێڵێت ئەچێتە خزمەت مامۆستا مـەلا عـەبدوول مەجیدی دوولکانی ، ماوەی ساڵێکیش لەوێ دەوام ئەکـات ، لـەو کاتـەدا ئەگاتە ( جمع الجوامع ) ، لە تەمەنی بیستوسێ ساڵیدا ئەنێرێتە خوازبێنـی خۆشەویستەکەی ، زۆر بـە تووڕەییەوە دەستیان نا بە ڕوویەوە ، جـاری

دووەم دوو پیاوی ناوداری ( دوولکانی ) ناردەوە ، وتیان لە ئامۆزایەکـی خۆی مارە کراوە ، هەرچەندە لە ژێرەوە یەکتریان خۆش ئەویست ، بە کوردیو بـە گورتی حاجی هەباس ئاغا بە نەرمی بۆی تێ‌کەوتو پیاوی ناردە لای کەس‌و کاری ، بە شێوەیەکی شەرعی نازداریان بۆ هێنا پاش ئەوەی شەست لیـــرە زێریان بۆ دا لە بری دەست لێ‌هەلگرتنی ئەو پیاوەی کـە لە پێشـدا لـێ‌ی مارە کرابوو ، لە پاش هەفتەیەک شایی بـۆ ئەکـەن‌و ئەبێتـە هاوســەری ژیانی ...

ویصـالی ، لە کاتێکا ئەچێتە پەردەی زاوایەتی‌یـەوە ، چـوار غـەزەل ئەڵێت ، یەکێکیان بۆ مامۆستاکەی ، ئەوی تر بۆ حاجی هەباس ، یەکێک بـۆ رەشید ئاغا ، یەکێ بۆ دڵدارەکەی ، لەو کاتەدا کە ئەچێتـە لای دڵدارەکـەی ئەم غەزەلەی بۆ ئەخوێنێتەوە کـە ئەمـە ســەرەتاو کۆتایی‌یەکەیەتـی : ـ سەرەتـا :(١)

لەگەڵ عاشق کە صەد جەورو جەفا کەی
هەمووی لوطفە ئەگەر یەک مەرحەبا کەی

کۆتایی :

دەمێکـە ئینتیظـاری وەصـــڵی یاری
محمـد دەردی هیجـرانت هەتـا کەی ؟

لە دوای ئەمە ئەچێت بۆ ( باسنێ )و پێنج ساڵیش لەوێ ئەمێنێتەوە ، ئەمجا چۆتە ( بارێی گەورە ) کە دوو گونـدن ، بـارێ گـەورە ، بـارێی بچووک ، یەکێکیان لە سیوەیلی ئەم بەرە ، ئەوی تر لە سیوەیلی ئەوبـەرە ، پاشان گەڕاوەتەوە بۆ ( باسنێ ) ، لەوێوە بۆ ( سپیدارە ) ، کـە لـە ناوچەی ( ماوەتە ) ، ئەمجا لەوێوە ئەچێتە ( سوورەقەڵات ) ، پاشان ئەچێتە گونـدی بەردەزەرد ، پاشان چۆتە گوندی ( سنجەڵێ ) ، ( ڕەشەکانی ) ، گەڕاوەتەوە ( سنکێ ) ، بەڵام لە سنجەڵێ تووشی کارەساتێکی دڵتەزێـن بوو ، ئـەو خۆشەویستو هاوسەری ژیانەی کە چەند هەولی بۆ دا ، لە گوندی سنجەڵـێ

---

(١) ئەم غەزەلەی لە ١٩٢٤/٤/٢٥دا وتووە ، لەم دیوانەدا بەرچاو ئەکەوێ

بە کارەساتێک کە لێرەدا پێویست بە باس کردن ناکات بەسەر بەرزی یەوە کۆچی دوایی کرد ..

بە پێی نەریتی کۆمەڵایەتی و سرووشت و ئایینی پاکی ئیسلام ، پاش ماوەیەک بوو بە هاوسەری خێزانی نازە ، کە تا کۆتایی ژیان .. تا مەرگ بە یەکجاری شاڵاوی بۆ بردو بە یەکجای چاوی بۆ دواجار لێک ناو لە خۆشەویستانی جیا کردەوەو گیانی پیرۆزی فڕی بۆ ئاشیانەی مەلەکووت ، لە ڕۆژی ٢٩ـ١٠ـ١٩٧٣ زایینی بەرامبەر ٣/١٠/١٣٩٢ک کۆچی دوایی کردو لە سولەیمانی بەوپەڕی ڕێزەوە تەرمەکەی بە خاک سپێررا .

## چۆنیەتی ئامادەکردنی دیوانە ئەم دیوانە بۆچاپ

لە پاش ئەوەی دەستنووسەکانم لێ وەرگرت کە هەر شیعرەی لە پارچە کاغەزێکا یان بەیاضێکدا نووسرابوونەوە وە زۆربەشیان بە دەسخەتی شاعیر خۆیەتی کە لە سەرەتای هەر شیعرێکدا نووسراوە « کلام ویصالی » یان « کلام شیخ محمد القرداغی » یاخود لە دامێنەوە نووسراوە « تمت شد از دست فقیر شیخ محمد القرداغی » لە ئەمانە هەمووی بەڵگەی ئەوەن کە شیعرەکان هەموویان هی مامۆستا ویصالین و شیعری شاعیرانی تری تێکەڵاو نەبووە ، وە گومان لەوەدا ناهێڵێ کە هەموو شیعرەکان هی ویصالین ، وە زۆربەی شیعرەکان بە خەتی شکستەی فارسی کۆن نووسراونەتەوە ، لەبەر کاغەزی بۆری کۆن ، بە پێی توانا هەموویانم گۆڕیوەتە سەر ڕێنووسی کوردیی ئیمرۆ ، تەنانەت لە کاتێکدا وشەیەکم بە ڕێنووسی ئەمرۆ نووسیوەتەوە هەمان پیت و دەربڕینی شیعرەکانم وەکو خۆی نووسیوەتەوە وەک [ لوطف ، طاعەت ، عوذر ، طەعنە .. تاد ] ، لە هەندێ شیعریشدا ئەگەر پێویستی کردبێت پیتەکەم وەکو کوردی پەتی بەکار هێناوە ، واتە وەک ئەو وشانەی پێیان ئەوترێ [ وشەی تەواوە لە زمانی کوردیدا وەک قازی ، ساحێب .. تاد ] ، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی پەیڕەوی بەشی یەکەمم کردووە ، بە وێنە وشەی ( صیفەت یان صەحرا ، هەروەک خۆی هێشتوومنەتەوە ) ، کە لە کاتێکدا وشەی ( صیفەت ، صەحرا ) بەم جۆرەش ئەنووسرێن ( سیفەت ، سەحرا ) .. بە کورتیەکەی شێوەو ڕێگەیەکم گرتووەتە بەر کە خوێنەوار بە ئاسانی بیخوێنێتەوە ، چ خوێندەوارە بە ساڵاچووەکان ، چ خوێندەوارە لاوەکان ..

بەپێی تواناش بەشی غەزەلیات و دڵداری و وەتەنی (نیشتمان پەروەری)و

بەشی ئایینیو هەمە جۆریشم جیا کردۆتەوە بۆ ئەوەی خوێنەر زیاتر چێژی لێوەرگرێو سیمای تێکەڵو پێکەڵی پێوە دیار نەبێ ، لە هەمان کاتدا ئەگەر وشەیەکم بۆ ساغ نەبوو بێتەوە یان کورابێتەوە یان بۆ نووسینو وتن نەشیابێ ئیشارەتم بۆ کردووە بۆ ئەوەی خوێنە لە دوو دلی ڕزگاری ببێت ..

ئەوەی پێویستە لێرەدا بیخەمە بەرچاو ئەوەیە کە بۆ ساغ کردنەوەی تەواوی دەستنووسەکان پشتم بە یەک سەرچاوە بەستووە ئەویش دەستخەتەکانی شاعیر خۆیەتی . چونکە مامۆستای خوالێخۆش بوو کاتی خۆی شیعرەکانی بڵاو نەئەکردەوە ، تەنانەت ئەگەر سەلیقەو زانایی خۆی نەبوایە دوور نەبوو ئەو شیعرانەش بکەیشتنایەتە دەستی ئێمەو ئەکەوتنە بن دەزیای لەناوچوونەوە ، ئەمە لە لایەک ، لە لایەکی ترەوە ماوەیەکی زۆرە ئەم دیوانە ئامادەی چاپ کردن کراوە ، واتە لە سالی « ١٩٧٦ »ەوە تەواوم کردووە ، بەڵام گەلێ کۆسپو تەگەرە بوونە هۆی دواکەوتنی چاپ کردنی ، .. لێرەدا بە پێویستی دەزانم سوپاسی دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی بکەم کە ئەرکی چاپ کردنیان خستە ئەستۆی خۆیان ، دیارە بەم کارەش خزمەتێکی گەورەی ئەدەبی کوردییان کرد ..

## پلەو پایەی شاعیرێتی ویصالی : ـ

ویصالی یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لەسەر خوانی ئەدەبیاتی کلاسیکی ژیاوەو هەرگیز نەی توانیوە خۆی لەوان جیا بکاتەوە ، لە هەمان باخچە گولی چنیوە کە ئەوان گوڵچنیان لێ کردووە ، هەر لەو سەرچاوەیە ئاوی نۆشی کردووە کە نالیو سالمو کوردی نۆشیان کردووە . سەرچاوەی ڕۆشنبیرییو خوێندەوارییی هەر هەمان سەرچاوەیە کە ئەوان پیایا ڕۆیشتوونو پێگەیشتوون ، خاکو سرووشت هەر هەمان خاکو سروشتی ئەوان بووە ، تەنانەت ئەو بارە کۆمەڵایەتیو ئابوورییەی ئەمی تیا ژیاوە هەر هەمان باری ئەوان بووەو گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەرا نەهاتووە ، کەواتە چۆن ڕێڕەوو ڕێچکەی ئەوان بەر ئەدا ؟ ، چۆن ناکەوێتە ژێر کارتێکردنی بەرهەمەکانیانەوە ، چۆن لەسەر خوانی ئەوان نەژیاوە ؟ ئەمەش دیاردەیەکی سرووشتییە بە نیسبەت جیهانی ئەدەبو شیعرەوە ، کەم شاعیر هەیە نەکەوێتە ژێر کارتێکردنی شاعیرانی پێش خۆی . یان هاوچەرخەکەی .

ئەگەر بە وردی لە شیعرەکانی وردبینەوەو بچینە بنجو بناوانیانەوە ئەگەینە ئەو ڕاستییەی کە بڵێین ویصالی یەکێکە لەو شاعیرانەی بە ئاسانی ئەچێتە ڕیزی شاعیرە کلاسیکییەکانەوە ، وە لە شیعر وتندا دانەماوە ، بە

سەلیقەو توانا بووە . تەنانەت لە ڕووی پەیڕەوی کردنی کێش‌و سەرواوە ، پەیڕەوی هەمان ، ڕێڕەوی کردووە کە ئەوان لەسەری ڕۆیشتوون ، لە ڕووی ناوەڕۆک‌و شێوەیشەوە ، نەی توانیوە لە ناوەڕۆک‌و شێوەی شیعری کۆسیکی دوور بکەوێتەوە ، لە ڕووی ناوەڕۆکەوە شیعری دلداری ، نیشتمانپەروەری ، ئایینی ، پارانەوە ، ستایش‌و پیاهەلدان ، باسی دیمەنە جوانەکانی کوردستان ، نامەو نامەکاری ، موناسەبات ، جارجارەش گلەیی‌و داشۆرین‌و .. گەلێکی تری داناوە ، لە ڕووی دەربڕین‌و شێوەیشەوە وشەی بێگانەی زۆر بەکار هێناوە ، بە تایبەتی پەنای بردۆتە بەر وشەی عەرەبی‌و فارسی ، ئەگەر چی ئەمە لە نرخ‌و پلەو پایەی شاعیرێتی کەم ناکاتەوە . چونکە وەک لە پێشەوە وتم ویصالی شاعیرێکی کلاسیکی‌یە ، وە هەموو خوێندەوارێکیش ئەزانێ کە کلاسیکی واتای چی ئەبەخشێت ..

دەربارەی پلەو پایەی شاعیرێتی ئەم شاعیرە . جارێکیان لەگەل مامۆستای شارەزاو ناسراو ، مامۆستا مەسعوود محەممەدا ، گفتو گۆمان ئەکرد ، ( بێ‌گومان چاوی بە دیوانەکە کەوتبوو کە ماوەیەک لە کۆڕی زانیاری کوردی بوو ) . وتم مامۆستا چۆن ئەم شاعیرە هەل‌ئەسەنگێنی وە چۆنی لێ تێ‌ئەگەیت ؟ لە وەلامدا وتی : ـ ویصالی یەکێکە لەو شاعیرانەی لەناو لیستەی شاعیرە کلاسیکیەکاندا جێی بۆ کراوەتەوە ، وە پلەی سێ‌یەمی لە ڕووی پلەکانی شاعیرێتی‌یەوە ئەدرێتێ ، واتە لەپاش پلەی یەکەم‌و دووەمەوە دێت ، ئەمەش ئەوە دەرئەخا کە گومان لەوە ناکرێ کە ویصالی شاعیرێک بووە وەک شاعیرەکانی تر .. تەنانەت لە هەندێ شیعرا هەنگاوی گەورەی بۆ پێشەوە ناوە .

## مەبەستەکانی ویصالی لە شیعرا چی بووە ؟

ئەگەر گەشتێک بە ژیان‌و بەرهەمی ئەم شاعیرەدا بکەین ، بە ئاسانی بۆمان دەرئەکەوێ کە سەرچاوەی ئیلهامی شیعری لە چی‌یەوە سەری هەلداوە ؟ وە چ شتێک پالی پێوە ناوە شیعر بلێ ڕاستە شیعر دانان بەهرەیەکی تایبەتی‌یە لە پال سەلیقەو تواناو شارەزایی‌دا بەلام ئەمانە بە تەنها نابنە کەرەستەی تەواوی شیعر بەلکو پێویستی بە چەند پال پێوەنەرێکی تر هەیە لەوانە : ـ ڕووداوو کارەسات ، سۆزی دلداری ، دیمەنی جیاجیای کۆمەلایەتی ، ژیانی تایبەتی‌و ژیانی گشتی نەتەوە ، ناتەواوی‌یەکانی کۆمەل لە گەلێ ڕووەوە ، بیری ئایینی‌و خواپەرستی ، ... وە گەلێکی تر . لێرەدا

ئەوەی پێویستە بوترێ ئەوەیە کە یەکەم سەرچاوەی ئیلهامی ویصالی سۆزو هەوای عەشق بوو کاری کردە سەر دەروونی بە جۆشی ، هەر لەو کاتەوە عاشقی نازدارێ بوو نەی توانی بەبێ شیعر دانان بژی ، چونکە بە شیعر دەروونی بەجۆشی دائەمرکاندەوە ، بە شیعر داخوازیەکانی بۆ ئەهاتە دی ، بەڵێ هەرواش بوو هەروەک لە پێشەوەی ئەم دیوانەدا باسم لێوە کردووە ، لە لایەکی ترەوە ئاشنایەتی ویصالی لەگەل بەرهەمی شاعیرانی وەکو [ سەعدی ، نیظامی ، ئەنوەری ]و موتالا کردنیان ، کارێکی گەورەیان کردە سەر هەستو دەروونی ، لە لایەکی تریشەوە لە پاڵ شاعیرانی بێگانەدا ، ڕۆڵی شاعیرانی سەردەمی بابانیەکان [ نالی ، سالم ، کوردی ]و دوای ئەوانیش لە ڕۆڵی شاعیرە بێگانەکان کەمتر نەبوو ، تەنانەت گەلێ شیعری هەیە ڕاستەو خۆ لە شیعری ئەوان ئەچێت کە لە شوێنی خۆیدا ئیشارەتم بۆ کردووە ، جگە لەمانەش باری ژیانی تایبەتی شاعیرو ئاڵۆزیی ژیانی کەرەستەیەکی گەورەو بەنرخ بوون بۆ شیعرەکانی ..

شاعیری ئەم داستانە لە پاڵ دلداریدا ، نەتەوەو خاکەکەی فەرامۆش نەکردووە ، ئامۆژگاری ڕۆڵەکانی گەل ئەکات کە هەموویان بە یەک دڵو یەک گیان هەوڵ بدەن بۆ خزمەت کردنی ئەم خاکە پاکە جوانە ، داوایان لێ ئەکات بە دڵو بە گیان بیپارێزن ، نەزانین بفەوتێنن تاکو شارستانیەتی پێشکەوێ ، چونکە بە خوێندن وڵات پێش ئەکەوێ زانستو زانیاری سەرچاوەی پێشکەوتنن ، داوا لە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی ئەکا کە دوو دڵیو کینە فڕێدەن ، وە لەم ڕووەوە گەلێ دیمەنی سەرنج ڕاکێشەری خستۆتە بەرچاو .. داوایان لێ ئەکات کە یەک بگرن ، دەستی یەکتر بەر نەدەن چونکە داگیرکەر بە نەتەوەی یەکگرتوو ناوێرێ ، داوایان لێ ئەکات کە هەموو لایەک هەوڵ بدەن بۆ خۆش‌گوزەرانی و پێشکەوتنی وڵات و ئاوەدان کردنەوەی ، وە هەموو بە ئازادی بژین . لە پاڵ دلداریو نیشتمانپەروەریدا ، ویصالی گەلێ شیعری ئایینی هەیە ، بە تایبەتی پارانەوە لە قاپی خوای پەروەردگارا بۆ باران بارین ، بۆ لێ‌خۆش بوون ، بۆ بەدیهێنانی مەرامەکانی دینیو دنیایی . ئەمە جگە لەوەی بە شیعری ئایینی ئامۆژگاری‌یەکی زۆری ڕۆڵەکانی گەلەکەی کردووە کە هەر ئامۆژگاریەکی نرخو پایەیەکی تایبەتی خۆی هەیە ، هەر لە مەودای شیعری ئایینیدا گەرەکە پەنجە بۆ ئەوە ڕابکێشم کە ویصالی متەسەوویف نەبووە ، واتە ڕێگەی سۆفیگەری نەگرتووەتە بەر . بەڵام بڕوایەکی پتەوی پێیان هەبووە ، وە هەرگیز ئینکاری نەکردوون . تەنانەت لە هەندێ شیعرا ستایشی کردوونو دەستی ڕێزو جوانمەردی خستە

سەریان ، کە ئەمەش ئەوەندەی تر سیمای شاعیرێتی ڕازاوەتر کردووە .

یەکێک لە مەبەستەکانی تری شیعریی نامەو نامەکاریی‌یە ، ئەم دیاردەیە بە ئاشکرا لە لە بەرهەمەکانیا ڕەنگی داوەتەوە ، چ نامەی دۆستایەتی‌و ئاشنایەتی ، چ نامەی ئامۆژکاری ، چ نامەی داواکاری ، چ نامەی دلداری .. لێرەدا پێویستە شتێك هەیە لە بیخەمە بەرچاو ، هەر چەندە ئەمە شتێکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە شاعیرەوە هەیە ، وە بەهۆی باری ناتەواوی ئەوسای مەلای گوندەکانەوە هەیە بەلام باس نەکردنیشی جێی خۆی نی‌یە .. ئەویش ئەوەیە لە ویصالی گەلێ نامەی تەرخان کردووە بۆ هێنانەدی داواکاری‌و پێویستی‌و پەرژەوەندی خۆی ، بە تایبەتی لە چینی ( ئاغا )کان ، کە بەلای منەوە ( ئەئەر چی بۆ ئەو سەردەمە کارێکی ئاسایی بوو ) ، نە ئەبوایە ئەو نرخەی پێ بدانایە ، چونکە چینی دەرەبەك هەردەم کۆسپێکی گەورە بوون لە ڕێی پێشکەوتنی کۆمەڵ‌و ولاتدا .. بەلام ئەشێ ئەوەی پالی بە شاعیرەوە نابێ ستایشیان بکا ، یان بلێین داواکاریەکانی بخاتە بەردەمیان ( بێ دەسەلاتی شاعیرو دەسەلاتدارێتی ). ئەوان دوو شت بوون دژ بە یەکتر ، باری ژیانی تاڵ‌و ئەشکەنجە ناچاری کردووە بەو کارە هەڵبسێت .. ]

ویصالی لەپاڵ ئەم لایەنانەدا ، گرنگی‌یەکی گەورەی داوە بە پێنج‌خشتەکی ، واتە تەخمیسی شیعری گەلێ لە شاعیرانی کردووە وەك :- تەخمیس کردنی شیعری تایەر بەگی جاف ، شیعری زێوەر ، فانی ، وەفایی ، صادق ... ئەمەش ڕەونەقێکی تری داوە بە شیعرەکانی ، شاعیر لە پاڵ ئەمانەدا گرنگی داوە بە هەندێ ڕووداوی تایبەتی ژیانی خۆی وەك [ بێ‌نەوتی ، گیرانی ویصالی بە دەستی ئینگلیزەکان ، تووتن فرۆشتن ، ناکۆکی نێوان خۆیی و چەند کەسێك ، چوون بۆ سەر دەعوەت ، باسی چایی ، کە لێرەدا شایستەیە بیلێم کەم شاعیر بووە وەك ویصالی ئارەزووی لە (چا) بووبێت ، وە لەم ڕووەوە گەلێ شیعری هەیە ، تەنانەت (چا) یان ( چایی ) یەکێکە لەو شتانەی کە بە لای شاعیرەوە زۆر گرنگ بووە ، وەك چۆن ئادەمیزاد بێ هەوا ناژی ، ئا بەو جۆرەش ویصالی بێ ( چایی ) نەژیاوە ، وە هەر داینشتن‌و مەجلیسێك چایی تیا نەخورابێتەوە ویصالی زەوقی لێ وەرنەگرتووەو زۆر جاریش ڕووی تێ نەکردووە .. تەنانەت زەمی مەجلیسی بێ چایی کردووە یەکێك لەو دیاردە ئاشکرایانەی لە شیعرەکانا دەرئەکەون ئەوەیە کە لە زۆر شیعردا ، بە شێوەیەکی ئاسان‌و پێکەنیناوی گەلێ مەبەستی پێکلوە هەروەك لە شیعری [ لەشکری بەدمەزەبی کێچ‌داو داوای دەرمانی مەلاری لە مەحموود هەژار ]دا دیارن ، شاعیر لە پاڵ شیعری

کوردی‌دا گەلێک شیعریشی بە زمانی فارسی هەیە ، ئێمە لێرەدا نەمان توانی بڵاویان بکەینەوە ، چونکە ئەوەی زیاتر بە لای هەموانەوە گرنگــە شــیعرە کوردی‌یەکانە کە هەموو کوردزوبانێک لێی تێ ئەگاو بەوپەری ئیشتیاقەوە ئەیخوێننەوە ، جگە لەمانەش چەند شیعرێکی بە عەرەبــی هەیــە کــە لــەم دیوانەدا بەدی ئەکرێن . ئەگەرچی کەمیشن ، بەڵام وامــان بەباشــ زانــی بڵاویان بکەینەوەو نەفەوتێن ..

لە پاڵ ئەمانەش‌دا هەندێ جار نامەی نووسراوی بە کەسێکا ناردووە بۆ دۆستێکی یان خۆشەویستێکی یان هاورێ‌یەکی تیایا بەیانی داواکاریەکانــی کردووە ، گەلێک جار لەو نامانەدا داواکاری کەسی‌و تایبەتی ڕۆژانەی خۆی تیا نووسیوە وەک ئەو نامانەی کە بۆ ( مودیر ناحیەی ماوەتی ) ناردووە ، جار جارەش بە نیشانەیەک دوو مەبەســتی پێکــاوە ، وەک ئەو نامەیــەی بــۆ ( مەئموور مەرکەزی شیوەکەڵی ) ناردووە کە هەم پیرۆزباییــەو هــەم داواکاری تایبەتی خۆیەتی ... لە هەندێ نامەش‌دا [ گلەیــی‌و ستایشــ‌و داواکاری ] کۆکردۆتەوە وەک ئەو نامە شیعریەی بۆ خوالێ خۆش بوو شێخ لەتیفی شێخ مەحموودی ناردووە ، لە پاڵ ئەمانەدا نامەی هەمــە چەشــنەی تریشی بۆ ئەم‌لاو ئەولا ناردووە هەنێکیان نامەی دڵدارین واتە غەزەلیاتن ..

بە کورتی ویصالی لە هەموو دەرگایەکی شیعری داوەو لــە هەمــوو باغچەیەکی شیعری غونچەیەک یان گوڵێکــی کردۆتــەوە ، دیوانەکــەی ئەلبومێکی ڕازاوەیە لەو گوڵانە ، وە وەک لە سەرەتاوە ئیشارەتم بۆ کــرد مەبەستەکانو ناوەرۆکی شیعرەکانی بریتی بوون لە :

١ ـ نیشتمان پەروەری .

٢ ـ غەزەلیات‌و دڵداری .

٣ ـ ئایینی .

٤ ـ ستایش و پیاهەڵدان .

٥ . نامەو نامەکاری .

٦ ـ باسی سرووشتی کوردستان .

٧ ـ پێنج خشتەکی .

٨ ـ شیعری هەمەجۆرو هەمەڕەنگ .

أ ـ باسی ژیانی تایبەتی ڕۆژانەو حەزوو ئارەزووەکانی .

ب ـ ژیانی کۆمەڵایەتی‌و باری ئابووری .

ح ـ موناسەبات .

ء ـ پەندوئامۆژگاری .

ھ ـ پارانەوە ودوعا کردن .

ئەوەی لێرەدا پێویستە بیخەمە بەرچاو لە بارەی هەڵوێستی شاعیرەوە ئەوەیە کە لە گەلێ شوێن‌دا چاونەترسی‌و ئازایەتی خۆی دەرخستووەو چی لە دڵیا بووبێت وتوویەتی‌و هیچ سڵی نەکردۆتەوە لەوەی کە ئەو وتەیە یان ئەو هەڵوێستە تووشی ناخۆشی ئەکات ، لەلایەکی تریشەوە ( کە ئەمەیان ئەبێت بوترێ ) ئەوەیە کە دوو شتی دژ بە یەکی لە شیعرێکدا یان دوو شیعرا کۆکردۆتەوە کە بەلای منەوە ئەبوایە تەنها یەك لایەنی لەو دوو لایەنە بگرتایە . بە وێنە کاتێک باسی لیژنەی فەحس کردنی تووتن ئەکات ( ستایشیان ئەکات‌و دواییش لۆمەو ذەمیان ئەکات ) ، کە ئەمە نە ئەبوایە وابێت و هەموو خوێنەوارێکی هۆشمەند تێ ئەگا مەبەستم لەم قسەیەچی‌یە ...

لە کۆتایی‌دا هیوادارم دیوانەکەی ویصالی کەلێنێک لە کتێبخانەی کوردی پڕ بکاتەوەو منیش بەم کارە بچکۆلەیەم خزمەتێکی ئەدەبی کوردی‌و نەتەوەکەم کردبێ .

جەمال محەممەد محەممەد ئەمین

سلێمانی ١٩٨٥

## سوپاس‌نامه

ماوه چاره‌که سه‌ده‌یه‌ك زیاتر بوو ده‌ستنووسه‌كانی خوا لێخۆش‌بوو ، شێخ محه‌مه‌دی باوكم به بێ‌ناز مابوونه‌وه ، چاوه‌ڕوانی ماموستایه‌كی لێهاتووری وه‌ك ماموستا جه‌مال بووم كه ئاواتی باوكم‌و بنه‌ماڵه‌كه‌مان بێنێته دی‌و دیده‌ی خوێنه‌رانی نه‌ته‌وه‌كه‌مان به شیعره جوان‌و ڕازاوه‌كانی پێ گه‌ش بكاته‌وه ودیوانه‌كه‌ش له قورگی نه‌هه‌نگی فه‌وتاندن‌و له‌بیرچوونه‌وه بێنێته ده‌ره‌وه ، ماموستای به ئه‌مه‌ك‌و دڵسۆز ئه‌و ئه‌ركه گرنگه‌ی خسته ئه‌ستۆی خۆی‌و پاش هه‌وڵ‌و ته‌قه‌للایه‌كی زۆر ده‌ستنووسه‌كانی باوكمی ساغ كرده‌وه .. به ناوی بنه‌ماڵه‌ی شاعیره‌وه سوپاسی ماموستا جه‌مال ئه‌كه‌م كه ماوه‌یه‌كی زۆر شه‌ونخوونی كێشاو دیوانه‌كه‌ی ئاماده‌ی چاپ كردو هیوادارم وێنه‌یان زیاد بێ بۆ خزمه‌تی ئه‌ده‌بی كوردیمان .

مه‌لا عه‌بدوڵلای كوڕی شێخ محه‌مه‌دی قه‌ره‌داغی

له جیاتی بنه‌ماڵه‌ی شاعیر

# بەشی غەزەلیات‌و دڵداری

## - ١ -

وەرن یاران تەماشاکەن لە ئەحوالی پەرێشانم
عەجایب زەردوو ڕەنجوورم لە حەسرەت نولوری چاوانم
دلی میحنەت زەدەم ئەمرۆ بە دەردی عەشقەوە فەوتا
مەگەر تۆ بی بە خێری خۆت ، ببی جانا بە لوقمانم
برینم زۆر بە ناسۆرە ، هەتا ئەمرم دەوای نایە
ئەگەر ڕەحمت هەیە نەختێ ، بدە خۆراکی دەرمانم
هەتا ماوم لە دنیادا ، ئەمن شەرتە لە عەشقی تۆ
نەبم غافل سەعاتێ تۆش ، بکە ڕەحمی بە فوغانم
وەکو یارێکی موشفیق ، بێ بپرسە جارێ حالی من
ئەزانی چون کە من بۆ تۆ ، میثالی پیری کەنعانم
ئەبێ جورمی ئەمن چی بێ ، بە دوو زنجیری زولفانت
تەنافت خستە سەر ملی دلی مەنسوورو سولطانم
شەوو ڕۆژ من بە غەیری بە کوللی نابینم هەمدەم
دەبێ یارەب هەتاکەی وا ، موقیمی کونجی ئەحزانم !(١)
کە تۆ فەرمووت وەرە عەبدی منی مل کەچ بە ڕاوەستە
دەسا فەرموو چی‌یە حوکمت ؟٠ ئەمن وەک بەندەی زیندانم
لە خەوفی ئەژدەهای زولفت نی‌یە ڕێی گەنجی ڕوخسارت

---

(١) کونجی ئەحزان : ـ کونجی خەفەتخانە ٠

وەرە لەم ترسە ڕاهیم کە ، کە تۆی موسایی عیمرانم(٢)
مەتاعی صەبروئارامم بە بەرقی هیجری تۆ سووتا
دەسا وا فەصلی ئیحسانە ، منیش واجیب بە ئیحسانم
( ویصالی ) بۆیە وەک سائیل هەموو دەم وا لە دەرگایە
ئەڵێ هەر چاکە گەر جارێ ، قبووڵم کا کە دەربانم(٣)

---

(٢) ئەم بەیتە ئامازەو ئیشارەتە بۆ ئەژدەهاکەی حەزرەتی مووسا پێغەمبەر کە یەکێک بوو لە موعجیزە گەورەکانی ، شاعیر زوڵفی یارەکەی شوبهاندووە بەو ئەژدەهایە ، ڕاهی : ڕزگار کردن ، بەرەڵلا کردن ٠

(٣) سائیل : ـ سوالکەر ٠
دەم : ـ کات ٠
دەربان : ـ دەرگاوان ٠

- ٢ -

بلێن ساقی قەدەح پڕ کا ، شەرابی بێ نەثەر نابێ
خەریدە جامو ساغیر کا لە ئاخردا زەرەر نابێ
بدا موطریب لە چنگو نەی ، بە یادی دولبەری گوڵڕەنگ
لە خزمەت پیری مەیخانە وە ئیللا موعتەبەر نابێ(١)
وەرن یاران بە دلشادیی بنۆشن خەمری یاقووتی
شوکر تۆپی ڕەقیبی سەگ ئیتر خەوفو خەطەر نابێ(٢)
بەهاری عەیشی یارانە ، لە شوربی مەی مەکەن تەقصیر
وەرن لەم بەزمە حازر بن ، هەتا بەینێ سەفەر نابێ
بەشارەت بێ دەڵێن دولبەر کە ئەمشەو دێتە مەیخانە
بەبێ گۆبەندو کەیفو عوشرەتو سەیرو نەظەر نابێ
ویصالی دولبەران ئەمشەو بووە حاصڵ لە مەیخانە
نیهالی کۆششی عاشق بەڵێ قەط بێ ثەمەر نابێ
بحمداللە لە بۆ ئینسان ، نەما دەردو غەمو هیجران
موژەییەن بوو بە گوڵ بوستان لە بۆ بولبول چەمەر نابێ(٣)
لە ڕۆژی وەصلی گوڵ فکرن بەجێ بێڵن مەهی هیجران
.

---

(١) چنگ :ـ چەنگیش ئەوترێ کە ئامێرێکی مۆسیقایە .
(٢) خەمر : ـ شەراب .
(٣) موژەییەن : ـ ڕازانەوە .
چەمەر : ـ بێ نرخ .

کە خورشید بێ لە جێگای ، چ ڕەغبەت بۆ قەمەر نابێ(٤)
قیاسی پەرچەمی دولبەر لە شکڵی ئەوولی حوسنە
لە ئینتاجی لەتیفی ئەو تەبیعەت بێ خەبەر نابێ
چی‌یە ؟ شەمس‌و قەمەر ! لە چاو ئەو صوورەتە یاران
موحەققەق قەط لە دنیادا بە میثلی ئەو صوەر نابێ(٥)
بنۆشن شەهدی ئاسایش لە پیاڵەی گوفتی شیرینی
وەکو ئەو شەهدە وا شیرین لە هیچ شارێ شەکر نابێ(٦)
ببۆسن لەعلی مەیگونی ، ئەوە شاهی هەموو لەززەت
هەموو ئەملاکی دنیایی بە یەک بۆسەی سەحەر نابێ(٧)
ئەگەر چی ظاهیرەن ئەمڕۆ نی‌یە ئەو لەززەتە بۆ من
خوماری ئەو شەوەم هیچ دەم وەلی خاڵی بەصەر نابێ
وەها مەحروومی دیداروو پەرێشانو پەراگەندەم
کەسێ وەک من لە دنیادا غەریبو دەربەدەر نابێ

---

(٤) مەه : ـ مانگ • خورشید : ـ ڕۆژ •
(٥) صوەر :ـ کۆی ( صورە )یە ، واتە وێنەکان ، یان شێوە •
(٦) شەهد : ـ هەنگوین •
(٧) ببۆسن :ـ ماچی کەن •
لەعلی‌مەیگون :ـ مەبەست لە لێوی ئاڵی شەرابی‌یە •

مەلێن ڕووی لە مەیخانە وەرگێڕا کە فەوتا مەیلی جارانی
بە وەللا صەیدی دڵ هەرگیز لە قەیدی ئێوە بەر نابێ
ئەوەند تاریکە خانەی دڵ لە حەسرەت میهری ڕوخساری
وجوودی ڕۆشنی لەودا بە سەد شەمعو فەنەر نابێ(٥)
ویصالی چونکە موددێکە خەریکی خوێندنی عەشقە
لە فەننی عاشقا هیچ کەس وەکو ئەو بەهرەوەر نابێ(٦)

---

(٤) خومار : ـ مەستو سەرخۆش .
(٥) میهر : ـ ڕۆژ . کینایەیە بۆ جوانی ڕووی خۆشەویستەکەی .
شەمع : ـ مۆم .
فەنەر : ـ چرا . فانۆس .
(٦) موددێکە : ـ ئەبوایە بیوتایە موددەتێکە بەڵام لەبەر کێشی شیعرەکە وای بەکارهێناوە ئەگینا ئەم وشەیە لە کوردەواریدا کە بەکار هاتووە . تەنانەت شاعیر لە پارچە شیعرێکی تریا ئەم وشەیەی وەک خۆی بەکار هێناوە هەروەک ئەڵێت : ـ
موددەتێکی زۆرە عەزمی دیدەنی یارم هەیە .
بۆ نیثاری مەقدەمی گوڵ چاوی خونبارم هەیە
فەننی عاشق : ـ هونەری عاشقی . شارەزایی لە عەشقبازیدا .

غزل ١٥ بيت

- ٣ -

## ویصالیو یاری دڵرفێن

ئەلا ئەی عاشقی مسکین وەرە ئیمڕۆ بە مەیخانە
بنۆشە جورعەیی صەهبا لە جامی لەعلی جانانە(١)
بحمدالله زوموستانی فیراقی گوڵ ئەوا ڕۆیی
ڕەبیعی ئەووەڵی عەیشە زەمانی وەصڵو سەیرانە(٢)
لە شامی مەغریبی زوڵفت ، هیلالی حاجیبی تۆم دی
نیشارەی کرمی یەعنی ، کە سبحەی جەژنی قوربانە(٣)
لە نێو ظوڵماتی زوڵفتدا دەڵێی ئەسکەندەرم جانە
لە بۆ چشمەی حەیاتی ڕووت سەراسیمەو پەرێشانە(٤)

---

(١) جورعە :ـ قوم ٠
صەهبا :ـ شراب ٠
(٢) زوموستان :ـ زستان ٠
(٣) شام :ـ ئێوارە ٠
هیلال :ـ مانگی یەک شەوە ٠
(٤) ظولمات :ـ تاریکی ٠
(٤) هارووتوماروت :ـ ناوی دوو فریشتە بوون خوا غەزەبی لێ گرتن ٠ دەڵێن خراونەتە بیرێکەوە لە شاری بابل ٠ ئەدەبیاتی کوردیدا زۆر بەکار هێنراوە ٠

وەکو هارووت و ماروتم لە چاهی بابولی غوربەت
بە عەشقی پرتەوی ڕەنگت . دلم وەک شێخی صەنعانە(٥)
دەروونم گەرم و پڕ جۆشە بە میثلی کوورەیی حەدداد
بە تابی ئاتەشی میهرت زەمیرم مورغی بوریانە(٦)
حەبیبا چەشمی صەییادت ئەوێستا زۆر بە ئاشووبە
نەچیرئاسا دلی گرتو خەریکی جەڕڕی ئیمانە(٧)
لەبەرچی دەفعەیێ ئەی شەمعی جەمعی طائیفەی خووبان
بە سەمعت ئاشنا نابێت فەسانەی ئەم غەریبانە(٨)
بە نەقدی گەوهەری چەشمم مەتاعو پارچەیی عەشقت
کڕیومە ئەی بتی چینی دلم هێشتاکو هەرزانە
حەریری چینی زولفانت ئەگەر جەمعە ، دلیش جەمعە
ئەگەر بێتو پەرێشانبێت دووسەد کەس مەستو بێ جانە
بە بۆیی میشکی گێسوویت مەجالیس مەستو مەدهۆشن

---

(٦) حەدداد :ــ ئاسنگەر .
تاب :ــ گەرم . ئاتەش :ــ ئاگر .
میهر :ــ خۆشەویستی .
مورغ :ــ باڵندە .
(٧) چەشم :ــ چاو .
صەییاد :ــ ڕاوچی .
نەچیرئاسا :ــ وەکو نەچیر .
جەڕڕ :ــ ڕاکێشان .
(٨) طائیفەی خووبان :ــ کۆمەڵی جوانان . کۆمەڵی چاکان .

لە سایەی شەمسی دیدارت . جیی‌ان یەک دەفعە تابانە(٩)
بەیاضی گەردنت ( باللە ) کە ئابی ئاهووانی برد
لە چاهی غەبغەبەت ( تا اللە ) هەزاران حەپسی زیندانە(١٠)
قەدت وەک سەروی بوستانو مەمت ڕومانو ناربخە
حەقیقەت سینەیی یارم وەکو فیردەوسی ڕیضوانە(١١)
هەم‌ئاغۆشم حەبیبێکە نی‌یە هەمتاوو مانەندی
بە دوڕی سیننوو لەعنی لەب دەهانی‌کانی مەرجانە(١٢)
عەجەب یارێکی شیرینە . عەجەب ئاهوویی ڕەنگینە
بەشەر نابێ بە میثلی ئەو . ئەگەر بێ حۆری ویلدانە(١٣)
بحمداللە نەما زەحمەت . لە دڵ دەرچوو غەم‌و میحنەت

(٩) بۆیی :ـ بۆنی .
میشک :ـ میسکی بۆن خۆش .
گیسوو :ـ پرچ . زوڵف .
تابان :ـ ڕووناک .
(١٠) ئاب :ـ ئاو .
ئاهوو :ـ ئاسک .
چاه :ـ چاڵ .
(١١) فیردەوسی ڕیضوان :ـ بەهەشت .
(١٢) ئاغۆش :ـ باوەش .
مانەند :ـ وەکو .
دەهان :ـ دەم
(١٣) حۆری ویلدان :ـ پەری بەهەشت .

چەمەن گرتی گوڵی زینەت ، زەمانی بەزمو سەیرانە(١٤)
برادەر گشت بنۆشن مەی ، بە یادی عوشرەتی سابیق
بەشارەت بێ نەما بەدگۆ جیێ‌ان هەمتایی جارانە
( ویصالی ) مژدەبێ یارت ، وەفای کرد وەعدەیی یارت
ئەمیش وا هاتە ژێر بارت بنۆشە مەی بە پەیمانە(١٥)

---

(١٤) چەمەن :ـ گولستان ، چیمەنزار ·
زینەت :ـ جوانی ·
(١٥) پەیمانە :ـ پیاڵەی شەراب نۆشین ·

غەزەل ١٢ بیت

## - ٤ -

موددەتێکی زۆرە عەزمی دیدەنی یارم هەیە
بۆ نیثاری مەقدەمی گوڵ . چاوی خونبارم هەیە(١)
سینەکەم سووتا بە تابی عەشقی ڕوویی تازەنین
هەروەکو مەجمەر هەمیشە قەلبی پڕ نارم هەیە(٢)
هەمقەرینی ڕۆژو شەومە حوببی بەلقیسی حەبیب
وەک سولێمانی جیهانم لەعلی دلدارم هەیە
هەر وەکو بولبول غەزەلخوانم بەسەر شاخی گلۆ
بەزمی عوشرەت ساز ئەکەم چون عەیشی گولزارم هەیە
من لەگەڵ دەمسازی غەمدا تەپڵی شاهی لێ ئەدەم
خەسرەوی شیرین نیگارم . قەصری زرکارم هەیە
وا طەلاقم دا عەجووزەی هیجرو شاهید بن ڕەفیق
بیکرو وەصلم بۆ پەیا بوو . ئارەزووی تارم هەیە
هەوری زولفی وا لەسەر ماهی ڕوخی زائیل بووە
تاری هیجرانم بەسەر چوو . شەمسی دیدارم هەیە(٣)

(١) نیثار :ـ پێشکەش .
مەقدەمی :ـ هاتنی .
(٢) تاب :ـ گەرمی .
مەجمەر :ـ ئاگردان .
(٣) ڕوخ :ـ ڕوو . ڕوخسار .
زائیل :ـ لاچوو . نەمان . پێوەنەمان .

وا له مەیخانەی فەرەح‌دا شاهیدو مەی حاضرن
خاطرێکی جەمع‌و خۆش‌و یاری نازدارم هەیە
هەر سەحەرگە نەغمەخوانم میثلی قومری خۆش‌نەوا
صەد شوکر ئێستە لە باغا وەردی بێ خارم هەیە(٤)
ڕۆژ و شەو مەستم بە جامی خەمری بۆسی لێوی یار
هەر وەکو قەیصەر هەمیشە یاری خوممارم(٥)
کەوکەبی سەعدم لە مەطلەع حمدلله طالیعە

(٤) سەحەرگە :ـ بەیانی زوو یان بانگی بەیانی ٠
قومری :ـ بالندەیەکی بچووکی دەنگ خۆشە ٠
وەرد : گوڵ ٠
بێ‌خار :ـ بێ‌دڕک ٠
(٥) جام :ـ جامی شەراب ٠
خەمر :ـ خەمر :ـ شەرابی ئاڵ ٠
بۆس :ـ بۆس :ـ ماچ ٠
قەیصەر :ـ ئیشارەتە بە قەیسەرەکان ، چ قەیسەری ڕۆم چ قەیسەرەکانی تر کە هەمیشە کەنیزەکو کیژی جوانیان هەبووەو هەموو دەم مەستی شەرابو ئەو کیژانە بوون ٠

بەم هەموو جاهو جەلالە بەختی بێدارم هەیە(٦)
نەونیهالی باغی ئومێد.ندی ( ویصالی ) هاتە بەر
لانیقە ئێستە بنازم سەرو و جوبارم هەیە(٧)

١٣٤٢/١/١ک

---

(٦) کەوکەبی سەعد :ـ ئەستێرەی بەختیاری .
جاه :ـ پایە و بولندی .
جەلال :ـ شکۆمەندی .
بێدار :ـ بە ئاگا ، نەخەوتوو .
(٧) نەو نیهال :ـ تازە پێگەیشتوو .
سەروو :ـ داری سەرو کە هەمیشە سەوزەو درێژە .

- ٥ -

منم هوزاری باغی قـــەرەداغ سینە سووتاوم چون لالە بەرداغ(١)

مەکەن مەنعم لە گریەو فوغان دوورکەوتەی وەطەن بێ وەصلی یاران

دەگریم میثالی یەعقووبی کەنعان سوونام چون قەقنەس لە دووری یاران

حەپسم چو بولبول بە داوی دولبەر خوارو نوفتادەم بێ یارو هەمسەر(٢)

پەرچەم ڕێحانە ڕەحمێ کە بە من لەسەر تۆ ڕۆحم دەرچوو لە بەدەمەن

مەجنوونو شەیدام بە یارو ڕەهبەر کەلی زەلیلم لە چۆلی پشەمر

ئێستا ساکینم لە وڵات نالان عاشقم بە ڕووی یەک ماهی تابان

وەک میصرو شیراز پڕە لە خوویان مەئوایە لە بۆ جەمعی غەریبان

غەریب نەوازان مەخلووقی نالان دەکەن نەوایی دڵی عاشقان

منم چون بێژەن فەقیرو ئەسیر داماوم غەریب بێ یارو ئەسیر(٣)

منم سەرگەشتە جە وڵاتی نالان دەرزێ سورشکم چون تاوی باران(٤)

وتم غەریقم لە گێژاوی غەم ڕۆشن کە دڵم بە صەهبایی جەم(٥)

دەروونم لە بۆت پڕ تابو تەبە دڵم طالیبی یەک ماچی لەبە(٦)

---

(١) هوزار :ــ بولبول ·

لالە :ــ گوڵاڵە سوورە ·

(٢) چو :ــ کورتەی ( چون )ە ، واتە وەکو ·

ئوفتادە :ــ کەوتوو ، داکەوتوو ·

(٣) بێژەن :ــ کچەزای ڕۆستەمی زاڵە ·

(٤) سورشک :ــ فرمێسک ·

(٥) صەهبا :ــ شەرابی بێ خلتە ·

(٦) لەبە :ــ لێوە ·

به دەردی عەشقت عەجەب عەلیلم … بە بێ وەصلی تۆ حەیلی ذەلیلم[٧]

دائیم لە دووریت بە ئاهی سەردم … بە ماچی لێوت دەواکە دەردم

سینەم میثلی دیک عەجەب پڕ جۆشە … دڵم لە دووریت مەستو مەدهۆشە[٨]

منم طالیبی باڵای جانان … بێ پەروام دائیم چون شێخی صەنعان

منم ساکنی قەریەیی ( بێتووش ) … لە عەشقت سووتام چون ئاگرو پووش

لە قەریەی بێتووش منم بێ توێشە … حەبیبا تۆ ڕووت لە من مەپۆشە

منم بێ تویشە لە ڕاهی غوربەت … هەر وەک گرتمی شەیطانی نەگبەت

منم چون قومری لە باغی گەرماو … مەستم بە بۆیی دو گێسوویی خاو[٩]

وتم حەبیبا زولفت پڕ تابە … کەردنت میثلی شووشەی گوڵابە[١٠]

وتم بە نازار زولفت شێواوە … وتی بۆ عاشق دانەیی داوە

حەیفێ جەریحی تیری موژگانم … بۆ لەعلی یارم گەر پەرێشانم[١١]

ڕەنگم زەرد لە هیجرانی یار … لە دەشتی پشەدەر وا بووم بێ قەرار

سەلامت لێ بێ گوڵی ئین گوڵزار … بنۆشە بادە بە ئاوازی تار[١٢]

---

(٧) عەلیلم :ـ دەردەدارم ٠

خەیلی :ـ زۆر . گەلێک ٠

(٨) دیک :ـ دیزە ٠

(٩) بۆیی :ـ بۆنی ٠

(١٠) گوڵاب :ـ گوڵاو ٠

(١١) جەریح :ـ بریندار ٠

موژگان :ـ

(١٢) ئین :ـ ئەو ٠

تار :ـ ئامێرێکی مۆسیقایە ٠

ساقی مەی تێکە مەجلیس گیراوە — قەدی نازارم سەرو و بێرناوە

موطریبا لێدە لە چەقەنەو نەی — دائیر بە ساقی ، بە ئەقداحی مەی(١٢)

ڕەحمێ کە ئەی گوڵ بە بولبولی خۆت — بۆسێ کەرەم کە هەر بە دلی خۆت(١٤)

کوێر بووە چاوم لە دووریت جانە — جیسم ضەعیفم . غەرقی طۆفانە(١٥)

ویصالی ئێستا وەک عبدالرحیم — حوارو ئەخۆشە بێ یارو ئەدیم

لە عەشقی یارە چاو بە گریانم — چاوەڕێی وەصلی کولی ئالانم

**لە ٢/٢/١٩١٨ز وتراوە**

---

(١٣) موطریبا :ـ ئەی گۆرانیبێژ ·

جەقەنە و نەی :ـ ئامێری مۆسیقان ·

دائیر بە :ـ بە دەورمانا بسوورێرەوە ·

ساقی :ـ شەرابگێڕ ·

ئەقداح :ـ کۆی ( قدح )ی عەرەبییە . واتە ئەو پەرداخەی شەرابی ی ئەخورێیەوە ·

(٤١)بۆسێ :ـ ماچێک ·

ئەوەی لێرەدا پێویستە بوترێ ئەوەیە کە ویصالی لەم پاچە شیعرەدا لە ولاتی ئالانەوە . بیری لە قەرەداغ کردۆتەوە و هەستێکی پاکو بێگەردی بەرامبەر ئەو خاکو ولاتە دەربڕیوە کـــە تیایا لـە دایک بووە . ئەم هەلوێستەی شاعیر خۆی لە خۆیدا جۆرێک لـە وەفـاو دلسۆزیی دەرئەخا بەرامبەر بە دایکی نیشتمان ·

(١٥) جانە :ـ گیانە ·

غەرق :ـ نوقم ·

- ٦ -

## هەشت خشتەکی

ئەی مصطەفایی شەیدا تێفکرە لە پەیامە
بۆ عاشقانی مستێین پەندێکی پڕ مەرامە
بە چاوی پڕ نەدامەت بڕوانە ئەم شەقامە
مەبینە حالی طاهیر . سەیری کە ئەم مەقامە
محەممەد وەک هەباسە . لەم جێگە هەر غولامە
هەرچی کە هانە ئێرە بێ نوطق و بێ کەلامە
ئەقصە کە هە چی بلێم لەم کەبکی خۆش خەرامە(١)
[ از خون دل نویشتم نزدیک یار نامە ]
شایەد لە باغی سینەم بنێرێ یەک شەمامە
با پێت بڵێم بە کوردی لە باسی ئەم سەلامە
هەزاری وەک منو تۆ لەم جێگە حەبسی دامە(٢)
مورشید کە بێ مورید بێ . شێخێکی ناتەمامە(٣)

---

(١) کەبکی خۆش خەرام :ـ کەوی خۆش ڕەوت .
(٢) دام :ـ داو .
(٣) مورشید :ـ پیری تەریقەت . ڕابەری تەریقەت .
مورید :ـ ئەوەی تەریقەتی وەرگرتووە .
ناتەمامە :ـ ناتەواوە .

صۆفیش كه بێ سلووك بێ بەهەشتی لێ حەرامە(٤)
حەیالی خاوە نیمڕۆ لە هەرچی دەشتو بامە
نێسنە لـە زووز بەهارە . مەجلیس بە گوڵ تەمامە
هەرچی نەخۆش بێ بێ‌شک . شیفای دێ بەم كەلامە
چونكە بە چاوی خۆت دیت لەم هیجرە صەد قیامە
خزمەت بكە بە ڕاستی لەم باغی پڕ تەمامە
خودا . گەل ءم حالی كە . لەم ڕەمزو لەم مەرامە(٥)
هەر كەسێ بۆی خۆش نەوێ هەموو شتی حەرامە
لە ناو كوردانی خۆمان كاممان بە گشتی عامە
بۆ نیازو ڕازی وەطەن بە ڕەمزە هەر هەرامە
( ویصالی ) بەسیە ئیتر هەموو خەیالت خامە
انی رایت دهرا من هجرك القیامة

---

(٤) واتە سۆفی كە پێویستە خەریكی سلووكی گیانـیو بەدەنـی بێـت
ئەگەر وا نەكا بەهەشتی دەست ناكەوێ .

(٥) گەل :ـ نەتەوەم .

- ٧ -

تەماشا طەلعەتی یارم وەکو خورشیدی تابانە
بە هەیئەت قامەتی بەرزی دەلی‌ی شمشادی بوستانە(١)
ئەگەر بێ طاقی دوو ئەبرۆی لە دنیا سانێ مەعدووم بێ
بە جارێ عالەمی ئیسلام بە بێ قیبلە پەرێشانە(٢)
بە ظاهیر شکلی ئینسانە . بە مەعنا حۆری ڕیضوانە(٣)
تەماشا عەکسی ڕوویی کەن لە چاوم‌و نومایانە
لە داغی طاقی ئەبرۆیی‌و لە حەسرەت پیالەیی چاوی
بە ئەوعێ خەم بووە پشتم شەبیهی خەمی چۆگانە(٤)
لە ماوی عەنبەری زولفی ئەوەندە زارو گریاوم
بە ئاهی سەردو ئەشکی سوور . کەنارم وەک گولستانە(٥)

---

(١) طەلعەت :ـ دەرکەوتن .
خورشید تابان :ـ ڕۆژی ڕووناک .
شمشاد :ـ داری شمشاد .
بوستان :ـ باغ و گولزار .
(٢) مەعدووم . بێ :ـ نەبێ .
(٣) حوری‌ڕیضوان :ـ پەری بەهەشت .
(٤) خەم :ـ چەماوە .
شەبیهی :ـ وەکو .
چۆگان :ـ گۆچان .
(٥) ئەشک :ـ فرمێسک .

دەروونم پڕ لە ناری عەشقی دلدارە وەکو مەجمەر
دلم ڕەش بوو خەلووزئـاسا . جگەر پەرداغی پەیمانە(٦)
قەرارم لێ بڕا چی بکەم . بە شوعلەی شەمعی ڕوخساری
مەگەر پەروانە وەک من بێ لە دەوری شەمعی دەورانە(٧)
بە دەسکـو دزلی غەم ئەعضای کوتاوم چەرخ وەکو چەلتووک
نی‌یە قوورەی هەلستانم . وجوودم وا پەرێشانە(٨)
لە تیرئەندازیا میثلی نی‌یە ئەو شۆخە شیرینە
بە غەمزەی طاقی سەد خەسرەو کوژراوی تیرو پەیکانە(٩)
وەها ئەفسوردەیە جیسمم بە گەرمی گەرمیانی گەرم
وجوودم بێ وجوود ماوە لە بۆتەی شێوی مۆلانە(١٠)
( ویصالی ) شیفتەیی یارە . بە دائیم چاوی خونبارە
مەگەر جەرگی بریندارە . دوو لەعلی یاری دەرمانە(١١)

---

(٦) خەلووز ئاسا :ـ وەکو خەلووز .
(٧) شوعلە :ـ گڕ .
شەمع :ـ مۆم .
پەروانە :ـ پەپوولە .
(٨) چەرخ :ـ زەمانە .
(٩) تیرئەنداز :ـ تیرهاوێژ .
پەیکان :ـ سەرەتیر .
(١٠) ئەفسوردە :ـ شێواو .
بۆتە :ـ کاسەیەکە ئالتوونی تیا ئەتوێزێتەوە .
(١١) شیفتە :ـ شێواو .
خونباوە :ـ خوێنی‌لێ ئەبارێ . خوێنی‌لێ‌دێتەخوارەوە .

تیبینی ٢٣ بیت شیعری کوردی و عەرەبی

- ٨ -

دەمێکە من لە دووری تۆ دەنالم
مەگەر هەرگیز بێ دینێ بێ بە حالم
فوادي عندك يا نور عيني
لە کن تۆیە هەموو فکرو خەیالم
حبيبا ان تصدقت بقولي
لە دووری تۆ نەماوە کەیفو حالم
ولو كنت غفلت عن فراقي
ئەمن هەر سوختەتەن کۆیی زوخالم
فلا تبعد ولا تقطع جناحي
قەط لێم دوور مەبەو مەشکێنە بالم
کە بەینێکە بووە قەطعی مولاقات
بە دائیم شیفتەی ئازوردە بالم
حرقت من فراقك فاعطني المـاء
شەو و ڕۆژ مونتەظیر ئاوی زولالم
تسمع صيحتي يوما و ليلا
ببیسە تۆ چریکەو نالە نالم
فداك الروح والجسم مع الملك
بە قوربانت بێ جانو مولکو مالم
فأرجوا وصلك بعد مماتي
لە قەبریشدا بە ئومێدی ویصالم
صرفت العمر من اوصاف عينك
لە وەصفت صەرف کەم ئەوقاتو سالم

فانت غافل عني حبيبا
وەلی بۆ تۆ ئەمن ئاشفتە حاڵم
فعقلی راح بعدك يا حبيبی
کە تۆ ڕۆشتی نەما عەقڵو کەماڵم
ترحم بی فانی مستحق
لأجل الله ، بکە ڕەحمی بە حاڵم
فابکی من وفور وجع قلبی
لەبەر ئێشی دڵم دایم دەناڵم
فقد صرت أسير الحزن والغم
ئەسیری لەشکری حوزنو مەلالم
فانی واقع من تحب غمك
لەژێر باری غەمت هەمتایی داڵم
لسانی ابکم في وصف حسنك
لە وەصفی ڕووی تۆ ئێستاکە لاڵم
لە دووری تۆیە ئەی خورشیدی عالەم
ضەعیفو کاسیو میثلی هیلالم
بە بادی صەرصەری هیجرانی تۆیە
کەوا پەژموردە بوو شەمعی جەمالم
لەبەر ئیکمالی عەشقی ڕوویی تۆیە
کەوا غەرقی ( یەمی ) نەقصو کەمالم
فاطلب قبلة من وجه خدك
لەوە زیاتر نییە مەقصودی بالم
فان قلت لـ هو انت ؟ ، قل لي :
( ویصالی ) بێ ببۆسە خەددو خالم

« شیعر » ۱۰ بەند

- ۹ -

زۆر جار ، تاقە قەصیدەیەکی دیاری کار ئەکاتە ســەر دەروونــی شاعیرێک ، وە هەر ئەو کارتێ‌کردنە ئەبێتە کەرەسەی شیعرێکــی تازە لەسەر هەمان کێش‌و سەروای شیعری یەکەم ، ئەم شــیعرەی خــوارەوە یەکێکە لەو جۆرە شیعرانە ، بەڵێ ، مامۆستای شاعیر مــەلا مەحمــوودی نازناو بە « بێخود » قەصیدەیەکی دوورو درێژی داناوە کە ئەڵێت :ـ

لەو ڕۆژەوە ڕۆیشتووە تۆراوە دڵی من
هەر چەند ئەگەڕێم بێ سەرو شوێن ماوە دڵی من
ئاخۆ بە چ شاخێکەوە گیرساوە دڵی من
یاخۆ بە چ داخێکەوە سووتاوە دڵی من(۱)

ویصالیش لەم ڕووەوە قەصیدەیەکی داناوە کە لــە قەصیدەکــەی مامۆستا بێخود ئەچێت ، ئەمەش قەصیدەکەیە :ـ

مەجنوون‌و سەراسیمەو و داماوە دڵی من
سەرگەشتەو و دێوانەو خلافاوە دڵی من
بەینێکە لە من ون بووە خەجلاوە دڵی من
نازانــم ئــەو مردووە یا مــاوە دڵــی من

ئاخۆ وەکو یەعقووب لە کوێ مەشغوولە بە گریان
یاخود لە کوێ مەحبووسە وەکو شاهیدی کەنعان
مەعلووم بە دەمی تیغی غەم‌و غوصەیی دەوران

---

(۱) دیوانی بێخود ، کۆکردنەوەی محمدی مەلا کەریم بەغدا ، ساڵی ۱۹۷۰ ، ل٦٦ .

ئەندامی وەکو قیمەیی کوتراوە دڵی من
پرسیومە گەلێ جار لە ئەحبابو لە ئەغیار
دێوانەیی جننی بووە یا عاشقی دڵدار(٢)
بۆچ وا بووە بێگانە لە باغاتو لە گوڵزار
دەردی ئەبێ چ بێ ، لە چ ئالاوە دڵی من
لەو ساتەوە ڕۆیشتووە تۆراوە لە یاران
نەمزانی بۆ کوێ چووە ئەو ئەبلەیی نادان(٣)
وەک وەحشی ئەبێ چووبێ لە بۆ چۆڵو بیابان
یا ڕەببی بە چ مەطلووبێ خەریک ماوە دڵی من
چبکەم چ بحێم بۆ دڵەکەی زاروو عەلیلم(٤)
باوەڕ بکە لەوساوە منیش خواروو زەلیلم
. . . . . . . . . . . . : (٥)
یا ڕەب بکەی ڕەحمێ لێی قەوماوە دڵی من
وەک حەپسێ لە زیندانی غەما بێ کەسو دیلم
کوێی بۆ بگەڕێم بۆ دڵەکەی عاجزو زیرم

---

(١) دێوانە :ـ شێت ٠
جننی :ـ جنۆکە ٠ واتە :ـ ئەوانەی شێتی دەستی جنۆکەن ٠
(٣) ئەبلە :ـ گەوج ، نەزان ٠
نادان :ـ نەزان ، بێعەقڵ ٠
(٤) زارو عەلیل :ـ لاوازو دەردەدار ٠
(٥) ئەم نیوە بەیتە کوژاوەتەوە ٠

دائیم لە خەیاڵمایە ، ئەبەد ناچێ لە بیرم
سەیرێ کە دەمێ شێتو گەهێ خەستە ضەمیرم(٦)
ئاخۆ بە چ داوێکەوە تاساوە دڵی من

بۆچی وەکو مەجنوون نەبمە غولی بیابان(٧)
بولبول ئەبێ هەر بگری لە بۆ عەیشی گولستان
پەروای نیەیە ساتێ بەبێ شەمعی شەبستان(٨)
بۆ ئەهلی صەفا خۆشە بەڵێ صوحبەتو سەیران(٩)
بێ وەصلی دلارام چ شێواوە دڵی من

لەوساوە کە ئاوارەیە لەم خاکو وڵاتە
هەر چەند ئەگەڕێم بێ ئەثەرو بێ دەنگو ماتە
وا دیارە لەلای یاری بە ئومێدی خەڵاتە
بۆیە کە وەها بێ سەرو شوێن ماوە دڵی من
ئەو سەروەرو سەردارە کەوا ها لە مەدینە(١٠)

---

(٦) خەستە ضەمیر :ـ ویژدانی نەخۆش ، ویژدانی هیلاکو نارەحەت ·
(٧) غول :ـ شێت ·
(٨) شەبستان :ـ ئەو شوێنەی هەمووی تاریکە یان شەوەزەنگە ، تاریکستان ·
(٩) ئەهلی صەفا :ـ ئەوانەی دەروون پاکن ·
صوحبەت :ـ هەڵسانو دانیشتن لەگەڵ یەکا ·
(١٠) مەبەستی شاعیر سەرداری هەموو پێغەمبەرەکانە کە حەزرەتی محمد دروودی خوای لەسەربێ ، مەدینە :ـ شاری مەدینەی پیرۆزی پێغەمبەری لێیە ·

ئەو مەحرەمی ئەسرارە کەوا ها لە مەدینە(١١)
ئەو مەطلەعی ئەنوارە کەوا ها لە مەدینە(١٢)
بردوویە بۆ لای خۆیی‌و نەفەوتاوە دڵی من

ئەو یارە دڵی بردووە ، غەمخواروو نەجیبە
موختاری هەموو عالەمە سالارو حەبیبە(١٣)
تۆیش هەستە ( ویصالی ) سەگی دەرگاهی ( نەبی ) بە(١٤)
نایەتەوە تەئمین بە ، هەتا ماوە دڵی من(١٥)

---

(١١) مەحرەمی ئەسرارە :ـ ئاشناو زانا بە هەموو نهێنی‌یەک ٠
(١٢) ئەنوار :ـ کۆی ( نور )ی عەرەبی‌یە ، واتە ڕووناکی‌و بەرەکەت ٠
(١٣) موختار :ـ هەڵبژێرراو ٠
(١٤) نەبی :ـ پێغەمبەر ( در ٠ خ ) ٠
(١٥) تەئمین‌بە :ـ دڵنیا بە ٠

وا دیارە ویصالی ئەم شیعرەی هەر بە هەوای خۆشەویستی پێغەمبەرەوە وتووە ، هەرچەندە لە سەرەتاوە بە شێوەیەک دەستی پێ کردووە ، بەڵام لە کۆتایی شیعرەکەدا ئەوەی دەرخستووە کە بۆ کێ‌ی وتووە ٠٠ وەک ئەڵێت :
( تۆیش هەستە ویصالی سەگی دەرگاهی نەبی بە ) ، کەواتە بۆ پێغەمبەری وتووە ٠٠

غزل ۱۱ بیت



## نامە ناردن بۆ یاری بێ وێنە

سەلامی من لەسەر تۆ بێ گولی گولزاری کوێستانی
لە چیمەنزاری جوانیدا ئەتۆ مورغی غەزەلخوانی(١)
تەماشاکە لە هیجرانت حەزینو ماتو غەمکینم
بە موژدەی خۆش دلم خۆش کە وەکو مورغی سولەیمانی
بە عەکسیی پرتەوی ڕووتان هەموو هۆدەی دلم ڕۆشن
بەلێ مەشهووری ئافاقە کە تۆ وەک شەمسی تابانی
ئەگەر تۆ یوسفی حوسنی جەمالت دەربخەی جارێ
بە دلشادی ئەژی عاشق میثالی ئەهلی زیندانی
بە نازی چاوی لەیلایت وەکو مەجنوونی دێوانە
هەمیشە ماتو حەیرانم لە صەحرایی پەرێشانی
زەمانێ گەر بە شیرینی ئەکەویە نازو ڕەعنایی
دوو صەد فەرهادو خەسرەو هەر بە یەک تیر ئەکەی فانی
حودا ساکەی ببینم ڕوویی ئەلفو میمو نوون
وەکو طوطی پەرێشانم لە حەسرەت شەکری لێوانی
مەکەن مەنعم دەسووتێم وەکو ( پەروانە ) بێ ( پەروا )

---

(١) مورغ :- بالندە ٠

غەزەلخوان :- ئەوەی شیعری دلداری ئەخوێنیتەوە ٠

که فەصلی لا ئەبا زولفی لەسەر دوو شەمعی کولمانی(۲)
ئەگەر بادی صەبا بۆنی کراسی وەصلی تۆ بێنێ
دوو چاوانم ئەبێ بینا وەکو یەعقووبی کەنعانی(۳)
عەزیزم کەعبە کەچ نابێ لەبەر طەعنەیی ڕەقیبان
بیلاوێنی دلی عاشق کە تۆی سولطانی خووبانی(٤)
( ویصالی ) شێتو حەیرانە . بە دائیم چاو بە گریانە
لە کوورەی ئارەزووتانا . بە جارێ بۆتە بوریانی(٥)

لولو هم یعقوبی کنعا

---

(۲) پەروانە :ـ پەپوولە کە بە دەورێ ڕووناکـــی یان مۆم یـــان چرادا ئەسووڕێتەوە ئەوەندە عاشقێتـــی هـــەوڵ ئەدات بیگاتـــێ تـــا ئەسووتێت ·
پەڕوا :ـ باك ·
بێپەروا :ـ بێباك لەوەی کە ئەسووتێ ·

(۳) ئەم بەیتە ئیشارەتە بەو ڕووداوەی کە حەزرەتی یەعقـووب باوکـــی حەزرەتی یوسف لەتاو دووری یوسفی کوڕی چاوەکانی کـوێر بـوون وەختێ کراسەکەی حەزرەتی یوسفیان بۆ هێنـا چاوەکـانی چـــاك بوونەوە ·

(٤) طەعنە :ـ تانە ·
ڕەقیب :ـ دوژمنی عاشقو مەعشووق ·
سولطانی خوبان :ـ گەورەی جوانان · گەورەی چاکان ·

(٥) بوریان :ـ واتە سووتاوە وەکو بریانی بەسەر هاتووە ·

- ١١ -

## يارو پارچەکانی

ئینسانێ وەکو من کە مەلەک تەفرەیی دابێ(١)
بەم حاڵە هەموو دەم لە وەطەن دوورو جودا بێ(٢)
پابەندی ڕەهێ غوربەت‌و دووچاری بەڵا بێ(٣)
بێچارە دڵی تا لە غەم‌و غوصصە ڕەها بێ(٤)
وا چاکە بە شەو دولبەری غەمخواری لە لابێ

غەمخواری وەفا پەروەری خۆش نەقش‌و نیگارێ
یەک سیمە بەری تاجی سەری میهری دیارێ(٥)
باڵامیان ، عەرعەری قەد ، سەرووی چنارێ
دڵداری جەبین ئەنوەرێ ، هەم لالە عوزارێ
هەر تایە لە زوڵفی بە مەسەل ماری سیا بێ(٦)

---

(١) تەفرە :ـ هەڵخەڵە تاندن ٠
(٢) جودا :ـ جیا ، جوێ ٠
(٣) پابەند :ـ گیرۆدە ٠
ڕەهێ غوربەت :ـ غەریبایەتی ٠
(٤) غوصصە :ـ ناخۆشی ٠
ڕەها :ـ بەڕەڵلا ، ڕزگار ٠
(٥) میهر :ـ رۆژ ٠
(٦) ماری سیا :ـ ڕەش‌مار ٠

بینای بەسەر ڕاحەتی دڵ قووەتی تەن بێ[٧]
ئەرکانی حەیاتو سەبەبی نەظمی بەدەن بێ
شمشادە قەدێ ، موو کەمەرێ ، لالە سەمەن بێ
نەشکوفتە گوڵێ ، غونچە دەمێ ، پەستە دەهەن بێ[٨]
پێویستە کە غەمخوارو یاری بە وەفا بێ

نەو ڕەستە گوڵێ بێ کە بەبێ خارو دڕک بێ[٩]
یارێ بێ تەڕو تازەو گوڵبەرگی لەچک بێ
بینتێکی بەدەن نازکو هەم نەرمو شلک بێ[١٠]
وەک ناری خڕی گوڵ بەدەمی تازە مەمک بێ
دوندانی وەکو گەوهەرو دوڕ ، بە بەها بێ[١١]

هەرچەندە کە هەر دێتەوە سەر چاردە سالی
گەر بێتو هەماغۆشی کەسێ بێ بە حەڵاڵی
خاریج بێ لە تەقریری زوبەن حەددی کەمالی
بێروون بێ لە تەحریری قەلەم حوسنو جەمالی[١٢]
ئەربابی صەفا ، مەعدەنی حەق ، کانی حەیا بێ

---

(٧) تەن :ـ لەش
(٨) نەشکوفتە :ـ نەگەشاوە ، نەکراوە ٠
(٩) نەوڕستە :ـ تازە پێگەیشتوو ٠
(١٠) بینتێکی :ـ
(١١) وشەی گەوهەر بە ( گوهەر ) ئەخوێنرێتەوە ٠
بەها :ـ نرخ ٠
(١٢) بێروون :ـ دەرەوە ٠

نەقشینو سیەھ پەرچەمو ئەگریجە موعەططەر(١٣)
ئەبرۆی هیلالی وەکو میحرابێ بەرابەر
موژگانی وەکو نێزەو و چاوی وەکو ئەختەر(١٤)
ڕوخساری بکا حوجرەیی تاریك ، مونەووەر(١٥)
خورشید صیفەت . صاحێبی ئەنوارو ضیا بێ(١٦)

---

(١٣) سیەھ :ـ ڕەش ٠
موعەططەر :ـ بۆنخۆش ٠
(١٤) ئەختەر :ـ ئەستێرە ٠
(١٥) مونەووەر :ـ ڕووناككەرەوە ٠
(١٦) خورشید صیفەت :ـ وەکو ڕۆژ وابێ ، واتە ڕووناکیەکەی وەکـو ڕۆژ بێت ٠
ضیا :ـ ڕووناکی ٠

موشکین‌و موعەنبەر مووێ ، ڕوومەت گوڵە باغێ(١٧)
چاو مەستو کەمان ئەبرۆێ ، ڕووشێوە چراغێ(١٨)
ڕۆژبێتە گوڵی مەجلیس ، شەو شەمع‌و وەتاغێ(١٩)
خاڵێکی لە گۆنا بێ ، وەکو زاغێ لە باغێ(٢٠)
ئەو خاڵە خەیاڵی خیرەدی حوکەما بێ(٢١)
شەوگاری وەها یەعنی دەمی پایزو زستان
زۆر خۆشە لەگەڵ هاودەم‌و هەم صوحبەتی مەستان
واصیل بێ بە باغاتی گوڵی سینەو و بوستان
نارنجی شەمامەی بەغەلی بگری لە دەستان
پڕ چنگی وەکو بەی ، سەری پەنجە سوا بێ(٢٢)
جانانی صنەوبەر بەری قەد میثلی مناری
تەرلانی بەدەن ، شوش‌و جوڵانی گوڵناری(٢٣)
فەتتانی نەباتێ لە دوو لێوانی بباری
بستێنە بە دەم بۆسەو و شیرین مەزاری
یاقووتی ڕەوان بە مەئەل ئاوی بەقا بێ

---

(١٧) موشکین :ـ بۆن‌خۆش وەک بۆنی میسک ٠
(١٨) چراغ :ـ چرا ، ئەم وشەیە فارس بەکاری ئەهێنێ ٠
شێوە چراغ :ـ وەکو چرا ڕووناک بێ ٠
(١٩) وەتاغ :ـ دیوەخان ٠
(٢٠) زاغ :ـ قەلەڕەش ٠
(٢١) خیرەد :ـ زانین ، عەقڵ ، تێگەیشتن ٠
(٢٢) بەی :ـ بەهێ ٠
(٢٣) تەرلان :ـ کۆشک‌و تەلار ٠

ئەندامی کە سەر تا بە قەدەم زێوەرو خشڵن
وەک سینە بە سنجاخەوە وەک دەستی بە بازن
گەه ماچی دەمادەم بکە گەه دەست لە گەردن
لاولاو صیفەت ، دەم بەدەمو تێکەڵی یەک بن
یەك بۆسە لە خەددی سەمەنی ئەرضو سەما بێ(٢٤)

ڕووبەندی لە ڕوو لابە با دەرکەوێ خاڵی
هەمسەر بە لەگەڵ دەسرەڵی ڕەشو چەفتەیی ئاڵی
یەک‌تەن بە لەگەڵ سینەوو پشتو بزو باڵی
یەکسەر کە کراسی بەرو یەکبەر کە شەواڵی
واصڵ بە گەنجێ کە تەلیسمی نەشکا بێ(٢٥)

گەنجێکی وەهایێ بە مەئەل خەزنەیی سولطان(٢٦)
مومکین نەبێ دیداری لە بۆ دیدەیی ئینسان
مەحفووظ بێ لە فیکری بەدو مەحروس بێ لە تالان(٢٧)

---

(٢٤) خەددی :ـ ڕوومەتی .
سەمەن :ـ جۆرەگوڵێکە .
:ـ سەما :ـ ئاسمان .
(٢٥) تەلیسم :ـ زانستێکی تایبەتی‌یە .
(٢٦) گەنج :ـ خەزنە .
بەمەئەل :ـ بەوێنە .
سولطان :ـ پاشا .
(٢٧) مەحرووس :ـ پارێزراو .

نەیدیبێ چ ئەعضایێ بە جوز پەنجەیی دەستان(۲۸)
سیرێ بێ کە مانەندی سوها بێ ، نەسوا بێ(۲۹)
قوببێکی مودەووەر بە مەثەل بەیضەیی بەیضا(۳۰)
دورجێکی موجەوهەر بێ وەکو دورجی شەهنشا
مەخفی بێ لە عالەم لە سەرا تا بە سورەییا(۳۱)
گوڵگون میان لە نەظەر لالەیی حەمرا(۳۲)
دوڕێکی درەخشەندە وەکو نەجمی سەما بێ(۳۳)
بەرجەستە بێ ئەو قوببە وەکو قوببەی قەندیل(۳٤)
مەمدوح بێ لە نێو عالەمو لایەق بێ بە تەبجیل
نەیدیبێ بەنی ئادەمو نەی کردبێ تەحصیل
ئەم عالەمە طالیب بێ لە بۆ وەصلی بە تەعجیل

---

(۲۸) جوز :ـ جکە ۰ واتە جکە لە پەنجە دەستەکانی یار هیچ پەنجەیەکی تری لێ نەکەوتبێت ۰۰

(۲۹) مانەندی :ـ وەکو ۰

سوها :ـ ناوی ئەستێرەیەکە لە ئەستێرەکان ۰

(۳۰) قوببە :ـ گومەز ، خڕ بێ وەکو گومەز ۰

(۳۱) ( ثەرا :ـ ژێر زەوی ، بۆشایی ژێر زەوی ) ( ثورەییا : ناوی ئەستێرەیەکە ۰ )

(۳۲) گوڵگون :ـ ڕەنگی وەکو گوڵ ۰ ۰

(۳۳) دوڕی درەخشەندە :ـ دوڕی درەوشاوە ۰

(۳٤) قەندیل :ـ شاخی قەندیل ۰

(۳۵) توحەف :ـ شتی بە نرخ ۰

دوککانی توحەف بە حروف عەینی بەقا بێ(٣٥)
نوکتێکی دەقیق بێ کە شرووحی نەکرا بێ
بەحثی ئەوێ بۆ خەلقی هەمو عەینی خەتا بێ
وەک غونچەیی نەشکوفتە حیجابی نەدرابێ
وەک دورو صەدەف صاحێبی ئیعزازو بەهابێ
ئایینە صیفەت جیلوەدەهو عەکسی نومابێ(٣٦)
وەک خەیمەیی سولطانی دەبێ ڕوو لە حەوابێ
ڕەنگین بێ بە بەرزی لەنەظەر ، میثلی سەمابێ
وەک کارگی کوێستانی سپی بێ بە صەفابێ
هێند وورت‌و لەطیف بێ ، سەری نەختێ قلیشابێ
پۆشیدە وەکو صۆفی لە نێو خەلوە خزابێ(٣٧)
یا کۆمەڵە زیوێ لە سەخا دووروو بەعیدبێ(٣٨)
وەک لەعلی بەدەخشانی عەجەب سفت‌و سەعیدبێ
گولبەر بێ وەکو ناری خڕو تازە ڕەسید بێ(٣٩)
وەک بەرگی گوڵان ، وەقتی نیهان قەطرە چەکیدبێ

---

(٣٦) ئایینە :ـ ئاوێنە ٠
جیلوەدەهـ :ـ خۆدەرخەر ٠
عەکس :ـ وێنە ٠
نوما :ـ دەرکەوێ ٠
(٣٧) پۆشیدە :ـ داپۆشراو بێ ٠
(٣٨) مەبەستی لەم نیوە بەیتە ئەوەیە کە خۆی نەدابێت بە دەستەوە ٠
(٣٩) تازەڕەسید :ـ تازە گەییو ، تازە پێ گەیشتبێ ٠

دڵ تەنگ بێ بە روشدی وەکو تەبعی مەلابێ[٤١]
شەیئێکی تیا بێ بە مەئەل چووزەرە ڕێواس
درزێکی پەیا کردبێ بەو دوڕە چو ئەڵماس
مەحجووب بێ لە بەدکار ( من الجنة والناس )
تەوصیفی دەمی تەنگی سەری خەڵکی بکا کاس
قورصێکی موذەههەب بێ وەکو دورجی تەڵابێ[٤١]
گەنجینەی ئەو گەنجە بلوورینە سوورین بێ
وەستابێ لەسەر ساقی وەکو دوڕی سەمین بێ[٤٢]
زانووری وەکو قوببەیی ڕەنگین حەصین بێ[٤٣]
ساقی وەکو ئەستوونەیی زەڕین مەتین بێ[٤٤]
کەعبی وەکو یاقووتەو لە بۆ قووەت دەوابێ[٤٥]

---

(٤٠) ڕوشد :ـ نەشەی عەقڵ ، لە لاپەڕەیەکی ترا نووسراوە : تەبعی جوهەلا بێ ·

(٤١) قورصی موذەههەب :ـ جورمی ئاڵتوونی ·

تەڵا :ـ ئاڵتوون ـ

(٤٢) دوڕی سەمین :ـ دوڕی بە نرخ ·

(٤٣) زنوو :ـ ئەژنۆ ·

حەصین :ـ سەخت ·

(٤٤) ئەستوونەیی :ـ عەموود ·

زەڕین :ـ زێرین ، وەکو زێڕ بێ ·

مەتین :ـ قایم ·

(٤٥) یاقووت :ـ ماددەیەکی جوانی زۆر بە نرخە ·

ئەقدامی عەسەل بێتو موصەففا بە کەمالی(٤٦)
وەک شیری سپی نێتو وەکو مەی بێ بە ئالی(٤٧)
یارێکی عەقەب نازکو مەطبووعی ( ویصالی )(٤٨)
خۆ بێتو مودەووەر بێ وەکو سێو بێ بە کالی
بۆ دەردی ( ویصالی ) بەری بێ ی ئاوی شیفا بێ(٤٩)

---

(٤٦) ئەقدامی عەسەل :ـ بێ یەکانی ڕەنگیان وەک هەنگوین بێت ۰
(٤٧) مەی :ـ شەراب ۰ ئالی :ـ ڕەنگی ئال بێت وەکو ڕەنگی مەی ۰
(٤٨) عەقەب :ـ پاژنە ۰
(٤٩) ئاوی شیفا : واتە وەکو دەرمان شیفای نەخۆش بدات ۰

غ ل ٣٢ ب



باعیسی دووریتە جانا مونقەطع بوو خەوتنم
قەط لە یادم ناچێ خۆشی ئەو شەوە تا مردنم
ئاگری یادی عزیزان کەوتە ناو کوورەی دلم
هەر بە سانی شەمعە دایم هەر خەریکی سووتنم
بارێ ئیخلاصی تەواو و ڕۆحەکەم فەوجێ سەلام
وا ڕەوانەم کرد بە دیاری ، هەم لە جیاتی هاتنم
نوقطەیی میهرت لە دلدا مونحەریف نابێ مەگەر
چاوی بازت زوو بە تیغ بێ بۆ کوشتنم(١)
من بلێم چی دڵ مەلوولە بۆ مولاقاتی حەبیب
نیمە ئانێ ئیستراحەت ، بێ خەو و بێ خواردنم
وا لە عەشقی ڕووی تۆ ئەی ئەنیسی جانو دڵ
جوملە جیسمم هەلوەری ، مانەندی خەپلەی هەرزنم
گەر خودا مەیلی لەسەر بێ مولاقاتت ئەکەم
وەر نەهاتم زوو بە زوو ئیبرایی بکە گەردنم(٢)
من کە دایم وێلی صەحرام یەک دەم ئارامم نی‌یە
جۆششو تابی دەروونە باعیسی نەسرەوتنم
وا بە غایەت دڵ پەرێشانم لە بۆ ئەحوالی خۆم

---

(١) میهرت :ـ خۆشەویستیت ٠
مونحەریف :ـ لادان ، لاچوون ، لە ڕێ‌لادان ٠
تیغ :ـ چەقۆ ٠
(٢) ئیبرا :ـ حاشاکردن ٠

بۆ خورانی پشتی خۆم ، حەتتا نەماوە ناخونم(٣)
من لە دێی بارێ بەجارێ ئەروەتو مالم نەما
ڕووتو قووتو دڵ بە غەم ، مابوومەوە خۆمو گونم
من لە بەختم ئەو دەمە قارم وەها لێ گرتبوو
ئەمگوت ئەر دۆزیمەوە ئەیبەمو ئەنجا ئەیجنم(٤)
من کە سابیق زۆر تەنەززول بووم لە ئەحوالا ، وەلێ
وا لە لوطفی ئێوەوە نەزدیک بووە سەرکەوتنم(٥)
سەد شوکر ئێستا ( ویصالی ) ڤاکە حالی ڕۆحەکەم
صاحێبی جاهو جەلالو تاقە یاری ئەرمەنم(٦)

---

(٣) ناخون :ـ وشەیەکی فارسی‌یە واتە نینۆك ٠
(٤) قار :ـ قەهر ، ڕق ٠
(٥) تەنەززول :ـ داکەوتبووم ، نزم بوو بوومەوە ٠
(٦) جاهوجەلال :ـ بوڵندیو شکۆمەندیی ٠
یاری ئەرمەن :ـ شیرینی ئەرمەن

- ٣ -

## به هەڵە چوون

له من وایه ئەتۆ یارێکی جانی
لەبەرچی جارێ ئەحواڵت نەزانی
عەزیزم بۆ له یاران بێ خەبەر بووی ؟
لەلا خۆت ساقی‌یه ، بەزمی زەمانی
کەسێ حوا گەورەیی پێ دا له دنیا
ئەبێ زوو فێر ببێ ڕەسمی شەبانی
له دڵیا لانەبا نوقطەی محەببەت
نەکا یادی ڕەفیقانی جیهانی
ئەبێ گەورە بچووکی هەر له بیربێ
وەکو یوسف له ئەوقاتی گرانی
تەماشاکه سولەیمان شا چلۆن بووی
لەگەڵ موورێ نەظەرهایی نیهانی(١)
خصووصەن تۆ که ناوت شێخ لەطیفه
بحمدالله له دنیا کامەرانی(٢)

---

(١) سولەیمان :ـ عەزرەتی سولەیمان پێغەمبەر
موور :ـ مێروولە ٠
نیهانی :ـ نهێنی ٠
(٢) شێخ لەطیف :ـ کوڕی شێخ مەحموودی نەمر بووە ٠

ئەبێ لوطفت لە بۆ ئەمساڵو مادون
ببێ گەرچی سولەیمانی جیهانی
فلاَن کەس دۆستی تۆیە لەطیفا
بە دەمتا نایە قەط مانو نەمانی
حەقی تۆ وا نی‌یە وابێ لەگەڵمان
نەکەی یادی موحیببانی زەمانی
لە شاربازێری دووریتا ( ویصالی )
زەلیلە وا ، نی‌یە مەعلووم ژیانی

ئەم پارچە شیعرەی خوارەوە ، لەو کاتەدا دایناوە کە ئەچێتە زووری بووکو یاری دێرینی بەرامبەری دائەنیشێت ، ئەمجا بە وەصلی شـــــاد ئەبێت ...

لەگەڵ عاشق کە صەد جەورزو جەفا کەی
هەمووی لوطفە ، ئەگەر یەک مەرحەبا کەی
کە تۆ بۆ زەخمی هەر عالەم طەبیبی
دەبێ دەردی دڵی ئەمنیش دەوا کەی
لەشادیدا ببینی ڕەحمەتی حەق
ئەگەر ڕەحمێ بە ئەحواڵی گەدا کەی
لە نێو ظولماتی زوڵفت چی دەدا ڕوو
کە بۆ ئاوی حەیاتم شارەزا کەی
دڵا تاکەی دەکەویە شوێنی دونیا
مەگەر طیفلی لە دووی داکت هەراکەی ؟
گەلێ شیرینترە عوذری گوناهت
لە صەد طاعەت کە بۆ مەحضی ڕیاکەی
دەمێکە ئینتیظاری وەصلی یاری
( محمد ) دەردی هیجرانت هەتا کەی ؟

غزل ٩ بيت

ـ ١٥ ـ

## پرسیار لە یاری عیشوەدار

مایەی چمایە وا عاجزی لەم بەندەیی مسکین ؟
ئەی دڵ وەرە یەک بۆسە بکە لەو لەبی شیرین
قابیل بە بۆ طەعنەی ئەغیارو ڕەقیبان
مەشغوول بە بوستانی خەطو خاڵو کەمەرچین
هەر چەندە کە وەعظیش وەکو باران بباریّ
غافڵ مەبە یەک دەم لە خەیاڵی مەهو پەروین(١)
مەستی مەی مەعشووقە بە ئەی یار هەمیشە
گەر طالیبی بۆ تەختی جەمو جەمی جیهان‌بین(٢)
ئەی دڵ وەرە مەیخانە کە مەی حاضرە ئێستا
ڕەنگین بکە ئەم مەجلیسە بە بادەیی ڕەنگین
مەعلوومە کە تۆ غونچەیی بوستانی جیهانی
ڕەحمێ بکە بەم بولبولی بێ چارەیی غەمگین
گوێ بگرە لە ئاوازی دڵی عاشقی فامی

---

(١) مەهو پەروین :ـ مانگو ئەستێرەی پەروین کە زۆر گەشو پڕشنگدارە ٠

(٢) جەم :ـ ناوی پاشایەکی کۆن بووە ٠

جەمی جیهان‌بین :ـ ئەو جامەیە کە جەمشید شا جیهانی تیا بینیوە ٠

تێفیکره چلۆن غەرقە لە بەحری غەم و ئەسرین[۳]

بۆ زەمرەیی عوششاقە بەزمێ موهەییا

ئەی مەیکەدە بۆیاکە بە رەیحانەو و نەسرین[٤]

یەک دەفعە تەفەککور کە لە ئەحوالی ( ویصالی )

بێهۆشی بە بێ تۆیە لەسەر بوستەری نالین[٥]

---

(۳) فامی :ـ تێگەیشتوو ٠

ئەسرین :ـ فرمێسک ٠

(٤) زومره :ـ دەستە ، کۆمەڵ ٠

موهەییا :ـ ئامادەکراو ، سازکراو ٠

مەیکەدە :ـ مەیخانە ٠

(٥) بوستەر :ـ نالین ٠

گۆرانی

## - ١٦ -

دەمێکە دەناڵم لە بۆ وەصلی جانان
دەروون پڕ خرۆشە بە عەشقی حەبیبان
دڵ بە ناری ، من بە زاری ، میثلی کەبکی کوهسارە(١)

چو بوبلبول هەمیشە بە گریەو فوغانم
نەما ڕاحەتی دڵو ئارامی جانم
دڵ بیمارە ، بێقەرارە ، عاشقی دوو چاوی یارە(٢)

سەلامت لەسەر بێ گوڵی نەوبەهاری
ئەتۆ ڕۆیی ، من مام بە گریانو زاری
ئاهی زاری ، لێو بەباری ، حاصلە بێ چاوی یارە

بە ناری فیراقت سووتا قەلبو جانم
پەرێشانو مەستم وەکو چاوی خانم
شێتو شەیدا بووم لە دنیا
مردم لە هیجرانی لەیلا
دڵ شێتی یارە قەراری نەماوە
بە تیری موژەی یار جەرگی بڕاوە

---

(١) جانان :ــ خۆشەویستان ٠
کەبک :ــ کەو ٠
کوهسار :ــ کۆسار ، کێو ٠

(٢) چو :ــ کورتەی وشەی [ چون ]ە ، واتە :ــ وەکو
بیمار .ــ نەخۆش ٠

دڵ سووتاوە ، زۆر شێواوە
باوەڕت بێ بۆ تۆ نەماوە
دەمێکە بەعیدم لە باڵای دولبەر
دەروونم بە جۆشە ، میثلی سەماوەر(۳)
دولبەری من ، گەوهەری من
شەوچراغو ڕەهبەری من(٤)

میثالی عەنادیل لە باغا بە شینم
بۆ دووری گوڵی ڕووت عەجایب حەزینم
زۆر حەزینم ، دڵ برینم ، عاشقی نووری جەبینم(٥)

زەمانێکی دوورە لە بۆ تۆ دەناڵم
وەکو مەجنوونی کێوان پەرێشانە حاڵم
حاڵشێوام ، دڵ سووتاوم ، مەستی بۆیی زوڵفی خاوم(٦)

سەلامت لەسەر بێ گوڵی باغی ئالان
بە باڵا صنەوبەر ، بە ڕوو ماهی تابان

---

(۳) بەعید :ـ دوور ·
(٤) شەوچراغ :ـ شەوچرا ، چرای شەو ·
ڕەهبەر :ـ ڕابەر ·
(٥) عەنادیل :ـ کۆی عەندەلیبە ، واتەبولبولەکان ·
جەبین :ـ ناوچەوان ·
(٦) بویی :ـ بۆنی ·

ماهی تابان ، شاهی خووبان ، تۆی چراغی بەزمی ئەیوان[7]
لە بوستانی بێتووش دەروونم بە جۆشە
لە ژێر باری عەشقا دڵم زۆر نەخۆشە
زۆر نەخۆشم ، زۆور بێ هۆشم ، باوەرت بێ غەم دەنۆشم
سەلامت لەسەر بێ گوڵی باغی کوێستان
لە دووریت دەناڵم چو یەعقووبی کەنعان
ئاهو گریان ، دەردو ناڵان ، ماوە بۆ من جانی جانان[8]
هەر کەس ئیبای گەر لە زوڵفی دووتا کرد
لە چینی جیهانا عەجایب خەطای کرد
زۆر حەفای کرد ، زۆر خەطای کرد ، دوشمنی سەیرو صەفای کرد[9]

لە باغی ویصالت زەمانێکە دوورم
لە بۆ قەندی لێوت نەماوە شعوورم
تووتی ئاسا ، من لە صەحرا ، بووم لە بۆ تۆ شێتو شەیدا[10]

دڵی من لە کونجی قەفەص‌دا چو قومری
لە عەشقی جەماڵی تۆ پەیوەستە دەکری
دڵ پەرێشان ، چاو بە گریان ، مردم لە هیجرانی جانان

---

(٧) ماهی تابان :ـ مانگی ڕووناک ، کینایەتە بۆ جوانی ڕووی خۆشەویستەکەی ٠

خووبان :ـ جوانان ٠

(٨) یەعقووبی کەنعان :ـ باوکی حەزرەتی یوسف پێغەمبەر ( در٠خ ) ٠

(٩) ئیبای کرد :ـ حاشای کرد ٠

(١٠) قەند :ـ شەکر ٠

# گۆرانی

سەلامت لەسەر بێ مەهی ئاسمانی
سیراجی جەماڵت ، چراغی نیهانی
زوڵف عەنبەر ، چەشمە ئەختەر ، چۆڵە بێ تۆ ، دەشتی پشدەر(١١)
سەلامت لەسەربێ گوڵی نەورەسیدە
بە میثلی تۆ چاوی جیهان قەط نەدیدە
سەرویبالآ ، شاهی والا ، لەعلی لێوت جامی صەهبا(١٢)

لە گەرمایی (گەرماو) دەروون پڕ خرۆشە
دڵم وەک سەماوەر لە دووریت بە جۆشە
یاری جانی ، ماهی ثانی ، عاشقی تۆم ، گەر بزانی

( ویصالی ) لە باغاتی بێتووش حەزینە
پەرێشانی عەطری گوڵی مەهـ جەبینە
مەهـجەبینە ، شەمعی چینە ، وەک سولەیمانی زەمینە(١٣)

---

(١١) سیراج :ـ چرا ٠
(١٢) نەدیدە :ـ نەیدیوە ٠
جامیصەهبا :ـ جامی شەراب ٠
(١٣) مەهـجەبین :ـ ناوچەوان مانگ ، ناوچەوان جوان وەکو مانگ ٠

غزل ۱۱ بیت

- ۱۷ -

ئەی یاری جەفاکێش ، دڵ ئازاری هەتا کەی
ئەی شاهی لالآن ، پێم بڵێ ، ئازاری هەتا کەی ؟
فرمێسکی دوچاوانم ئەکا هاژە وەکو چەم
ئەی چاوی غەمان پێم بڵێ خونباری هەتا کەی ؟
مەفتوونی زەدەی تۆمو برینداری دوو چاوم
ئەی شێوە پەری پێم بڵێ عەییاری هەتا کەی ؟(۱)
پەروانە صیفەت سوختەیی بێ پەڕوباڵم
ئەی شەمعی شەبستان پێم بڵێ بێزاری هەتا کەی ؟(۲)
بەینێکە منم ساکنی ( بیت الحزن )ی غەم
ئەی تازە جەوان پێم بڵێ غەمباری هەتا کەی ؟(۳)
دڵی بوبلبول بێچارەو و ئالوودەیی شینە
ئەی شاهی گوڵان پێم بڵێ غەدداری هەتا کەی ؟(٤)
شەو تاکو سەحەر مەستمو مائیل بە فوغانم
ئەی نووری چەمان پێم بڵێ بێداری هەتا کەی ؟(٥)

---

۱) زەدە :ـ لێدراو ٠
(۲) سوختە :ـ سووتاو ٠
(۳) بیت الحزن :ـ خەفەتخانە ، شوێنی خەفەت ٠
(٤) ئالوودە :ـ تێوەچوو ٠

مەجنوون و سەراسیمەو بیمارە دوو چاوم
لەی نەرگسی جان پێم بڵێ بیمارە هەتا کەی ؛
وەک شاهیدی کەنعان شەهی حوسن و جەمالی(٦)
ئەی شاهی زەمان پێم بڵێ دڵداری هەتا کەی ؟
صەییادی دوو چاوانت ئەکا صەیدی دڵی خەڵق
ئەی غارەتی دڵ پێم بڵێ شەرراری هەتا کەی ؟(٧)
ئەی زینەتی فیردەوس تۆی جانی ( ویصاڵی )
ئەی ڕاحەتی دڵ ، پێم بڵێ سەرشاری هەتا کەی ؟(٨)

---

(٥) چەمان :ـ چاوان .

(٦) شاهیدی کەنعان :ـ مەبەست لە ...ەلی یوسف پیغەمەر. کە لـــە شۆخ و شەنگی و قۆزیدا بێ هاوتا وو.

(٧) غارەت :ـ تاڵان .

(٨) زینەت :ـ جوانی .

فیردەوس :ـ بەهەشت .

سەرشار :ـ بەخۆنازین .

- ١٨ -

وتم دەمتە وە یا غونچە ؟ وتی : ئەو نوقطە مەوهوومە
وتم زاغە لە باغی ڕووت ؟ . وتی : خاڵێکی هندوومە(١)
وتم بۆچ وا بە عینوانی ؟ ، وتی : من شاهی خوبانم
وتم ئێمەیش غولامی تۆین ، وتی : مەشهوورو مەعلوومە
وتم تۆ بۆچی وا سرکی ؟ ، وتی : بۆ دولبەران ڕەسمە
وتم بۆ عاشقت شێت کرد ؟ . وتی بابیشی هەر جوومە(٢)
وتم شەو بوو لەسەر ڕۆژت ؟ وتی : بۆ کوێر بووی زوڵفە
وتم چی شوعاعی خستە دڵ ؟ : شوعلەیی مەهڕوومە(٣)
دەمم برد ماچی لێوی کەم ، وتی حەددت چیە لاچۆ
وتم بۆ کێیە ئەو بەهرە ؟ وتی : بۆ یاری مەقسوومە(٤)
تەنافی خستە ئەستۆی دڵ ، وتمبۆچیتە ئەم جوزئە ؟
وتی لێی بێ میهرە ، بە شەرعی ئێمە مەحکوومە

---

(١) مەوهووم :ـ خەیاڵییە .
زاغ :ـ قەلەڕەش .
(٢) سرك :ـ واتە ناگیرێ ، یان وەختێ دەستی بۆ ئەبەیت ڕائەکات .
(٣) مەهڕوو :ـ ڕووی جوانی وەك مانگ .
(٤) یاری مەقسووم :ـ مەبەست لەو کەسەیە یاری لە چارەنووس نووسراوە .

وتم تۆ پادشای حوسنی ، به ئومێدی خەڵاتی تۆین
وتی خۆت شێت مەکە ، بولبول هەمیشە خواروو مەحرومە
وتم تاکەی دڵی میحنەت زەدەم ئاوارەبێ جانا
وتی ڕێی باغی خۆم نادەم بە میثلی کوندەبوو شوومە(٥)
وتم تۆ سەیری ئەحواڵم وەکو زوڵفت کە شێواوە
وتی : مردووت مرێ پەروانە دایم شیفتەیی موومە(٦)
وتم کون کون بووە جەرگم بە نووکی تیری موژگانت
وتی منداڵی بێ‌ناگێ لە نازی چاوی جادوومە
وتم مەخمووری لێوی تۆم ، خودا هەڵناگرێ ، بەسیە
وتی : هەی هەی صەدی وەک تۆ نێچری داوی گێسوومە(٧)
وتم تۆ بۆ نیگا ناکەی؟ هەموو هەر ئینتیظاری تۆین
وتی ئێوە عاقڵ نابن ، بە ڕۆژ ئەستێرە مەعدوومە(٨)
وتم بۆ ئاشنا نابێ باسەمعەت دەنگی ئەفغانم
وتی واتێ مەگە بێ‌دڵ ، منیش بەینێکە بیستوومە
وتم پەڕەی گوڵی کولمت وەکو پەژموردە بێ وایە
وتێ عەقڵت ببێ ، نابێ ، گوڵی من غەیرە مەشموومە(٩)
وتم تاکەی لە گوڵزارت ( ویصالی ) خواروو مەحرووم بێ
وتی کافی ، ئەوە بەسیە کە شیعری خۆش‌و مەنظوومە

(٥) کوندەبوو :ــ کونە پەپوو ، وا باوە کە باڵندەیەکی شووم‌و نەگبەتاویەو هەمیشە لە شوێنی چۆڵ‌و وێراندا ئەژی ·

(٦) شیفتە :ــ شێواو ·

(٧) گێسوو :ــ زوڵف ، پەرچەم ·

(٨) مەعدوومە :ــ نی‌یە ، دەرناکەوێ ·

(٩) پەژموورده :ــ سیس بوون ·
مەشمووم :ــ بۆن‌کراو ·

غزل ۳ بیت

- ۱۹ -

## شەش تاکیەکی کتوپڕی

غونچە باغی جینانی ئەی صەنەم یاخود پەری
صاحێبی وەک تۆم نەدیوە بۆ فریبو دولبەری
خۆشەچینی خەرمەنی حوسنی جەمالی تۆ ئەکەن
ئەی مەهی من ، میهری ماهو زوهرەو و هەم موشتەری
مەدحی فیردەوسی جەمالت ناکرێ ئەصلەن بە صەد
شاعیرانی میثلی [ فیردەوسیو سەعدیو ئەنوەری ](۱)

(۱) ئەو سێ ناوە ناوی سێ شاعیری ناوداری فارسن ٠

## - ٢٠ -

مەفەرموو پیرە عومری صەد ساڵە
لە طەبیعەتا هەر چواردە ساڵە
با هەموو عالەم بڵێین زۆر پیرە
ئەوە تێ ناگەن ، هێشتا منالە
چونکە ظاهیرا کاڵ دەس ناکەوێت
بەهی کولیویش هەر ئەڵێم کالە
لە بەدەس کورتی پیرم لا جوانە
بێ ماڵ کچی جوان خەیلی مەحالە[1]
بە بێ دەسمایە کە چوویتە بازار
صەد سەودا بکەی هەمووی بەطاڵە[2]
وەختێ بە گەڕان هیچت دەس نەکەوت
موحتاج ئەبیەوە بەو پیرەزالە
بەڵێ زۆر خۆشە ئەگەر دەس بدەن
ئەو چاوە کاڵو ئەو لێوە ئاڵە
هونەر هیچ نی‌یە ، ئەرومت حسابە
چونکە عیززەتی دونیا بە ماڵە
چاو بقووچێنەو ڕازی بە بەپیر
کچ بۆ تۆ نابێ خالە ، خەیالە
زەمانە نەیهێشت بکەین بە مەقصوود

(١) خەیلی‌مەحالە :ــ هەرگیز نابێت ، زۆر مەحالە ٠
(٢) سەودا :ــ سەوا ٠ مامەڵە ٠

زوو خستنیه ناو ئەم کێوو چاڵە
فەورەن پێستیان لەبەر داڕنی
هەتا خوێنیەوە ڕێوی قەبالە
( الحکم للە ) ، ڕاضیم بە قەضا
منالّ دوام کەوتوون بە خالّە
خودا کە نەیدا شەرابی شیرین
بەم ئاوە ڕاضیم هەرچەند کە تالّە
( ویصالی ) مەدوێ ئیتر لە بنکر
بۆ تۆ ناخورێ ددانت ئالّە
کە نەیبوو گوڵی گوڵاو ( ویصالی )
مەجبوور ڕاضی‌یە بە گوڵی زالّە

- ٢١ -

وەرە ئەی دولبەری مەهوەش ، لە باوەش کە منی سەرخۆش
هەتا ماوم لە دنیادا لە وەصلت با نەبم بێ بەش(١)
ئەسیری زولفی تاتاتم ، فیدایی بەژنو باڵاتم
وەرە با دەس لە مل یەک کەین ، بە دلشادیو بە ڕوویی خۆش(٢)
ویصالی زارو پڕزارە ، وەکو بولبول لە گولزارە
لە ئەمری دەرمەچۆ یارا وەکو نەوسن مەبە سەرکەش(٣)
وەرە ئەی بالەبت شەککەر ، ئەمن لاولاو و تۆ عەرعەر
لە یەک ئالێین لە پێ تا سەر ، ڕەقیب با کوێر بێ ڕووڕەش(٤)

---

(١) مەهوەش :ــ وەکو مانگ .

(٢) زولفیتاتا :ــ زولفی داهێزاو .

(٣) زاروپرزارە :ــ زەلیلو گریاناوییە .

(٤) یارا :ــ واتە ئەی یار .

## - ٢٢ -

چونکە من کوردم بە کوردی پێم بڵێ یاری عەزیز
مەطلەب و عوزرت چی یە گشتیان بە جارێ بێنە ڕیز
من هەتا کەی لێت قبووڵ کەم ، بێ وەفایی تا بەکەی
مەعذەرەت مەقبوول نی یە ئیمڕۆ لەلا ئەهلی تەمیز
بەینی ئەمن و تۆ وەهابوو لێم نەپرسی دەفعەیە
چڵ شەوە کەوتووم بەخۆش و مات و دڵ مەحزوون و زیز
ئەروەتی خۆتم بە جارێ بۆ بنێری نامەوێ
چونکە دنیا هیچە لامن بێ بەهایە وەک پەشیز(١)
تا زووە بۆ مەحکەمەی کوڕا حاضر ببە
چونکە دەعوا دوایی نایەت تاکو ڕۆژی ڕەستەخیز(٢)
ئەی ( ویصالی ) بەسی یە بۆ دانێ جەزا تا حەز ئەکەی
چایی صندووقێکی گەورە ، شەکری لەندەن نۆ قەفیز

---

(١) پەشیز :ـ جۆرە پارەیەکی بێ نرخی کۆنی ئێرانی یە .
(٢) ڕەستەخێز :ـ ئەم وشەیە لە بنەڕەتا ڕەستاخیزە ، واتە ڕژی هەستان کە ڕۆژی قیامەتە .



٨٤

ل ١١٩



دڵ لە حەسرەت چاوی نازارە کەوا زاری دەکا
هەر وەکو سەیدەر ڕەقیبیش دێ برینداری دەکا(١)
نەوعی ئاهووی سرکە ئەصلا دەفعەیە بۆم ناگیرێ
وەک غەزالەی بەڕ لە دەشتی غەفڵەتا یاری دەکا(٢)
موددەتێکە ون بووە لێم قەلبەکەی غەمدیدەکەم
تازە بیستوومە لە باغا کەسبی عەططاری دەکا
وا بە سەهلی تێمەگەن دەردی گرانە عاشقی
هەر کەسێ بێ طالیبی بێ ، زوو گرفتاری دەکا
دڵ وەها طالیب بە قەطرەێ ئێو دەهانی دولبەرە
نەوعی بولبول تا سەحەر بۆ غونچە گوڵ زاری دەکا(٣)
گەر ببەخشێ شوعلەێ بۆ دڵ بە چاوی مەرحەمەت
ساعەتەن پەروانەئاسا خۆی فیداکاری دەکا(٤)

---

(١) شاعیر ئەم شیعرەی بۆ دڵدارەکەی ناوی نازدار بووە ·
سەیدەر :ـ سەگی دەرگا ·

(٢) ئاهوو :ـ ئاسک ·

(٣) دەهان :ـ دەم ·

(٤) پەروانە ئاسا :ـ وەکو پەپوولە ·

دڵ کە میحنەت‌کێشە قوربان وا فەقیرو صابیرە
ئەیوب ئاسا حەمدو شوکری حەضرەتی باری دەکا(٥)
ئاگری هیجرانی دولبەر سینەیی کون کردووم
بەرقی حیرمان خوێن لە چاوی عاشقان جاری دەکا(٦)
ئێستە گەر مەهجوورە لە من غەمزەدە یاری عەزیز
باعیشی بەدکار ببینە ئەو کە بەدکاری دەکا
هەر کەسێ بەدکاری ئیشە یاخودا کوێر بێ‌و ذەلیل
هەر وەکو سەگێ عاشقی شەیدا لە دڵدار دەکا
ئەی موسڵمانان ( ویصالی ) شێت بووە بۆ لەعلی یار
هەر وەکو مەجنوون لە کێوان مەشقی ئازاری دەکا

---

(٥) ئەیوب‌ئاسا :ــ وەک حەزرەتی ئەیوب کــە زۆر بە ئــارام بــوو بەرامبەر ئەو بەڵایەی خوا دای بەسەریا ، تەنانەت تاکو نەخۆشی‌یەکەی بەهێزتر بوایە ئەم زۆرتر ئارامی ئەگرت‌و سوپاسی خوای پەروەردگاری ئەکرد ، وە ئەمە بوو بە ڕووداوێک کە بۆ ئارام‌گرتن‌و ڕازانەوەی قسە ئەڵێن : ( سەبری ئەیوب ) :

(٦) ئاگری هیجران :ــ ئاگری دووری ، مەبەست لە جۆش سەندنی دەروونە لە تاو دووری خۆشەویست .
حیرمان :ــ بێ‌بەش‌بوون .

ئەی نەسیمی صوبحدەم بیستوومە یار هاتۆتە شار
قاصدی چاتر لە تۆ دەست ناکەوێ خدمەتگوزار(١)
هیچ مەوەستە تا دەگەیتە بەردەمی مەنزلگەهی
ئیشتیاقو ئارەزووی زۆرم بکە تەبلیغ بە یار(٢)
پێی بڵێ زۆر زۆر سەلامو ئەدعیەی خێرم هەیە
خاطری بۆ رۆژی رووت بەینێکە زارەو بێ قەرار(٣)
قامەتی سەرووت نومایان گەر نەکەیت قومری صیفەت
رۆحی شیرینم لەلا زۆر تاڵ ئەبێ وەک زەهری مار(٤)
هەر وەکو پەروانە بۆ شەمعی رووخت سووتاوە دڵ
هەر ویصالی تۆ بکا سارێژی برینی زامدار(٥)
دائما مەجنوون صیفەت ، صەحرانەوەردی چاوی تۆم
بێ نیگاهی دیدەیی لەیلا ، حەیات لێم بووەتە بار(٦)

---

(١) قاصد :ـ نامەبەر .

(٢) ئیشتیاق :ـ حەزووئارەزوو ، مەیل‌کردن .
تەبلیغ :ـ پێ‌ڕاگەیاندن .

(٣) زار :ـ بریندار ، بە واتای لاوازیش دێ ، مەبەستی شاعیر واتای یەکەمە .

(٤) سەرو :ـ داری سەرو .
نوما :ـ دەرخستن ، دەرکەوتن .

(٥) پەروانە :ـ پەپوولە بە دەوری ڕووناکی‌دا ئەسووڕێتەوە تا ئەسووتێ .
ڕوخ :ـ ڕوو .

(٦) صەحرانەوەرد :ـ چۆڵ گەرد ، خولانەوە بە بیاباندا .

بولبول ئاسا دائیما ئەفغانو نالەو گریمە

وا چزانم بۆ گوڵی ڕوخساری تۆیە ئینتیظار

ڕۆژی عوزڕات گەر لەژێر هەوری فیراقا دەرنەخەیت

وامیق ئاسا زۆح لە دەستم دەدەچێ وەک ئاوی پار(٧)

زۆر دەمێکە چاوەڕوانی قاصدی پشدەر ئەکەم

تا عەیان بێ صححەتت بۆ تەسلیەی قەلبی نزار(٨)

ناگەهـ ئەمڕۆ کاغەزێکم هاتە دەستو خوێندمەوە

چونکە موشەعەر بوو بە لوطفی تۆ فەرەح باری بەبار(٩)

با لە قەعری بەحری فرمێسکا نەبم ئیتر غەریق

قەط لە کەشتی وەصڵەکەت .... مەیلیە بێتە کار(١٠)

وامیق و عوزرا

وامیق و عوزرا

---

(٧) وامیق ئاسا :ـ وەکو وامیقی عاشق .

(٨) عەیان بێ :ـ ئاشکرا بێ .

تەسلیەی قەلبی نزار :ـ چاک بوونەوەی دڵی نەخۆش ، یان دڵخۆش کردنی دڵی پڕغەم .

(٩) ناگەهـ ـ ناگەهان ، لەپڕ .

(١٠) قەعر :ـ بن .

ئەم بۆشاییەی لەبەرچاوە ، لە دەستنووسەکەدا وشەی ( طوربید )ی بۆ دانراوە کە لەگەڵ واتای بەیتەکەدا ناگونجێ لەبەر ئەوە بە بۆشی هێشتمانەوە .

ـ ٢٥ ـ

شەوو ڕۆژ من بە چاوی ئەشکباری
ئەڕێژم ئەشک وەک هەوری بەهاری(١)
لە هەردوو چاوەی دیدەم تەماشا
چلۆن خوێن دێتە خوار وەک ئاوی جاری
بە دائیم چاوەڕوانم بۆ مولاقات
لەسەر ڕێگا بە دیدەی ئینتیظاری
وەها شەیدابوو دڵ بۆ دیدەنی یار
نەمابوو صەبرو ئارامو قەراری
لە عەشقی یار شەو تاکو بەیانی
دڵ ئەینالاّن بە نالینی هوزاری(٢)
لە ناکاوێ بە گوێما ئاشنا بوو
کە هاتوون جەمعی یاری گولعوزاری
مەشامم پڕ بوو یەکبارە بە بۆیی
نەویدی ئێوە وەک نافەی تەتاری(٣)

---

(١) ئەشک :ـ فرمێسک ٠
(٢) هوزاری :ـ وەک هوزار ، بولبول ٠
(٣) مەشام :ـ مەبەست لووتە ٠
نەویە :ـ موژدە ٠

منیش فەورەن بە حاصڵ بوونی مەقصوود
بەجێم هێنا کەمالا حەمدی باری(٤)
ئەمەننامە لە قاپی شاهی والا
ببن موسنەدنشینی حوکمداری
ئیلاهی هەر بە کامی ئارەزووبن
نەبینن قەط شەوی بێ ئیقتیداری(٥)
بە شیرینێ قاصدێکا ناردبووتان
بە وەجهی مەرحەمەت بەعضێ دیاری
بە دەستی من گەیی ئینعامی ئێوە
قبوولم کرد بە تاجی ئیفتیخاری
ئەوا مەعلووم بوو لوطفی ئێوە بۆ من
کە ئێستەش وایە وەک جاران ئەباری
ئیلاهی هەر بسێنن بۆ غەریبان
کە ڕاستو موخلیصن وەک یاری غاری(٦)

---

(٤) حەمدی باری :ـ سوپاسی خوا ·

(٥) کام :ـ ئارەزوو ·

(٦) یاری غاری :ـ یاری ئەشکەوت ، هاوڕێی ئەشکەوت ، ئەگەر چی بـــۆ ئێرە ناگونجێت بەڵام مەبەستی حەزرەتی ئەبووبەکری سدیقە کـە لـە ئەشکەوتەکەدا بە یەکەوەبوون لە کاتی کۆچ کردنیاندا لـــە مەککەوە بۆ مەدینـە ·

له نێو چاوانی پاکو ڕەوانی ئێوە
یەکا یەک دیارە ئاثاری کیباری(٧)
لزووم ناکا بە تەعریف ئەی ( ویصالی )
نی‌یە موحتاجی ئەنگوشت مانگی دیاری(٨)

---

(٧) ئاثاری کیباری :ـ پاشماوەی گەورەیی ·
(٨) لزووم ناکا :ـ پێویست ناکا ·
ئەنگوشت :ـ پەنجە ·

غزل ۱۵ است



ئەو پەرچەمە چین چینە لەسەر کولمی حەلاوە
مانەندی گولی سونبولە تێراوی شەواوە
باعیث بە هەناسەی منی مەحزوونە سبەینان
زولفی وەکو ڕەیحانە لە هەر لاوە بلاوە
شوعلەی شەمی ڕوخساری وەکو ڕۆژی سەمایە
بۆنی نەفەسی زاری میثلی عەطری گولاوە(١)
بۆچی نەگری بولبولی بێچارە لە گولزار
چون عەطری گولی ڕۆیی بە دەم بادی صەباوە
مورغی سەحەری حەقیە ئەکا نالەو هاوار
مایەی هەموو سووتاوە ، هەموو مالی براوە
خەلقینە مەدەن تانە لە نالینی دلی من
ئەم حوزنو غەمە بوو بە بەشی من لە خوداوە
وەك کوورەیی حەدادە دەروونم بە گری عەشق
بەو ئاگرە برژاوە ، دلم گۆشتی کولاوە
داوێنی کەوا ئالە ، مەلێ خامەکی سوورە
گشتی دەمی عوششاقە بە داوێنی ڕژاوە(٢)

---

(١) نەفەسی زاری :ـ هەناسەی دەمی ·
سەما :ـ ئاسمان ·
(٢) دەمی :ـ خوێنی ·

باعیث بە غەمی یوسفی دڵدارە عەزیزم
پشتم وەکو چەوگانە کە پیرانە چەماوە
چبکەم ، چ بڵێم ، تیری ڕەقیب جەرگی بریوم
مەعلوومە بە ئەو تیرە ئەچم ، کارم کراوە
ئەی یار ڕەقیب دەرکە لەبەر ئەو دەرە پاکە
وەڵڵاهی لە سەگ پیسترە ، گشت گیانی گڵاوە
وەک دێوی لەعین بووەتە عەدووی زومرەیی عوششاق
لێی لادە ، دەبا لابێ ، هەزار مەکری بە دواوە(۳)
ئەو سرڕە کە مەخفی بوو لە بەینی منو یارا
سەیری کە ئەوێستاکە لە نێو عالەما باوە
ئەو مەیلو مولاقاتە . لە پێشا هەبوو ڕۆیی
ئەو ئایینو ئادابە هەر ئاثاری نەماوە
عاشق ئەبێ ملکەچ بێ لەلا حەضرەتی مەحبووب
مانەندی ( ویصالی ) کە ملی ناوە بەلاوە

---

(۳) مەکر :ـ فێڵ ٠

## - ٢٧ -

سەیری تەقدیری خودایی ئەحەد

کە چۆن منی کرد غەمبارو پێوەند(١)

تووشی یارێ بووم جوانو نازەنین

بە نازو عیشوە منی خستە بەند

بەینێ پێکەوە خۆشمان ڕابوارد

ئاخر لێک براین بە هەناسەی سەرد

بەینێ مامەوە بە دڵ خەستەیی

شێتو دێوانە بێخودو بێخورد(٢)

ڕۆژێ تووشی بووم بە مەحرەمانە

لە ڕووی نازەوە پێم گوت ئەی دلبەند

تو خودا پێم بڵێ بۆچ وا بێ شەرطی ؟

بۆ لە ڕاستی من دڵت بۆتە بەرد

بۆچی لات خستم ئەی یاری بێ قەول

بە لێو بەباریو هەم بە ڕەنگی زەرد

بۆچ وا بێ وەفایت ئەی پەری لیقا

---

(١) ئەحەد :ـ تاکو تەنها .

(٢) خەستەیی :ـ نەخۆشی .

دێوانە :ـ شێت ، بە کەسێکیش ئەوترێ سەروریش ئەهێڵێتــەوەو عەساو کەشکۆڵ هەڵئەگرێ ، یان شێتی دین ..

بێخود :ـ بێئاگا .

خورد :ـ خواردن .

بۆ وا بەجارێ تەرکی منت کرد ؟
ڕەنجەکەی منت مانەندی فەرھاد
گشتت دا بە باد ئەی یاری ھەمدەرد
تۆ ھەر تێفکرە لەبە خاطری تۆ
ئەکێشتم باری تانەیی نامەرد
نەم زانی یارا تۆ وا بێ باکی
بێ من وەکو کەو ، ئەکەی ھەرداو ھەرد
ڕاستم پێ بڵێ ڕۆحو گیانەکەم
بۆ بە تیر منت وا گرفتار کرد
صاحێب ماڵ نەبووم من دەرحەقی تۆ
دڵو ڕۆحی خۆم تەسلیمی تۆ کرد
ئارامم نەبوو نە شەوو نە ڕۆژ
عەندەلیب ئاسا گریانم ئەکرد
عەشقی تۆ دائیم ھەر لە دڵا بوو
ھەر بە یادی تۆ وەختم سەر ئەبرد(٣)
بوومە نیشانەی تانەی ڕەقیبان
تۆیش ھەر وەک ئاسک ئەکەی بەرداو بەرد
مەینەتی دنیات ھەموو نیشان دام
چارەم نەماوە جوز لوطفی ئەحەد(٤)
ھەم بێوەفا بووی ، ھەم بێ بەقا بوویت
نە شەرطو نە قەول ھیچت سەر نەبرد

---

(٣) ویصالی پاشو پێشی بە وشە کردووە بۆ پاراستنی کێشوسەروا ۰
(٤) جوز :ــ جگە ۰

ئەمە مانگێکە من تۆم نەدیوە
یار ئەبێ وابێ ؟ نازداری بێ گەرد !
تۆ هەر بزانە من چیم بەسەر هات
زەحمەتی زۆرو دەردی سەریم برد
سەر هەڵنابڕیت . لە خوا ناترسیت ؟
هەر جارێ ناڵیی چۆنی محمد(٥)
ئاخری کوشتت یاری دلسۆزت
ئەوەندەت پێدا داخ‌و جەفاو دەرد
( ویصالی ) برۆ با ئەویش وەک تۆ
نەختێ ببینێت موکافاتی بەد
خۆیشت بکوژی هەر بێ ئەمەرە
دەستت ناکەوێت غەیری سزاو دەرد

---

(٥) محمد :ــ مەبەست شاعیر خۆیەتی .

## - ٢٨ -

ڕەفیقان سەیری ئامین کەن کە چ مومتازو شیرینە
لە باغی جوانیا دائیم خەریکی نازو گوڵچینە
لە بۆ ماچی دەمی کوڵمی تەماشا ئەرقەمی زوڵفی
بە میثلی ئەژدەها هەر دوو چ مەنناعێکی پەرژینە
دوو صەد عاشق لە لای بمرن ئەبەد ڕوویان لە لا ناکا
ئەوەندەی عەیبە ئامینە کە چەند بێ ڕەحمو بێ دینە
بە جوانی ماهی ڕۆخساری بە نەوعێ مەستو مەغروورە
لە کەس باکی نی‌یە ئەصلاً ، لە تیری تانە تەئمینە
بە تیری غەمزیی نازی دڵو جەرگم بریندارە
بحمدالله شەهیدم من ، بە سوێی ئەو زامە خوێنینە
وەکو مەجنوونی سەرگەشتە ، هەمیشە جێم دەرو دەشتە
لە عەشقی ڕوویی ئامینە کە دڵ هەر شوغلی نالینە
ڕەفیقان ئێوە هەر وەک من تەماشای جوانی ئامین کەن
جەمالی جوانی ڕەنگینە ، بەڵێ قابیل بە تەحسینە
دەمی ئاخر ئەگەر جارێ ببینم ڕوویی پڕ نووری
سەلب نابێ ئیمانم ، ئەو مردنەیشم لە لا ژینە
ضەعیفو زەردی ئامینم ، نەخۆشی دەردی ئامینم
لە دووری یاری شیرینم وجوودم خەیلی بێ تینە
ئەگەر بۆم بانگی ئامین کەن بخوێنن سوورەتی یاسین
کە زیندوو ئەبمەوە دووبارە بە ئەو ئەلفاظە شیرینە
( ویصالی ) دڵ بریندارە ، بە دەردی خۆی گرفتارە

شیفای ئەو دەردو ئازارە ، بە ماچی لێوی ئامینە

شاعیر هەر لە دوایینی ئەم شیعرەی پێشوودا ، کە ئەمیشی هەر بۆ ( ئامینە ) ناوێک وتووە ، بە پێنجخشتەکیەکی تاکی ئەڵێت :ـ

نەماوە حاڵەتی ژینم ، لە دەس چوو ڕۆحی شیرینم
ڕەفیقان بێنە سەر مەیتم هەتا ماوم بکەن شینم
دەسا ئامینە خۆی بانگ کەن ، بخوێنێ جارێ یاسینم
مەلا مەمشۆرە ، کفنم بۆ مەکەو مەخوێنە تەلقینم
وەکو پەروانە سووتاوم ، شەهیدی عەشقی ئامینم

## - ٢٩ -(١)

شاهیدم ئەمڕۆ لە باغا غونچەیەکی سەرچڵە
مەنشەئی عەشقی دەروونو مەرکەزی فیکری دڵە
بولبولی دڵ گەر نەبێ سەرمەست بە عەطری میشکو خەت
یەحتەمیل لەم باغە نەڕوا ، ڕۆینی ناقابیلە
خزمەتی مزگەوتو حوجرەو خانەقاکەی بۆچی‌یە ٠
ڕەندی عاشق هەر لە مەیخانە موورادی حاصڵە
سونبولو ڕێحانەو میناى لەلا مەطلەب نی‌یە
کۆششی بولبول لە شەودا بەینێکە هەر بۆ گوڵە
بێ ڕیا ئێستە ( ویصالی ) عاشقێکی موخلیصە
گەر گوڵێکی پێ نەدەن لەو باغە کاری موشکیلە

........................................

(١) لە کاتی خۆیدا ویصالی کە گرفتاری دەردی عەشق ئەبێتو هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی گوندی بێتووش بەجێ بهێڵێ ، ئەم پاچە شیعرە ئەنووسێ بۆ یەکێ لە پیاوە بەدەسەڵاتەکانی ئەوێ‌ی بەجێ ئەهێڵێتو بەم شیعرەش ئەو پیاوە لە مەبەستەکەی تێ‌ئەگاو یارمەتی‌یەکی باشی ئەدا ٠

تێهەڵکێش ١٢ بەیت

-٣٠-

لە سەرەتای ئەم شیعرە کە لە کوردیو فارسی تێکەڵاوە ، مامۆستا نووسیویەتیو ئەڵێت :- [ ئیمتیزاجی کەلامی مەلا شێخ محەممەدی قەرەداغیە لەگەڵ خواجە حافظی شیرازی خوا لە هەردووکیان ببێت ڕازی ] .

ئەگەر خورشیدی ڕووی دەرخا لەسەر خۆی لابدا تارا(١)
ئەبن مەخفی مەهو ئەختەر لە شەوقی طەلعەتی زارا(٢)
بەبێ گوڵ نامەوێ چبکەم لە گابەرواو سپیدارا (٣)
فیدای چاوی ئەکەم مولکی ( جەمو ئەسکەندەرو دارا )(٤)
[ اگر آن ترك شیرازی بدست آرد دلما را ](٥)
ئەگەر شەو بێتو بمشێلێ لەسەر دۆشەك جیهان ئارا

.........................................

(١) خورشید :- ڕۆژ ، کینایەتە بۆ جوانی ڕووی خۆشەویستەکەی .
تارا :- ئەو پارچە قوماشەیە ئەدرێ بەسەر ڕووی بووکدا لە کاتی گواستنەوەیدا .
(٢) مەخفی :- ونبوون ، دیارنەمان .
مەه :- مانگ .
ئەختەر :- ئەستێرە .
(٣) گابەروا و سپیدارا :- ناوی دوو گوندن لە ناوچەی شاربازێڕ .
(٤) ئەوانەی ناو کەوانەکە ناوی سێ پاشای کۆنی ناودارن .
(٥) ئەگەر ئەو مەعشووقەی شیرازیە دڵی من بە دەست بێنێ .

بخال هندوش بخشم سمرقند بخارا را(٦)
سیاحەتی گاهی خوبان وەکو جەننەت لە دنیادا
کنار آب رکناباد گل گشت مصلی را(٧)
خودا چبکەم لە زوڵفو خاڵو چاوی کاڵو لێوی ئاڵ
چنان بردند صبر از دل کە ترکان کانی یغمارا(٨)
جەماڵی ئەو دلارایە ، جەلایی «صبغة الله»یە
بآب رنگ خال‌وخط چ حاجت رویی زیبارا(٩)
مەکەن لۆمەم لە عەشقی یار ، دڵو شەرمو حەیام ڕۆیی
کە عشق از پردەی عصمت بیرون آرد زلیخارا(١٠)
وەها مەجهولە گەنجی ڕووت لە چینی ئەژدەهای زوڵفت
کە کس نکشودو نگشاید بحکمت این معمارا(١١)

---

(٦) واتە :ـ بەخاڵی ڕەشی ئەبەخشم شاری سەمەرقەندو بوخارا ٠
(٧) واتە :ـ قەراغی ئاوی ڕوکناباد کە ناوچەیەکە لە شیراز ، جێی گەڕانو سەیرانە ٠
(٨) واتە :ـ وەها ئارامیان لە دڵی من برد ، وەکو تورکەکانی زەمانی کۆن کە خەزێنەو گەنجی ئێرانیان بە تالان برد ٠
(٩) واتە :ـ بە دەرمان خۆجوان کردن ، چ پێویستی‌یەکی هەیە دەمو چاوێ کە خۆی جوان بێ ٠
(١٠) واتە :ـ کە عەشق وایە مەعشووقەی زۆر پاکی وەک زۆلەیخا لە ژێر پەردە دێنێتە دەرەوە ٠
(١١) واتە :ـ کە هیچ کەس لە دونیادا چارەسەری ئەم موعەممای عەشقەی نەکردووە ٠

قسەی ناصح لە گوێ مەگرن قبووڵی کەن هەموو هەر وەک
جوانان سعاتمند پند پیری دانا را(١٢)

لە زاری تۆ ئەگەر ببیەم جنێویش هەر لەلام خۆشە
جواب تلخ می‌زیبد لب لعل شکر خارا(١٣)

ئەوەندە جوان‌و شیرینە ( ویصالی ) بەندی ئەشعارت
کە بر نظم تو افشاند فلک عقد ثریارا(١٤)

---

(١٢) واتە :ـ ئەو جوانانەی بەختەوەرن ئامۆژگای پیری زانایان وەرگرت .

(١٣) واتە :ـ لێوی کە وەك شەکر وایێ ئەبێ هەر وەڵامی تاڵ بداتەوە .

(١٤) واتە :ـ وەختێ ئاسمان چاوی بە شیعرو هۆنـراوەی تۆ بکـەوێ ، ملوانکەیەك لە ئەستێرەکانی خۆی ئەکا بە شاباشی هۆنراوەکەت .

کوردی

- ٣١ -

براگەل مژدەبێ لێتان لەلاتان
ئەوا ڕۆیی ڕەفیقی بێ هەواتان
بە کوڵ بگرین لەدوا ئەو یارە تەحقیق
نی‌یە وەک ئەو لە دنیا جانفیداتان
کە گوڵشەن خاڵیە ئیمڕۆ لە غونچە
ئەبێ چبکا هوزاری بێ نەواتان
بە بولبول گەرم ئەبێ بازاری غونچە
لەلا ئەو هەر گوڵە خاری جەفاتان
ئیتر هەر ئێوەبن با ئێمە دەرچین
بەبێ ئێمە نەبێ نەقص‌و نیماتان

---

★ شاعیر ئەم شیعرەی لەو کاتەدا وتووە کە هاوڕێکانی لای ماموستاکەی نهێنی خۆشەویستی‌و عەشقی ئەخەنە ڕوو ، ماموستاکەی لێی زویر ئەبێ ، ناچار بێتووش بەجێ ئەهێڵێت‌و ئەم پارچە شیعرەش بۆ فەقێکانی هاوڕێی بەجێ ئەهێڵێ ، شاعیر ئەم پارچە شیعرەی لەسەر هەمان کێش‌و سەروای شیعرەکەی مستەفا بەگی کوردی داناوە کە ئەڵێت :ـ

ڕەفیقان من ئەوا ڕۆییم لەلاتان
لە مەظلوومان بەڵا چۆڵ بێ وڵاتان

( دیوانی کوردی ، ل٣٣ ، چاپی سیدیان )

به فەوتی ئێمە یا خوا ئێوە دووربن
لە دەردو غەم لەژێر سایەی هوماتان(١)
عەزیزم ماچی لێوت دەفعی دەردە
لە عاشق قەط مەکەن مەنعی دەواتان
بە ناحەق حەق نیە ڕوو وەردەگێڕن
بە ناحەق مەمکوژن ئێوەو خوداتان
( ویصالی ) لێرە دەرکەن با نەمێنێ
ئەگونجێ بەو ببێ دەفعی بەلاتان(٢)

---

(١) فەوت :ـ نەمان ، لەناوچوون .
سایە :ـ سێبەر .
هوما :ـ ئەڵێن باڵندەیەکە گۆشت ناخوات‌و قنیات بە ئێسقان ئەکا ، وا باوە بەسەر سەری هەر ئادەمیزادێکەوە بنیشێتەوە ئەبێت بە پاشا .

(٢) بە ڕاستی شیعرەی ویصالی یەکێکە لە شیعرە بەرزو بە سۆزەکانی کە لەسەر کێش‌و سەرواى شیعرەکەی مستەفا بەگی کوردیە ، بەلام ئەم ، واتە ویصالی بەرگێکی تری کردووە بە بەریا ، بە وشەسازی‌و وردەکاریەکی جوان هەستی خۆی دەربڕیوە ، ئەوەی شایستەی باسە ئەوەیە ئەم شیعرە لە شیعرە سەرەتاییەکانیەتی کەچی لە شعرە بەرزەکانیێتی ، ئەمەش بەڵگەی زیرەکی‌ی‌و شارەزایی دەرئەخا ..

حەبیبا کاغەزی تۆ پەیغامی یاری هێنا
بۆ عاشقانی مەجلیس قیصەی دلداری هێنا(۱)
لە سایەی حەمدی باری مەکتووبی یاری غاری
بۆ عەندەلیبی مسکین مژدەی بەهاری هێنا
دنیا هەموو بەجارێ پڕ بوو لە شەوق و شادی
نامەی ڕەفیقی جانی دەفعی خوماری هێنا
ئەم نامە خۆش بەیانە وەکو نەسیمی صوبحی
بۆ کەبکەهایی حەپسی بۆیی گوڵزاری هێنا(۲)
یەکبارە مەستی مەی بووین لە خۆشی کاغەزی تۆ
بۆ بەزمی ئێمە ئیمشەو نافەی تەتاری هێنا
بەزمێکی خوسرەوانە بگرین بەکەیف وشادی
شیرین شەراب و موطریب مزمارو تاری هێنا
موطریب بیڵێ هەوایێ مەیخانە سازە ئیمشەو
ساقی بۆ بەزمی ئێمە بادەی گوڵناری هێنا
ساقی بدە شەرابێ ، موطریب لێدە ڕوبابێ
دڵا بێنە کەبابێ ، مەستوورە ناری هێنا
ئەی دڵ وەکو سولەیمان شایی بکە لە خۆشیان
هودهود لە شاری سیا نامەی نیگاری هێنا
ڕۆژی ویصالە ئیمڕۆ شەوی هیجران بەسەر چوو

---

(۱) قیصەی :- چیرۆکی .
(۲) کەبکەهایی حەپسی :- کەوی حەپس کراو .

بۆ ئەم مەقامە یارم ماهی ڕوخساری هێنا

دەمێکە دڵ نەخۆشە لە دووری ڕووی حەبیبان
بە ماچی لێوی ڕەعنا شیفای بیماری هێنا(٣)

زەمانی عەیش‌و نۆشە ، چەمەن سەیرانی خۆشە
یارم بە نازو عیشوە ، گوڵی بێ خاری هێنا(٤)

( ویصالی ) مژدە ئەمشەو ، لە بەختی چاکی پاکت
سەیری کە زوڵفی لادا ، دولبەر عوزاری هێنا

لە ( ١٨ جەمادی یەکەمی ١٣٦٢ك )دا وتراوە

---

(٣) ڕەعنا :ـ بەرز ، بالآبەرز ٠
بیمار :ـ نەخۆش ٠

(٤) بێ‌خار :ـ بێ‌دڕك ٠

ئەی یار هەتا کەی لە فیراقت بە شەبو ڕۆژ
بگریمو بنالم بە دڵی خەستەیی پڕ سۆز
ڕەحمێ کە بە من ئاخر ئەوا وەقتی فیراقە
وەعدەی کەرەمت داوە ، بەهارو شەوی نەورۆز
هاتەڵ مەبە تۆ ، بۆ زەرەروو نەقصی وجوودم
مەنعم مەکە با بێمە ڕەهی گەردو گڵو تۆز
هەرچەندە خەرامانی لە صەحنی چەمەن ئەمنیش
خورشیدی دیارم بە صیفەت هەمدەمی بەهرۆز
بەس بمکوژە بەو خەنجەری عاشق کوژی چاوت
بەس بمکە بە نیشانەیی موژگانی جگەردۆز
ئیمڕۆکە کە تۆی شاهو بکە مەیلو نیگاهێ
بۆ بەندەیی مسکین کە هەتە طالیعی فەیرووز
ئەو چاوە کە وەک نێرگسی شەهلایە بە مەستی
شێواوە بە خەو یاخو بە نازت بووە ئاڵۆز
ئەو جەژنە کە دەیکەی لە بۆ عوششاقی جیهانی
مایەی کەرەمو مەرحەمەتە لێت ببێ پیرۆز
ئەمڕۆ بە مانەندی دەمت ئەی گوڵی ڕەعنا
ڕەحمێ بکە بەم عەبدی زەلیل ، ...... ڕۆژ
گوێ بگری چلۆن دەگری ( محەممەد ) لە فیراقت
تەئثیری هەیە وەقتی سەحەر نالەیی جانسۆز

بێ عەطری گوڵت بولبولی دێوانە بڵێ چی !

بێ شەمعی ڕوخت کۆششی پەروانە بڵێ چی !

بێ زینەتی شمشادی قەدو قامەتی بەرزت

جیلوەیی حوسن‌و لەنجەیی جانانە بڵێ چی !

بێ شوعلەیی خورشیدی خەطو گەردنی صافت

فانۆس‌و چرایی شاهانە بڵێ چی !

تا چاوی خومارت سەبەبی ڕاحەتی دڵ بێت

ئاوازی نەی‌و نایی ، لە مەیخانە بڵێ چی !

بێ کۆششی سەیری حەرەمی کەعبەیی حوسنت

دەروێش‌و هەموو ساکنی بتخانە بڵێ چی !

بۆ ماچی دەمی تۆیە دڵی عاشقی مسکین

وا خەستەو‌و غەمگین‌و پەرێشانە ، بڵێ چی !

لەو فەصڵەوە دوورە لە گوڵستانی ویصاڵت

دڵ مات‌و مەلوول کەوتووە ، بێ جانە بڵێ چی(١) !

بێ جامی ویصالی تۆ ، زەمانێکە ( ویصالی )

مەجنوون‌و سەراسیمەوو عوریانە بڵێ چی(٢) !

---

(١) واتە لەو کاتەوە کە دڵ دوورە لە دیدەنی‌و چاوپێ‌کەوتنی تۆوە ، بێ تاقەت‌و نارەحەتەو گیانی تێدا نەماوە ، کەواتە دەوای دەردی دڵم چاوپێ‌کەوتنت‌و دیدەنی تۆیە .

(٢) جامی :ـ کورتەی وشەی ( جامە )یە ، واتە کراس .

عوریان :ـ ڕووت‌و بێ‌بەرگ .

واتە :ـ بێ کراس‌و بەرگی گەیشتن بە تۆ ، ماوەیەکی زۆرە ویسالی شێت‌و داماوە وەکو شێت بە بێ‌بەرگ‌و بە جلی دڕاوەوە ئەسووڕێتەوە ، گوناحی چی‌یە ؟ .

غزل ایست

- ٣٥ - (١)

ئەی موعەططەرسازی جەمرەی بێنیو قەصری دەماغ
بۆ کولی زارت نزارە ئەم هوزارەی دەولەباغ(٢)
ذەڕڕەیە گەر تابی ڕووی ئافتابت دەرکەوێ
ذەڕڕەئاسا دڵ لەجێ ڕەخشان ئەبێ وەک شەوچراغ
بۆ نیگاهێ ناکەیە ئەم سینەیی سووتاومە

(١) جارێکیان ویصالی ڕێی ئەکەوێتە ماڵە ئاغایەک لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیا ، تووشی فەقێیەک ئەبێت ، زۆر بە سەرو سیما ئەبێت بەڵام خوێندەواری لاواز بووە ، وەختێ ئەچنە دیوەخان ، ئەچنە دیوەخانی ( تایبەتییەوە ) ، بە شێخ محمدی ویصالی ئەڵێت :ـ جێگەت ئەوێ نییە ئەی سەرووی بەرزو جوان ، لە ناوەراست هەستەو بەرەوژوور دابنیشە ، لەسەر ئەمە ئەیانکەن بە دوو بەشەوە ، کابرای فەقێ بەر دیوەخانی تایبەتیو ئەوانی تر بەر دیوەخانی ئاسایی ئەکەون ..
کاتێ پرسیاری لێئەکەن لە بارەی هەندێ مەسەلەوە ڕەنگی تێک ئەچێتو ئەڵێت ڕاوەستن تا دەرەوە ئەچم ، خاوەن دیوەخان پیاوێک دوا بە دوای ئەو ئەنێرێتە دەرەوە تەماشا ئەکات لە ویصالی ئەپرسێت ، پاشان هەموویان دێنەوە دیوەخانی تایبەتیو کابرا ئەڵێ شێخ محمد وەڵامی ئەم پرسیارانە چییە ؟ ویصالیش وەڵامیان ئەداتەوەو کابرا خەجاڵەت ئەبێت ، ویصالیش ئەم شیعرە دائەنێت ..
(٢) هوزار :ـ بولبول .
دەولەباغ :ـ ناوی جێگەیەکە .

چون لە دووری تۆیە ڕەش بوو میثلی لالە پڕ لە داغ
ئاتەشی میهرت لە کوورەی هەر دەروونێکا ببێ
نامێنێ ئارامو صەبرو ڕاحەتی قەلبو فەراغ
قوڕ بەسەر دانا کە ئەمڕۆ هەر بەشی جەورو هەمە
خۆشی بۆ نادانە دائیم وا لەنێو قەصرو وطاغ
هەر وەکو بینای وجوودی ئەهلی دڵ چەرخێ کە بوو
هەر لە سەر تا پا تەماشا چا بە غەم کردی سواغ
باغو بوستان بوو لە ئەووەڵ جێگەیی ئەجدادی من
دوور لە حەق بێ هەرچی ئێمەی خستە جێی ( بوومو ) ( کولاغ )(٣)
گەرچی عاقڵ نی ( ویصالی ) یەحتەمیل بێبەش نەبی
چونکە وا مەعلومە ئێستە بووی بە یاری کوندو زاغ

---

(٣) بووم :ـ کوندەبەبوو .
کولاغ :ـ بالندەیەکە

من کە مەحجوورم لە یاران بوومەتە نەخچیری سێ
عەشق یەک ، مەعشووقە دوو ، هەم شاهبازی پیر سێ
جەرگی منیان زەخمدارو پارە پارە کردووە
خاڵی یەک ، چاوشێنی دوو ، موژگانی هەم چون تیر سێ
سینەکەم قوربان کە چابوو چاکی چاکیان کرد بە سێ
خەططی یەک ، خەددەینی دوو ، دوو ئەبرۆیی شمشێر سێ
قەلبو جانو تەن بە جارێ هەر سێ ئاوێزانی سێین
گێسوو یەک ، ئەگریجە دوو ، زولفەینی چون زنجیر سێ
غەیری سێ ئەمنی نەکردووە مەستو مەخموورو حەزین
ساقی یەک ، هەم جامی مەی دوو ، نالەهایی زیر سێ
وەردی من تەعریفی سێیە شەب چو بولبول تا سەحەر
گوڵ یەکی ، هەم گولستان دوو ، شاهیدی دلگیر سێ
گەوهەرێکی دورجی زاری قیمەتی سێ کیشوەرە
چین یەک و شامات دوو ، هەم کوورەیی ئیزمیر سێ[1]
دوو لەبلی یارە بێشک رەغبەتی داوە بە سێ
لەعلی یەک ، یاقووتی دوو ، هەم مەعدەنی ئەکسیر سێ
یار ئەگەر مەیلی نییە باعیث بە سێ چیزە یەقین
حوسنی ئەو یەک ، قوبحی من دوو ، واضیعی تەزویر سێ

---

(١) کیشوەر :ـ وڵات ٠

ئەزمیر :ـ لە کۆندا وڵاتی ئیزمیری کوردەواری بووە ، ئێستاش لە تورکیا ناوچەی ئیزمیر هەیە ٠

# غزلی شاکار و عالی

کردیان یەک دەفعە سێ شت غارەتی بازاڕی دڵ
گەردنی یەک ، غەبغەبەی دوو ، چەشمەیی پڕ شیر سێ
بۆ حضوری بەزمی یاران مانعی من سێ شتە
ضوعف یەک ، طەعنەی ڕەقیب دوو ، نوقطەیی تەقصیر سێ
تاجی شەئنو میهری حورمەت دورجی عیصمەتیان شکان
یەک غەریبی ، دوو فەقیری ، پەنجەیی تەقدیر سێ
جەوهەرم لەگن بە سێ شت صەد شوکر دەرکەوتووە
عیلم یەک ، نەقشی عەمەل دوو ، قووەیی تەحریر سێ
ئەی دڵا ئەهلی خیرەد سێ هەمدەمی دائیم هەیە
غەم یەکو ئاهی دەروون دوو ، ناڵەیی شەبگیر سێ
ئەی ( ویصالی ) هەمدەمت سێ بێ لە سێ غافڵ مەبە
خوا یەکو مەحبووبی دوو هەم پەندهایی پیر سێ

ئەوا ڕەنگ زەردی جانانو حەزینم
بە دائیم چاو بەگریانو حەزینم
قەدیم من بولبولی باغی وەطەن بووم
ئەوێستا حەپسی باڵانو قەرینم
وەکو پەروانە بۆ شەمعی جەماڵت
حەریقی چەرخی دەورانو حەزینم
لە دووری یوسفی ڕوخساری تۆیە
وەکو یەعقووبی کەنعانو حەزینم
لە شەوقی قامەتی لەیلە کە دائیم
لە دووری وەصلی تۆیە ئەی حەبیبم
کە مەحجوورم لە خوێشانو حەزینم
شەبەب ماروتی چاوی تۆ بوو قوربان
منی هارووت لە زیندانو حەزینم(١)
بەبێ دەرمانی لوقمانی وەصڵت
زەلیلی زەخمی هیجرانو حەزینم
لە هیجری نووری تۆ ئەی شەمسی عالەم
بە میثلی ماهی نوقصانو حەزینم
ئاوابێ تاجی لوطفی دەولەتی تۆ
گەدایی گشت گەدایانو حەزینم

---

(١) ماروتو هارووت :- ناوی دوو فریشتە بوون خوا غەزەبی لێ گرتن ، دەڵێن خرانە بیرێکەوە لە بابل .

له شه‌وقی وه‌صلی دانه‌ی خالی ڕووته
ئه‌سیری داوی هیجران‌و حه‌زینم
له‌گه‌ڵ ئیکمالی عه‌شقی تۆیه قوربان
خه‌میده پشت‌و نوقصان‌و حه‌زینم
وه‌کو ( به‌هرامم ) بۆ ڕوویی گوڵه‌ندام
ذه‌لیلی ده‌رک‌و ئه‌یوان‌و حه‌زینم
له بۆ مه‌جمووعی زوڵف‌و په‌رچه‌می تۆ
ئه‌وا من دڵ په‌ریشان‌و حه‌زینم
به بێ ئه‌نفاسی عیسایی ده‌می تۆ
ئه‌من مردوویی بێ جان‌و حه‌زینم
له‌به‌ر گریانی هیجری نووحی وه‌صڵت
غه‌ریقی ئـاوی طۆفان‌و حه‌زینم
به چۆگانی به‌ڵای دووریی وه‌کو گۆ
ذه‌لیلی صه‌حنی مه‌یدان‌و حه‌زینم
له‌بت چه‌شمه‌ی حه‌یاته وه‌ک سکه‌نده‌ر
منم ته‌شنه به لێوان‌و حه‌زینم
به ڕه‌سمی دۆستیی ڕه‌حمێ بفه‌رموو
به من دائیم ، به ئه‌فغان‌و حه‌زینم
به فاقه‌ی قه‌طعی مه‌یل‌و حوبی تۆ
منی بێچاره عوریان‌و حه‌زینم
له قافی هیجره‌تا که‌ی بوو ویصالی
منی عه‌نقا به حیرمان‌و حه‌زینم
به فیرده‌وسی جه‌ماڵت ئه‌ی حه‌بیبا
منم سووتاوی هیجران‌و حه‌زینم

لە دووری نووری شوعلە بەخشت
ئەوا کوێری دوو چاوانو حەزینم
لە بۆ عەکسی ڕوخو سەرووی بالآت
میثالی شێخی صەنعانو حەزینم
لە بۆ نەفعی شەبابی عومری تۆیە
کە پیرو عومر نوقصانو حەزینم
بە ڕەمزی غونچەی باغی سینەت
وەکو بولبول غەزەل‌خوانو حەزینم
بە ئومێدی وەفا تەرکی دڵو دین
مەکە ، وەک من پەشیمانو حەزینم
سەبەب ظولماتی کوفری زولفە قوربان
کە فانی نووری ئیمانو حەزینم
لە بۆ پەروانەی وەصلی جەمالت
بە میثلی شەمع بە سۆزانو حەزینم
دەزووی صەبرم بە میقراضی غەمی تۆ
بڕاوە گەر بە گریانو حەزینم
دڵم گەرمە بە ناری ئاوی عەشقت
بە دائیم ئەشکبارانو حەزینم
مەکەن مەنعم لە گریانو لە ئەفغان
کە شێتی دەستی پەریانو حەزینم
لە پێشدا جامیعی عیلمو عەمەل بووم
ئەوێستا مەستو نادانو حەزینم
بە ناری مەجمەری عەشقی حەبیبە

که دڵ بیمارو بوریانو حەزینم

خودا ڕەحمێ بە حاڵم کە منی ڕوو

سیا ، غەرقی گوناهانو حەزینم

بە زستانی فیراقی قەددی تۆیە

لە کوێستان ڕوو بە گەرمیانو حەزینم

بە وەصڵی ڕەحمەتو لوطفی زەروورەت

وجوو بی من بە گریانو حەزینم

بە لوطفی خۆت بکە مەحووی گوناهم

کە من داعی بە غوفرانو حەزینم

خوداوەندا بە عەفووم شاد بفەرموو

ئەگەر بێ عەقڵو نادانو حەزینم

بە ڕەحمی خۆت نەجاتم دە خودایە

کە تەفرەخواری شەیطانو حەزینم

خودایا نووحی عەفووم بۆ بنێرە

کە غەرقی بەحری عصیانو حەزینم

ویصاڵی بۆ ویصاڵی ڕەحمەتی تۆ

بە دائیم دەم بە قورئانو حەزینم

منم عاشق بە ڕەعنایی قەدی تۆ

منم دائیم بە گۆچانو حەزینم

بە تیغی غەمزەت و هەم سەهمی موژگان

شەهیدی تیرەبارانو حەزینم

لەم زەمانە هەر کەسێ هاتو وتی من ناطیقم
هەرزەگۆ هەرگیز بە خۆی نالێ حیماری ناهیقم
بۆ بمێنم ئەبلە لافی عەقڵو دانش لێ ئەدا
هەرزە طەبعی بێ دیانەت ، دێ دەڵێ من عاشقم
بۆچی نەمرم جاهیلی موطڵەق دەکا دەعوا کە من
جامیعی عیلمو ڕسوومم بۆ هەموو شت لایقم
موددەعی شەرمی نی‌یە ئیظهاری ئیخلاصی دەکا
دێت دەڵێ وەڵلاهی لەگەڵ تۆ یاری جانیو صادیقم
بۆ بژیم دونیاپەرست ، بێ خەبەر هەر دێ دەڵێ
چونکە عاقڵمەند فەرزانم بە دائیم فائیقم
هەردەمە جانتا بە شانێ دێت دەڵێ لە کوێ نەخۆش
چونکە بۆ دەردی هەموو عیللەت طەبیبی حاذیقم
یاخودا وابێ کە نادان دێ دەڵێ بۆ خۆم دێم
بێ حیسابو کەشمەکەش بۆ قەصری جەننەت حاضرم
وەک بە کوردیم پێ وتی ، ئادابو نامووسو کەرەم
هەر نەفامێ دێت دەڵێ بۆ [ عادة الله ] خاریقم
تو خودا نەفعی چی‌یە دونیا کە دینی پێ دەدەن
ئەی ( محمد ) من بە بوونی ڕەحمەتی حەق واثیقم

هەر دەمە دونیا بە نەوعێ دێتە پێشێ ، گەهـ وەکوو
بووکی صاحێب نازە گەهـ عەییارە وەك خەسوو
شاهبازی طالعت وەقتێ لەسەر سەر دادەنێ
بۆ نەدامەت گەهـ لەنێو مالت دەخا صەد کوندەبوو
بەعضە جارێکت دەداتێ ئیقتیداری بێ شومار
گەهـ ڕەذیلت وا دەکا ، موحتاج دەبی بۆ بەندی ڕوو
پڕ گولی دەکا جارێك لە نێو باغی وەطەن
گەهـ دەکا دەستت لە خارستانی غوربەت پڕ دڕوو(٤)
گەهـ بە تاجی شاهی‌یی‌و دەولەت سەرئەفرازت دەکا
گەهـ لە نێو خاکی گەدایی‌و نەگبەتا دەتخا بە فوو
ظاهیری دەستووری عەدلەو باطینی غەدداری‌یە
باوەڕت بێ کەس لە دەستی مەکری دونیا دەرنەچوو
هەر کەسێ یەك دەفعە تێفکری لە پێداوی جیهان
هەر ئەلێ تا سەر لە نێو گۆماوی غەمدا پێوە بوو
گەر بە تەئیدی فەلەك طالع نەبی کۆشش چی‌یە
بێ جەسارەت بەختی خۆت گەر پێ ببەخشێ ، بێ بنوو
من کە ڕۆژو شەو شکایەتمە لە دۆستانی زەمان
دەم بە دەم مەحکەمترە زنجیری غەم وەك زوو کە بوو
مەطلەبم وا بوو کە دڵ ضایع نەکەم ، نەیدەم بە کەس

---

(١) خارستان :ـ خاکێ دڕکی زۆری هەبێ .
دڕوو :ـ بێشەو دڕکاوی .

ئەو دەمەی ڕۆیی عەزیزم ، ئیختیارم پێ نەبوو
جێ‌نشین بوو موددەیێ ئەندۆهی هیجرانو فیراق
وەقتی وەصلی شادمانی ڕەهرەوی بوو هاتووچوو[٢]
چاوەکەم با من نەمێنم لەم زەمانەی بێ‌وەفا
هەرچی تێفکریم سەعاتێ دڵ لە غەم خاڵی نەبوو
فکری دیەنیم بوو کەچی دەردی فیراقم کەوتە سەر
ئەی محمد هەر غەمێکم بوو ئەوێستا بوو بە دوو[٣]

---

(٢) ئەندۆه :ــ بە ئەندووهیش ئەخوێنرێتەوە ، واتە : غەمو پەژارە ·
(٣) وشەی ( دیەنیم ) ئەبێت وەکو ( دێنیم ) بخوێنرێتەوە ئەگینا بەیتەکە لەنگ ئەکا ، واتە دیەنیو چاو پێ‌کەوتن ·
محمد :ــ مەبەست لە ناوی شاعیر خۆیەتی ·

- ٤٠ -

صەد شوکر ئیمشەو کە ڕەیحان ساقی‌ی مەیخانەیە
هەر کەس ئەیبینێ بە نازی چاوی ئەو دێوانەیە
سەیری باڵای بەرزو جوانی میثلی سەروو عەرعەرە
قومری ئاسا ، لەنجە شیرین ، بولعەجەب جانانەیە
بولبولی دڵ ئینتیظاری عەطری غونچەی دەمیەتی
خاصە هەر ڕەیحانە بۆنی وەک گوڵی ڕەێحانەیە
نەک بە تەنها هەر منی خستۆتە داوی پەرچەمی
صەد هەزارانی وەکو من وێڵی ئەو کێوانەیە
تا بڵێی شیرینە ڕەیحان خاڵو زوڵفو پەرچەمی
زوڵفی داوی عاشقانە خاڵی کوڵمی دانەیە(١)
هەر کەسێ پابەندی عەشقی ڕوویی بوو مەنعی مەکەن
عالەمی دونیا سەراپا مەستی ئەو چاوانەیە
شیلان بە سەریا گەر بە ڕیز دێنێتە خوار
عالەمێ ئەمرێنێ فەورەن بەو سەرو لەرزانەیە
لازمە ئێستە بۆ گەردن ئاهو باجی بۆ بەرن
هەر لەبەر جوانی سەروپێچی کە پڕ گەردانەیە
سینەکەی باغی بەهەشتە پڕ لە نارنجو بەهێ

---

(١) واتە :ـ هەتا لە زوڵفو پەرچەمو خاڵی سەر گۆناو ڕوومەتی وردبیتەوە هەر شیرینترە ، نابینی زوڵفی وەکو تاڵی داو وایەو خاڵی سەر گۆناشی وەکو ئەو ( دانە ) وایە کە ڕاوچی لای داوەکەوە دای‌ئەنێو ڕاوی باڵندەی پێ ئەکا ..

پێی کە صافە وەك بلوورە لائیقی پاوانەیە(٢)
عالەمێ بێ ڕۆح ئەکا وەختێ کە خۆی ون ئەکا
دیارە ڕۆژی تیا نەبێ دونیا وەکو وێرانەیە
قەط مەکەن لۆمەی ( ویصالی ) خزمەتی ڕەیحان ئەکا
وا لە دەوری شەمعی کوڵمی قەلبی وەك پەروانەیە(٣)

---

(٢) نارنجو بەهێ :ـ مەبەست سنگو مەمکی یارە ٠
(٣) پەروانە :ـ پەپوولەی عاشق بە گڕو ڕووناکی ٠

# بەشی نیشتیمان پەروەری

ـ ٤٠ ـ

ئەی براکەی کورد ڕووبکە ئیتتیفاق

بۆ عاقڵ نابێ ، لادە لە نیفاق

تاکەی ئەکێشی باری بێگانە

هەتاکەی مردی بە دەردی مەراق

دەرکە لە دڵت حەسەدو کینە

یەک بن بە ڕۆحو بە ماڵو ئینفاق

گەر موتتەحید بن لە وەقتی غروب

یومکین پێشکەون بۆ وەقتی ئیشراق

دەستی یەک بگرن براو قەومو خوێش

خودا قادرە ، ناصرەو ڕەززاق

بۆ ڕزقی عالەم خوا خۆی کەفیلە

[ ولا تقتلوا خشية املاق ](١)

کەوابوو یەکتر مەکوژن بۆ طەماع

جەهد کەن لە بۆ شیریی ئەخلاق

---

(١) ئیشارەتە بۆ ئایەتی [ ولا تقتلوا أولادکم خشية املاق نحـــن نرزقکـم وایاهم ] ٠

واتە :ـ ڕۆڵەکانتان مەکوژن لە ترسی بێڕۆزیی ، ئێمە ڕۆزی ئێوەو ئەوانیش ئەدەین ٠

تا سەری طەماع نەبڕی کاکی کورد
زەحمەت پێشکەوی تا ( یوم الفراق )
ئەی گەلانی کورد هۆشتان بە خۆبێ
زۆر کەس بە خوێنتان تینووەو موشتاق
وەک دۆشاوو ماست تێکی هەڵ مەدەن
نەوەک موحتاج بن بە کووچەی سوقاق
بە ماری زەمان یەکتر مەگەزن
تا نەکەن مەیلی تریاقی عێراق(٢)
برا تێک مەدەن خاکی کوردستان
خۆ دوو چار مەکەن بە دەردی وەناق(٣)
ئەگەر پێویستی لە بۆ پێشکەوتن
لادە لە نیفاق ڕوو بکە لە ویفاق
خزمی خۆت بگرە بێگانە لاخە
خۆت زەحمەت مەدە بە ( مالایطاق )
ویصالی ئەی گەل زۆر بێ تەرەفە
دائیم طالیبە لە بۆ ئیتتیفاقا
نە ئەم لایی‌یە ، نە ئەو لایی‌یە
لەسەر ئاینی مصطەفایی ساق
گەر لە گوێ بگرن پەندی ( ویصالی )
موفیدە ، موفید ، تا ڕۆژی میثاق
لە سالی ( ١٩١٩ز/١٣٣٩ك ) وتراوە

---

(٢) تریاق :ــ دەڵێن ئەم مادەیە بۆ ماران گازان چاکە .
(٣) وەناق :ــ نەخۆشی‌یەکە تووشی بنیادەم ئەبێت .

چامە ٢٧ بەیت



ئەم شیعرەی خوارەوە باسی باروو چۆنیەتیو خاکو دانیشتوانی کوردستان ئەکا ، ئەوەی لێرەدا پێویستە بیخەمە بەرچاو ئەوەیە کە ئەم شیعرەی پێش ساڵانی ١٩٥٠ی زاینی داناوە ، دیارە ویصالی بە تەواوی چۆتە ناخو دەروونی کۆمەڵگای کوردەواری‌یەوە ،

بە تەواوی مەسەلەی ژیانی کوردی هەڵسەنگاندووە ، وێنەیەکی واقیعیو ڕاستەقینەی بە کامێرای شیعری ڕەنگاو ڕەنگ گرتووە ، با بە وردی لێی وردبینەوە کە ئەڵێت :ــ

سەیری وەضعی ڕۆزگارو دەوری چەرخی ڕووسیا
عاقڵی خستە جەفاوە ، ئەبلەشی گێرا بە شا
چی بڵێم پشتی شکاندم باری دەست کورتی ئەمان
هەرچی دەستی بۆ ئەبەم ، نایێ بە دەسمۆ ئەی برا
من لە هەورازی مەطالیب چۆن ئەتوانم سەرکەوم
وا ضەعیفو خەستەخاطر ناتەوانو بێ نەوا(١)
بۆ مەرامو مەقصەدی ئێمە هەوڵی پێشکەوتن ئەدەین
لیک مانیع صەددی فەقرە بەس کەنین حاجەتڕەوا
ئێستە کەودەن بووەتە ٠٠٠٠٠ موستەعید بووەتە فەنەر(٢)
دەست نەڕۆیین بووەتە باعیث ٠٠٠٠٠ کەوا بووەتە گەدا(٣)

---

(١) خەستە : (١) ماندوو (٢) نەخۆش ، مەبەستی شاعیر واتای دووەمە ٠
(٢) ئەم وشەیە بە کاری وتن نایەت ٠
(٣) ئەم وشە نەنووسراوەش بۆ وتن ناشێت ٠

چونکە دنیا بێ بەقایە لێی نەدی هیچ کەس بەقا
شێتە هەر کەس پێی ببەستێ پشتو پاڵی پێوەدا
ئیصتیدامی عەیشی دنیا وەختێ بۆ تۆ دەست ئەدا
ئیتتیحادت گەر ببێت دائیم لەگەڵ ئەهلی وەفا
کامەرانی بۆ تۆ نابێ کاکی ..... شێتو وێت(٤)
ڕووتو قووتو بێ کڵاو دەرچی لە ئەمری مام مەلا
تۆ کە پیاوی ڕوو لە زانین کە بە مەقصەد هەر ئەگەی
گەر بزانی زانین ئاخر مەقصەدت حاصڵ ئەکا
گەر نەزانی دائەمێنی عاقیبەت هەر وەک فلان
لیك زانین باری عەیشی دینو دنیات ڕاست ئەکا
ئاسیای ئێمە کە کورتە باعیسی بێ عیلمیە
ئەوروپایی چونکە فەننین بوونە فەوقی ئاسیا(٥)
تۆ ئەگەر یەک ڕەنگ پەرست بێ هەڵبژێرە ڕەنگی یەک ڕەنگ
چونکە یەک ڕەنگ مەرتەبەی وا گەیوەتە ئەوجی سەما
تا ئەتوانی ئیختیاری دوو ڕەنگی هەرگیز مەکە
هەرچی دوو ڕەنگە هەمیشە سووکو ڕیسواو نارەوا
ئیتتیفاقو ئیتتیحاد بۆ کورد نییە غەیری نیفاق
چون نیانە ئەو دوانە دائیمە کەوتوونە دوا
دەستی ئێمە کورتو خورماش وا بە داری زەردەوە
مەنزڵیش دووروو درێژە کاکە شەل بوو هەردوو پا
وەک ..... وایە ..... لەبەر بێ عیلمی خۆی

---

(٤) ئەم وشەیەش بۆ وتن ناشێ ٠

(٥) ئاسیا :ـ ئاش ٠ ئاسیای دووەم واتە کیشوەری ئاسیا

هەرکەسێ لەولاوە هات سواری ئەبێو باری ئەکا(٦)
کورد ئەگەر دەست کورتی بێلێت هیچی بێ جەوهەر نی‌یە
وا لەبەر ڕووتو ڕەجاڵی بوونە پوولی نارەوا
لەم زەمانە عیلمو صەنعەت واسیطەی پێشکەوتنن
بێ بەشین لەو دوانە بووینە لاتی ئەم کێوو چیا
باغی کورد تازە نەمامە ، ئەکبەر ئاودێری ئەوێ
باغ کە ئاودێری نەبێت نەشئەو نوما لە کوێ ئەکا!
کورد لە ئەووەڵ بەختی کەچ بوو هەر کەچی بۆ هاتە پێش
بولبولەو ناگا بە گوڵ ، هەر چەند ئەخوێنێو هەوڵ ئەدا
کێوەکانی خاکی کوردستان کەوا گرتوویە تەم
ئاهی مەظلوومە کەوا تاریکی کرد ئەرضو سەما(٧)
خاکی کوردستانی ئێمە ئێستە بێ‌ناز کەوتووە
چونکە بێ صاحێب بوو ئەصلا ڕەنجی کورد گشت چووبە با
خاکی کوردستانی ئێمە ئەمسەرەو سەر خەزنەیە
نەفعەکەی بۆ غەیرە کوردیش وا لەبەش ساقیت کرا
هەلکراوی ظولمو جەورە کێوو هەردی کوردەکان
چونکە کورد بێ ••••• بوو ناچار وتی قیری سیا(٨)
ئێستە خوێنیشم بڕێژن مەوطینی خۆم هەر ئەوێ

(٦) ئەم وشانە بۆ وتن ناشێن •
(٧) سەما :ـ ئاسمان •
(٨) ئەم وشە نەنووسراوە بۆ وتن ناشێ •
قیری سیا :ـ قیری ڕەش •

دەستی لێ هەڵناگرم یەعنی هەتا ڕۆژی قیا(٩)
خاتیمەی بێنە ( ویصالی ) ئیشی خوایە بۆیە خەڵق
گشت بوو بە لۆرت‌و کوردیش پاکی ماڵەو ماڵ ئەکا(١٠)
ئەم قەصیدەی تۆیە هەر کەس بیستی‌و جوان تێی گەیشت
گەر بە هیممەت بێ ( ویصالی ) مەرتەبەت عالی ئەکا
لیك لای شەخصێ کە ئەصلا عەقڵ‌و ئیدراکی نەبێت
وا ئەزانێ گوێزی بۆ ئەژمێری هەروا لێ ئەگا(١١)

---

(٩) قیا :ـ کورتەی ( قیامەتە ) ، واتە ڕۆژی قیامەت ٠

(١٠) خاتیمە :ـ کۆتایی ٠

(١١) پەندێکی کوردەواری‌یە ئەڵێت : وا ئەزانێ گوێزی بۆ ئەژمێری واتە هیچ تێ ناگا ٠

غزلی عالی شاکار (۱۱ بیت)

- ٤٣ -

ئەی فەلەك بۆچی لە مەوطین وا منت ئاوارە کرد؟
بۆ منت لەم غوربەتە بێ هەمدەمو بێ چارە کرد ؟(١)
بۆ لە دۆستو یارو ئەحباب وا منت دوور خستەوە
بۆ منت مەحرووم لە خۆشی وەصلی ئەو دڵدارە کرد ؟
بولبولی باغی وەطەن بووم ، هەمدەمی نەسرینو گوڵ
بۆ منت دووچاری نێشو ئەذیەتی ئەم خارە کرد(٢)
من لە قەصری نیشتمانا بەزمی شیرینم هەبوو
بۆ منت لەو بەزمە خۆشەی صوبحو هەم ئێوارە کرد ؟
من لە گوڵزاری ئیرەمدا ، قومریەک بووم خۆش نەوا
بۆ منت ڕسوایی نەفسی خائینو ئەمـــارە کرد ؟(٣)
ئەی فەلەك عاشق لە ژێر باری غەما پشتی شکا
هەر بەوەش ڕاضی نەبوو ، تا جەرگەکەیشت پارە کرد(٤)

---

(١) هەمدەم :ـ هاودەم ، هاوڕێ .
(٢) نێش :ـ پێوەدان .
خار :ـ دڕک .
(٣) ئیرەم :ـ باغی بەهەشت .
خۆش نەوا :ـ دەنگ خۆش .
نەفسی ئەمارە :ـ نەفسی خراپ .
(٤) پارە کرد :ـ پارچە پارچە کرد . لەت لەت کرد .

دڵ لە ترسی ماری زولفی هۆشی گەنجی ڕووی نەبوو
هەر لە بۆ ئەو گەنجە خۆی ئەوقایی ئەو ڕەشمارە کرد ؟(٥)

دڵ بە ئومێد بوو بژی بۆ خۆی لەوێدا تا ئەبەد
تۆ بە حیلە ئەو فەقیرەت دەربەدەر ئەو شارە کرد ؟

وەختێ ئەمنی دی بە عەوری زولفی ڕووی پۆشی لە من
ئەی ڕەقیب خوا بتگرێ گەر وەک منت لەو یارە کرد ؟(٦)

ئەی فەلەک ڕۆحت هەڵاواسی بە تاتای پەرچەمی
جورمی چی بوو ئەو فەقیرەت بەندی ئەو سێدارە کرد ؟(٧)

ئەی ڕەقیب هاتی وەکو ئیبلیس ویصالیت دەرپەڕان
بۆ بەبێ جورمو گونەه لەو لەذذەتەت ئاوارە کرد ؟(٨)

---

(٥) ماری زولفی :ــ زولفی ڕەشی وەک ڕەشمار ٠
گەنج :ــ لێرەدا مەبەست لە ڕووی جوانی دلدارەکەیەتی کـــە نرخو پایەتێ ٠

(٦) ڕەقیب :ــ دوژمنی عاشقو مەعشووق ٠

(٧) جورم :ــ تاوان ٠

(٨) ئیبلیس :ــ شەیتانە پێش ئەوەی خوا لەعنەتی لێ بکا ، واتە لەو کاتەدا کە سەرپێچی لە فەرمانی خوا نەکردبوو ، وەختێ فەرمانی خـــوای شکاند بە شەیتان ناونرا ٠

# بەشی ئایینیو پاڕانەوە

لێرەوە ئەچینە بابەتێکی ترەوە . ئەویش بریتی یە لە شیعرە ئایینی یەکانی ، کە زۆربەیان بریتین لە پارانەوە لە قاپی پەروەردگارا ، هەروەها ستایشی سەروەری کائینات ، حەزرەتی ( محمد المصطفى ) ، بێگومان هەندێ لەم شیعرانەش بە هۆی چەند ڕووداوو موناسەبەتەوە دانراون . وەك داوای چاك بوونەوە لە نەخۆشی ، یاخود بە هۆی باران نەبارینو داوای باران بارین ، وە گەلێکی تر ، مامۆستا ویصالی سەرکەوتوانە لەم مەیدانەدا ئەسپی خۆی تاو داوە ، ئەمەش شتێکی سەیر نی یەو جێی سەرسوڕمان نی یە . چونکە ویصالی خۆی پەروەردەی مزگەوتو حوجرەی فەقێکان بووە ، سەرچاوەی ڕۆشنبیریی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بووە ، وە لەناو کۆمەلگای ئیسلامو کوردەواری‌دا ژیاوە ، وە مەلایەکی چاکیش بووە ، ما بە وردی لە شیعرە ئایینی یەکانی‌وردبینەوە بزانین ئەلێت چی ؟ .. بزانین لەم مەیدانەدا گەیشتۆتە چ پلەو پایەیەكو تا چ ئەندازەیەك مەبەستی پێکاوە . ئەوەی لێرەش‌دا بە پێویستی ئەزانم بیخەمە بەرچاو ئەوەیە کە ویصالی بە شێوەی پەخشان مەولوودنامەیەکی داناوەو ناو بەناو بە پارچە شیعرێکی عەرەبی ڕازاندوویەتی یەوە . شێوەی پەخشانەکە بە چەند زمانێکی تێکەڵ لە کوردیو عەرەبیو فارسی یە ، وە لەسەر هەمان شێوەو دەستووری مەولوودنامەکە شێخ حوسەینی قازی یە ...

- ٤٤ -

غەریقی بەحری عصیانم ، أغثني یا رسول الله
حەریقی ناری نسیانم ، أغثني یا رسول الله(١)
لە میوەی نەخلی بوستانت عەجەب مەستوورو مەهجوورم
هوزار ئاسا بە ئەفغانم ، أغثني یا رسول الله(٢)
ئەگەر مەللاحی ئەلطافت نەنێری بۆ منی عاصی
سەراپا غەرقی طۆفانم ، أغثني یا رسول الله(٣)
ئەوا بەفری کێوی ئەعضامی هەموو داکرت
بە حەق موحتاجی بارانم ، أغثني یا رسول الله
مەتاعی دڵ ، قەناعەت بوو ، چەتەی نەفەو طەمەع بردیان
ئەوا نابووتو عوریانم ، أغثني یا رسول الله(٤)

---

(١) غەریق :ـ نوقم بوو ٠
عصیان :ـ سەرپێچی فەرمانی خودا ٠
أغثني :ـ فریام کەوە ، بە هاوارمەوە بێ ٠
حەریق :ـ سووتاو ٠
ناری نسیان :ـ مەبەستی ئاگرێکە کە مرۆڤ ئەسووتێنی کاتێ خوای لە بیربچێتەوە ٠
(٢) هوزار :ـ بولبول ٠
ئاسا :ـ وەکو ٠
ئەفغان :ـ داد و هاوار ٠
(٣) مەللاح :ـ بەلەمەوانو مەلەوان ٠
(٤) عوریان :ـ ڕووتو داڕنراو لە چاکەو تاعەت ، واتای تریشی هەیە بۆ ئێرە دەس نادات ٠

له ڕووسووری عیبادەت بووم‌و ڕووزەردو خەجالەت مام
ذەلیلی بـاری هیجرانـم . أغثني يا رسول الله
له کێوی غەفلەت‌و ڕێگەی نەدامەت وا بە ڕسوایی
ئەسیری نەفس‌و شەیطانم ، أغثني يا رسول الله
به سەنگی حەسرەتی میحنەت ، بە گورزی زەحمەتی فیرقەت
شکستە فەرق‌و غەلطانم ، أغثني يا رسول الله(٥)
لە دەوری کەعبەی قوربت منی بێ دڵ بە ناکامی
وەکو وامانـدە حـەیرانم ، أغثني يا رسول الله
ئەگەر چی من کە ڕووزەردم ، ئومێدم هەر هەیە چونکە
سەگی دەرگاهی یەزدانم ، أغثني يا رسول الله
بە یادی مەیکەدەی حوسنت منی سەرگەشتە ڕۆژوشەو
موقیمی بەیتی ئەحزانم ، أغثني يا رسـول الله
لە نێو مزگەوتی طاعەتدا ، لە بۆ دڵ شەمعی ئیخلاصێ
نی‌یە ، چبکەم ، پەرێشانم ، أغثني يا رسول الله
لە کووچەی ذیللەتا کەوتووم‌و بەزگی ذیللەتم پۆشی
نەما قووەی تەن‌و جـانم ، أغثنـي يا رسول الله
( ویصالیش ) هەر وەکو یاران ، لە دووی ئەصحاب‌و ئالی تۆ
لە دوور ئوفتادەو حەیرانم ، أغثني يا رسول الله

لە ١٩٢٤/٣/٤زدا وتراوە

---

(٥) سەنگ :ــ بەرد .
فەرق :ــ ناوچەوان .

چامەکە ١٥ بەیتە

- ٤٥ -

لە سالی ١٩٤٣دا . لە مانگی یەکی ئەو سالەدا ، ویصالی گیرۆدەی نەخۆشیەک ئەبێت ، ئەم قەسیدەیەی داناوە کە داوای چـاک بوونـەوە ئەکات ، قەسیدەکەی لە ١/١/١٩٤٣ی زایینیدا وتووە .....

بە شوعلەی جەبهەیی ئادەم ، بە نووری سەییدی عالەم
بە حالی عەبدی موحتاجم ، نزوولی ڕەحمەتت ارحم(١)
ئەگەر ڕەحمێ نەکەی یاڕەب بە غایەت دڵ پەرێشانین
هەموو هەر چاوەڕێی سروەی نەسیمی ڕەحمەتین هەردەم(٢)
بپارێنە بە سەرمانا لە هەوری ڕەحمەتت ڕەحمەت
بە حەققی ئالو ئەولادو صەحابەی سەییدی ئەکرەم(٣)
دەروونو دڵ برینداریین ، بە تیری میحنەتی دەوران
لە بۆ چاک بوونەوەی هەردوو ئەبێ هەر خوا پێدا مەرهەم(٤)
بە بێ بارانی داماوین ، بە جورمی پۆر گیراوین
لە بەندی میحنەتا ماوین ، خودا ڕەحمێ نەکا چبکەم
ئومێدم وایە برژێنێ خودا ڕەحمەت بە ڕەحمی خۆی
بە سەرمانا ، لە دڵمانا ، نەمێنێ هیچ غەمو ماتەم

........................................

(١) جەبهە :ــ ناوچەوان .
(٢) هەردەم :ــ هەموو کات .
(٣) سەییدی ئەکرەم :ــ گەورەی ڕێزلێ گیراوان کە محمەد درووودی خوای لەسەر بێ .
(٤) میحنەت :ــ مەینەتی .

بحووری ڕەحمەتی ڕەحمان عەمیقو پانو بێ سامان
چلۆن مەحرووم ئەبین ؟ . نابین . لە ڕەحمی خوا وەکو بەلعەم
خودا چی موقەددەر کرد . بەڵێ هەروا ئەبێ یاران
بە تەدبیری عەبد تەقدیر موغەییەر نابێ زۆر کەم
وەلی پارانەوە شەرطە لە قاپی حەق وەکو ئادەم
کە شایەد بتوێنێ ڕەحمەت لەگەڵمان خالقی عالەم
خەجالەتبارو ڕووزەردین . بە قەسوەت دڵ وەکو بەردین
بە غایەت سستو نامەردین . بە ڕەحمی خۆت خوا ارحم
مەگەر هەر قوڕ بەسەردا کەین . لە قاپی حەق بە ڕوو زەردی
لە جورمی تێمەیە دنیا . بووە تاریک بە تۆزو غەم(٥)
بە بێ توێشووی عەمەل چیبکەین ئەبێ یاڕەب لە مەحشەردا
چلۆن ڕوومان ببێ ڕووکەینە قاپی حەضرەتی خاتەم(٦)
وەکو من ڕووڕەشو موجریم لە دنیا نابینی هیچ کەس
مەگەر ڕەحیم بکا ڕەحمێ وە ئیللا جێگەمە حەوتەم

.................................................

(٥) شاعیر لێرەدا ئیشارەتی بۆ دیاردەیەک کردووە ئەویش ئەوەیە کە هەتاکو بنیادەم سەرپێچی لە فەرمانەکانی خوا بکات . زیاتر مرۆڤ تووشی ئازارو ئەشکەنجەو ناخۆشی ئەبێت . ئەم قسەیەشس زۆر ڕاستەو لە جێی خۆیایەتی . تەنانەت تاکو ئەم سەردەمەش گەلێ کارەساتو ڕووداوی ئەوتۆ ئەبینین کە بە ڕاستی جێی سەرسووڕمانە بۆ بنیادەمو سرووشت . ئەگەر چی بەلای خواوە زۆر ئاسانو سادەیە . ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ کارە ناهەموارەکانی بەندەگان بەرامبەر بەروەردگاری جیهان ..

(٦) توێشوو :ـ ئەو خواردنەیە مرۆڤ لەگەڵ خۆیا ئەیبات بۆ سەفەر .

جودا بۆ مەحرەمی داناوە ( جنة المأوى )

ئەمین بن نیعمەت خودا ئایدا بە نامەحرەم

( ویصالی ) خاتیمەی بێنە بەیانی ذیللەتی ئەحوال

نەتیجە خالق ئەیزانێ . فصل انت لا تعلم(٧)

................................................

(٧) خاتیمە :ـ کۆتایی .

چاپی کوردی ٢٢ بێت



ئەگەر عەبدی حەیی ذولجەلالی

مەژی نادانو هەرزەو لانوبالی(١)

بە ئەمری شەرعی پاکی مصطەفایە

ئەگەر پێویستی بۆ نەجمەی عالی(٢)

سەحەرخێز بە لە بۆ طاعەتی مەولا

بەجێ بێنە ئومووری لایەزالی

چلۆن تەصدیق ئەبێ عەبدایەتی تۆ

کە بۆ دنیا هەمیشە پڕ مەلالی

لە قاپی حەضرەتی باریو ڕەسوولا

ئەوەندە ڕووڕەش هەم بێ کەمالی

مەگەر تا ماوی بگرییو لە قوڕ سەر نێی

بە مەخجوولی شەو و ڕۆژ هەر بنالی

عیلاجی خۆت نەکەی ئیمڕۆ بە تۆبە

نەجاتت زەحمەتە ئاخر ویصالی

تەماشاکە سەگی ئەصحابی کەهفی

حەقیقەت سەگ بوو چۆن خێر بوو مەئالی(٣)

(١) حەیی ذولجەلال :ـ خوا ·

نادان :ـ نەزان ·

(٢) نەجمەی عالی :ـ ئەستێرەی بەرز ·

(٣) ئەصحابی کەهف :ـ ئەو صەحابانەی خاوەتی چیرۆکی ئەشکەوتن ·

لەدنیاو قیامەت ئاشکرایە

صبەدێ وەک تۆ گەلێ خۆزنەم بە حالی

فلا تغضب علی یا الهـي

ولا تسـائلني الا بالنـوال

فلا تطردنـي من أبواب جـودك

ولا تنهرنـي عـند ارتحالـي

ترحم بـي فأنـي مسـتحق

برحمتك بعـد موتي سر حالي

شەهیری خاص‌و عامە تۆ کە ئیمرۆ

لە فیسق‌و ڕووڕەشی‌دا بـێ میثالـی

وەلی [ لا تقنطوا من رحمة الله ]

ئەکا مەسروور دلی مسکین‌و والی(٤)

دلت زۆر خۆش بێ بەم ئەشعارە تازە

هەموو وەک گەوهەرو دوڕو لوئالی(٥)

( ویصالی ) قەط مەبە مەئیوسی ڕەحمەت

لەلا خۆت تۆش سەگی ئەصحاب‌و ئالی

..............................

(٤) ئیشارەتە بەوەی خوا لە قورئانا مژدەی ئەوەی داوە کە بنیادەم نابێ لـە بەزەیی‌و لێ‌بوردنی خوا نائومێد بێت .

(٥) وشەی گەوهەر بە گوهەر دەخوێنرێتەوە ئەگینا نیوە بەیتە لەنگ دەبێت .

## - ٤٧ -

ئەم پاچە قەسیدەیە کە تێکەڵاوە لە کوردیو عەرەبی لەسەر هەوای شیعرە ( موالي یا موالی )ی قەیسی عامری وتراوە ، لە ڕاستیدا ئەم شیعرە زیاتر لە غەزەلیاتەوە نزیکە . بەڵام بەو هۆیەوە کە لە کاتی ( مەولوودا ) ئەخوێنرێتەوە . لەم بەشەدا جێگەمان بۆ کردەوە ..

وخداه وعيناه ومالي ... نوال في لوال في نوال
ورفعته وزينته وعشقي ... كمال في كمال في كمال
ورآفته و صحبته و عمري ... زوال في زوال في زوال
خودا کەی بێت ببینم لەناکاو ... قەدی سەروی جوانی نەونیهالی
ئەگەر بێ زوو بەزوو باڵای نەبینم ... ئەگەر نەمرێ ئەبێ چبکا ویصالی
توخوا لۆمەم مەکەن با هەر بسووتێم ... وەکو پەروانە بۆ نووری جەمالی

ـ ٤٨ ـ

ماموٚستا ویصالی له شیعری ستایش‌و پیاهەڵدان‌دا دەستێکی باڵای هەبووه ، لام ڕووه گەلێ شیعری هەیه کە لە بەشی هەمەجۆری ئەم دیوانەدا بەدی ئەکرێن ، لێرەدا قەسیدەیەکی دوو درێژی هەیە کە ستایشی « بیارە »ی شەریف ئەکات ، بێ ئومان ئەم کارەی شاعیر ، هاندەرێک‌و پاڵ پێوەنەرێکی دەروونی لە ئارادا بووە کە ستایشی بیارەی کردووە ، وە نەبێ جوانی سرووشت‌و دیمەنی دڵڕفێنی ئەو شوێنە دەورێکی بووبێت لەم مەیدانەدا . بەڵکو ئەوەی زیاتر هانی داوە ستایشی بیارە بکات ئەوەیە کە ئەم شوێنە ناوبانگێکی تایبەتی هەیە ، وە بەو هۆیەوە کە مەڵبەندی زانایان‌و خوێندەواران‌و ڕابەرانی تەریقەتی نەقشبەندی بووە ، کە ئەوانیش دەوری سەرەکی‌و گەورەیان بینیوە لە بڵاوکردنەوەی خوێندەواری‌و زانیاری‌و خزمەت‌کردنی [ بەدەنی‌و ڕۆحی] ، شاعیران‌و زانایان لە هەموو لایەکی کوردستانەوە . بەڵکو جیهانەوە . ڕوویان تێ کردووە ، بۆ ئەوەی هەرکەسە بەشی خۆی لە [ زانست‌و تەصەووف ] بەرکەوێ ، بێ‌ئومان ئەمەش ئەگەرێتەوە بۆ ئەو هۆیەی کە بیارە جێ نشینگەی بوزرگەوارانی تەریقەتی نەقشبەندی بووە . هەر لە شێخی سیراجەددینی یەکەمەوە واتە شێخ عوثمانی تەوێڵە . شێخ بەهائوددین ، شێخ عومەری بیارە ( ضیاءالدین ) ، شێخ نەجمەدین ، شێخ عەلاددین‌و زاتی ناودار شێخ عوثمانی کوڕی شێخ عەلادین کە تا ئێستا لە ژیان‌دایەو خزمەتی موسڵمانان ئەکات ... شاگردانی ئەم پیری دڵ مونیرە وەکو : شەکیب ، ئەحمەدی قازی ، وەلە کۆن‌دا مەولەوی‌و صەیدی هەورامی ، و چەندان شاعیری تر بەڵگەی ڕاستی قسەکانم ، ویصالیش وەک خاوەن هەستێک ، وەک ڕاستگۆیەک . هەستی خۆی بەرامبەر ئەم مەڵبەندە جوانە هەورامان دەربڕیوەو ئەڵێت :ــ

خودا تۆی حافظی شاری بیاره
بکە ڕُوو دەفعی بەدکاری بیاره
لە چاوی پیس‌و بوغض‌و حەقدی حاسد
ببە دائیم نیگەهداری بیاره(١)
موکەسسەر بوو قەڵای تەزویرو بەدگۆ
بە طۆپی لوطفی سالاری بیاره
کەمەریان بەست عوومەن جەمعی مونکیر
لەبەر دەرگاهی سەرداری بیاره(٢)
خەلایق میثلی بولبول شێت‌و شەیدان
بە بۆیی وەردی گولزاری بیاره
ئەفەوتێ تابی ضەو‌ئو ماهو خورشید
موقابیل شەمسی ئەنواری بیاره
بوبون مەجنوون سەراسەر ئەهلی دنیا
بە عەشقی طەلعەتی یاری بیاره
ڕبوودەکەرد دڵی فەرهادی عالەم
قصەی ژینی دلداری بیاره(٣)
کەلامی نەقشی قەلبە بۆیە عالەم
بوون دائیم بە سەییاری بیاره(٤)
هەڵی کەندووە لە دڵ نەقشی طەریقەت

........................................

(١) نیگەهدار :ـ پارێزە ٠

(٢) مونکیر :ـ ئەوانەی ئینکاری تەریقەت ئەکەن ، واتە بیروباوەڕیان بە تەریقەت نی‌یە یان کزە ٠

(٣) ڕەبوودەکرد :ـ فڕانی ٠

(٤) سەییار :ـ ئیشارەتە بە سوورانەوەی خەڵک بە دەوری پیرانی تەریقەتی نەقشبەندی‌دا ٠

موحەققەق شای جیهانداری بیارە
ڕەوا بوو مەقصەدی ئەهلی جیهانی
لە سایەی قوطبی ئەسراری بیارە
لە مەیخانەی حەقیقەت بادەنۆشن
ئەوانەی بوون بە زوواری بیارە
بە جەیشی طاعەتو طو... ڕیاضەت
بەهەشتی گرت ، عەلەمداری بیارە
وەکو جەننەت وەهایە باغو دەوری
هەموو تەسنیمە ئەنهاری بیارە
هەموو یەک دەفعە داعی شێخی عالەم
بۆ وەصلی پیرو دڵداری بیارە
[ ضیاءالدینە ]، ئێستە قوطبی ئەوتاد
وەکو ڕۆژە لە ئەقطاری بیارە(٥)
لە پاش ئەو شاهی نەجمەدین بوو سالیک
لە ڕێی دین بوو بە ئەبصاری بیارە(٦)
[ علاءالدین ] ، سوپەهسالاری دینە
حەقیقەت بوو بە کیباری بیارە(٧)
موعەنبەر بوو سەراسەر خاکی دنیا
بە عەطر میشکی ئەزهاری بیارە
( ویصالی ) تۆیش وەکو جوملەی مریدان
ببە شاغل بە ئەذکاری بیارە

---

(٥) ضیاءالدین :ـ شێخ عومەری بیارە ٠

(٦) نەجمەدین :ـ شێخ نەجمەدینی بیارە ٠

(٧) عەلائودین :ـ شێخ عەلادینی کوڕی شێخ عومەر ، باوکی حەزرەتی شێخ عوسمانە کە ئێستا لە ژیان دایە خوا تەمەنی درێژ بکات ٠

هەروەک چۆن لە ستایشی بیارەدا پیرۆزیی‌و گەورەیی دەرخستووە ، هەر بە هەمان شێوەش ستایشی « تەوێڵە » ئەکات کە ئەمیش مەڵبەندێکی تری گەورەی زانستو خوێندن‌و تەصەووف بـووە لە کوردسـتانی عێراق ، ئەوەتا بەم جۆرە باسی تەوێڵە ئەکات‌و ئەڵێت :ـ

سەیری کە عەجەب مەنبەعی ئیحسانە طەوێڵە
ئیمرۆکە کە پایتەختی سولەیمانە طەوێڵە
وەک بورجی سەما ، مەطلەعی ئەنواری ئیلاهە
جێی ماهی « بەها »و شارقی « عوثمانە » طەوێڵە(١)
مەجنون‌و سەراسیمەیە هەرکەس بە ئومێدێ
بۆ دین‌و جیهان مەلجەئی ئیحسانە طەوێڵە
ناحەق نی‌یە عالەم وەکو پەروانە دەسووتێن
بۆ ئەهلی دڵان شەمعی شەبستانە طەوێڵە
بە حەقیقەت عەلی‌یە قائیمی ئیرشادی طەریقەت
صەد شوکر کە جێی شاهی مریدانە طەوێڵە
مەحفووظە یەقین خاکی لە بەدکارو حەسوودان
ئێستاکە کەوا مەنظەری سوبحانە طەوێڵە
وەک نووحە لە بۆ بەحری شەریعەتی شەهی مەولا
ئەلحەق لە ئەزەل مەنزڵی شاهانە طەوێڵە
بەسیبەتی ( ویصالی ) مەکە تەعریفی خیصالی
مەعلومە کەوا ڕەوضەیی جانانە طەوێڵە

(١) ماهی بەها :ـ شێخی بەهائوددین ·
عوثمان :ـ شێخی سیراجەددینی یەکەم ·

جامعة ٢/١٥ ٢٨



دیانەت باری کرد ڕۆیی مەگەر پاشبارەکەی ماوە
بە دینارو درەم عالەم هەموو ئایینی گۆڕاوە
بە ڕاستی نابینێ ڕێگەی هیدایەت چاوی کەس چونکە
قەناعەت بووەتە خاشاکو طەماعیش عەینی لافاوە
مقەڕڕی ئەصلیەی ئێمە لە ئەووەڵ باغی جەننەت بوو
کەچی بۆ حیرصی یەک دانە هەموو کەوتینە دونیاوە
وەکو لاولاو ئاڵاوین ، لە دونیا تازە بەر نابین
نەجاتی زەحمەتە هەر کەس کە ئیمڕۆ کەوتە ئەم داوە
ئەمن ترسم هەیە یاران لە هەردوو لاوە بێبەش بین
لە گێژاوی طەمەع سەیری کە عالەم زۆری خنکاوە
لە گێژاوی طەماعا نەفسو شەیطان هەر وەکو صەییاد
خەریکی جەڕڕی ئیمانن کە ئیمڕۆ دین لە تەنکاوە
دەسا خالیق موعینمان بێ نەبێ غالب بە سەرمانا
کە دین وا لە هەلاکەتدا میثالی کەشتی سەر ئاوە
چ عالم بێ ، چ سەیید بێ ، هەموو گیرۆدەیی نەفسین
ئیتر بەرزنجیە ئایە وە یا ساداتی باراوە(١)
خودا ئیمان سەلامەت کا ، ئەژین ناژین بە دەربەس نیم
کە ئەملاشمان نەبێ چاکە نەبین مەحرووم لە ئەو لاوە
بەڵێ زۆر کەس مودەڕیس بوون خەریکی کەسبی دینی بوون

(١) باراو :ــ گوندێکە سەر بە ناحیەی بەرزنجە لە سلێمانی ، زۆربەیان لە ڕەگەزی سەییدن .

لەگەڵ گوێچکەی دیناریان دی عەمامە کەوتە ئەو لاوە
کوتم ئێوە مودەڕیس بوون بەجارێ بۆچی لاتان دا
گوتی بۆ دەفعی مایەحتاج لە ئێمە بەس بکە قاوە
گرانە باری ئیحتیاجی بۆمان هەڵناگیرێ چبکەین
تەماشاکە لە موحتاجی گەلێ کەس چاوی نووساوە
لەپێشا گشت بە نانی جۆ هەموو پووکمان بریندار بوو
ئەوا ئێستا گەیشتووینە قبووڵیو گۆشتو پاقلاوە

## [ ئیدارەی مەلا ئێستا لە لادێ ](1)

ئەڵێن چونکە نەیان داینێ ئیدارە ، میللەتی لادێ
قبووڵمان کرد مەعاش گوتمان هەموو قەیناکا قەوماوە
حکومەت حەوت دینارو نیو هەموو مانگێ سەری میعاد
بەبێ مننەت ئەمان داتێ ، هەزار جار ماڵی بێ ئاوە
ئەگەر خوا وای نەکردایە ئەبووین قەرزاری چوارتایی
صەدی وەک تۆ لەژێر قەرزا تەماشا پشتی چۆماوە
بحمدالله نەجاتمان بوو لە بۆڵەی میللەتی لادێ
ئەوی ئێستا مەلا ئەیخوا لە لادێ عەینی ژەهراوە
بەراتی ئەشرەفی لادێ کە ساڵی دوانزە پەنجایی
ئەمە ساڵێکەو سێ مانگە کە ئێستا دوانی هەر ماوە
مەلای بێ کەسبو کار ئاوا ئیدارەی چۆن ئەبێ تەئمین
ئەگەر بێتو قبوولی کا ، مەلا شێتو خلاڤاوە
مەگەر هەر ذەڕڕەیە غیرەت لە دڵیا قەط نەبێ مەوجوود
وە ئیللا بار ئەکا ئەڕوا کە ئەرضی خوایی نەبڕاوە
مەلا گەرهەر قبووڵی کا نەتیجە خوا قبووڵ ناکا
جێێ تر ئەدا ڕزقی خۆ خوا ماڵی نەسووتاوە

(١) جاران مەلا لە گوندێکا مەلایەتی ئەکرد ، لە پێش‌دا لەگەڵ دانیشتوانی ئاواییەکەدا ڕێ‌ئەکەوت کە ئەو ساڵە بە چەندەو چۆن مەلایەتیان بۆ بکات ، بەڵام ئەمە ئێستاکە کەمتر باوی ماوە چونکە دائیرەی ئەوقاف دایان ئەمەزرێنێو مووچەیان بۆ ئەبڕێتەوە ، هەندێ گوندیش هەر لەسەر نەریتی جاران ئەڕۆن بەرێوە لە ڕاگرتنی مەلادا بۆ مزگەوتەکانیان .

## بێکاری شاعیرو ئازایی ئەمثال

ویصالی تۆ لە گەماوی ئەمین بە تازە نایگەیتێ
ئیتر بێسوودە تێکۆشین خەیالاتت هەموو خاوە
ڕەفیقان چونکە ئازا بوون هەموو دیاری خۆیان ڕێکخست
بە تویشووی چاکەوە ڕۆیین ، بە دیاری چاکو ڕازاوە
دەمێکە گەیوونە مەنزڵ لە غوصصەی ڕێگە ڕاهی بوون
لە جەننەت وا بە دڵشادی ئەکەن سەیرانی سەرچاوە
کەسێ گەر ڕێیی لەبەر بێ ، لازمە بۆ ڕێو لە بۆ مەولاش
کە تویشووی خۆی بەرێو بڕوا بەلای فەرمانی مەولاوە
ویصالی قوڕبەسەر چبکا ؟ ، بێتوێشوو ، بە بێ دیاری
بە ڕووتو قووتو مەحجوولی ئەوا حەیرانو داماوە
مەگەر پێ خاوسو سەرقوتین بچێ بۆ خذمەتی جەددی
لەوێ هەر خاک بەسەردا کا بە مەحجووبی هەتا ماوە
ویصالی وێڵو سەرگەردان ، بە بێ هەمدەم ئەکا ئەفغان
ڕەفیق ڕۆیین بە ڕووسووری ئەویش ڕوورەش بەجێ ماوە

لە ( ۲۸/شەوالی۱۳۷۵ک ) وتراوە

خوا خۆی ئەزانێت پەنام هەر ئەوە
هەمیشە ڕجاو تکام لای ئەوە
چونکە سەگێکی بێ حەیاو دڕم
دایم لە قاپی خوا هەڵ ئەنوڕم
ئەبێ وەختی نەزع ئاگادارم بێ
لە شەڕی شەیطان تا رزگارم بێ
ئومێدم وایە خودا یارم بێ
ئەحمەدی موختار تکا کارم بێ
هەرچەند لە زومرەی شەرمەسارانم
یەکەم ڕووڕەشی عەصرو زەمانم
ئەبێ ئەو خودا بە لوطفو کەرەم
بۆ ئەم بەندەیەی ڕووسیاو ماتەم
هەر وەک بارانی بەهاری ئەمساڵ
ڕەحمەت برێژێ خودای ذولجەلال
بەو ڕەحمەتەی خۆی خوای صاحێب کەرەم
لەبەر خاطری سەییدی عالەم
نامەی عەمەلمان پەخش کاتەوە
کردەوەی پیسمان ڕەش بکاتەوە
تا بەشدار ببین لە ڕەحمەتی حەق
لە دوا هەزارو سێ صەدو چل شەق
سا بە هەر جۆرێ بێت لە ڕۆژی مەحشەر
بچین بۆ خذمەت ذاتی پێغەمبەر

هەرچەند دانەری ئەم کتێبانە

یەکجار ڕووسیاو کوێرو نوقصانە

چون ڕەحمەتی حەق بێ نیهایەتە

بۆ چاکەو خراپ هەر کیفایەتە

موئمین‌و موسلیم . موجریم‌و ئەثیم

ئومێدەوارن بە خودای کەریم

گەر بیان بەخشێ‌و عەفوویان بکا

بە جەنناتی خۆی شادیان بکا

هەرچەند ( ویصالیش ) ڕووڕەشەو ئەثیم

ئەوا هاتۆتە دەرگاکەی کەریم

وەک سەگ کەوتووە لەو ئاستانە

هەر بە ئومێدی عەفوو غوفرانە

چون ڕەحمەتی ئەو دوری بێ سامان

حەددی بۆ نی‌یە وا بیا پایان

لە لا تەزولی ڕەحمەتی مەنناڹ

پاکو پیسی لا ئەبێتە یەکسان

وەک بەحری موحیط ڕەحمەتی خودا

تا لێی صەرف کەی کەم نابێ ئەصلا

جورم‌و گوناهی من‌و ئینس‌و جین

ڕەحمەتی خودا وەک بەحری بێ بن

گەر لوطفی ببێت خودا فریادڕەس

پاکی قوت ئەدا هەر بە یەک نەفەس

خوا خۆی دەزانێ من چەند ڕووسیام

ئەبێ غەیری خۆی کێ بدا پەنام

غەیری ئەو خودا کە من ڕووی تێ کەم
تەمەننای عەفوو غوفرانی لێ کەم
من بە جورمی خۆم ئیعتیراف ئەکەم
کە لێم لەبووری ئیستیناف ئەکەم
ویصالی برۆ و ڕۆژەیا شەوە
لەو ئاستانە وەك سەگ بکەوە
تا بەحری ڕەحمی وەك کوورەی حەدداد
جۆش دا گوناهمان گشت ئەدا بە باد
گەر دەریشم کا لەم ئاستانە
بۆ خۆی صاحێبی ڕەحمو ئیحسانە
تازە لەم دەرە ئاگوێزمەوە
پەنای ئەووەڵو ئاخرم ئەوە
لەنەفامیدا ڕیشت سپی کرد
بۆ ڕووسپێتی کارێکیت نەکرد
تازە هەر مەگەر بڵێی حەمەدم
سەگە خوێرییەکەی قاپی ئەحمەدم
شایەد خوا لەبەر خاطری ئەحمەد
نەتخاتە سەقەر ، نەبەدول ئەبەد
ڕەحمت پێ بکا بت بەخشێت بە ئەو
ڕۆژی ڕووناکت لێ نەکا بە شەو
قەط غافڵ مەبە لە ذکرو فکری
هەتا لەدنیا دەرئەچیو ئەمری
ویصالی ئەمجا بگەڕێرەوە
لە بۆ حاڵی خۆت بپاڕێرەوە

ویصالی بۆیە دانیم هەر ئەڵێ
وەك پووزە گوڵێ بۆنە زۆر بڵێ

خوا بە ڕەحمی خۆی ئازادی بکا
بە جەننائی خۆی دلشادی بکا

صەرفی نەظەر کا لە گشت گوناهی
نەیهێڵێتەوە بە ڕووسیاهی

تەئریخی هەزارو سێ صەدو هەشتا
( ویصالی ) خەتمی کیتابی هێنا

مەولی الابد



لەگەڵ ئێوەمە ئەی برادەران

ئەبلیغتان ئەکەم بە کوردی زوبان

گوێ بگرن بە دڵ لەم نەصیحەتە

چون بۆ دەردی دڵ دەوای صیحەتە

بە قسەی لەهولەعب دین مەدەن بەرباد

ڕەنجتان مەکەن بە ڕەنجی فەرهاد

دائیم طالیب بن لە بۆ عیبادەت

تا دەستان کەوێت دوڕی سەعادەت

دائیم بتان‌بێت ترسی قیامەت

تاکو ئیمانتان بەرن سەلامەت

قەط غافل مەبن لە طاعەتی حەق

ڕێی ناحەق مەگرن وەك پیاوی ئەحمەق

ئەحمەقە هەر کەس بۆ دنیای دەنی

لە طاعەتی حەق ئەبێ موستەغنی

هەتا ئەتوانن لە خوا پەرستی

سەعی زۆر بکەن قەط مەکەن سستی

(٢) (هەرکەس بۆ خوا بێ . خودا بۆ ئەوە

فریای ئەکەوێت ڕۆژە یا شەوە

(١) (دیارە مەعلومە کەسی بێ کەسان

حوایە بە نەصصی ئایاتی قورئان)

هەرکەس لە دنیا عەبدی خودایە

بێ‌شك لە مەحشەر صاحیب جەزایە

بیبا گە سەرپەست . مەستو دڵگوشا

زۆر زۆر موحتەرەم لە خزمەت مەولا

حسابی ئەکەن بە ڕوویەکی خۆش

بە لوطفو ڕەحمەت ڕووی وەکو گوڵ گەش

مەخموورو مەستی ئەلطافی سوبحان

بێ غەمو حەسرەت لە صەحنی مەیدان

لە لای جەنابی ئەحمەدی موختار

مەخمووری جامی ڕەحمەتی غەففار

تەماشای ئەکەن بە چاوی ڕەحمەت

نابینێ نەردو حەفاوو زەحمەت

دوا مخاسەبە ئەو شەخصە پاکە

بە لوطفی خوداو ئەعمالی چاکە

بێ باکو دڵخۆش بێ خەوفو خەطەر

زەحمەت ناکێشێ لە صەحرای مەحشەر

ئەیخەنە صەففی ( أصحاب اليمين )

بەبێ دەردی سەر دەم بە پێکەنین

مەئموور بە ئەمری ذاتی سوبحانی

ئەیبەن بۆ بەهەشت بە شادمانی

وەختێ داخڵ بوو بەجێو مەقامی

لەذذەت ئەبینێو عەیشو مەدامی[1]

ئەمجا بە لوطفی حەیی لا یەنام

بەجێ دێ هەموو مەقصوودو مەرام

.................................................

(١) مەدامی :ـ بەردەوامی ·

ئومێدم وایە خالقی ئەکیەر
ئێمەیش ئەجات دا لە تەنگانەی قەبر
وەختی یە ئەمری فەردی لایەزال
ئەکیرو مونکیر کە دێن بۆ سوئال
کە لێیان پرسین کێتان خودایە
بە بێ‌ترس‌و لەرز ئەڵێین « الله »یە
کە سوئالیان کرد کێ بوو پێغەمبەر
وەحی بۆ هێنا جبریلی ڕەهبەر
بە عەونی خودای جیهان ئافەرین
جوابیان ئەدەین بە لەفظی شیرین
ئەڵێین ذاتێ بوو ناوی ( محمد )
لە خوارووە لە ژوور ( محمودو احمد )
طاها مولەققەب ، قورەیشی نەسەب
صاحێبی حەیاو عیصمەت‌و ئەدەب
سەییدو ئەشرەف ، ئەمجەدو ئەنجەب
شیرین خەصائیل ، مەعالی حەسەب
هادیی‌و مەهدی ، بەشیرو نەذیر
مەحبووبی ذاتی خودایی قەدیر
صاحێبی حیلم‌و قادرو تەمکین
خاصە ڕەحمەت بوو لە بۆ عالەمین
ئومێدم وایە نەبی‌یی ئەوواب
حاضر بێ وەختی سوئال‌و جەواب
کە ئەو حاضر بێت بە ئیزنی وەهھاب
لەسەر هیممەتی ئەو عالی جەناب

بێ خەوفو خەطەر . حوسنو ئەدەب
جوابیان ئەدەین . بە صدقو صەواب
گەر لە صیححەتا شەیطانی لەعین
سەلبی ئیمانمان نەکا بە یەقین
بۆ خۆم ئەبمە ضامنی ئیمان
هیچی ون نابێ لە چاکەو ئیحسان
چونکە بێ هۆشین بە لەزعی ڕەوان
هیچی بۆ ناکرێ ئەو دەمە شەیطان
مەترسن لە سەلب وەختی غەرغەرە
چونکە ئەو دەمە مورشید حاضرە
مورشیدی ئێمەش فەخری عالەمە
ڕۆحمان فیدای کەین هێشتا هەر کەمە
گەر خودا نەیبێ مەیل بۆ عەذاب
زوبان ساز ئەکا بۆ وەختی جەواب
یا ڕەب بۆ خاطری نەبی‌یو ئەصحاب
بە سەهلی بکەی لەگەڵمان حساب
ون بەکەی لێمان ڕێگەی هیدایەت
ڕێی ئەعضا مەدە بکەن شکایەت
یارەب بە جاهی صاحێبی ئایەت
بتبێ لەگەڵمان لوطفو عینایەت
فریامان کەوی دەمی نەزعی ڕۆح
بۆمان گوشا کە دەرگاهی فتووح
لەبەر صاحێبی ..... ڕایەت
پێمان عەطا کە فەهمو درایەت(*)

---

★ ئەم وشەیەم بۆ ساغ نەبووەوە .

عەزیزانی دین ، دڵتان گوشا بێ

ئومێدی زلتان بە ( مصطفی ) بێ

قەط مەبن مەئیوس لە ڕەحمەتی حەق

ئەگەر بشمان بێ تێ‌هەڵدانو شەق

چونکە ئوممەتی فەخری عالەمین

بە نەحصی ئایەت خەیرول ئوممەتین

بە موژدەی [ کنتم خیر أمة ]

دائیم دلخوشی بۆیی ڕەحمەتین

هەتا ئەتوانن حیمایەتی دین

بکەن بە بێ شک جیهان ئافەرین

دەیهێنێتە جۆش بجووری ڕەحمەت

نەجاتمان ئەدا لە جێگەی ضەیقەت

حسابمان ئەکەن بێ ڕەنجو تەعەب

لەبەر حورمەتی سەیدولعەرەب

من ئومێد ئەکەم لە ڕۆژی جەزا

لە ڕەحمەتی خوا نەبین تەوەللا

لەبەر خاطری فەخروول ئەنبیا

داخلمان بکەن بە دارولبەقا

فەقەط ویصالی زیاتر لە عالەم

تۆ لە ئەفکاری ببە خاطرجەم

چونکە ڕووسیاو خەجالەت‌باری

بەباری عصیان زۆر شەرمەساری

لائقە کە هەر ماتو مەلوولی

ڕووڕەشی قاپی خوداو ڕەسوولی

مەعلووم ڕووت نی‌یە تۆ لە ڕۆژی دین
بچیە حضووری فەخرول مورسەلین
چونکە سەگی دز لە عالەم دوورە
لە ئاوەدانی ئەکثەر مەهجوورە
گەر دەری کردی شاهی دنیاو دین
ببە بە تاژی صەحبو تابعین
بەڵکە هەر لەبەر صەحابەی کیرام
صەرفی نەظەر کات سەیدول ئەنام
بفەرموێ بڵێن با بێتە حضوور
ثاني الكلب أصحاب مغفور
طاهیر بە ڕجا ئەو سەگەی مەهجوور
خودا عەفوی کرد لە جورمو قصوور
با بێبەش نەبێ لە ڕەحمەتی حەق
بیبەن بۆ بەهەشت ، بیدەنە بەر شەق(۱)
ئومێدم وایە خەڵلاقی ئەکبەر
عەذابی نەدا بە ناری سەقەر
تکات لێ ئەکەم ئەی نەفسی خەسیس
لەبەر خاطری حەضرەتی ڕەئیس
نەفامی بەسە لە بیدعەت لادە
بێ سودە بەهرە عومرت بە ربادە

---

(۱) نازانم شاعیر بۆچی وشەی شەقی بۆ ئەمە بەکارهێناوە ، چونکە کەسێ کە بیبەن بۆ بەهەشت بەڕێزەوە ئەیبەنە ئەوێ ، نەک بە شەق ، مـن نەمتوانی بەیتەکە لابەرمو وەک خۆی هێشتمەوە .

قەط لەگەڵ فاسق مەبە بە ئەنیس

خۆت بپارێزە لە ئەفکاری پیس(٢)

بە تۆبە ئەبێ ئیصلاحی کارت

بە غەیری تۆبە هیچ ناکا چارت

بڕژێنە بە چاو ئەشکی نەدامەت

تا بە ڕوو سووری ڕۆژی قیامەت(٣)

---

(٢) ئەنیس :ـ هاوڕێ ٠

(٣) ئەشکی نەدامەت :ـ فرمێسکی پەشیمانی ٠

## - قەصیدەی باران -

ئەم قەصیدەیەی خوارەوە بریتی‌یە لە پارانەوە لە قاپی پەروەردگــار بۆ ئەوەی بارانیان بۆ بباێنێ ، لەو ساڵــەدا بێ‌بارانــی ئەنگێ بــە خەڵــکی ناوچەکە هەڵ ئەچێن ، شاعیر ئەم شیعرەی بەو بۆنەیەوە داناوە کە ســێ بەیتی یەکەمی عەرەبی‌یە ...

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدلله منشیء الخلق والاسرار
ثم الصلاة على حبيبه المختار

حەمدو ثەنا بۆ خوای کە [ رب العالمين ]ە
[ مع الصلاة على شفيع المذنبين ] .

[ بفضلك يا رب صل على المختار
و آله الاطهار والصحب أجمعين ]ە

یا رەب بۆ خاطری شاهی مەکەو مەدینە
بفەرمو یا میکائیل بارانێ ببارێنە

بارانێ بە رەحمەت بێ ، بێ رەنجو موشەققەت بێ
بەسەر خاکی عالەما بە لوطفی خۆت برژێنە

هەموو خاکی ئاسوودەی ، بە رەحمەتی لاهوتی
بە زومرودو یاقوتی ، سەوزو سوور بنەخشێنە

چامە ـ چامە ـ چامە ٣١

ئێمە شوومو بەدکارین ، هەموو خەجاڵەت بارین

لە ڕووی تۆ شەرمەسارین ، تۆ ڕەحمی خۆت بنوێنە

بە ناو هەموو ئیسلامین ، قەومێکی ناتەمامین

دەمێکە حەپسی دامین ، لە ضەیقەت دەرمان بێنە

مەخلووقێکی ضەعیفین ، فێری گەنمی ظەریفین

بە نانی جۆ کەسیفین ، بە چاکە بن لاوێنە

مەعلوومە کەس نامێنێ ، هەموو عالەم ئەمرێنێ

بە ڕەحمەتی خۆت یا ڕەبێ بە قاتیمان مەمرێنە

غەریبو دڵمەحزوونین ، هەموو شێتو مەجنوونین

لە قاپی تۆ مەحجووبین ، چاوی لوطفت هەڵبێنە

ماڵخوراو و مەعذوورین ، ئیمساڵ هەموو مەغدوورین

بە ئافاتو مەئموورین ، یا ڕەب هەقمان بسێنە

فەقیرو گرفتارین ، هەموو دڵ بریندارین

ئەتباعی شای موختارین ، نیهایەتی غەم بێنە

عالەمێکی بێ هۆشین ، مەستی خوابو بێگۆشین

بە شمشێری قەهری خۆت ، یا ڕەب مەمان ترسێنە(١)

موقتەدیروو کارسازی حەم غەنیی‌و بێ نیازی

سا تو ئیمامی ڕازی ئەم چەرخە وەڕسوورێنە

ئێمە هەرچەند غەددارین ڕووڕەشو لێو بەبارین

نەخۆشو دەردەدارین ، بێ ئاو مەمان خنکێنە

ئێمە کوردو بێ عارین ، پڕ کینەوو نابارین

یا ڕەب هەرچەند بێزارین ، پەرژینی دین مەشکێنە

(١) خواب :ـ خەو .

چامه ۳۱ بەیت

کورد خەریکی گروگاڵە ، وەک منالە یەك ساڵە
بێ قووەتو کەم باڵە ، مایە پووچو بێ شوێنە
کورد تازە تۆو دەچێنێ ، بەرد لە بۆرە دەردێنێ
لە جۆی نۆکەند ئاودێنێ ، خودا باشی بۆ بێنە
بێچاروو ناعیلاجین بە ڕەحمی تۆ موحتاجین
ئومێدەواروو ڕاجین ، بێ ئاو مەمان فەوتێنە
ڕەززاقی کائیناتی ، بکە دەفعی ئافاتی
بە پاڵەوانی قاتی یا ڕەب مەمان پروێنە
هەرچەند ئێمە حەیوانین ، بێ عەقڵو هەم نادانین
زۆر طالیبی بارانین ، یا ڕەب مەمان ڕەنجێنە
ڕووتو قووتو بێ تووگین ، ناڕەواجو مەهتووکین
لەناو عالەما سووکین ، یا ڕەب دڵمان مەشکێنە
یا خوا باران بباری ، دڵخۆش ببین بە جاری
بە گوڵهایی بەهاری ، سەراسەر بیخەمڵێنە
وەختێ کە هەرزانی بوو ، دڵ مەیلی سوڵطانی بوو
شوغلی غەزەلخوانی بوو ، یا ڕەب مەمان شێوێنە
تۆ کەریمو ڕەحمانی ، بە ڕەحمەتی ئاسمانی
بە موسمی نیسانی ، نرخی ئەشیا بشکێنە(٢)
هەم ڕەحیمو کارزانی ، بۆ عالەمی ئینسانی
بە بارانی ئاسمانی باغو بوستان بەربێنە
دینی ئیسلام شیرینە ، بە نان دڵی نوورینە
یا ڕەب لەسەر ئەم دینە ، تا هەین بمانژێنە
عالەم دڵی پر شۆرە ، خودا تۆ ڕەحمت زۆرە
بە ڕەحمەتی عامی خۆت ، زەراعەتمان پێک بێنە

خودا گەر مەیلی بێنێ ، لە ذیللەت دەرمان بێنێ
هەموو ئافات لەمرێنێ ، قادرێکی حەق سێنە
یا ڕەب بەبێ بارانی ، کەوتووینە پەرێشانی
بە عیللەتی گرانی ، یا ڕەب مەمان مرێنە
عالەم هەموو شێواون ، حەیران و ناتەواون
بە ئایەی [ لاتقنطوا ] ، ئاوی ڕەحمەت برژێنە(٣)
مەخلووق لەبەر بێ نانی ، کەوتوونە سەرگەردانی
یا ڕەب بەبێ بارانی ، مەزرووعمان مەسووتێنە
( ویصالی ) تۆ نادانی ، مەکە فیکری بێ نانی
لەکەویەوە هەرزانی ، خوا [ أرحم الراحمین ]ە (٤)

---

(٢) موسمی نیسان :ـ بە زۆری باران لە مانگی نیساندا لەبارێ .

(٣) لە پێشەوە باس لەم ئایەتە کراوە .

(٤) أرحم الراحمین :ـ واتە خوا لە هەموو کەس زیاتر بە بەزەیی و بە ڕەحمە بۆ بەندەکانی خۆی .

# بەشی چوارینەکان

— ٥٤ —

لێرەوە هەندێ چوارین دەست پێ دەکــات ، لــە ڕاستیدا ئەبوایــە ئەمانەمان لە بەشی چوارینەکان بلاوبکردایەتــەوە بــەڵام لەبــەر ئــەوەی ناوەڕۆکیان زیاتر لەم بەشەدا جێی ئەبێتەوە بۆیە لە بەشی شیعری ئایینیدا بڵاومان کردنەوە ..

— ١ —

ئەوانەی پیاوی خوا بوون گشت بە ئیمان
بە مەردی گۆی خۆیان دەربرد لە مەیدان
ویصالی تۆ گەر ئەیاری بە عصیان
بەجێماوی ، تازە ئەط ناگەیتە مەردان

— ٢ —

بەڵێ ئێمە شکستەو ناتەواوین
لەژێر باری گوناها پشت شکاوین
ویصالی دوورە ڕێت ناگەیتە مەنزڵ
هەموو بێ خاوس و ڕووت و ڕەت بڵاوین

— ٣ —

ئەگەر عەفوی خودا ئەتکا سەبوکبار(١)
بە زنجیری عقووبەت مل گرفتار

(١) سەبوکبار :ـ بارسوک .

ویصاڵی بەر مەدە داوێنی ئەبرار
ئیتر تۆبە بکەو لادە لە ئەشرار(٢)

- ٤ -

ئەگەر مەردی بە بێ دەسمایە ئەی یار
ئەبی ڕیسوا لە بەینی یارو ئەغیار
بە طاعەت مایە پەیداکە ویصالی
بە موحتاجی مەچۆرە شارو بازاڕ

- ٥ -

ئەوی خوێری نەبێو ئازانە بڕوا
لە مەحشەر نابێ قەط مەهتوکو ڕسوا
ئەگەر بێکارە بێ وەك تۆ ویصالی
سەروبن تێی ئەخەن مەئمووری مەولا

- ٦ -

بڕۆ خاکت بەسەر ، هەر قوڕ بەسەر کە
لە فاکو فیکی دنیا خۆت بەدەر کە
ڕەفیقی ئەهلی بیدعەت ئەی ویصالی
هەتا کەی ؟ ، ڕوو لە قاپی پێغەمبەر کە

(٢) ئەبرار :ـ پیاوچاکان ، پیاوانی خوا ٠
ئەشرار :ـ ئەوانەی سەرپێچی لە فەرمانی خوا ئەکەن

- ٧ -

مەدە عومرت بە ضایع ئەی برادەر
مەبە غافڵ لە یادی حەیی ئەکبەر
بەکارت نایێ ماڵو حاڵو دونیا
ویصالی هەوڵ بدە بۆ ماڵی ئەوسەر

- ٨ -

هەتا کەی جاهیلو بێ عەقڵو خاوی
طوفەیلی صالحان بە تاکو ماوی
ئەگەر بتبێ هەموو دنیا ویصالی
کە مردی مالیکی شەش پەردە جاوی

- ٩ -

مەبە طالیب بە ئەسبابی مەلاهی
تەجەننوب کە لە گێژاوی مەناهی
مەکە سستی ویصالی شەو لە طاعەت
مەبە مەحرووم لە فەیضی صوبحگاهی

- ١٠ -

ئەتۆ کەی بووی موطیعی ئەمرو فەرمان
بەچی داوا ئەکەی تەشریفو غوفران
بە ڕێگەی موستەقیما ئەی ویصالی
بڕۆ ، تا خۆش ببێ لێت حەیی مەننان

- ١١ -

مەتاكەی تابعی نەفسی خەسیسی
لەگەڵ مادونو ناكەس هەم جەلیسی
دڵی تُرتووی ویصالی ژەنگی عصیان
چلۆن لەچیە حضوری خوا بە پیسی ؟

- ١٢ -

لەگەر چی زۆر لەلحەق بەحری رەحمەت
بە تۆچی موذنیبو دڵ پڕ لە قەسوەت
دلم خۆشە بە ئایات لەی ویصالی
رەحم بۆ موذنیبە ، لەمما بە زەحمەت

- ١٣ -

بەسە تاكەی ؟ ، لیتر تەركی جەفا كە
بە عەهدو شەرطی خۆت ئاخر وەفا كە
سیاسەت پارە ناكا لەی ویصالی
بە راستی ڕوو لە قاپی مصطەفا كە

- ١٤ -

ڕەنگدو رووی خۆت بە طاعەت سوورو جوان كە
كە بەڵكی رووت بێ ڕۆژی قیامەت
لە خزمەت فەخری عالەمدا ویصالی
بە چاكی بێبێ لومێدی شفاعەت

- ١٥ -

مەبە لاری لەسەر جادەی شەریعەت
مەبە غافل لە ئادابی طەریقەت
لە بەحری مەعریفەتدا لەی ویصالی
لەگەر غەوواصی بۆ دوری حەقیقەت

- ١٦ -

بە شەونوێژو بە ئەورادی سبەینان
بکە جەلبی ڕەضایی حەیی مەننان
مەکە تەلویثی داوێنت ویصالی
لەگەر پێت خۆشە عەیشی باغو ڕیضوان

- ١٧ -

بە گوێرەی ئەمری نەفس و دێوی غەددار
خەریکی ئیشی بەدبیو پیسی کردار
ویصالی بۆشکۆ لەبینی و لەچێژی
عەزابی سەختو ئیشی شیددەتی نار

- ١٨ -

مەتا ئەم تۆزە عومرەت ماوە ئێستا
مەبە غافل لە ذکرو فکری مەولا
بەجێ بێنە ئوموری خواو ڕەسوولی
وەکو جەلبە لە ئابی حەق تەعالا

- ١٩ -

که چونکه خوا غەفوورو هەم ڕەحیمە
لە بۆ عالەم لەطیفـو هەم کە کەریمە
لە بۆ خاطری « محمد »م ئەی ( ویصالی )
ئومێدە لێت ببووری ئەو حەکیمە

- ٥٥ -

## پەندی ویصالی

ویصالی لە پاڵ ئەو هەوڵو کۆششەیا کە داویەتـــی لـــە پێنـــاوی خزمەتکردنی کۆمەڵو پێگەیاندنی فەقێو بڵاوکردنـەوەی خوێنـەواریو زانستی ئایینیدا ، لە پاڵ ئەمانەشدا ، وەکو مەلایەکو زانایەکـــی ئایینـــی کەمتەرخەمی نەکردووە لە ئامۆژگاری کردنی خەڵکیدا چ بە قسەی ڕۆژانە ، چ لە وتاری ئایینی هەینیو جەژنەکاندا ، چ بە نامەو نامەکاری ، چ بە شیعری ڕەوانی ، هەموو لایەنێکی ژیانی ئەو دونیای بۆ ڕوون کردوونەتەوە ، دیارە ئەم ئامۆژگاریانەشی ڕۆڵی گەورەی بینیوە لە وەستان دژی گەلـــێ کـــاری ناهەموارو نادادپەروانە کە مرۆڤ زۆر جار دووچارو گرفتاری ئەبێ بـەڵام زۆر جاریش بە هۆی ئەم جۆرە پەندو ئامۆژگاریە ئایینیيانـــە پاشگـــەز ئەبێتەوە ، بە پێچەوانەی ئەوەوە ڕوو ئەکاتە کاری شیرینو جوان ...

ئەلا ئەی قەومی ناهەمواری نادان
ئەتاکەی بێخەبەر وەک وەحشی کێوان
هەموو داماو لە ئەصڵو فەرعی دنیا
خەوی غەفڵەت هەمووی کردوون پەرێشان
بە جارێ بۆ طەماع وا تێکۆشاون
ئەڵێن دوورینو نامرین بە ئاسان
عومرمان وا چووە حەفتاو هەشتا
کە هێشتا فێر نەبووین ئایاتی قورئان

لە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەی دیانەت

هەموو بێ‌هۆش‌و کوێرو مەستو حەیران

لە کەسبو کاری دنیایین فەریدین

وەلی نازانین چەندە ڕوکنی ئیمان

هەموو خالین بە دین‌و شەرعی ئەنوەر

وەلی حاضر بۆ ئەمری نەفس‌و شەیطان

هەتا زوو قوڕ بەسەردا کەین درەنگە

لە لیتەی ئاسمانەی حەیی مەننان

کە وەختێ چووینە قەبری تەنگ‌و تاریک

بە کاری چی دێ تازە خوێن‌و گریان !

عەذابی قەبرمان ئاوا بێ ئەی گەل

پەنا بە خودا لە هەولی حەشرو میزان(۱)

کە حالی بەرزەخت دی وا بە شددەت

پەشیمانی لە کاری خۆت پەشیمان(۲)

بەسە تاکەی ئەکەی عەبدایەتی نەفس

دە یاخوا ئەروەتت بڕوا بە تالان

بلێن پێم بۆچیتانە مالی دونیا

هەموو بیکەن فیدایی زولف‌و خالان

بە قەیری تۆبە چاری چی لەگەل خۆت

ئەبەی بۆ سجنێکی تاریک‌و وێران

تەماشای حالی یاران کە لە پێشا

بە ڕۆژی سوورەوە گەشت چوونە دیوان

---

(۱) هەول :ـ ترس .

(۲) بەرزەخ :ـ ماوەی نێوان قەبرو قیامەت .

ئەبێ یارەب کە ئێمەی پیس‌و ڕووڕەش

بەبێ فریادرەس چ بکەین لە مەیدان(٣)

شەل‌و کوێرو ضەعیف‌و بار گرانین

کە دەسگیرمان ئەبێ ئەلطافی ڕەحمان

هەموو ملمان بە زنجیری عفووبەت

لە جومگەی ذیللەتا پەرت‌و پەرێشان

خودا بۆ خاطری ئەو شاهی دینە

عەفوومان کە ، قبوولمان کە ، بە دەربان(٤)

( ویصالی ) ڕووڕەشە ڕووی کردە دەرگات

ئەتۆش کەیلی خۆتە لەی بەحری ئیحسان

(٣) فریادڕەس :ـ ئەوەی فریامان ئەکەوێت ٠

(٤) دەربان :ـ دەرگاوان ٠

ئەی برادەر تۆ کە لەملا ڕووت‌و بێ دەسمایە بی
زوو ئەبینی عاقیبەت لەملاش ئەبی‌و لەولاش ئەبی
تۆ موسلمانی ئەلا خۆت بۆچی خۆت دانا بە جوو
پێم بڵێ بۆچی بەجێ ناهێنی ئەمری خواو نەبی
فائیدەی بوونت لە دنیا پێم بڵێ ئاخر چیە ؟
تۆ کە ( بی ) بی ، بێ ئەمەر بی ، بۆ ببی ؟ ، یاخوا نەبی
بۆ عیبادەت خەلقی کردین خالقی ئێمە ئەزەل
گەر نەدەی مل بۆ ئیطاعەت تۆ ئاخر ئەبێ چ بی ؟
بۆ جنێو سازە زوبانت شەڕفرۆشی تابەکەی
تۆ کە مائیل بۆ ( سەبی ) ، هەروەک ( سە )بی ، با هەر ( سە )بی(١)
عەیبە بەدکاری‌و شەلاتی ، بێ موبالاتی بەسە
تازە تۆ دنیات لە دەس چوو کەی ئەبێ عاقڵ ببی ؟
گەنجی عومرت دا بە ضائیع ڕووت‌و قووت ماویتەوە
لێرە دەرچووی فائیدەی چی ، ئەی دەخیل نادیم ئەبی(٢)
حەق لە بۆ شەیئێ خەلقی کردی بۆیە تۆی دانا بە ( شیء )
تۆ کە ( لاشیء )ی هەمیشە ، ساخودا هەر لاشە بی
بۆچی وا بێ شەرطو قەولی عەهدی خۆت بۆچی شکاند ؟

---

(١) سەب :ـ جنێو .
سە :ـ کورتەی سەگە .
(٢) نادیم :ـ ئەو کەسەی پەشیمان ئەبێتەوە .

تۆ کە خاوەن ( ڕا ) نەبی ، ڕاڕابی ، با هەر ڕابە بی
خۆت لەلایێ دڵ موقیم کە بۆچی ئەملاو لا ئەکەی ؟
هیچ تەمات بەولا نەبێ تا طالیبی ئەملا نەبی
ئەی ویصالی بەسیە ئیتر دیاری‌یە پەیدا بکە
قابیل‌و شایستە بێ ، ئەملا هەتا لەولا نەبی

* * *

## - دوو چوارین -

- ١ -

بڕۆ شێخێکی کامیل بگرە ئەی پیر
لە بۆ دنیاو قیامەت بێتە دەسگیر
ئەگەر پەیدا نەکەی شێخێک ( ویصالی )
ملت حاضر بکە بۆ داوی زنجیر

- ٢ -

نەبی لاری لە جادەی ئەولیاکان
نەوەک ون‌بی‌و ببی وێڵی بیابان
ویصالی وەک سەگی ئەصحابی کەهفی
دەخیلە بەرمەدە دامەنی چاکان

## - ٥٧ -

ئەی نەفسی پیر بووم هەتاکەی مەیلی ئەملاولا بکەم
لازمە ئیتر کە تەرکی ئارەزووی دنیا بکەم
بۆ ویصالی خاڵی لەیلای مەطلەبی دنیاو دین
هەروەکو مەجنوونی شەیدا شۆرشێ بەرپا بکەم
نەفسو شەیطان وا خەریکن بمخەنە سەر ڕێگەیەک
بۆ طەماعی دەنکە گەنمێ پشت لە باغی خوا بکەم
ئارەزووی نەفسی خەسیس خستوومیە گێژاوی گوناه
ڕەحمی خوا دەسگیر نەبێ ، مەر ئاهو واوەیلا بکەم
من کە دنیا گرتمیو قەیدی طەماعی کردمە مل
کەی بە ئومێدم کە تازە ئابڕوو پەیدا بکەم
من بە طاعەتی کەمو ، جورمو گوناهی زۆرەوە
ڕووم نیی‌یە ڕوو لە مەدینەو خاکەکەی بەطحا بکەم
کەی خودا بانگم ئەکەیت بێم بۆ طەوافی بەیتەکەت ؟
تا بە ئاوی زەمزەمت ڕوویی سیاه بەیضا بکەم
زیارەتی ( بیت الحرام )و ڕەوضەیی ( فخر الانام )
کەی ئەبێ یارەب بە قیسمەت تاکو جان فیدا بکەم ؟
چاوەکەم کوێر بوو لە دووری یەثریبو بەطحاو زەمین
کەی بە سوورمەی خاکیان دوو چاوەکەم بینا بکەم ؟
من کەوا عاصیمو موجریم ، ڕووڕەشی قاپی ڕەسووڵ
ڕۆژی مەحشەر کەی ئەبێ ڕووم ، شافیعی داوا بکەم
خۆم ئەزانم نەگبەتیمە چونکە وایە بۆیە وا
ماڵی دۆست وێران ئەکەم ، ماڵی عەدو ئاوا ئەکەم

تۆ کە هەر کوێربی هەمیشە ڕوو لە ڕێگەی حەق نەکەی
بو ڕەضابوونی عەدوو ئیشی خۆم ساوا بکەم
جورکەم زۆرە ( ویصالی ) ، ڕوو لە قاپی کێ بکەم ؟
چاکە هەر ڕووی خۆم لە قاپی خالیقی یەکتا بکەم

زەمانە قەط لەگەڵ ئەولادی ئادەم باوە نابێ
وەکو گوربەی سیاه ئەصلەن بە مەردم ئاشنا نابێ(١)
خودا تاکەی شکا پشتم بە باری میحنەتی دنیا
کەسێ وەک من لە دنیادا زەلیل‌و بێ‌نەوا نابێ
بڕۆ لای مورشیدی کامیل عیلاجی دەردی عصیانت
بکە ، مەیلی خودا وایە کە عیللەت بێ دەوا نابێ(٢)
مەخۆ تەفرە لە بۆ نەفس‌و مەبە مەغروور بە ئەم دنیا
درۆیە جیلوەیی دنیا لە بۆ هیچ کەس بەقای نابێ
ئەوی ئەووەڵ خودا داینا ئەبێ مەوجود بێت‌و بڕوا
بەڵێ ، بوون‌و نەبوون هیچیان بەبێ ئەمری خودا نابێ
لە بۆ هەر دەرد دەوایێکە ، لە بۆ پیری دەوا مردن
حەیات‌و ژینی دنیایی ، بە خواهانی شوما نابێ(٣)

---

(١) گوربەی سیاه :ـ پشیلەی ڕەش ٠

(٢) واتە :ـ تۆ دەردەداری‌و گیانت نەخۆشە ، هەستە بچۆ شێخێکی تەواوو بە خوا گەیشتوو بدۆزەرەوە تا دەوای دەردی دڵ‌و نەفس‌و گیانت بکات ، چونکە کارێکی سرووشتی‌یە خوا وای داناوە کە هەموو دەردێک دەوایەکی هەیەو بێ‌دەوا نابێت ، دەوای تۆش شێخی کامیل‌و تەواوە ٠

(٣) خواهانی شوما :ـ ئارەزووی ئێوە ، ئەم دوو وشەیە زیاتر فارس بەکاری ئەهێنن ٠

ئەگەر ئیمان سەلامەت بێ قبووڵ کە زەحمەتی دنیا
ویصالی گوڵ لە بۆ بولبول بەبێ خاری جەفا نابێ
ئەگەر مایەت هەبوو ئەکڕی لە بازاڕا مەتاعی چاک
ئەگەر ڕووت بی ، مەڕۆ ، ئەشیا لە هیچ لا بێ بەها نابێ(٤)
بە عیزەت بێ یا بە ذیللەت بێ لە دنیا هەر ئەبێ دەرچین
وەکو ئەیبینی ئەم دنیا ئەمین بە ، هەروەها نابێ
عەزیزم مەنزڵت دوورە ، خەریکی توێشەیی ڕێ بە
هەتا کەی مەستو بێهۆشی سەفەر بێ توێشە چا نابێ(٥)
وەفای بۆ کەس نەبوو دنیا هەتا بۆ تۆی ببێ یارا
کەسێ عاقڵ بێ لەم دنیا بە ئومێدی وەفا نابێ
( ویصالی ) قوربەسەر چبکا ؟ ، بەبێ دەسمایە داماوە
مەگەر غەففار ببەخشێت ، وە ئیللا بێ جەزا نابێ

(٤) بەها :ـ نرخ ٠
(٥) توێشە :ـ ئەو خواردنو خواردنەوەیەی بۆ ڕێی سەفەر پێویستە ، لێرەدا مەبەست لە کردەوەی چاکە بۆ سەفەری قیامەت ، واتە مردن ٠

- ٥٩ -

ئەی برادەر گوێت بێ ، بێ گوێ مەبە هەروەک حەجەر
چون لە قورئانی کەریما خوا وەهای داوە خەبەر
خوا بەڵێ کەنزێکی مەخفی بوو لە جەمعی کائینات
جا لە بۆ ناسینو طاعەت خەلقی کرد جینو بەشەر
چاوی داناوە لە بۆ دین گەر لە ڕێ حەق لانەدەیت
ڕاست بڕۆ هیچ لا مەدە ڕێگەی حەقیقەت بگرە بەر
فرسەتە نەقدی حەیاتت بۆ دیانەت صەرف کەی
نەک بخۆیتو هەر بنوویت وەک گا لە دەشتێ یا لە دەر
هەستە وەک مەردان لە مەیدان گۆیی مەردی دەربرە
تۆ وەکو من کوێرو شەل نیت ، خوێریو بێعەقڵو کەر
گەر ( وجوود ) ، ( جوود )و سجوودی هەر نەبوو ، با هەر نەبێت
فائیدەی بۆ کەس نییەو نابێ درەختێ بێ ثەمەر(١)
دەستە دەستە باری کرد کاروانو ڕۆیین کەس نەما
تۆ بەجێماوی درەنگە بۆ لە خەو نابی خەبەر
تا دەست ئەڕوا هەتا ماوی دەخیلە هەوڵێ بدە
تۆ سەفەرچیت توێشنە پەیدا بکە بۆ ڕێی سەفەر
ڕێگەیەکی چۆڵو موحلیک ، مەنزلی دوورو درێژ

---

(١) وجوود :ــ بەدەن ، لەش .
جوود :ــ پیاوەتیو چاکە ، بەخشندەیی

باوەڕێ پەیدا بکە بۆ وەختی نەزع‌و جوابی قەبر
گەر بە ڕووتی‌و بێ زەوادی بێت‌و سەر ڕێگا کەوی
وەختی سەختی دائەمێنی وەک هەتیوی بێ پودەر(٢)
بەو هەموو عصیانەوە چۆن ڕووت هەیە بچیە حضوور ؟
بەس خەریکی کاری بەد بە ، لادە هەی خاکت بەسەر
گەر وەکو مزگەر بە طاعەت ژەنگی قەلبت لا نەدەیت
خۆت موهەییا کە لە ئێستاوە لە بۆ ناری سەقەر
گەر گرفتار بوویت بە زنجیری عقووبەت ئەو دەمە
تۆ بە گریەی زۆرو تۆبە تازە نابی بەهرەوەر
ئەی برا مەغرووری تاکەی ؟ ، پیربووی‌و هیچت نەکرد
تازە غەرقی مەعصیەت بووی ، زۆر مەحالە بێتە دەر
ڕوو لە قاپی‌ی خوا کە ئەمجا ڕەحمی خوا بێ غایەتە
بەڵکی خوا لوطفت لەگەڵ کا لێت بکا صەرفی نەظەر
نیمە ئومێدی عەمەل جوز ئایەی [ لا تقنطوا ]
پێم خۆشە ئەمری خودا ، جێگەم بەهەشت بێ یا سەقەر(٣)

---

(٢) پودەر :ـ باوک ٠

(٣) جوز :ـ جگە ، بێجگە ٠

لا تقنطوا :ـ ئەمە ئیشارەتە بۆ ئایەتی [ یا أیها الذین اسرفوا علــى انفسهم لا تقنطوا من رحمــة الله ، ان الله یغفــر الذنــوب جمیعــا ٠٠ واتە :ـ ئەی ئەو کەسانەی کە زوڵمتان لە نەفسی خۆتان کرد ، واتــە گوناهتان کرد ، لە ڕەحمی خوا نائومێد مەبن‌و بڵێن خوا لێمان خۆش نابێ ، چونکە خواله هەموو گوناهێ خۆش ئەبێ بە مەرجــێ تۆبــە بکات ٠٠ ]

وەک سەگی خوێری ئەوا هاتوومە دەرگاکەی کەریم
ئەو کەریمە ، نابی بێ بەش ، لەو دەرە بمکاتە دەر
گەر هەتا ماوی بە تۆبە دەردی خۆت دەرمان نەکەیت
تۆ بە ڕووزەردی ( ویصالی ) چی ئەکەی ( یوم الخطر ) ؟(٤)

---

(٤) یوم الخطر :ــ ڕۆژی پڕ مەترسی کە ڕۆژی لێپرسینەوەی کردەوەی دونیایی‌یە لە لایەن خوای پەروەردگارەوە .

## دنیاو لێکدانەوەی

سەیری کە جیهان مەخزەنی ئەسراری خودایە
ئەم دولبەری نەورەستە کە موشتەق لە صەفایە
جانا وەرە تێفیکرە لە ئەوضاعی جیهانی
ئامالی خەلایق کە هەموو جەورو جەفایە
عاجز مەبە ئەی یار لە گوفتاری ڕەقیبت
مەعلوومە شەیاطینی عەدوی مەردی خودایە
بۆیە وەکو سەگ کەوتووە ئەو پیسە لە دەرگا
دامانی ئەمن بگریت‌و هەرچی صولەحایە
خۆت لادە ئەتۆ لەو کەرە نەبێ‌ک تووشی زەرەر بی
تێی هەڵدە لە شەق ئەو سەگە تەعەجلجوزی جەزایە
تەسبیحی لە دەس ناوە وەکو دێوی مەکرباز
ئەورادی هەموو غەیبەتی شێخان‌و مەلایە
نازانێ کەوا غەرقە لە نێو جەهلی مورەککەب
ئەو جاهیلە لای وایە ڕەئیسول عولەمایە
کەللەی وەکو دەستارە بە دەستاری خووەینی
بۆ جیفەیی دنیایی هەموو کاری ڕیایە
بەحتی مەکە ئەو پیسە وەکو گوولی نەجیسە
تا تێوەی ژەنی بۆنی لە بۆ خەلقی خودایە
بەحثی مەکە ئەمجا وەرە نێو باغی لەطافەت

بەعضێ بچنە غونچە لە بۆ ئەهلی وەفایە

پارچەیی غەزەلت بێنە لە دوکانی خەیاڵت

بۆ قامەتی ئەم نەوگوڵی بوستانی صەفایە

ئەم بیکرە عرووسە کە دەڵێی خۆری جینانە

شایستەیی مەدحە بە مەحەلی شەمسی ضوحایە

مەنعی مەکە دڵ دائیری نێو ظولمەتی زولفە

پەروانە بەشەو ظاهیرە ، مائیل بە چرایە

وەك ( بێژەن )ی بێچارە لە زیندانی غەریبی

دڵ مونتەظیری میهتەری ئەلطافی خودایە(۱)

یارەب رەقیب تووشی بەڵا بێ بە عەیانی

فاریغ نەبێ یەك دەم لەغەم و جەورو جەفایە

وەك حەضرەتی مووسا وەرە مەیدانی موباریز

---

(۱) بێژەن :ــ کچەزای رۆستەمە ٠

خەوفت نەبێ ئەو حیلەیە دەفعی بە عەصایە(٢)
گوێ مەگرە ( ویصالی ) لە قسەی عالەمی نادان
هەرچی ئەڵێ هەر کیذبە لەسەر دامی خەطایە

---

(٢) ئیشارەتە بۆ ڕووداوی حەزرەتی مووسا پێغەمبەر دروودی خوای لەسەربێ کاتێک فیرعەون هەموو جادووگەرەکانی خۆی کۆکردەوە بۆ ئەوەی بەرامبەر موعجیزەکەی مووسا ڕابوەستن ، ئەوەبوو یەکەم جار جادووگەرەکانی فیرعەونی بێبڕوا عەساکانیان هەڵداو بوون بە کۆمەڵێ مارو ئەژدەها ، حەزرەتی مووسا لەم کارە دڵی کەمێ خەتەرەی پیا هات ، خوای گەورە ، سرووشی بۆ نارد کە هیچ نەترسێو عەساکەی هەڵدا ، وەختێ عەساکەی هەڵدا بوو بە ئەژدەهایەکی زۆر گەورەو هەموو مارو ئەژدەهای جادووگەرەکانی پێچایەوە ، ئەمجا جادووگەرەکان هەموو سوجدەیان بۆ خوای پەروەردگار بردو وتیان بڕوامان هێنا بە خوای مووساو هاڕوون کە خوای هەموو جیهانە ٠

شاعیر ئەم شیعرەی لە ستایشی سەروەری کائینات حەزرەتی محمد المصطفی دروودی خوای لەسەر بێ داناوە ٠

مەرحەبا ئەی سەییدی خەلقی خودا
مەرحەبا ئەی مەهبەطی وەحیی سەما
مەرحەبا ئەی غونچەیی باغی وەفا
مەرحەبا ئەی مەعدەنی صیدق‌و صەفا
مەحەبا ئەی مەخزەنی کەنزی وجوود
مەرحەبا ئەی نەوهەری صاحێب ضیا
مەرحەبا ئەی [ رحمة للعالمین ]
مەرحەبا ئەی شافیعی یەومی جەزا
مەرحەبا ئەی شەمسی بورجی مەعریفەت
مەرحەبا ئەی شەمعی جەمعی ئەنبیا
مەرحەبا ئەی مەنبەعی عەینول‌کەرەم
مەرحەبا ئەی جامیعی عیلم‌و حەیا
مەرحەبا ئەی بەدری ئەفلاکی جیهان
مەرحەبا ئەی ڕوویی تۆ [ شمس الضحی ]
مەرحەبا ئەی صاحێبی وەحی‌یو کیتاب
مەرحەبا ئەی شاهی تەختی کیبریا
مەرحەبا ئەی خەددی تۆ [ نور الهدی ]
مەرحەبا ئەی تاجی فەرقی ئەولیا(١)

---

(١) فەرق :ـ ناوچەوان ٠

مەرحەبا ئەی باعیثی ئیجادی خەڵق

مەرحەبا ئەی ڕافیعی جەوزو جەفا

مەرحەبا ئەی گوڵبەنی بوستانی جان

مەرحەبا ئەی عەندەلیبی خۆش نەوا

مەرحەبا ئەی هودهودی مەیموون خەبەر

مەرحەبا ئەی دەر دوو دونیا ( مصطفی )

مەرحەبا ئەی زوبدەیی نەسلی خەلیل

مەرحەبا ئەی نووری قەلبی ئەتقیا

مەرحەبا ئەی کاشفی ( شق القمر )

مەرحەبا ئەی خوسرەوی عالەم پەنا

مەرحەبا ئەی شاهیدی کەنعانی دین

مەرحەبا ئەی ڕافیعی کوفرو ڕیا

مەرحەبا ئەی پادشاهی ذی حیشەم

مەرحەبا ئەی فاتحی بابی سەخا

مەرحەبا ئەی یوسفی صاحێب جەماڵ

مەرحەبا ئەی بە هەر دەردی ما دەوا

مەرحەبا ئەی عاریجی هەفت ئاسمان

مەرحەبا ئەی غەوثی عاصیو ڕووسیا

مەرحەبا ئەی شاهی [ مازاغ البصر ]

مەرحەبا ئەی ناظری ڕوویی خودا

مەرحەبا ئەی صاحێبی تاجو بۆراق

مەرحەبا ئەی نووری ڕوویت والضحی

مەرحەبا ئەی موورشیدی جینو بەشەر

مەرحەبا ئەی موقتەداوو موجتەبا

مەرحەبا سەییدی دنیاوو دین

مەرحەبا ئەی ناصری صاحێب لیوا

مەرحەبا ئەی صاحێبی فەتحو ظەفەر

مەرحەبا ئەی کەوکەبی ڕاهی هودا

مەرحەبا ئەی صاحێبی میعراجی حەق

مەرحەبا ئەی لەعلی تۆ عەینی حەیا

مەرحەبا ئەی شاهی [ جنات النعیم ]

مەرحەبا ئەی فاتیحی دارولبەقا

مەرحەبا ئەی سەییدی عەرەبو عەجەم

مەرحەبا ئەی ناصیحی شیرین لیقا

مەرحەبا ئەی نووری چەشمی ئینسو جان

مەرحەبا ئەی خوسرەوی صاحێب عەطا

مەرحەبا ئەی نازکی سەوسەن عوذار

مەرحەبا ئەی ئاوێنەی صاحێب جەلا

مەرحەبا ئەی نووری ماه ئەز ڕوویی تۆ

مەرحەبا ئەی مەلجەئی شاهو گەدا(٢)

مەرحەبا چون بەهری تۆ ئەورادی ماست

یەک نەظەر کون دەفعەێ بەر حالی ما(٣)

(٢) ئەز :ــ لە ٠ واتە :ــ سلاوو مەرحەبات لێ بێت ئەی ئەو کەسەی کە ڕووناکی مانگ لە تۆوەیەوەو پرشنگی ڕووی جوانی تۆیەو مانگیشی ڕۆشنو ڕووناک کردۆتەوە ، وە هەر تۆیشی پەناگای پاشایانو گەدایان ؛

(٣) چون :ــ لەبەر ئەوە ٠ واتە :ــ لەبەر ئەوەی کە خوێندنی ئێمە هەر بە ناڵای تۆدایە ، تۆش ڕووی لوتفت بە ئێمە بێ ٠

مەرحەبا ئەی دەر جەوابی ما بگۆ
تا کونی بابی فەرەح بەر ما گوشا(٤)
دەر دەمی نەزعی ڕەوان ئەی نووری حەق
بەهری ئیمانی حەقیر ئان شەهـ گەوا(٥)
خواهەد ئەز تۆ ئین ویصالی یەک ڕجا
گەر کونی مەقبوول ئەز ئو یەک ڕجا(٦)

---

(٤) واتە :ـ ئەی پێغەمبەر لە وەڵامی ئێمەدا بفەرموو . تا دەرگـای باغـی خۆشی لە ئێمە بکەیتەوە ٠

(٥) واتە :ـ لە وەختی ڕۆح کێشانمدا ئەی نووری خوا بۆ ئیمانی منی داماو هەر خۆت شاهیدی ٠

(٦) واتە :ـ ویصالی تەنها داواکاری‌یەکی لە تۆ هەیە ، ئەگـەر تەنها ئـەو ڕجایەی لێ قبووڵ بکەی کە قبووڵ کردنی خۆیەتی ٠

- ٦٢ -

ئەی سەری من بێ بە قوربانی قەدو باڵایی تۆ
بولبولی ڕۆحم هەمیشە ، عاشق‌و شەیدایی تۆ
مەستو مەخموری ئەبەد بوو ، تازە دنیای بۆچی‌یە
هەر کەسە یەک دەفعە بینی نەرگسی شەهلایی تۆ
هەر وەکو مەجنوون بە دەردی عەشق هەرداو هەرد ئەکەم
پایی هۆشم وا لە قەیدی پەرچەمی لەیلایی تۆ
ئینتیظارم بۆ جەماڵی پڕ کەماڵی دولبەریت
دڵ وەکو پەروانەیە بۆ ئەو سەرو سیمایی تۆ
ڕەونەقی بازاڕی دین بووی ئەی شەهی دنیاو دین
وا هەموو حەیران‌و ماتین بۆ ڕوخی زیبایی تۆ
تەختی شاهان سەرنگوون بوون ، ڕۆژیان لێ‌بوو بە شەو
گەر لە کەعبە هەلکرا هەر ئەو دەمە ئالایی تۆ
تۆی شەفاعەت خواهی عالەم ئەی شەهی والا مەقام
ئەنبیاوو ئەولیا ، گشت ناظری دەرگایی تۆ
ئەو ئەڵێ یا ڕەببی نەفسی ، تۆیش ئەفەرمووی « أمتي »
چونکە مەولای عالەمی . عالەم هەموو مەولایی تۆ
تۆ نەبی چبکەین لە مەحشەر بەم هەموو عصیانەوە
هەر هیوادارین بە تۆ لێ‌خۆش ببێت مەولایی تۆ
یا رسول الله دەخیلت بم لە هاوارمان وەرە
ڕۆح‌و جانمان بێ فیدایی خاکی ژێری پایی تۆ
هەر دەلوورێنێ [ ویصالی ] وەک سەگی ون‌بوو لە خێڵ
بانگی کە بۆ خوا کە شایەد بێتەوە دەرگایی تۆ

چامەی ئاسۆی ١٧ بەیت



یا رسول الله ببەخشە ، تۆ گوناهم ، مەمکە دەر
تۆی پەناهی موذنیبانو شافیعی ذەنبی کیبەر
شافیعی رۆژی قیامو دافیعی بۆ گشت ئەلەم
هەر لە سایەی لوطفی تۆ مەغفوور دەبێ ذەنبی بەشەر
غەرقی بەحری مەعصیەت بووم بە دائیم دڵ حەزین
هەر ئەتۆی پشتو پەناهم رۆژی پڕ خەوفو خەطەر
هەر ئەتۆی شاهی دوو کەونەینو رەئیسی ئەنبیا
تۆی موطاعی ئاسمانو هەم ئەتقیای خەیرول بەشەر
جبرەئیل هاتوو کە فەرمووی هەڵسە ئەمشەو دەعوەتە
ئەی لە فەیضو ئیلتیفاتت هاتە گوفتوگۆ حەجەر
باعیثی حوببی ئەتۆ بوو هەردوو دونیا دانرا
ئەی لە شەمعی ڕوویی تۆ ڕووناک بووە شەمسو قەمەر(١)
مەنبەعی صیدقو عەدالەت ، صاحێبی وەحیو کیتاب
مەعدەنی عیلمو حەیائو صاحێبی فەتحی ظەفەر
هەر ئەتۆی سەرداری عالەم صاحێبی تاجو بۆراق
ڕووسیاهم ، پڕ گوناهم ، مەرحەمەت کە ، یەک نەظەر
ئەی ڕەسوولی فیرقەتەینو صاحێبی تەختو عەلەم

---

(١) ئیشارەتە بە حەدیثێکی قودسی کە خوا فەرموویەتی [لولاك لولاك لما خلقت الافلاك ] واتە ئەگەر لەبەر تۆ نەبوایە ئەی محمد ئاسمانەکانو زەویم دروست نە ئەکرد ، کەواتە محمد ( د.خ ) هۆیە بۆ دروست بوونی دونیا لە لایەن خوداوە .

ڕەئفەتت بێ ئوممەتی تۆم لێرە کەوتووم دەربەدەر
سەییدی بەطحاوو یەثریب ، واسیطەی عیززی زەمین
صاحێبی غیلمانو حوورو ، شاریی شەهدو شەکەر(٢)
ئەی ڕەسوولی ئینسو جینو چەشمەیی جودو سەخاء
وا لە ئەلطافی عەمیمت گشت عالەم بەهرەوەر
واسیطەی مەنسووخی دینی ئەنبیاوو مورسەلین
ئەی بە فەتحی تیغ بوو دینی حەق بوو موستەقەر
صوورەتی مەهرووی تۆو ئایەیی ( الم نشرح لک )
موعجیزەی پاکی ئەتۆ بوو هاتە خدمەت تۆ شەجەر
ئەی بە تیغی نەصرەتی تۆ [لاتوعوززا ] صەد لەتە
مونبیئی دینی حەقیقەت ، دوشمنی دینی کەفەر
موقتەدایی خاصو عامی ئاسمانو هەم زەمین
واسیطەیمەغفووری ذەنبی ئادەمو ( أم البشر )
خاکی بەرپێت سورمەیە بۆ چاوی من ( یا مصطفی )
یەک نیگاهی ئیلتیفاتت دافیعە بۆ گشت کەدەر
بم بە قوربانی عەلیو عوثمانی [ ذی النورین ]ی تۆ
خۆم بە قوربانی سەگی دەرگاهی ئەبووبەکرو عومەر
یا محمد(ص) ، خۆ محمد عاشقی ڕووی تۆ بووە
گەر چی ظاهیر دوورە لاکین باطینەن دڵ دەر حەضەر

---

(٢) شەهد :ـ هەنگوین .

ویصالی لەم پارچە شیعرەدا ستایشی گەورەو سەرۆکی هەموو ئەولیاکانی کردووە کە شێخ عەبدولقادری گەیلانییە ( قدس سره ) ، وا باوە کە ئەم زاتە پێی لەسەر شانی هەموو ئەولیاکانە وە بەم شێوەیە باسی لێوە کراوە :ـ [ القندیل النورانی ، والغوث الصمدانی ، باز الله الاشهب ابی محمد محی‌الدین ، المتصرف فی مماته کالمتصرف فی حیاته ، شیخ الجن والانس ·· ] ، تەنانەت لەپاش وەفاتیشی ناوو شۆرەتی گەورەترو بەڕێزتر بووە ، مەزارگەی پیرۆزی کە لە بەغدایە تا ئێستاش لە هەموو لایەکی دنیاوە بە دڵێکی پاکەو بێ گەردەوە دێنە خزمەتی بۆ زیارەت کردنی ·· ویصالیش وەک ئەو دڵ پاکانە ، بە پارچە شیعرێکی جوان باسی ئەکاو لێی ئەپاڕێتەوەو ئەڵێت :ـ

منم عەبدی ذەلیلی تۆ ، مەدەد یا شاهی گەیلانی
لە بۆ عالەم دەلیلی تۆ ، مەدەد یا شاهی گەیلانی(۱)
غولامی ئەبروانی تۆم ، فیدای غونچەدەهانی تۆم
شەبانی ئوشترانی تۆم ، مەدەد یا شاهی گەیلانی(۲)
فیدایی خادمانی تۆم ، هەموو دەم پاسەبانی تۆم

---

(۱) مەدەد :ـ فریامکەوە ·

(۲) شەبانی :ـ شوانی ·

ئوشتران :ـ حوشتر ·

چو کەلبی ئاستانی تۆم ، مەدەد یا شاهی گەیلانی(٣)
تویی ئان یوسفی ثانی ، منم ئین پیری کەنعانی
بۆیە وا بووم بە بریانی ، مەدەد یا شاهی گەیلانی
ئەبر بۆ تۆ دەناڵێنێ ، بە دائیم ئەشک دەڕژێنێ
مەلەک بۆ تۆ دەهاڕێنێ ، مەدەد یا شاهی گەیلانی
غەریقی بەحری عصیانم ، ئەسیری بەندی هیجرانم
کە چاکی تیغی حیرمانم ، مەدەد یا شاهی گەیلانی
نیازی قەلبی مەجنوونی ، دەوایی مەردی مەحزوونی
چراغی دەشتی هاموونی ، مەدەد یا شاهی گەیلانی
غەریبی موڵکی ئالانم ، پەشێوی ماهی تابانم
بەسانی شێخی صەنعانم ، مەدەد یا شاهی گەیلانی
لە حەسرەت پرتەوی ڕەنگت ، لە بۆ سەروی قەدی شەنگت
کە مردم بۆ صەدای چەنگت ، مەدەد یا شاهی گەیلانی
نەماوە ڕاحەتی جانم ، بە جۆشە تابی گریانم
حەریقی ضەیقی زیندانم ، مەدەد یا شاهی گەیلانی
لە حوسنا یوسفی ثانی ، تویی ئەی نووری یەزدانی
تو هەم جانی جانانی ، مەدەد یا شاهی گەیلانی
فیداتم ئەی گوڵی جیلان ، لەبی تۆ چەشمەی حەیوان
دەوا فەرموو دڵی بوریان ، مەدەد یا شاهی گەیلانی

(٣) پاسەیان :ـ پاسەوان •
چو :ـ وەکو •
کەلب :ـ سەگ •
ئاستان :ـ دەرگا ، بەردەرگا •

ذەلیلی نەفس‌و شەیطانم ، کە مەحوی ژەنگی عصیانم
وەدەرخە تیغی ئیمانم ، مەدەد یا شاهی گەیلانی
شوعاعی نووری ڕەحمانی ، حەبیبی غەوثی ئینسانی
پەنای جەمعی موریدانی ، مەدەد یا شاهی گەیلانی
ڕەئیسی ئەولیای دونیا ، تویی ئەی ساکنی بەغدا
تویی شەمعی شەبی یەلدا ، مەدەد یا شاهی گەیلانی(٤)
عەنادیل بۆ گوڵی ڕووتە ، لەگەڵ گریەو فوغان جووتە
دڵیش بۆت مات‌و مەبهووتە ، مەدەد یا شاهی گەیلانی(٥)
( ویصالی ) بۆ ویصالی تۆ . دەکا وەصفی کەماڵی تۆ
چرای دینە جەماڵی تۆ ، مەدەد یا شاهی گەیلانی

---

(٤) تویی :ـ وشەیەکی فارسی‌یە واتە تۆی .
شەب :ـ شەو .
یەلدا :ـ تاریک .

(٥) عەنادیل :ـ کۆی ( عندلیب )ی عەرەبی‌یە ، واتە بولبولەکان .

- ٦٥ -

یا رسول الله به قوربانی قەدت بێ جیسمو جان

پرتەوی ڕوخساری پاکت ، شوعلە بەخشایی جیهان

سەروی بوستانی ئیرەم ، خوارە لەگەڵ باڵایی تۆ

ڕیشکی باغی ڕوویی تۆیە ، دەم بە دەم ڕەوضەی جینان

ذەڕڕەیەکی قەدری تۆیە ڕەفعەتی عەرشی عەظیم

بەهرەیابی نووری تۆیە میهری ئەرضو ئاسمان

گەر بە میزانی تەقابول بێتو سەنجیدە بکەی

وەک حەشیشێکە لەگەڵ تۆ قەدری عالەم بێگومان

سەرورەرا تۆی باعیثی ئیجادی عالەم ( لا جرم )

هەر ئەتۆی مەحبووبی قەلبو ذاتی حەیی لامەکان

قیبلەیی ئوممێدی عالەم تاجی فەرقی ئەنبیا

شەهسواری [ ليلة الاسرى ] ئەتۆی فەخری زەمان

مەعدەنی صیدقو صەفا ، ئەی مەنبەعو عەینی وەفا

ڕافیعی جەورو جەفا ، گوڵبەنی بوستانی جان

مەخزەنی عیلمو حەیائو کوهی غوفرانی خودا

صاحێبی صیدقو عەدالەت ڕەهنومایی گومڕەهان

من لە هاموونی ضەلاڵەت گومڕەهم بورهانی دین

مولتەفیت بە شاهی عالەم پێم نیشاندە ڕێی ئەمان

من موقیمی ئاستانم بۆ گوڵی ئەندامی تۆ

بمەرێ عەطری هیدایەت باعیثی بۆیی گوڵان

من غەریقی چاهی فیسقم تۆی عەزیزی میصری دین

من نەخۆشی دەردی عەشقم تۆی طەبیبی حاڵزان
غیرەتی چۆگانی خۆت بیکە بە تەعویذی ملم
نەک لە ناکاو بیفڕێنێ دوشمنم شاتی ئیمان
گەر ئەتۆ مەیلت بێ نابم لە جەننەت بێ نصیب
ڕەهنوماییم کە بە فەضڵی خۆت بە فیردەوسی جینان
دڵ برینداره بە تیری حەسرەت‌و دەرد‌و ئەلەم
کەی دەبێ دەرمانی کەی ئەی دافیعی دەرد‌و غەمان
پادشاهی مولکی دین ، سوڵطانی تەختی کیبریا
مولتەفیت بە بۆ ڕەعییەت وەقتی ذیللەت ئەلئەمان
یا رسول الله دەخیلت بم بۆ وەقتی قەبضی ڕۆح
عەسکەری لوطفت موهەییاکە لە بۆ دەفعی غەمان
یا رسول الله لە دەرگاهت فەقیرێکم ذەلیل
مەمکە بێ بەهرە لە ڕەحمت ، پادشاهی ئینس‌و جان
یا ( نەبی )تۆ خۆت دەزانی دوشمنی شەیطان‌و نەفس
هەردوو دائیم حاضرن بۆ غارەتی دین‌و ئیمان
گەر نەبی حاضر بە یەک لەحظە دەکەن تالانی دین
چۆن دەبێ فاریغ ببێ لە منی فەقیری بێ زوبان
یا رسول الله ئەوا کەوتوومە ژێر باری گوناه
دەستگیریم کە، کە هەستم ، دەستگیری موئمینان
بێ لە هاوارم غیوری دین بۆ وەقتی سائیلان
تا بڵێم [ الله ] یەکێکە ، بێ شەریک‌و بێ مەکان
ئەو دەمە مردوو بە ڕووتی دێنە مەیدانی حضوور
دەستی من دامانی تۆ ، نەمکەی ذەلیلی طاغیان
هەر ئەتۆی ناظیر لە بۆ ئوممەت لەژێر سایەی خودا

غیرەتت ظاهیر بکە ڕۆحم فیدات بۆ موذنیبان
مەلجەئو مەئوا نی‌یە لەو وەقتەدا غەیری ئەتۆ
مەرحەمەت فەرموو لە بۆ من ئەی شەفیعی عاصیان
گەر مەدەدکاریم نەکەی قوربان لە دیوانی جەزا
بێ وەسیلە دادەمێنم میثلی بزنی بێ شەبان
یا رسول اللە ( ویصالی ) بەندەیەکی ڕووسیا
پێی نی‌یە توێشەی قیامەت غەیری گریان‌و فوغان

ئەسیری چەرخی دەورانم ، غەریبم سا خودا ڕەحمێک
ذەلیلی مولکی بەڵخوانم ، غەریبم سا خودا ڕەحمێک
ئەگەر چی دەشتەکەی بەڵخوان هەموو باغاتە لەکن من
بە بێ گوڵ ماتو حەیرانم ، غەریبم سا خودا ڕەحمێک
ستارەی بەختی من جانا یەقین کەوتووەتە تاریکیی
کە ئێستا جوغدی بەڵخوانم ، غەریبم سا خودا ڕەحمێک
ئەوەند داماوو گریاوم ، سەراپا غەرقی خوێناوم
نەماوە نووری چاوانم ، غەریبم سا خودا ڕەحمێک
پەشێوی عەشقی یارانم ، میثالی شێخی صەنعانم
ڕەفیقی وەحشو طەیرانم ، غەریبم سا خودا ڕەحمێک
سەحابی پەردەیی هیجران ، لە من پۆشی ڕوخی جانان
بە بێ ڕووی ماهی تابانم ، غەریبم سا خودا ڕەحمێک
بەدەن وەک قەقنەس لێ‌هاتوو ، خانوویی صەبرەکەم سووتا
ضەروری وەصڵی خووبانم ، غەریبم سا خودا ڕەحمێک
بەیادی صەرصەری هیجران ، منی میحنەت‌زەدەی هیجرەت
نەما شەمعی شەبستانم ، غەریبم سا خودا ڕەحمێک
عەجەب مەستوورو بیمارم ، لە بەڵخوانا بەبێ هەمدەم
بە دڵ موحتاجی لوقمانم . غەریبم سا خودا ڕەحمێک
عیلاجم زەحمەتە بکرێ ، نەجاتم بێ لە تەنهایی
خودا تۆی دەردی دەرمانم ، غەریبم سا خودا ڕەحمێک
بە بێ‌کەس لێرە دانیشتووم ، هەتیو ئاسا هەموو وەقتێ

لەبەر دەرکو لە ئەیوانم ، غەریبم سا خودا ڕەحمێک
خودا کوا ڕاحەتی جانم ؟ ، لە بۆ کوێ ڕۆیی نازانم
هەموو دەم زارو گریانم ، غەریبم سا خودا ڕەحمێک
بە تەنها من لە بەلخوانا خەریکی شوغڵی جانانم
خۆراکی مێشە ڕشکانم ، غەریبم سا خودا ڕەحمێک
بەبێ دیداری هەمزەئاغا نەماوە عەیشو ئەحواڵم
هەمیشە هەر لە کێوانم ، غەریبم سا خودا ڕەحمێک
لە چنگی دێوی فیرقەتدا ، لە چنگ شاهێنی میحنەتدا
شکستو خوارو بوریانم ، غەریبم سا خودا ڕەحمێک
لەگەڵ دەردو پەرێشانی ، وەکو یەعقووبی کەنعانی
موقیمی کونجی ئەحزانم ، غەریبم سا خودا ڕەحمێک
لە نێو وادی غەمی دووری ، لەنێو هاموونی مەهجووری
سەراسیمەو پەرێشانم ، غەریبم سا خودا ڕەحمێک
لە کێوی بێستوونی غەم ، لەدەس چوو ڕۆحی شیرینم
قەتیلی زاڵی حیرمانم ، غەریبم سا خودا ڕەحمێک
ئیلاهی قەریەکەی بەلخوان بە زوودی خۆشو ئاواکە
بەبێ هەمدەم بە ئەفغانم ، غەریبم سا خودا ڕەحمێک
خوداوەندا غەضەب بگری لە ئینگلیزو لە ئیگلیزی
کە هەردوو بوونە شەیطانم ، غەریبم سا خودا ڕەحمێک(١)
میثالی نەفسو شەیطانن ، کە هەردوو ڕەهزەنی دینن
لە هەردو هارو عصیانم ، غەریبم سا خودا ڕەحمێک(٢)

(١) ئینگلیز :ـ ئەوانەی ئینگلیزن .
ئیگلیزی :ـ ئەو کەسانەی داروەدەستەی ئینگلیز بوون .
(٢) ڕەهزەن :ـ ڕێگر ، جەردە .

ئەگەرچی ڕووڕەش‌و عاصیم ، خودا تۆبە پەشیمانم
ئەگەر چی شێتو نادانم ، غەریبم سا خودا ڕەحمێک
دڵا تۆ تەرکی دونیا کە ، دەمێ یادی [ بیارا ] کە
ئەوە ئومێدی غوفرانم ، غەریبم سا خودا ڕەحمێک(٣)
( ویصالی ) مژدە بێ یاران ، نزیکە بێتەوە بەڵخوان
شوکر دڵشادی قورئانم ، غەریبم سا خودا ڕەحمێک

---

(٣) بیارا :ـ بیارە ، لە شوێنی خۆی‌دا بە درێژی باسم لێوە کردووە ٠

موحەققەق بوو لە عالەمدا وەرن یاران بە مەردانە
شەهی عەبدولکەریم نائیب مەنابی پیری گەیلانە
دڵی عالەم مونەووەر بوو بە دەنگی کۆسی ئیرشادی
ئیلاهی بەر قەراری کەی لە بۆ ئەم گشت مریدانە
( بحمد الله ) طەریقەی قادری ئەمڕۆ بە لوطفی ئەو
بووە ئەحیا بە یەک دەفعە موقابیل ڕەسمی جارانە
عەجائیب مورشیدی چاکە ، لە ئەفکاری بەدی پاکە
لە قسەی خەڵقی بێباکە ، غەریقی بەحری عیرفانە
بە خووبی یوسفی ثانی . بە هیممەت قوطبی ڕەببانی
لەلای جەهرو نیهانی وەکو یەک هەر نومایانە
سەخاوەت حاتەمی طائی ، شوجاعەت خالیدی غازی
بە حیکمەت ئیبنو سینایی ، فەصاحەت شوبهی سەحبانە(١)
لە صیدقا میثلی صددیقە ، لە عەدلا ئیبنی خەططابە
لە عیلما شێری کەڕڕارە ، لە حیلما شوبهی عوثمانە
عوموومەن پیری ئەم وەقتە لە ئیرشادی پەرێشانن
کە عالەم وا بە یەک دەفعە بوون مەجذووبو دێوانە
کەسێ مەعلوولە ئەمڕۆ کە بچێتە ژێر کەمەندی ئەو
کە لوطفی ئەو لەبۆ دەردی گونەه دەرمانی لوقمانە
بریقەی بەرقی ئیرشادی هەڵی گیرسان سیراجەددین

(١) خالیدی غازی :ـ مەبەستی خالیدی کوڕی وەلیدە ·
سەحبان :ـ زمان پاراوێکی ناوداری عەرەب بووە ·

به تەئثیری حەدیثی ئەو هەموو عالەم موسڵمانە

لە دونیا مورشیدی کامیل ئەوە بۆ حەللی هەر موشکیل

ئەوە لوقمانی دەردی دڵ گوڵی قیردەوسی ڕیضوانە

عەصای لوطفی دەکا شەققی یەمی عوصیان لەبۆ خەڵقی

خۆتان ڕاهی کەن ئەی عالەم لە نێو ئەم بەحری نسیانە

چ حاجەت تۆ بەیانی کەی ویصالی فەضڵی ئەو شێخە

دیارە کەشفی ئەو پیرە وەکو خورشیدی تابانە

# بەشی پێنجخشتەکی

بلاشی شیخ حشتەی کاکەکان

وەکو لە پێشەکی ئەم دیوانەدا لەوە دوام کە ویصالی کەوتۆتە ژێر کارتێکردنی شاعیرە کۆنەکانمانەوە ، بە تایبەتی کوردی ، نالی ، مەحوی ، تایەربەگی جاف ، زێوەر ، وە ئەم دیاردەیە بە ئاشکرا لە شیعرەکانیا دیارە ، تەنانەت لە ڕووی کێش و سەرواو ناوەرۆکیشەوە ئەم کارەش زۆر شتێکی سروشتی و ئاسایی یە ، چونکە ویصالی لەسەر خوانی ئەوان چەشەی شیعری و داهێنانی ئەدەبی پەرەی سەندووەو هاوبەشی خوانەکەیانی کردووە ، بەبێ ئەو خوانە بەژیاوەو ئارامی نەگرتووە ، خۆی بە سەرکەوتوو نەزانیوە ، وە لە جارو خەرمەنی ئەواندا گوڵی چنیوەو خەریکی خاکەڕۆ بووە ، ئەمەش زیاتر ڕەونەقی داوە بە شیعرەکانی ، پلەو پایەیەکی تریان پێ بەخشیوە ، بۆیە شاعیر شیعری گەلێ لەو شاعیرانەی تەخمیس کردووە ، تەنانەت هەندێ لەو شاعیرانەی کە کەم ناسراون و شیعریشیان کەم و پەرت و بڵاوە ، دیسانەوە ویصالی شیعری تەخمیس کردوون کە لە شوێنی خۆیدا ئیشارەتم بۆ کردووە ..

- ٦٨ -

## تەخمیسی ( ویصالی ) لەسەر کەلامی ( زێوەر )[1]

ئەی یاری نازەنینم وەی سەرووی گولستانم
ڕەحمێ بکە بە حالم ، تۆی نووری چاوەکانم
شەیدایی زولفی خاوی تورکی برۆو کەمانم
بەسراوی ڕاوی چاوی شوخێکی نەوجەوانم
گیراوی حەلقەداوی صەییادی عاشقانم

چارۆکە سپی دووبادە ، لا لەم تۆرانە لادە
بەس عومری من بە بادە ، بمشێلە حاجی زادە

★ ★ ★

بڕوانە حالی زارم ، ئەی یاری سەیرو گەشتم
بە باری دووری لێوت هەمتایی قەوسە کوشتم

........................................

(١) زێوەر :ـ ناوی ( عەبدوڵڵای کوڕی محەممەدی کوڕی مەلا ڕەسووڵە ) ، لە ساڵی١٨٧٥ز لە شاری سولەیمانی هاتۆتە دنیاوەو لە ١٠ـ١١ـ١٩٤٨ هەر لە سولەیمانی کۆچی دوایی کردووەو لە گردی سەیوان بە خاک سپێرراوە ، بۆ یەکەم جار بەشێک لە دیوانەکەی لە لایەن کتێبخانەی کەلاوێژەوە لە ١٩٥٧دا بڵاو کراوەتەوە ، شایەنی باسە بۆ جاری دووەم تەواوی دیوانەکەی لەلایەن ساغکەرەوەی ئەم دیوانەوە ئامادەی چاپ کراوەو مامۆستا محمدی مەلا کەریم بەسەریا ئەچێتەوەو بووە بە پرۆژەیەکی دوو قۆڵی هەردوولا .

گاهێ مەکینی مەسجید ، گاهێ لە نێو کەنشتم(٢)
زەلیلی لەیلی بێ مەیل ، مەجنوونی کوهو دەشتم
بێ یارو کاروبارم ، ڕەفیقی وەحشیانم
چارۆکە سپی هەوری لار ، گەردن بەرزی قەد چنار
کوڵمت بێنە ماچی کەم ، بۆ دەفعی دەردو ئازار

★ ★ ★

نەفرینە لەم گوڵینەو مانەندی ئاهوویی سڵ
ناڵینە کەسبو کارم وەك عەندەلیبی سەرچڵ
سووتاوە مورغی ڕۆحم بە نازی شەمعی دوو گوڵ
تکا ، شکا بە جارێ ، شەرابو شیشەیی دڵ
ئەسراری مەخفیاتم ، کەوتۆتە سەر زوبانم
کراس کەتانی چینی ، قابیل بە هەڵپەرینی
وەك شەمعی مەجلیس ئارا شیرینو نازەنینی

★ ★ ★

مەنوارە هاوهووی من ، بنوارە سفتو سۆی من
مەنوارە وایوۆی من ، بنوارە ڕەسمو خۆی من
بە ماچی لەعلی لێوت ، بمرێنە گفتو گۆی من
مەنوارە جستو جۆی من ، بنوارە گفتو گۆی من
شیرینە قیلو قالم ، مەدداحی دولبەرانم
ئەی شاهیدی دڵ ئارام ، نەرمۆڵەو ناسك ئەندام

---

(٢) کەنشت :ــ کەنیسە .

بێ شەوقی شەمعی ڕووی تۆ ، یەک لەحظە نیمە ئارام

★ ★ ★

مەشغووڵی دەنگی [ تارو میزمارو سازو چەنگم ](٢)
مەخمووری جامی لێوی موغ بەچەیی فەرەنگم
کوژراوی تیغی ئەبرۆو موژگانی وەک خەدەنگم
من پەستی دەستی شەستی چاو مەستی دیدە شەنگم
موحتاجی باجی ماچی ڕوومەت گوڵی جنیانم

ئەی نەونیهالی چینی ، مانەندی عینی
لە باغی ئارەزوودا وەک شاهی خۆش نشینی
ئەو حۆرە بیکرە تازە ، سوڵطانی تەختی نازە(٣)
تاراجی عەقڵ و دینە ، بێ ڕەحم و بێ نیازە(٤)
شاهێنی چاوی تیژی بۆ حەملە شوبهی بازە(٥)
هەمیشە حیلەبازە ، جارجارە دڵنەوازە
گاهێ لەسەر زەمینم ، گاهێ لە ئاسمانم

ئەی لوعبەتی یەمانی ، غوڵامی تۆم ئەزانی
دەستم لەمل کە جارێ ، تۆ یارەکەی خۆمانی

★ ★ ★

---

(٢) وشەی ناو کەوانەکان ناوی ئامێری مۆسیقان •
(٣) بیکر :ـ کچ ، ئافرەتێ شووی نەکردبێ •
(٤) تاراج :ـ تاڵان •
(٥) حەملە :ـ هەڵمەت •
شوبهی :ـ وەکو •

نەخۆش‌و مەستم ئەی یار ، هاتووم لە بۆ زیارەت
کەچ نابێ کەعبە جارێ ، بێژی بە من کەفارەت
دەرمانی دەردی دڵ کە تا کەی جەفاو مەرارەت
دڵ بۆتە ( بۆتە ) بۆ تۆ ، پڕ نارو پڕ حەرارەت(٦)
فەوتاوە دڵ ئەوێستا خەریکی حیفظی جانم
سەرپۆش کەتانی بانە ، هەرچەند کە چاوت حوانە
لوطفت ببێ کە جارێ ، ئەحوالی منی بزانە

---

(٦) بۆتە :ـ بۆتەی یەکەم واتە :ـ بووە بە ، بۆتەی دووەم ئەو کاسەیەی
کەرم ئەکرێ‌و ئالتوونی تیا ئەتوێنرێتەوە ٠

- ٦٩ -

ئەی دولبەری جینانی ، غەمخوارو میهرەبانی
مەحجووبی قامەتی تۆن ، هەموو سەرووی ڕەوانی
فەرهادو خوسرەوت کوشت بە یەک غەمزە نیهانی
چونکە تەصویری کێشای . نەققاشی ئاسمانی
لە حوسنی نەقشی نەبرۆت ، حەیرانو ماتەمانی

برۆ تاقو مەمک جوت ، شەووڕۆژ کەوتوومە دووت
فیدایی نازی چاوت عێراقو شامو بێرووت

★ ★ ★

ئەی لێو نەباتی میصری ، ددان برنجی صەدری(١)
ئەختەر میثالە چاوت ، بە ڕوو مانەندی بەدری
بۆ جەژنی پۆری عوششاق ، هەروەک شەهێنو صەقری
بە ماری تاری زوڵفت ، ڕێی ماچی عاشق ئەگری
نەختێ عەدالەتت بێ ، بەسیە گەر موسڵمانی

پشتێن شلی سابلاغی ، مەمکت سێوی مەراغی
هەرچەند کە سینە باغی ، بوچ وا لە من بە داغی

★ ★ ★

دڵ باری کرد بە جارێ ، لە عەشقی نازدارێ
تازە ئیسراحەت نەما ، بۆ من لە هیچ دیارێ(٢)

(١) نەباتیمیصری :ـ مادەیەکی ڕەنگ شووشەیە وەک کلۆ شەکری ورد وایە ، بۆ نەخۆشی بەکار ئەهێنرێ .
(٢) دیارێ :ـ نیشتمانێ ، ولاتێ .

شەو تا سەحەر ئەنالم بۆ عەتری غونچەزارێ
مەعلووم نی‌یە بمێنم ، سبحەی تاکو ئێوارێ
ویصالی تازە نەیما تەمەننایی ژیانی

مەلیحاخانو شوکری ، ئەگرین لە تاوی فەخری
کوێر بم بۆ چاوی صەبری ، بۆ بەدری‌خانە ئەگری

★ ★ ★

مەڕوانە گەر ویصالی نابووتو ڕووتو قووتە
ویردی زمانی دائیم تەعریفی حوسنی ڕووتە
لەگەڵ ئەبرۆیی تاقت ، ئاهی دەروونی جووتە(٣)
( زێوەر ) غلامی خۆتە ، ئەم جۆرە حەیفە خووتە
مەمنوونە گەر بفەرمووی تۆی عەبدی ئاستانم

دەسماڵ شێلەی پێنجوێنی ، بۆچی خۆت نانوێنی
مردم بۆ چاوی کاڵت ، بۆ جارێ نامدوێنی ؟

★ ★ ★

ئەی ئاسکی خۆش خەرام ، کەلامت شەکرو بادام
بە دەوری چەرخی چاوت ، هەودای وجوودت بادام(٤)

---

(٣) تاقت :ــ وەکو تاق دروستکراوە ٠
(٤) هەودا :ــ دەزوو ٠ تاڵ ، هەر تاڵێک بێت ٠

- ٧٠ -

## پێنج خشتەکی لەسەر شیعری « وەفایی »

وەک ڕەحمەتی بۆ عام ، شوکر ناوت ئەمینە(١)
بۆ دەردی دڵان لەعلی لەبت مائی مەعینە
ئەقطاری مەدینەت وەکو فیردەوسی بەرینە
ڕۆحم بە فیدات ئەی گوڵی گوڵزاری بەدینە
لوطفت ببێ ، ڕوو وا بکە ، مەقصوودی مەدینە
پەروانەی ڕووی تۆ بە دڵی جیننیو ئینسان
بۆ تۆیە کە چاوم دەڕژێنێ دوڕو مەرجان
هیجرانی وەکو زەهرو ویصالت وەکو لوقمان
دەرمان مەکە ماتووین حەکیمی هەموو دەردان
دەرمان بکە ، جەرگم کە هەموو کونە برینە
عالەم هەموو سەرگەشتەیە بۆ لەیلو نەهارت
دڵ مەستە بە بۆنی سونبولی تارت
هەرچەندە کە دوورم لە گوڵستانی دیارت
عومرێکە دەناڵم بە ئومێدی گوڵی زارت

---

(١) وەفایی :ـ ناوی عەبدوڕڕەحیمەو کوڕی مەلا غەفووری مەلا نەسروڵلایە ، لە ساڵی ١٨٤٤ لە سابلاغ لە دایک بووە ، لە ساڵی ١٨٩٩ لە ( ئوحد ) لە سعوودیەی ئێستا مردووە شاعیرێکی بەرزە ، تا ئێستا چەند جارێک دیوانەکەی چاپ کراوە ، لە ساڵی ١٩٧٨ کاک محمد عەلی قەرەداغی دیوانەکەی ساغ کردۆتەوەو کۆڕی زانیاری کوردی چاپی کردووە .

جارێکی بفەرموو کە چ هاوارە، چ شینە
هاواری ..... موژەی‌تۆیە .......(٢)
فانی ئەبێ هەر کەسێ کە ئەبینێ خەم ئەبوو
باکم نی‌یە گەر دەوڵەتی دنیام لە دەس چوو
فەرضەن هەموو دنیای منو عومری خضرم بوو
بێ جەننەتی ڕووی تۆ ، چ حەیاتێکە چ ژینە
بۆ کوشتنی دڵ ، سەیفی دوو ئەبرۆڵی لە ساودا
دڵی عاشقی بێ چارەیی مەظلوومە لە داودا
سرێکە کە هەر بەحثی جوانیتە لە ناودا
ئیحسانی گڵی خاکی دەری پاکە لە چاودا
بۆیە کە فەلەک تا هەیە چاوی لە زەمینە
ڕەحمێ بکە ئەی شاڕلەگەڵ دەربەدەری خۆت
باسی بکە جارێ بە لەبی گوڵشەکەری خۆت
ئیذنی دە کە بێت جارێ لە بۆ ڕەهگوزەری خۆت
ڕۆشن بکە چاوی بە گڵی خاکی دەری خۆت
بۆ غەیرە کە فەرشی قەدەمت عەرشی بەرینە
هەر کەسێ چوو ( ویصالی ) کە نەبا باری مەلامەت
حاصل نیە بۆ ئەو کەسە قەط گەنجی کەرامەت
گەر جارێ ببینم بە عەیانی ماهی تەمامەت
نایدەم بە هەموو دەوڵەتی دنیاوو قیامەت
جارێ بە ( وەفایی ) گەر بڵێی کەلبی ئەمینە

---

(٢) ئەم نیوە بەیتەمان بۆ ساغ نەبووەوە .

\- ٧١ -

## پێنج خشتەكی ( ویصالی ) لەسەر شیعری « تایەر بەگی جاف »(١)

\- ١ -

بڕوانە لە دووریت ڕەنگم زەردە وەكو بەی
لەم بەختی بەدو كاری ڕەقیبانە خودا وەی
تاكەی لە فیراقی تۆ بنالم بە مەثەل نەی
دەروێشن نییەم كەوتمە دوای عێلە بە حەی حەی
مەجنوون نییەم بەحرو بەڕت لەدوا بكەم طەی
ئەبرۆیی تۆ وەك تیغە عەجەب قاتلو مەغروور
نەقشی ڕوخی پاكت بە مەثەل لالەیی پڕ نوور
مەجلیس هەموو پڕ بوو لە سورشكی منی ڕەنجوور
سەرگەشتە لەبەر دەنگی دەفو نالەیی طەمبوور
ئەسكەندەرو داراوو لەگەڵ خوسرەوەكەی كەی
زاهید وەرە تو خودا بڕۆ لێرە مەڵێ كە من هەم
واعیظ بەسە لەم قسە بێ هوودە مەدە دەم
موطریب وەرە ئەم بەزمە موهەییا كە وەكو جەم
ساقی بە فیداتم وەرە بۆ دەفعی ( هەم ) و ( غەم )
لێدە لە دەفو بوربطو سازو چەقەنەی نەی

---

(١) تایەر :ـ كوڕی وەسمان پاشای جاف بـووە ، لــە ( ١٨٧٥ ـ ١٩١٧ ) ژیاوە ، لە هەڵەبجە لە دایك بوومو لە سلێمانی مردووە ، لە عەبابەیلێ بە خاك سپێرراوە ، بەشێك لە دیوانەكەی چاپ كراوە .

چون غونچەیی تەنگە دەمو لێوت وەکو شەککەر
پڕ نەشئەیە کولمت بە مەئەل بادەیی ئەحمەر
ڕەوشەن بکە ئەم مەجلیسە وەک مەجلیسی قەیصەر
ساقی تەرو مەجلیس پڕو مەعشووقە بەرابەر
لەم دەردی سەرو میحنەتو غەمخواری هەتا کەی
بڕوانە حەسوود بوونە سەگو ڕەهزەنی شووشت(٢)
تا نەچووە ، هەتا ماوە گوڵو خەرمەنی شووشت
دائیرکە لە نێو مەجلیسی عاشق تەنی شووشت(٣)
ساقی سەرەکەم بێ بە فیدای گەردنی شووشت
بەم حامە بلوورینە لە بۆم تێکە پەیا پەی
گەر لوطفی ببێ پیری موغانم هەر دەفعەیە بۆ من(٤)
موطریب لە هەموو لەهجەیە کە بێنێتە تەفەننون
ئامادە ئەبێ مەجلیس‌و مەیخانە بە گۆتن
ساقی ئەگەر ئەم عیشوەیە بێنێتە قرۆتن
موڵکی دڵو ڕۆحم کەمە بۆ قیمەتی لەنجەی
موطریب لەرقی کۆنی ڕەقیبانی وەکو سەی(٥)
پێش ئەو دەمە گەر چەرخ لە ناکاو دەبێ طەی
ئامادەکە ئەم مەجلیسە تا من بڵێم ئۆخەی

(٢) ڕەهزەن :ـ ڕێگر جەردە
(٣) تەن :ـ لەش ، بەدەن ٠
(٤) پیری موغان :ـ پیری تەریقەت ، ئەم زاراوەیە لە شیعری کـۆندا زۆر بەکار هاتووە ، موغان :ـ جاران بە پیاوی ئایینی ئەوترا ٠
(٥) سەی :ـ سەگ ٠

ساقی وەرە بۆ خاطری ئەو دینە لەسەری هەی
هەڵبگرە پیاڵە بدە پێم ، مەی بە پەیا پەی
مەخموورە ویصالی بە مەلی بێ غەشی ساقی
دڵ بوو بە محەللی غەمی چاو ڕەشی ساقی
مولکی دڵو دینم کەمە ... بەشی ساقی(٦)
خۆبێتو بکا ( طاهیر ) ئەگەر پێشکەشی ساقی
فەرقی نیە خۆ قوربان لەگەڵ حاتەمەکەی طەی

- ٢ -

ساقی وەرە مەیخانەو مەی تێکە درەنگە
لەم بەزمە تەماشاکە کە وەك بەزمی پەشەنگە(١)
ئەو ئەبرۆو موژگانە وەکو تیغو خەدەنگە(٢)
ئەی پرتەوی ڕەنگت وەکو ڕەنگی هەمە ڕەنگە
خاڵت بە مەثەل ، زولفی سیاه ، شەوەزەنگە

---

(٦) لە دەستنووسەکەدا ، ئەم وشەیەی نەنووسراوەتەوە بەم جۆرە هاتووە [ رۆخە ] ، بەڵام ئەمە واتا نابەخشێ لەبەر ئەوە لەگەڵ ئەم تێبینی‌یەدا بە بۆشی هێشتمانەوە ٠

ئەی سەروی چەمەن ، قەدو میانت بە میثلی موو
ئەی ڕووی تۆ ئەفلاکو جەبین میهرو مەه ئەبروو
تا چەند لە عوششاق دەبی نافەڕو بەدخوو
.......... ساقی مەی فەرمــــوو .
دەنگی دەفو نالەی نەیو ئاوازەیی چەنگە
گیسووی تۆ وەک عەنبەرو فیردەوسە کەنارت
گۆنای تۆ وەک مەجمەرو چون عوودە عوزارت .
دڵ مورغی پڕ ئازارە لە بۆ غونچەیی زارت
صەد نامی خودا بێ لە دوو بوستانی ئەنارت(٣)
گردو شلکو نازکو پڕ چنگو قەشەنگە
سەیری کە زەنخدانی چ شیرینە بەکاڵی(٤)
مەحجووبە لە پیش کانی دەمیو دورجی لوئالی
گردوویە دلم خەستەوو ئاشفتەیە حاڵی(٥)
لێوت کە وەکو لەعلی بەدەخشانە بە ئاڵی
ڕەنجووری مەکە بەینی دهانی غونچەیی تەنگە(٦)

(١) بەرمیپەشەنگ :ـ بەزمی پاشایەکی کۆنی ئێران بووە .

(٢) موژگان :ـ برژانگ .

خەدەنگ :ـ سەرەتیر ، سەرە ڕم .

(٣) بوستانی ئەنارت :ـ دوو مەمکەکەت .

(٤) زەنخدان :ـ چەناگە .

(٥) خەستە :ـ نەخۆش .

(٦) دهان :ـ دەم .

ئەو ڕۆژە لەگەڵ عەشقی تۆ من بوومە برادەر
غەم هاتو فەرەح ڕۆیی‌و دەروون بوو بە سەماوەر
گرتوویە شەهی حوسنی تۆ ئەم مولکە سەراسەر
طابووری موژانت لەگەڵ ئەگریجە بەرابەر
وێستاوە دەڵێی عەسکەری ژاپۆنو فەرەنگە

خورشیدی ڕوخت زینەتی دنیایە وەلیکن
سینەت بە مەثەل ڕەوضەیی گوڵهایە وەلیکن
ئەقداحی لەبت شیشەیی صەهبایە وەلیکن(٧)
چاوت بە مەثەل ئافەتی دڵهایە وەلیکن
بۆچ وایە کە ئەبرۆیی کەچت مەیلی بە جەنگە

بۆ لەعلی لەبی تۆ بوو ، کە وامیق بوو پەرێشان
نەک هەر منی بێچارە کە بووم والەوو حەیران
یەک دەفعە تەماشا کە تۆ ئەی شاهیدی کەنعان(٨)
جیسمو دڵەکەم خەستەوو خوێنینە بە قوربان
کوژراوی موژەی تۆیە نەکوژراوی خەدەنگە(٩)
ڕەحمێ بکە ئەی گوڵ بە دڵی بولبولی ناشاد
کاشانەیی حەزانی غەریبان بکە ئاباد
بڕوانە کە خەرمانی ئومێدم بووە بەرباد
غەلطانی ( دەم )ی حەسرەتی عەشقم وەکو فەرهاد )

---

(٧) شیشەی صەهبا :ـ شووشەی شەراب ۰

(٤) شاهیدی کەنعان :ـ حەزرەتی یوسف ۰

(٥) موژە :ـ برژانگ ۰

کێوە بەدەن‌و سینەیی‌و سەرپەنجەی قوڵنگە

مەجنوون‌و سەراسیمەو ئوفتادەوو بێ‌ڕێم
بەو وەعدە کە ئەو دایی‌و وتی بمرە ئەمن دێم
زینهار ، کە ئەو یارە دڵ‌ئازوردە بووە لێم
دووچارە بە جەنگ طالیبە ، من مایلی صوڵحم
گەر صوڵحە وەگەر جەنگە دەسا فەرموو درەنگە

سادق صادق صادق صادق پێنجخشتە ١٥ بند

- ٧٢ -

## پێنجخشتەکی ویصالی لەسەر شیعری « صادق »

لە یەکێک لە دەستنووسەکاندا کە تەنها پێنج خشتەکی تێدا ڕۆنووس کرابوو وە بە دەسخەتی شاعیر خۆی ، پارچە غەزەلێکـــی بـەرزو نایابمـان بەرچاو کەوت کە لە ڕاستیدا یەکێکە لە غەزەلە تەڕو پاراوەکانی مامۆستای قەرەداغی ، ئەو غەزەلەش پێنجخشتەکیەک بوو لەسەر شیعری « صادق » ناوێک ، لە ڕاستیدا دەربارەی ئەم شاعیرە هیچ زانیاریەکـی ئەوتۆم چنگ نەکەوت ، بەڵام بەو هۆیەوە کە ئەم شیعرە بـــەرزەی دانـــاوە ، وا دیـارە شاعیرێکی بە دەسەڵات بووەو شیعریشی هەیە ، بەڵام زەمانەو بێ موبالاتیو بڵاونەکردنەوەیان خستوونیەتە چاڵی فەوتاندنو لەنـــاوچوونـــەوە ، وا ئێمەیش تەواوی پێنجخشتەکیەکە ئەخەینە بەرچاو ..

خورشیدی ڕوخت جانا مەعلوومو هووەیدا کە(١)<br>
ئەم عالەمە وەک مەجنوون دێوانەیی صەحرا کە<br>
صەد مووسایی عیمرانی مەخموورروو تەجەللا کە<br>
ئەگریجەیی میقراضت پەخشانو موهییا کە<br>
پەڕگوڵ بکە پۆشینت ، گێلگێلە بە سەردا کە<br>
ئەنواری مەهو خورشید ، عەکسی ڕۆخو سیماتە<br>
شمشادی بەهەشتی ، هەم بەندەی قەدو باڵاتە

---

(١) خورشید :ـ ڕۆژ .<br>
ڕوخ :ـ ڕوو .<br>
جانا :ـ گیانە .<br>
هووەیداکە :ـ بڵاوبکەرەوە .

چەشمیەی دڵم داعی جلمی لەبی صەهباتە(٢)
هەوری ڕەشی لێ لادە لەو گەردنی میناتە(٣)
نارنجی مەمت چەسپی نێو سوخمەیی خارا کە(٤)

دەر باغچەیی سینەت تەحقیقە نیە کەسرێ(٥)
کەچ نابێ یەقین کەعبەی دڵ بارێ ئیزن بدرێ(٦)
تا گورگی ڕەقیبو هەم شەیطانی عەدو بمرێ
بەرمووری دەرت بابێ قوببەی کەمەرت بگرێ
دەسوانەو و خڕخاڵت یەک دەفعە بە دەس‌دا کە

گەردی ڕەهی ئەقدامت تاجی سەری سولطانە(٧)
سەربەرزی‌یە لوطفی تۆ بۆ عاشقی دێوانە
تۆ پادشاهو عالەم یەکبارە نیگەهبانە(٨)
فەرموو سەری ئەو بانە ، دەستت لە کەمەر دانە
هەر وەک منی دێوانە ئەم عالەمە شەیدا کە

---

(٢) صەهبا :ـ شەراب .
(٣) مینا :ـ شووشە .
(٤) خارا :ـ جۆرە خامەکێکە ڕەنگێکی تایبەتی هەیە کە پێی ئەڵێن شەبەنگەبەرۆژ ، دووبارە خۆی قوماشێکی تایبەتی‌یە لە ئەتلەس ئەچێ .
(٥) دەر :ـ لە .
(٦) بارێ :ـ جارێ
(٧) گەرد :ـ تۆز ، خۆڵ
ڕەه :ـ ڕێگە .
(٨) نیگەهبان :ـ پاساوڵ ، واتای تریشی هەیە .

رشکی هەموو حورانە مینایی سیمین ساقت
دونیایی ڕوخی خوبی نوورینە بە ئەشواقت
بازاڕی شەکەر ئەمڕۆ شیرینە بە ئەخلاقت
هاتوونەتە سەر سەیری بالا ، صەفی عوششاقت
هەنگامەیی غەوغایە ئەو بەزمە تەماشا کە

ئەسکەندەری دڵها بێ دەر چاهی زەنخدانت
مەحبووس و پەرێشانن بۆ چەشمەی حەیوانت(٩)
صەد شاهدی کەنعانی کەوتوونەتە زیندانت
هاتوومەتە مەیدانت ڕۆحم کەمە قوربانت
بەو عەسکەری موژگانت فەرمان بدە هیلاکە(١٠)

مەدداحی گوڵی ڕووتم ، وەک بولبولی گوڵزارم
ڕەحمێ بکە بەم بەندە تو خودا بەسە ئازارم
ئاشفتەیی زوڵفی تۆم شێواو و بریندارم
ڕەنگین بکە پەنجەت بە خوێناوی دڵی زارم
صبحەی کە قیامەت دێ شاهید نیە حاشا کە

لەم ساحەتی عوششاقە بۆچی کاس و ڕەوتی ؟
لەم مەجلیسی ڕەندانە بۆچی خوێری و دەم چەوتی ؟

(٩) چاه :ـ چاڵ ۰
زەنخدان :ـ چەناگە ۰
چەشمەی حەیوان :ـ سەرچاوەی ئاوی ژیان کە ئەڵێن ئەسکەندەر بە شوێنیا گەڕا تا بیدۆزێتەوە ۰
(١٠) موژگان :ـ برژانگ ۰

هێند تاڵی وەکو حەنظەڵ ، بێ عەیبی دەڵێی جەوتی(١١)
صۆفی چیە ملچەوتی ، قەد قامەتی مزگەوتی
هەستە بڕۆ سەر سەیری قەد قامەتی ڕەعنا کە(١٢)

من کۆتەو و بێچارە ، ئەو سەروە دلی بردم
بێسوودە دەڵێ قسەت ، چی دیکە مەکە عەرزم
بێ مایەو و نابووتم ، مەبهووتی غەم‌و قەرزم
من شێتی پەڕی تەرزم ، ئەو دێتو دەدا وەعزم(١٣)
کاکە وەزە دەسکەنەی ڕیشی فشی مەلا کە

تەصریفی پینای حوسنت تەکمیلی بە تەحویلە
مەفهوومی کەلاماتت شایستە بە تەبجیلە
تەهذیبی خەطی لێوت تەشریحی بە تەفصیلە
موختەصەر ئەگریجەیی ئەو زولفە موطەوویلە
هەر شەو بە چرای کوڵمت تەحقیق‌و موطالا کە

مانەندی دەمی تەنگی گوڵخونچە نی‌یە حاشا
تەرویجی بە دوڕ داوە دندانی لەیلا

---

(١١) حەنظەڵ :ــ گوژالک ٠
(١٢) ڕەعنا :ــ بەرزوجوان ٠
(١٣) پەری تەرز :ــ پەری شێوە ، وەک پەری ٠

موشکینه بە زولفەینی چون خاکی خوتەن صەحرا(١٤)
هەوری ڕەشی ڕووی مانگی پۆشیوە کەچی دونیا
وا ڕوونە دەڵێی ئێستا هەر مانگە شەوی پاکە

فەرهاد صیفەت کەوتووم سەرگەشتەو غەمگین دڵ
لەم وادی‌یە سەرسامم تەنخەستەو خوێنین دڵ
نزدیکە ببێ ئاخر غەرقی غەم ئەسرین دڵ
هاو وەحشە لە هیجرانی ڕەعنا گوڵ ، سەنگین دڵ
جان بێ طەلەبم ساقی ، ماتەڵ مەبە ، ئازا کە

ئەو ڕوومەتە گوڵزارە ، زینەتی دە گوڵزارە
پڕ نارو بەیە سینەت وەک جەننەتی غەففارە(١٥)
ئەی ساقی لەبالەب کە ، ئەو بادەیی گوڵزارە
لەو چایی‌یە ڕەنگدارە ، وەك لەعلی لەبی یارە
فنجانی بلوورینت ، لەبڕێزو موهەییا کە(١٦)

موطریب وەرە مەیخانە بۆم لێدە لە چنگ‌و نەی
وەك مورغی غەزەلخوانم ، هەر لەحظە لە بۆ غونچەی

---

(١٤) موشکین :ــ بۆنی خۆش ، بۆنێکی خۆشە لە ناوکی ئاسکی خوتەن دەرئەهێنرێ ٠
خوتەن :ــ ناوچەیەکە ئاسکی زۆرە کە بۆنی میسکیان لە ناوکایە ٠
(١٥) نار :ــ هەنار ٠
بەیە :ــ بەهێ‌یە ٠
(١٦) لەبڕێز :ــ پڕبێ ، لەسەری بڕژێ ٠

مەخمووری لەبو جامم ، ئازا کە هەتا سا دەی
بۆم تێکە پەیەندەر پەی ، هەتاکو دەڵێم ئۆخەی
جەرگم کە کونە وەک نەی ، بەو شەربەتە ئەحیا کە

مەنوارە لە ڕوخسارم گەر زەردو پەشێواوە
بنوارە لە گوفتارم وەک قەندی سپی خاوە
ڕەحمێ بە ( ویصالی ) کە ، مەفتووتی برۆ و چاوە
تا بەندی جگەر ماوە ، یەک دەفعە نەسووتاوە
هەر دەم غەزەلی ( صادق ) بۆ دولبەرت ئینشا کە

★ ★ ★

- ٧٣ -

فانی ، واتە مەمەند ئاغای نازناو بە فانی(١) ، یەکێک لـەو پیـاوە ناودارانەی کە خزمەتێکی گەورەی بە گەلی کوردو ئەدەبیاتی کوردی کردووە ، ئەمەش بەو هۆیەوە کە ئەم پیاوە گوێی نەداوە بە پەرژەوەندی تایبەتـیو کەسایەتی خۆی بەڵکو بولبولێکی خۆش نەواو ئاواز بوو کە هەمیشە عاشقی گەلو نیشتمانەکەی بووە ، هەردەم بۆی ئەخوێندو گۆرانی بۆ ئەوت ، حەزی ئەکرد گەلو نیشتمانەکەی بەرەو پێشەوە بڕواو بە ئاکامی دڵی شاد بێت ، فانی لەگەڵ ئەوەدا کە لە بنەماڵەیەکی دەستڕۆیشتوو بووە بەڵام هەرگیـز گەلو وڵاتی لەبیر نەچۆتەوە ... بۆیەکە ویصالیش پارچـە شیعرێکـی تەخمیس کردووەو ئەڵێت :ـ

دووکەڵی جەورو خیانەت ئاسمانی دینی گرت
کورد لەبەر شوومیو نەزانین شێوەیی بێدینی گرت
نەکبەتی ئێمەش بوو حەتتا دەوڵەتی بەرلینی گرت
ئاگری جەهلو نەزانین وا بەجارێ تینی گرت
وا بڵێسەی ناوقەدی خەرمانی چاکەی ژینی گرت

چونکە بۆیەکتر نەبوون کورد پاکو ڕاستو بێ خەلەل
پاکی بێ بەش بوو لە فەیضی کەسبو زانینو عەمەل
وا لە تاریکی هەموو کەوتوون گومرا کوێرو شەل

(١) سەردەمی ژیانی لە [ ١٩١٠ لە دایک بووەو لە ٤ـ١ـ١٩٧٣ لە مەرگـە مردووە ] ، لە ساڵی ١٩٧٥ کاک کەمال میراودەلی دیوانەکەی بـۆ یەکەم جار چاپ کردووە .

سەیری گێتی لە ئەزانی ڕۆژی تەقسیمی ئەزەل
کوللی میللەت جەژنی شادی گرتو کوردیش شینی گرت

میللەتی کورد زۆر فەقیرە سەیری چەند بێ دەستو پا
وا لەژێر باری گرانی غەیرەدا پشتی شکا
پشتی زامار کرد خەریکە جەرگیشی کون کون بکا
تیری تەقصیری جەفاکارانی ظالم بێ خەطا
گۆشەیی جەرگی ئەهالی عاجزو غەمگینی گرت

باعیثی دودی دەروونە ڕەش بووە شاخو وەطەن
هەر لە ترسی ظوڵمە عالەم لێم بوونەتە .... وەطەن
حەیفێ نەمزانی لە دەس چوو کوشتینی داخی وەطەن
سەددی گەورەی دەفعی دوشمن عیلمە بۆ باخی وەطەن
جا کەوابێ کوردی جاهیل باغی بێ پەرژینی گرت

تۆ کە نیتە ئەروەتو موحتاجی هەر بۆ یەک فلووس
پایەبەرزی بۆ تۆ نابێ ، مەگرە ئەسبابی جلووس
خەرتەڵئاسا دەوری لاکی تۆ ئەدەن ئینگلیزو ڕووس
ڕوو لە زانین گەر نەکەی تۆ ، پەشمە تیعدادی نفووس
بۆ دڕینی وورگی بێ کە گورگی قینی گرت

عیلمو فەن بوو ئەوروپای گێڕا بە فەوقی ئاسیا
ئێمە چونکە جاهلین هەر بارکێشو نارەوا
واسیطەی سەرکەوتنتە عیلمو عەمەل بۆ هەردوولا
هەر لە سایەی عیلمو زانین بوو کە دەستەی ئەوروپا
ئەم فەضایەی بەینی ئەرضو ئاسمانی شینی گرت

سەیری ئەم بەدبەختی‌یە ڕووی کردە کوردی ماڵوێران
چونکە بۆ هیچ لا نیمانە صنعەتو کەسبی جوان
جا مەگەر ئێمە لە دوولا خاك بەسەر کەین بۆ ژیان
بێ‌ینەوە سەر باسی قەومی کوردی کورتی هیچ نەزان
تاجی عیرفانی فڕێدا ، کەوتە عارەق چینی گرت

واعیظا تاکەی بە ڕیشی پانو هەم وەعظی ڕیا
سەیری ئەم ئیسلامە جوانەت پاکت خستە حەلوەلا
بەس بڵێ ڕیش پانی سك زل ، نامەوێ وەعظی وەها
دینو دنیا گرتنی پێویستە تو خودا ئەی مەلا
بەس بڵێ دنیا تەواوە بەسیە هەرکەس دینی گرت

ماڵی عالەمیان وێران کرد هەر بە سێ کەس تو خودا
نەگبەتی کوردی فەقیرە ئەم سێ‌یەش بوونە بەلا
موختەصەر هەرسێ ئەکەن تالانی میللەت ئاشکرا
بێ کینایەت خۆشە نووسین ، شێخو ئاغاو نامەلا
دەستی کارو قاچی هەوڵو چاوی تێکۆشینی گرت

ئیش‌وکاری ئێمە بۆتە خواردنو پۆشینو خەو
خەڵق شەویشی بوو بە ڕۆژ ، ئێمە ڕۆژمان بۆتە شەو
شوغلی خەڵقی عیلمو فەننە ، ئیشی ئێمەیش ڕاوەکەو
چەرچڵو ڕەزفل خەریکی ڕاوی غایەن ڕۆژو شەو
گەورەکەی ئێمەیش بەبێ غەم پرچی پوورنەخشینی گرت

ساقیا دڵ ئینتیظاری کاسە قەط لۆمەی مەکە
زەردوو وشکە وەك پەلاسە لێوی قەط لۆمەی مەکە

بێ قەراری تیری تانەی ناسە قەط لۆمەی مەگە
دڵگرفتاری خەزانی یەئسە قەط لۆمەی مەکە
گەر بە دائیم میثلی بولبول شێوەیی نالینی گرت

ئەی ( ویصالی ) تۆیش وەکو پەروانە بۆ دیداری شەم
خۆت لە بۆ سووتان حاضر بکەی بێ زیادو کەم
ڕۆح فیدا کە بۆ ویصالی خەططو خاڵو کولمو دەم
بۆ فیداکاری نەبوو ( فانی ) کە دەستی کاکە مەم
سێوی زیوینی چەناکەی جوانی خاتو زینی گرت

**لە ڕۆژی هەینیدا ، مانگی ۳/۱۹۵۲دا**
**وتراوە .**

## ئەم پێنجخشتەکیەیە هی ( ویصالی ) خۆیەتی

دڵ حەپسی چیەیە ؟ ، فیرقەتی دڵداور نەحیفە(١)
وەک مورغی قەفەس بێ کەس و بێ یارو کەسیفە
ڕوو زەردە بە دائیم وەکو ئەوراقی خەریفە
ئەی یار لە ڕوو لابدە ڕووبەندی قەدیفە(٢)
با میثلی قەمەر دەرکەوێ ئەو ڕەنگە ظەریفە

لەم غربەت و بێ ڕاهی‌یە وا لەنگ بووە قاچم
لەم کەوتن و هەڵسانە وەکو کون و دەمی پاچم
زینهار لە بۆ کویی حەبیب جارێ کە ناچم
بەینێکە منی بەندە بەبێ خلعەتی ماچم(٣)
بۆ مەنعی دەکەی مەطلەبی من سووک و خەفیفە

من مەستی شەرابی لەبی نەویاری ڕەسیدەم
یەک دەفعە لە وەصڵت گوڵی ئارام نەچیدەم(٤)
ئەی باعیثی ئارام و دڵ و قەلبی ڕەمیدەم
گەردانی قەدو قامەتی تۆ ، جیسمی خەمیدەم(٥)

---

(١) نەحیف :ـ لاواز ٠

(٢) ڕووبەندی قەدیفە :ـ پەچەی قەیفە ٠

(٣) خلعەت :ـ خەڵات ٠

(٤) نەچیدە :ـ نەچنراو ٠

(٥) خەمیدە :ـ چەماوە ، کۆم‌بوو ٠

قوربانی غوباری بەری پێت جانی شەریفە
بەم عەطرە وەکو غونچەیی بوستانی بەهەشتی
بەم هەیئەتە حەسرەت ، حۆرو غیلمانی بەهەشتی
بەم صافی‌یە وەک لوئلوئو مەرجانی بەهەشتی
مەعلوومە کە سەردەفتەری حورانی بەهەشتی
سەر تا بە قەدەم نازکو پڕ وەصفو لەطیفە
مەجنوونو سەراسیمەیە جەمعیەتی دانە(٦)
بەم جیلوەیی ڕوخسارە دەڵێی صوبحو بەیانە
ئەو ئەبرۆو موژگانە ، دەڵێی تیرو کەوانە
ئەو نوطقە کە دەیکەی بە زوبان بێم بڵێ جانە(٧)
بۆچ وایە کە تەئثیری وەکو شەرعی حەنیفە
بۆ دەردی مەریضان لەبی مەحبووبە ، دەوایە(٨)
گەر صەرفی بووە عومر بە خۆڕایی ڕەوایە
ئەم سینە کە وەک مەیکەدە پڕ سازو نەوایە(٩)
لەم کاولی دنیایە کە جێی جەورو جەفایە
مەقصوودەی دڵو دیدەی ، مەدیداری حەنیفە

---

(٦) دانە :ـ کورتەی دانایە ، واتە :ـ زانا ٠

(٧) نوطق :ـ قسە کردن ٠

(٨) لەب :ـ لێو ٠

(٩) مەیکەدە :ـ مەیخانە ٠

تۆ شاهیدی گولبەرگێو ئەمن شێتو فەقیرم
تۆ شاهی جوان بەختو ئەمن پیرێ کەبیرم(١٠)
تۆ ماهی جیهان تابو ئەمن کوێرو ضەریرم
تەضمیف کەمەندم ، نی‌یە لازم ، مەعلوومە ئەسیرم
بەو پەرچەمی موعتەللە ، بەو زولفە لەفیفە(١١)
مەجرووحی دەردی هیجرانە محەممەد
هەمتایی ویصالی دلی بوریانە محەممەد
شەیدائی ڕۆخو گولبەری جانانە محەممەد
ئەلئانە کە ئاوارەیی ئالانە محەممەد
بیبینە کە بێ هەمدەمو بێ یارو حەریفە

---

(١٠) کەبیر :ـ گەورە ، بە ساڵاچوو ·

(١١) لەفیف :ـ پێچ پێچ ، لوول خواردوو ·

- ٧٥ -

جیهان بووکێکە موەریشی جەفایە
بە غایەت حیلەبازو بێ‌وەفایە
هەموو عالەم دەزانێ بێ‌بەقایە
دەزانێ وایەو دەشڵێ ئاشنایە
تەماشا قەول‌و فیعلی ناموافیق

بە ئەمری پادشاهی حەیی بێ‌چوون
شەهی ئیسلام‌و کافرو هەرچی بوون
لە گەنج‌و مولکی دنیا بێ‌بەری بوون
چ نەمروودو چ فیرعەون‌و چ قاروون(١)
لەگەڵ گورگی زەمانە موتتەفیق بوون

---

(١) نەمروود :ـ کابرایەک بوو لە سەردەمی حەزرەتی ئیبراهیم پێغەمبەردا داوای خوایەتی کرد ، خوا حەزرەتی ئیبراهیمی نارد تا بڕوای پێ بهێنێ ، ئاگرێکی گەورەی کردەوەو حەزرەتی ئیبراهیمی تێ‌فڕێ‌دا بەڵام خوا ڕزگاری کرد ٠

فیرعەون :ـ پاشای میسر بوو ، ئەمیش داوای خوایەتی کردو خوا حەزرەتی مووسای بۆ نارد ، بەڵام بڕوای پێ نەهێنا ، لە ڕووباری نیل‌دا خۆیی‌و دارو دەستەکەی نوقم بوون ٠

قاروون :ـ دەوڵەمەندێکی سەردەمی فیرعەون بووە ، خوا خۆیی‌و سامانەکەی بە ناخی زەوی‌دا بردە خوارەوە ، ئەم ڕووداوە لە قورئان‌دا باس کراوە ٠

لەگەڵ تۆمە جیهانی بێ‌بنو سەر
لەگەڵ مادوونو لۆطی بووی بە هەمسەر
خۆیان پیاداوی کیهتەر ، تاکو میهتەر
کەی‌ومورثو جەمو داراو ئەسکەندەر
هەموویان مێردی تۆ بوون کۆنە ماکەر
برا پیربووی ، بەسەرچوو عومری لاوی
بەسە تاکەی پەرێشانو بڵاوی
دەمی ئاخر ئەزانی بەش براوی
قەفەس‌دنیایە ، ئێمەش کەو لەناوی

بەدەس خۆمان نەبوو کەوتینە داوی
نەماوە ڕاحەتو ئارامی جانم
چەماوی دەستی جەوری زەمانم
بە دائیم چون لە مردن بێ ئەمانم
بە دانەو ئاوی خۆش دڵ نیم ئەزانم
وەکو ئەمثالەکان ئەمکا قوڕاوی

مەکە باوەر بە وەضعی چەرخی دەوران
جەمو ئەسکەندەرو داراو سولەیمان
بە یەک ضەربە هەمووی کردن پەرێشان
برا دنیا وەکو بووکێکە خەندان
تەڕو تازەو جوانو شۆخو ئەلوان

دەمێ شادت ئەکا دنیا بە کەیفی

لەناکاو ئەتکوژێ ئاخر بە سەیفی(٢)
کە نەیگرت تاکو سەر ئیکرامی ضەیفی
وەلی مەعلوومە زاوا کوژە حەیفی
لە سینەیدا بە صەد کیسرایی‌و خاقان
لە بۆ دنیا خەلایق وەک هەلووکە
هەزاری کوشت ئەم دنیایە چرووکە
ئەوێستاش هەر خەریکی نووکە نووکە
لەبێش چاومان زەمانە میثلی بووکە
سپی‌و سوورو ملەووەن وەک گلووکە

لە بۆ باغی دیانەت عیلمە پەرژین
بەبێ عیلم‌و عەمەل قەط نابێ تەتمین
خەریکی مەعریفەت بەو کەسب‌و زانین
چرایەکە عیلم ، بێ نەوت‌و بەنزین
ئەکا هۆدەی دلت ڕووناک‌و ڕەنگین

عیلم دوڕڕە ، عەجەب صاحێب جەلایە
کە عیلمت بوو دلت صاحێب صەفایە
عیلم ئەسبابی عیرفان‌و حەیایە
دەوامی هێندە زۆرە ئەو چرایە
هەزار سالیش ئەبێ شوعلەی لەدوو ژین

ڕەفیق بە بۆ کەسێ عالی نەژادە
لەگەل جەهلا هەموو عومرت بەیادە

---

(٢) سەیف :ـ شمشێر ، شیر ،

کە عیلمت بوو دڵت مەسروورو شادە
هەتا خەرجی بکەی دەخلت زیادە
عەجەب گەنجێکە نابینم زەوالی

دەخیلە فرصەتە مەردانە هەستن
هەتاکەی غافڵو بێ‌هۆش‌و سستن
بەیەک دەفعە هەموو دنیاپەرستن
ئەوانەی ژووردەستن‌و ژێردەستن
لە عەشقی بووکی ئەم دنیایە مەستن

موعانید هەر کەسێ بوو مەیدوێنن
ئەوی دوژمن ئازا بیمرێنن
مەبادا وابزانن هەر ئەمێنن(٣)
خەریک بن ، جوملە تەنها بیستێنن
لە ئاوا نی‌یە پەلی یەکدی دەبەستن(٤)

ئەگەر غیرەت ببوایەو نووری عیرفان
هەموو یەک دڵ ئەبوون ، یەک ذات‌و یەک‌جان
نەی ئەتوانی عەدوو گەر بێتە مەیدان
ئەگەر پشمەر میثالی جاری جاران
ڕەئیسێکی ئەبوو بێ فەرق‌و نێوان

لە هەر لایێ دەنگی تاروو ڕوباب بوو
دڵیش مایل بە مەیخانەو شەراب بوو

---

(٣) مەبادا :ـ نەکو ، نەوەکو ٠
(٤) یەکدی :ـ یەکتر ، یەکتری ٠

له دنیایی دەنی عالەم غوباب بوو
له هەر جێکا دوو کەس شاب‌و خراب بوو
له نێو کوردان هەزاریش پادشایه

جیهان بووکێکی بێ شەرم‌و شکۆیه
عەجایب سیحربازو حیله جۆیه
مەخۆ تەفرە لەبۆی صاحێب درۆیه
طەمەع زالێکه بەطنی پڕ درۆیه
که مارەی کەی درۆ ئەولادی تۆیه

نەچی دەرچی له ڕەسمی حاتەمی‌یەت
مەپۆشه قەط لیباسی ماتەمی‌یەت
مەبه خاریج له لیسەی عالەمی‌یەت
نەبی غافڵ له پیشەی ئادەمی‌یەت
نەکەی تەعلیمی نادانی وەکو جاف

بەبێ زانین هەموو کارت هەبایه
بەبێ عیرفان دەروونت بێ صەفایه
ئاهیل بی وجوودت بێ بەهایه
سایع دانی ئەوقاتت خەطایه
نەکەی تەن‌پەروەری بۆ جان ، جەفایه

هەتا دونیا به چاکی سەوزوشینه
لەسەر ڕێی مەصلەحەت پێی خۆت ببینه
که ڕیسوا بووی ژیانت وەک نەژینه
برا ، ئەرضی خودا پان‌و بەرینه
فەقیرو شا له نێویا خۆشه چینه

دوێ شەوێ لە مەیکەدە شاهید بە ڕوویی نازەوە
هاتبووە بەزمی عاشقان بە صەد ڕمووزوو ڕازەوە
ئامادە بوو موطریب لەوێ بە تارو چەنگو سازەوە
ساقیش بە جامو بادەوە ، بە غەمزەو فەخرو نازەوە
گەدا بوو پادشا لەوێ ، بە صەد هەزار ئەیازەوە

عەجەب شەوێ بوو ئەو شەوە جام بلوورینی دەم بە دەم
دائیر بوو دائیم پڕ لە مەی ، مانەندی دەوری بەزمی جەم
جۆش هاتبوو بە ناری عەشق کوورەی دڵی ئەهلی کەرەم
لەم دەوری پڕ عەدالەتە نەمابوو ظوڵمو جەورو غەم
ڕەقیب خەریک بوو شەق بەرێ بە ڕەنگی وەک بەرازەوە

بەڵێ زۆر خۆش بوو ئەو دەمە سەیری گولستانو چەمەن
ڕەنگین بوو سارا بە گوڵی میناوو لالەوو سەمەن
ئاوازی قومریو عەندەلیب خۆش بوو لە گوێچکەی ئەنجومەن
هەرکەس باوەشی گرتبوو شیرین حەبیبەی گوڵ بەدەن
منیش ئەم ڕوانی بۆ دولبەر کە بێ لە ڕێی نیازەوە

کە دیم لە وەختی صوبحدەم شۆخێ بە دوو شەمامەوە
سەلامی کردوو هاتە پێش قەدەم قەدەم بە لامەوە
لەبانی نایە سەر لەبم بە نازو ئیبتیسامەوە
لە خۆشییا هۆشم نەما ، حەیاتی خستە قامەوە
بۆ قەتڵیعاشق هاتبوو بە شەمەو جان گەدازەوە

ڕامان بوارد ئەو شەوە بە دەنگی چەنگو ئایو نەی

من مەستی لەعلی ساقیی‌و شاهید خەمۆشی جامە مەی
لە فەیضی جام‌و بادەوە بوو بووین بە شاهی مەلەك ڕەی
دنیا لە ڕەغمی موددەعی خۆشە بە عەیش‌و نازەوە

حەمدەن زەمانی عوشرەتە ڕۆیی بە جارێ هەوری غەم
سارێژ بوو زامی تیغی غەم ، نەماوە هیچ دەردو ستەم
حەدیقە جوان‌و خۆش هەوا هەروەك گولستانی ئیرەم
مەیخانە سازو پڕ نەوا لە دەنگی [ سازو زیرو بەم ](١)
بە جامی زەڕلی من ئەدا ساقی بە عیشوەو نازەوە

ئەی نەونیهالی مەستی چەم ، ئەی یاری گولعوزاری من
ئەی سەرووی باغی گوڵ بە دەم ، ئەی شۆخی نازداری من
ئەی شەمعی عاشقان بە جەم ، ئەی نووری چاوی تاری من
ئەی دافعی دەردوو ئەلەم ، ئەی غونچەیی هوزاری من
هێنای بەهاری عاشقان بە ڕەنگ‌و بۆیی تازەوە

بە لەنجە چون کەبۆتری ، لە شێوەدا وەکو پەری(٢)
مەوزوونە سەروی قامەتت ، مانەندی تەبعی ئەنوەری(٣)
حەیاتی جاویدان ئەدەی بە لێو کە عەینی کەوثەری

---

(١) وشەکانی ناو کەوانەکە ناوی سێ ئامێری مۆسیقان .
(٢) کەبوتر :ـ کۆتر .
(٣) مانەندی :ـ وەکو .
تەبعی :ـ سرووشتی .
ئەنوەری :ـ شاعیرێکی کۆنی ناوداری فارسە .

کردت بە ڕۆژ دەیجووری شەو ، بە ڕوو وەک شەمسی ئەنوەری
تەصدیقە دەعوای یوسفیت ، بە جووتێ چاوی بازەوە

صوبحی فەرەح طلووعی کرد ڕەقیب خەریکی هیجرەتە
عوسرەت بە جارێ باری کرد ، ڕۆژی ویصالو عوشرەتە
ڕۆیی زستانی حوزنو غەم بەهاری عەیشو لەذذەتە
مژدە ( ویصالی ) مەیگەدە ، ئیمڕۆ میثالی جەننەتە
مەعشووقە ڕووی لە ڕەحمەتە ، لە لوطفی بێ نیازەوە

## بەشی هەمەجۆروهەمە بابەت

لێرە بەدواوە شیعرەکان هەمەجۆرن ، واتــە تێکەڵاوە لــە نامــەو نامەکاری ، ستایش‌و پیاهەڵدان ، لە باسی سرووشتی هەنــدێ ناوچــەی کوردەواری ، باسی چایی ، باسی هەندێ کارەساتی تایبــەتی ، هەروەهــا گەلێ لایەنی تری جیا جیای شاعیر کە ئەمانە هەموو لە داهــاتووی ئــەم دیوانەدا بەرچاو ئەکەون . ئەوەی لێرەدا پێویستە بیڵێم ئەوەیــە کــە شیعرەکان سووک‌و ئاسانن ، وە زیاتــر بــە گوێچکــەی خوێنــدەواران ئاشناترن ، لەلایەکی تریشەوە لە هەندێ شیعرا شاعیر هەوڵــی داوە کــە مەبەستێکی تایبەتی بخاتە بەرچاو بەڵام بە شــێوەیەکــی هونــەری‌و بــە سەلیقەیەکی سەرکەوتوانە توانیوێتی بــە شێوەیــەک دەری ببڕێت کــە خوێنەر زیاتر زەوقی لێ وەربگرێت ، هەروەک لە شــیعری «کێچ »دا ئــەم دیاردەیە هەست پێ ئەکرێ . .

- ٧٧ -

## ئیرانی ویصالی بە دەستی ئینگلیزەکان

تۆ تەماشاکە برادەر لەم زەمانەی نابەکار
چۆن بە تیری خۆی ئەکا جەرگی هەموو کەس زامدار
عالەمی دنیا سەراسەر وا لە مەیدان میثلی گۆ
گشت بە چۆگانی فەلەک کەوتوون غەریبی دوور دیار(١)
ئەهلی عیلمو سەییدو دەروێشو شێخو صۆفییان
شاهو خونکارو گەدا ، نۆکەرو هەم شەهریار
قاضیو موفتیو ڕەئیسو کەیخوداو و ئەهلی دێ
گشت بە جارێ دڵ پەرێشانن لە چنگ فیتنەی دیار(٢)
ما عەلەینا لەشکری غەم وا جیهانی گرتووە
کەس نییە مەحفوظو سالم بێ لە مەکری ڕۆزگار
خۆ خصووصەن مەردێکی وەک من ، بێکەسو بێ خانومان
کەوتووم ئێستا بە بێ موئنیس زەلیلو لێو بەبار
هەرچی دادم کرد وەکو فەرهاد لە چنگ زاڵی جیهان
دەرپەیەک نەفعی ئەبەخشی بووم بە جارێ ڕەنج خەسار
وا لە کونجی بێ کەسیدا ماومەوە بێ هەم جەلیس
هەروەکو [ یەعقووبی کەنعان ]م لە حەسرەت ڕوویی یار

---

(١) گۆ :ــ ئەو تۆپە خڕەی لە چۆگان بازیدا بەکار دێ ٠
چۆگان :ــ ئەو دارەی وەک گۆچان وایە لە چۆگان بازیدا بەکاردێ ٠
(٢) کەیخودا :ــ کوێخا ٠

کەس نی‌یە هەمتایی من گیرۆدەی دامی بەلا

گەر وەها مەعلوول‌و خەستە خاطرو هەم دڵفوگار(۲)

چونکە وەک یونس ئێستا غەرقی دەریایی غەمم

فەرقی ڕۆژو شەو نی‌یە ئەصلاً لە بۆ ئەمنی هەژار

من کە هەرچەندە بە دانیم بێ‌نەواوو پڕ غەمم

گەر ببینم دەفعەێ دلدار ێ بۆ دەفعی نزار

موددەتێکە گەر وەکو یوسف لە زیندانم ئەسیر

کەس نی‌یە بارێ کەفارەت پێم بلێ ئەی دەردەدار

هەرچی تێ‌فکریم نەبو مەردێ پەناهی بۆ بەرم

ئاخری ڕووم کردە دەرگای خالقی لەیل‌و نەهار

زۆر بە ذیللەت کەوتمە دەرگاو بە دڵ پاڕامەوە

بەڵکە بارێ خوا بکا ڕەحمێ بە بەندەی خاکەسار

ئەی ( ویصالی ) تا ئەمردووی شوکری ئیعمەت بێنەجێ

تا لە دنیاوو قیامەتدا نەبی بێ ئیعتیبار

---

(۳) دڵفوگار :ــ دڵبریندار ٠

**زەلیلی ویصالی بە دەست لەشکری کافری بەدمەزەبی ( کێچ )ەوە ..**

ئەی برادەر ، سەیری شوورەی جەیشی بێ سامانی کێچ
وا هەموو بێ هۆش‌و مات‌و عاجزی حەیرانی کێچ
هەر وەکو هەوری عەزەب ئالوودە پۆشی ڕووی زەمین
یەحتەمیل دنیا ببێتە سەربەسەر وێرانی کێچ
کێ هەیە ئیمڕۆ بڵێ من پاڵەوان‌و صەف‌دوڕم ؟
گەر درۆ ناکا بە ڕاستی بێتە بەر مەیدانی کێچ
دەوڵەتی ئینگلیزو ژاپۆن‌و هەم یۆنانیان
گشت فیراریان کرد لە دەست لەشکری ئەڵمانی کێچ
من کەوا ناشارەزاو بێ وەسیلەو قوڕبەسەر
وا بە ذیللەت کەوتمە دوای جادوویی دێوانی کێچ
کەی ئەبێ یارەب نەجاتم بێ وەکو مووسا لە چنگ
لەشکری فیرعەونیان‌و حیلەیی هامانی کێچ
گەنجی صەبرو نەقدی عومرو پارچە پارچەی عەقڵ‌و هۆش
هەر بە یەک شەو پاکی بوو غارەت‌و تاڵانی کێچ
هەرچی ئەیبینی لە عالەم ڕۆژو شەو هاواری‌یە
دائما وەک من لە دەستی ظوڵم‌و تێ‌هەڵدانی کێچ
من کە خۆم دی وا ذەلیل‌و مەلجەئیشم هیچ نەبوو
ناعەلاج هەڵسام‌و چوومە خزمەتی سوڵطانی کێچ
شەرحی حاڵی خۆم بە ذیللەت دا لە خزمەتپا تەواو

یەعنی تاکەی مردم ئیتر بەسیە سەرگەردانی کێچ

٥ بێ‌ی وتم لاچۆ خزم ، چیت دیوە ؟ ، باسی چی ئەکەی ؟
لێرە کوا کێچ ؟ ، وا ئەڵێن پەیدابووە دەرمانی کێچ

٦ تۆ بڕۆ بۆ پشدەرۆ بتوێن‌و دۆڵێ‌و شارەزوور
جا لەوێ ئەیبینی بێشک صەف صەفی گورهانی کێچ

٧ من بڵێم چی ڕۆحەکەم بۆ ئینتیقامی ئەم حەقە
خۆت ئەزانی چەندە وەحشین میللەتی عوربانی کێچ

٨ ئێستە چارەت یا تەنووری گەرمە یا ئاوی کوڵاو
زوو عیلاجی خۆت بکە تالانەبی نادانی کێچ

٩ ئەی ( ویصالی ) مژدە بێ لێت ڕەنگە ڕاهی بی لە دەس
حەربی کوففاری یەهوودوو زەحمەتی زیندانی کێچ

**ساڵی ١٩٧٠ك ١٩٥٠ز وتراوە**

- ٧٩ -

ویصالی دژی ئەو گیانەوەرە وردانە بووە کە ئازاری مرۆڤ ئەدەن لێرەدا باسی جانەوەرێکی زیان بەخش ئەکا کە تا ئێستا کەم شاعیر هەیە بیری بۆ ئەمە چووبێ ، ئەم شیعرە لە پاڵ ئەوەدا کە پاڵ بە مرۆڤەوە ئەنێت ( بە تایبەتی لەو سەردەمەداو لە گوندەکاندا ) کە خۆیانی لێ بپارێزن چونکە مرۆڤ تووشی نەخۆشی ئەکات ، لە هەمان کاتدا واتای تریش ئەدات بە دەستەوە ..

ڕەقیب با بڵێ لێت ئەمرێنم
من تێ نافکرم هەر ئەت ترێنم

ئەی هاوار چبکەم لە چنگ ئەسپێو کێچ
خواردیان گۆشتو ئێسقانو خوێنم

خودا هەڵی خەی وەقتێ لە وەقتان
بۆ خۆم بە بێدەنگ تێبوەشێنم

خودا بۆم بکا فەصلی ئێوارە
قەوچێ ئەسپێوکێچ ئەشێوێنم

تەنووری گەرمم ئەگەر دەسکەوێ
بە جارێ هەردوو هەر ئەفەوتێنم

تو خودا مەنعم مەکەن ئەی یاران
شەرطە ریشەیان لە بن دەربێنم

هەرچی تکای کرد گەر بیان بەخشم
لە ڕقا لیباسی خۆم ئەسووتێنم

هەر کەسێ وتی خوا قبووڵ ناکا
ئەلێم خوێنی خۆم بۆ خۆم ئەپسێنم

ئێوە نازانن چیان پێ کردم
لێم گەڕێن با هەر بیان سووتێنم

( ویصالی ) مەدە طوول بە ئەشعارت
حەقت ناقەوتێ ئەگەر بمێنم

- ٨٠ -

## تەعریفە مێرگاسە

عەجەب دەشتێکە مێرگاسە پڕی نەسرینو لالایە
مەکانێکی خۆشو ئەعلا وەکو خولدی بەرین وایە
عەجەب دەشتێکی مەیدانە ، جەمیعی باغو بوستانە
مەکانی حورو ویلدانە ، بەهەشت ئاسا دلارایە
عەجەب دەشتێکی ڕەنگینە ، بە ڕەیحانەو بە نەسرینە
عەجەب قەصرێکی شیرینە ، وەکو باغی زولەیخانە
وەرن یاران تەماشاکەن ، تەماشا مەجلیسی چا کەن
دەفو طەمبورو پەیداکەن ، لە بۆ ئەم بەزمی دارایە
تەماشاکەن لە گوڵزاری . لە مەحبووبانی گوڵزاری
لە بولبول بۆ ڕۆخی یاری ، چلۆن حەیرانو شەیدایە
مەکانی عوشرەتو عەیشە . مەکانێکی فەرەح بەخشە
بە دائیم مەستو سەرخۆشە ، کەسێ گەر وا لەوێدایە
تەماشاکەن لە بوستانی . گوڵی وەک لەعلی ڕوممانی
تەماشاکەن لە مەرجانی ، چلۆن پەخشانی صەحرایە
مەکانی عوشرەتو شادی ، مەکانی گەردن ئازادی
مەقامی کەیفو دلشادی وەکو مەیخانە ئاوایە
عەجەب خاکێکی نوورینە ، مەکانی تەنبلوورینە
برووجی ماهو پەروینە ، شەبیهی تاقی مینایە
عەجەب ئەرضێکی پڕ میسکە . لەگەڵ ئەرضی ئیرەم خوشکە
مەکانی عەنبەرو میشکە ، میثالی خاکی تاتایە
بە دائیم بادەیی ئەحمەر ، بە دەستی ساقیە سیمبەر

ئەطیری مەجلیسی قەیصەر ، شەبیھی بەزمی دارایە
کە بۆ مەخلوقی مێرگاسا وەکو جەننەت بەھەشت دەرکا
لە مەخلووقاتی بێ ھەمتا ، نیشانەی لوطفی مەولایە
کە کانیلان‌و سارد ئاوە ، بنەفشەزارو لاولاوە
عەجەب دلگیرو خۆش ئاوە ، مەقامی عەیشی دنیایە
چنارو ڕاھی زینوانە ، قەریبی باغی ئاشانە
عومومی سونبولستانە ، نەطیری ڕۆح ئەفزایە
یەکێ دەروی سلاوگانە ، کلاومەندو کلێتانە
جەمیعی ڕێی موسلمانە ، چ مسکین‌و چ پاشایە
بەڵێ ئەم باغ‌و بوستانە نەظەرگاھی حەبیبانە
فەرەح‌بەخشی دڵ‌و جانە ، مەقامی گشت ئەطیببایە(١)
وەرن تێر بن لە سەیرانی ، لە سەرووی عەرعەرو بانی
بکەن مەدح‌و ئەناخوانی ، بڵێن یا غەوثی بەغدایە
تەماشاکەن لە ئەنھاری ، وەکو تەسنیمە جۆباری
لە چەشمەی گەر دەبێ جاری ، دەڵێی شەھدی موصەففایە(٢)
عەجەب سەرچەشمەیی جانە ، مەکانی دوڕو مەرجانە
شیفائی جەمیعی دەردانە ، وەکو ئاوی بەقا وایە
بە سەردی ھەر دەڵێی بەفرە ، بە ڕەنگی ھەر وەکو خەمرە
بە طەعمی ھەر وەکو شەکرە ، عەجایب نەشئە بەخشایە

---

(١) ئەطیببا :ـ پزیشکەکان .

(٢) جۆبار :ـ جۆگە .

چەشمە :ـ سەرچاوە .

شەھد :ـ ھەنگوین .

به هەیئەت چەشمەیی کەونەر . لە دەوری عەرعەرو ئەستەر

مەکانی لالەوو شەشپەڕ ، مەقامی ئاڵو والایە

لە لایێ لالەیی حەمرا . لە لایێ نەرگسی شەهلا

لە لایێ سەبزەیی غەبرا . هەموو نەعناوو مینایە(٢)

لە لایێ باغو بوستانە ، لە لایێ خەیمە هەڵدانە

لە لایێ بەزمو سەیرانە ، لە لایێ بادە پەیمانە

لە لایێ بەزمی شاهانە . لە لایێ بەزمی خووبانە

لە لایێ بەزمی شۆخانە . میثالی عیدی پاشایە

لە لایێ نەوجوانانە . لە لایێ نەوعرووسانە

لە لایێ نەونەمامانە ، لە لایێ ماهی سیمایە

لە لایێ باغی ڕەیحانە . لە لایێ سێوو ڕوممانە

لە لایێ مورغی حەیرانە . کە ئاوازی هووەیدایە

لە لایێ چایی گێڕانە . لە لایێ هەر چراخانە

لە لایێ بەزمی ڕەندانە . صەداواو ئاوازی گۆیایە

لە لایێ بەزمی تورکانە . لە لایێ گەوهەر ئەفشانە

لە لایێ مەی لە مەیدانە ، لە لایێ ساقی شەیدایە

لە هەرچی تۆ تەصەوورکەی . لە هەرچی تۆ تەفەککور کەی

لە هەرچی تۆ تەنەظظورکەی . لەوێ یەکسەر موهەییایە

عەجەب دەشتێ دلگیرە ، مەکانی سێوو هەنجیرە

کە خاکی عەینی یکسیرە ، مەکانی عەطری بێزایە

---

(٢) غەبرا :ـ ماکەو ، زەوی تۆزا وی . ساڵی وشکە ساڵ لەبەر بێ بارانـی وە هەموو قەراغی ئاسمان تۆزاوی بێ .

عەجەب جاێکە مێرگاسا . میثالی گومبەدی مینا
نی‌یە ئەصڵەن مەقامی وا . لە نوقصانی موبەڕڕایە
عەجەب دەشتێکی ڕاوندە ، بە سابات‌و سەکۆ بەندە
خۆش‌و دڵگیرو خورسەندە . مەزیلی دەردو غەمهایە
عەجەب دەشتێکە شین ڕەنگە ، دوڕو لەعل‌و گوڵ‌و سەنگە
بە میثلی تاقی مەی‌ڕەنگە ، لە ڕەنگی چەرخی خەضرایە
بحمدالله هەموو ئەکمەل ، هەموو شیرین لەبو ئەفضەل
هەموو زیبا ڕوخ‌و ئەجمەل ، وەکو ئەهلی بیارایە(٤)
جیهان مەعموورە بەو جێگە . دڵیش مەجبوورە بەو جێگە
کە چۆن پڕ نوورە ئەو جێگە ، لە بۆ وی شێت‌و شەیدایە
بەڵێ جێگەی سولەیمانە ، نەظەرگەی شاهی سولطانە
سەراسەر پڕ لە خووبانە . بەڵێ ، بێ میثل‌و هەمتایە
مەکانی [ شیث‌وجەرجیسە ] . مەقامی حەمدو تەقدیسە
مەکانی دەرس‌و تەدریسە ، نەظیری میصرو بەغدایە(٥)
عەجەب خاکێکی ...... . عەجەب خاکێکی مەسعوودە
مەکانی صەندەلی‌و عوودە ، وەکو باغی سەمەن وایە(٦)
منم گەر وا لە بێ‌ووشا ، شکست‌و خوارو بێ تۆشە
دڵم پڕ تاب‌و پڕجۆشە ، دەڵێی گێژابی دەریایە

---

(٤) زیباڕوخ :ـ ڕووجوان .

(٥) شیث‌وجەرجیس :ـ ناوی دوو پێغەمبەرن . مەزارگەی پیرۆزیان لـــە شاری موسڵە .

نەظیر :ـ وەکو ، وێنەی .

(٦) ئەم وشەیەم بۆ ساغ نەبووەوە .

عەجەب باغێکە ئەو باغە . محەممەد سیئە پرداغە
مەکانی گەر قەرەداغە ، دەڵێی دائیم لەوێدایە
دڵیش گەر وا لەوێ ئێستا . بەخۆرایی نی‌یە وەڵڵا
شکەنجەی تورەیی لەیلا ، لەبۆ مەجنوونی شەیدایە
لەبەر سایەی درەختانی ، نەبینی شەمسی نوورانی
وەرە گەر تۆ قسەزانی . بکە تەعریفی ئەو جایە
تەماشا ئەرغەوانانی ، تەماشاکە گوڵاڵانی
تەماشا گوڵ بەهارانی ، بە دائیم چەتری هەڵدایە
تەماشا زەڕی تیزابی ، تەماشا دوڕی خۆشابی
تەماشا سەرووی تیرثابی ، شەبیهی زولفی ڕەعنایە
چ حاجەت وەصفی ئەو جێگا . ( ویصالی ) تۆ بکەی ئینشا
نیشانەی وەصفی مێرگاسا ، لەسەر ئیسمی موسەممایە

سالی ١٩٢٤ز ١٣٤٤ك وتراوە

- ٨١ -

ماموستا ویصالی لەم پارچە شیعرەدا ستایشی گوندی ( ئەکیـــە )ی قەرەداغ ئەکات لە کاتێکا بە دیدەنی چووەتەوە بۆ ناو خزمەکانی ..

لەم قەریە تەماشاکە ، لە قەصرو لە وتاغی
نی‌یە شارێ لە جیهاندا بە میثلی قەریەیی باغی
شەیدایە هەموو کەس وەکو بولبول لە جیهاندا
بۆ نێرگسی بوستانی‌و بۆ غونچەیی باغی
مضماری چەمەن زارە وەکو خولدی بەرینە
بەم نەوعە کە پشکووتووە یەکسەر گولەباغی
سوبحانە تەماشاکە لە مەصنووعی ئیلاهی
لەم میوەیی شاماتەو لەم سێبی موراغی
دەورانی‌یە پەروانە صیفەت عالەمی دونیا
بۆ مەجلیسی مەیخانەوو بۆ شەمەو چراغی
ئەم باغە چو مەیخانە کە پڕ بەزمو نەوایە
گوێ بگرە تۆ یەکبار لە ئاوازو کولاغی
بڕوانە ویصالی کە نەما نووری جەمالی
صەد حەیف کە لەم باغە نەما شەوقو دەماغی
هەر کەس کە لە ئەشعاری تۆ بێتو ببینێ
مەعلوومە دەزانێ کە ئەتۆ هەر قەرەداغی

- ٨٢ -

ئەلا ئەی ناظر ئەگەر ئەهلی کەمالی
تەماشاکە لە کاتب چۆنە حالی

لە خەططی ڕەخنە مەگرە بێ میثالە
بکە تەحسینی گەر شیرین مەقالی

دلی کاتب عەجەب غەمگینە ئیمڕۆ
کە سەیید بۆ طەماع بووەتە مەوالی

کە دنیا لەم زەمانە بۆ کەرانە
خصووصەن لۆطی ڕەنگو لا ئوبالی

ئەوی عاریف بێ ئێستا دڵ مەلوولە
بە دائیم کۆمە پشتی وەک هیلالی

منو تۆ تێ ئەگەین دائیم فەقیرین
بڵێم چی کەللە خالیش بووەتە والی

فەقیری بووەتە جیبەو چۆتە بەرمان
ئەمین بین تازە نابینن زەوالی

بە هەر یارێ بوو تەلقینمان تەواوکرد
بە یاریدانی لوطفی لایەزالی

بە پوولێ نایەوێ دنیا کە ئینسان
ئەگەر بێ خوا بکا خێر بێ مەئالی

لە لای هەر خۆشە موحتاجیش بە شەرطێ
کە ئیمان سەلامەت بێ [ ویصالی ]

- ٨٣ -

## تەعریفو ستایشی خوارەمیر

شاعیر لە کاتێکا ئەچێتە گوندی [ خوارەمیر ] کە گوندێکە لە ناوچەی ئالانی باپیرئاغا لە کوردستانی ئێرانو سەر بە شاری سەردەشت بووە . دیمەنی ئەم گوندەو خۆشی ئەم ناوچەیە کار ئەکەنە سەر هەستو دەروونی ، بۆیە بەم شێوەیەی خوارەوە ستایشی ئەکاتو ئەڵێت :-

سەیری ئیمڕۆکە عەجایب دڵگوشایە خوارەمیر
هەر وەکو مەیخانە پڕ سازو نەوایە خوارەمیر
بۆ گوڵو بوستانی دائیم غەم دەخوا باغی ئیەدەم
ما عەلەینا بۆ دڵان دامی بەڵایە خوارەمیر
موطریب ئیمڕۆ دەم بە سازە ساقی ئێستا دەس بە جام
( فی الحقیقة ) . مەنبەعی عەیشو صەفایە خوارەمیر
ئەم مەکانە پڕ گوڵە ئیمڕۆ وەکو ڕەوضەی جینان
حمدللە مەنزڵی حۆری لیقایە خوارەمیر
بۆ مەریضان شافییە ئاوی وەکو ئابی حەیات
مەوقعێکی پڕ طەبیبو پڕ دەوایە خوارەمیر[1]
ئەرضی پڕ میشکو عەبیرە ، هەر وەکو خاکی خوتەن
دەشتی بۆیایە سەراسەر وەک خەطایە خوارەمیر
سەیری نەغمەی بولبولان وا لەسەر شاخی گوڵان
هەروەکو باغی خەرامان جانفزایە خوارەمیر
ئەهلی دنیایی هەموو موحتاجی ئەم جێگەن بە دڵ

(١) ئابی حەیات :- ئاوی ژیان .

شوكرو ( لله ) ، مه‌نظه‌ری شاهو گه‌دایه خواره‌میر
صه‌د شوكر ئه‌هلیشی سه‌رجه‌م صاحێبی عه‌قڵو [illegible]
بۆ هه‌موو كه‌س مه‌ركه‌زی ته‌دبیرو ڕایه خواره‌میر
تۆ به دیققه‌ت بفكره له‌ [illegible] حه‌له چه‌نده زیره‌كن
هه‌ر ده‌ڵێی شیرازه خاكی ، دڵڕوبایه خواره‌میر
بۆ سه‌خاوه‌ت هه‌ر كه‌سێكیان تۆ ده‌بینی خاته‌مه
ئاوه‌دان بێ ، مه‌عده‌نی جوودوو سه‌خایه خواره‌میر
بۆ شه‌جاعه‌ت حه‌یده‌رن ئه‌هلی له مه‌یدانی عه‌دو
به‌زمگاهی قه‌یصه‌رو پاته‌ختی شایه خواره‌میر
دڵ مونه‌ووه‌ر بوو به نووری شه‌مسی ئه‌حبابی وه‌لی
پڕ بووه خاكی له ئه‌خته‌ر ، وه‌ك سه‌مایه خواره‌میر
بۆ دیانه‌ت بێ ڕیا هه‌م ئه‌هلی سه‌عیو كۆششن
هه‌روكو به‌غدا مه‌كانی ئه‌ولیایه خواره‌میر
ئه‌ی ( ویصالی ) به‌سیه ، عاریف یه‌ك ئیشاره‌ی كافی‌یه
لای هه‌موو كه‌س ظاهیره ، جێگه‌ی وه‌فایه خواره‌میر

– ٨٤ –

## بێ نەوتی

برای شیرینم ئەی کاکی خۆش ڕەوت
ئاکادارت بێ صاحێبی مزگەوت

دەخیل صەد دەخیل فریامان کەوە
با لە تاریکی شەوا نەبین فەوت

یەک تەنەکە نەوت بەزووترین کات
ئەبێ پەیدا کەیت ، هەرچۆن بۆت هەلکەوت

ئەگەر زوو بە زوو بۆمان نەنێری
ئەبێ هەموومان سەر بنێین لە جەوت

کاتێ ئەچمەوە ئێوارە بۆ ماڵ
ئەو ماڵە لە من ئەبێ بە ئەشکەوت

شەوێ تا سەحەر لەلا خۆم ئەنووم
ئێستاش‌و ئەوسایش چاوم هەر نەخەوت

بە شەو تەماشای سەعات کە ئەکەم
تاریکی هەشتم لێ ئەکا بە حەوت

ئەی داد زەمانە لەبەر بێ نەوتی
چلۆن عالەمت خستە کەوت‌و ڕەوت

گەلێ هەوڵم دا بە هەر چوار لادا
لەم تەنگانەدا کەس فریام نەکەوت

سکاڵام زۆر کرد لا قەومان‌و خوێش
فائیدەی نەبوو نەوتم دەست کەوت

ئەگەر تۆش نەوتی بۆ پەیدا نەکەی
لە شیعرا ناوت ئەبا بە جل چەوت

هیچ لێم مەپرسە ئەحواڵت چۆنە
سەر لێ شێواوم کاکە بەبێ نەوت

( ویصالی ) حەتمەن نەوتی ئەوێ لێت
ئیتر مەیدەرێ لەوە زیاتر صەوت

- ٨٥ -

## زەلیلی کارژۆڵەی ویصالی بەدەم شاهێنەوە

سبحان من یموت الملوك و المساكین
ولا یبقی من الحی سوی رب العالمین
دڵ خۆش مەبن بە دنیا ، بە ڕووخۆشیو پێکەنین
قەحبەیەکی بێ حەیا عەدووی هەموو ئەهلی دین
نە ئەنبیای هێشتەوە ، نە زومرەیی عابدینْ
هەمووی کوشتن سەرووبەر ، نەما یەك لە ئەووەلین
لە دوا ئەوان ئەو سەگە بە شمشێری ڕقو کین
ڕووی هجوومی کردە سەر ئەم ئوممەتەی ئاخرین
یەك بە یەکی مەحور کرد لە ئەصحابو تابعین
بەقای نەبوو ئەو سەگە بۆ تەواوی عالەمین
کوانێ شاهی ئەسکەندەر ، کوا سولەیمانی زەمین ؟
کوا تەختو تاجی جەمشید ، کوانێ شەددادی بێ دین ؟
کوا پەشەنگو کەیقوباد کوا ڕۆستەمی سەهمگین ؟
کوا عەدلی نەوشیرەوان ، کوانێ جوودی حاتەمین ؟
کوانێ پیری کۆنە ساڵ ، کوا جوانانی نازەنین ؟
هەمووی جوونو قووتی دان ، ئەو لەعینی نائەمین

★ ★ ★

لە ئەووەڵ تاکو ئاخر ئەم قاربەی جادووکار
نەیهێشتەوە غەیری سێ لە عالەما یەك دەییار

خالی نی‌یه له حیکمه‌ت ئیشی خودایی قه‌هار

ئه‌و سێ که‌سه‌ش که ماون ئه‌ڵبه‌ت تیا هه‌یه ئه‌سرار

( دنیا )وو ( نه‌فس )و ( شه‌یطان ) ، هه‌رسێ وه‌کو سه‌گی هار

دوژمنی جینن‌و ئینسن ، هه‌تا ئاخر به ئاثار

تا ئینقیراضی عالم هه‌ر فیتنه‌جۆن‌و مه‌ککار

خودا بمان پاڕێزی له شه‌ڕی ئه‌و سێ له‌عین

★ ★ ★

برا ئه‌وانه ڕۆیین بڕانه‌وه به یه‌ک جار

نه‌جاتیان بوو به هه‌ر جۆر له چنگ دونیایی غه‌ددار

خودا ئه‌وان‌و ئێمه‌یش هه‌رچی هه‌یه ئیمان‌دار

جورمی هه‌موو عه‌فووکات بیجاهی شاهی موختار

ویصالی مه‌دوێ ئیتر له به‌حثی شاهو خونکار

به‌یانی مه‌طڵه‌بت که‌و ڕازی دڵت ئاشکار

★ ★ ★

## [ سه‌ختی زستانی ئه‌مساڵ ]

باسی زستانی ئیمساڵ ، بێنم مه‌یدانی ئیظهار

چی کرد به تۆی فه‌قیرو به سائیری عاله‌مین

با موخته‌صه‌ر عه‌زیزم بۆت بکه‌م به‌حث‌و به‌یان

تری بڕی له گیاوو دره‌خت‌و دارو حه‌یوان

تری هه‌مووی به جارێ ، بڕی به‌ندی زوموستان

حه‌یوان گه‌لێ بوو ئه‌ووه‌ڵ هه‌ڵ ئه‌په‌ڕین له خۆشیان

ئه‌مساڵ ئه‌مان وت ئه‌خۆین ، دۆوو ڕۆنی بێ سامان

که‌چی له ئاخری‌دا هه‌مووی کردین ماڵ وێران

له صه‌د پێنجی ده‌رنه‌کرد ، ئه‌و ظالمه‌ی بێ ئیمان
ده‌وله‌مه‌ندیش وه‌ک فه‌قیر هه‌موو ماتو دڵ حه‌زین
[ من جمله ] ئێمه‌ی هه‌زار غه‌یری بزن چوارده کار
هه‌موو مردن له‌سه‌رما پاکی ڕه‌ق بوو وه‌کو دار
ئیتر له‌و چوارده کاره مایه‌وه تاقه یه‌ک کار
ئه‌ویش هه‌ڵمان گرتبوو بۆ نموونه‌ی ڕۆژگار
قه‌ضا شاهێنی بۆ نارد بردی بۆ شامو نه‌هار
یا خوا به سندانی بێت ، لێی ببێ به زه‌هری مار
چونکه بڕی قاره‌کەر له ده‌رکو بانو حه‌سار
به‌ڵێ ڕازین به ئه‌مری خودای [ رب العالمین ]

★ ★ ★

بۆ فه‌وتی ئه‌و کارژۆله لازمه ئه‌ی برای دین
با هه‌موو کۆبینه‌وه به جارێک بۆی بکه‌ین شین
نابێته‌وه شتی وا عه‌جه‌ب لایقو شیرین
هه‌ر وه‌ک غه‌زالی صه‌حرا نه‌شمیلو جوانو نه‌خشین
بۆ خصوصی ته‌عزیه‌ی سێ ڕۆژ ئه‌بێ دانیشین
چونکه بووه‌ته سوننه‌تی ئه‌ووه‌لینو ئاخرین
ته‌رکی سوننه‌ت باعیثه بۆ سوئالی ڕۆژی دین
شوکر یا ڕه‌ببی ڕازین ، له‌سه‌ر ئه‌م به‌ڵای موبین

★ ★ ★

له پاش فه‌وتی ئه‌و زاته ویصالی دڵ په‌رێشان
تازه به ئومێده‌ی چیت ؟.. له دنیایی پڕ زیان
وه‌ختێ که دنیا نه‌ما به‌و نه‌وجه‌وانی زه‌مان

چونکە لە دنیا نەبوو شکڵی پەریش وا جوان
لام وایە هەر مەلەک بوو خوا بردی‌یەوە ئاسمان
وەختێ کە تەشریفی ئەو عورووجی کرد لەم مەکان
یەك لەحظە غافڵ نەبوو لە تەسبیحاتی سوبحان
دەنگی ذیکری ئەگەییە ئاسمانی حەوتەمین

★ ★ ★

بە دڵ گوێتان لە من بێ ئەی زومرەیی موسڵمین
وەختێ بەڵا هاتە خوار لە لای جیهان ئافەرین
ئیتر بۆ کەم بێ یا زۆر ، لە ئەفرادی عالەمین
ڕەضا بن هەر وەکو من ، مەبن دڵ تەنگ‌و غەمگین
هەر چەند موهیم بوو فەوتی ئەو کارژۆڵەی نازەنین
چونکە ئەمری خودا بوو دەستم کردە پێکەنین
وا پێم گوتن بۆ خودا مەسئوول نەبم ڕۆژی دین
[ و ما علی الرسول الا البلاغ المبین ]
ئەو وەختە هیجرەتی کرد ئەو حەضرەتی لە دنیا
بە یەک دەفعە سەراسەر عالەم هەمووی خرۆشا
ئەندامم کەوتە لەرزین ، وتم ڤیامەت هەڵستا
دڵم لە بۆی ئەسووتا ، چاوانم بۆی ئەگریا
ئەوەندەم مابوو ئەروەت ، ئەویش ئاخری فەوتا
ئیتر تازە بە من چی مەرِی حەمەی عەلی ئاغا
غەم مەخۆ ئەی ویصالی چون « مع العسر یسرا »
صابیر بە بەو موصیبەت « الله مع الصابرین »

★ ★ ★

- ٨٦ -

## - پاکو خاوێنی‌و نیشتمان پەروەری میرادەلی -

بەپێی سەرنجدان لە شیعرەکانی ویصالی ، وا دەر ئەکەوێ کە ئاشنایەتی‌و تێکەڵاوی لەگەڵ عەندێ لە پشدەریەکاندا هەبووە . وە بە بەردەوام پەیوەندی لەگەڵ کردوونو هاتووچۆیشیانی کردووە . بۆیە لە زۆربەی شیعرەکانیا ناویان ئەهێنێ ، دیارە میراودەلەیەکانیش کە لە ناوچەی پشدەرا بوون ، ئەو کاتە بە ئازایەتی‌و دلسۆزی‌و وەفاداری‌و نیشتمان پەروەری ناوبانگیان دەرکردبوو ، بۆیە ویصالیش بە پارچە شیعرێکی نایاب ستایشیان ئەکاو ئەڵێت :-

بەزمی دنیایی لەسەر ئاغای میراودەلی‌یە

چەرخی ئەم بەختە ئیعانەتدەری میراودەلی‌یە

عالەم جوملە عەشیرەت لە نزیکانو دوور

سەیری ئەمڕۆ ، کە بە دڵ ، نۆکەری میراودەلی‌یە

موددەعی حەلقە بە گوشێکە ، نی‌یە مانەندی

دوژمنی چار طەرەفی یاوەری میراودەلی‌یە

عەکسی فەوقانی بە ڕووناکی لەسەر دنیا کەوت

پرتەوی ئاوێنەی خەنجەری میراودەلی‌یە

گەر دەبێ مەردی نەبەرد ، بەبێ تەنو صاحێب یەد

ساعەتەن حەربە خۆرو بێ سەری میراودەلی‌یە

هەر ئەمیرێ کە بەیداغی بولەندی هەلکرد

بەستی نێو فکری فوتادەی میراودەلی‌یە

لەشکری فەتحە کە دێتو نیبەتی پەروای

تیپی فورسانو صەفی عەسکەری میراودەلی‌یە
پشدەر ئەمڕۆکە کە مەحفووظە لە تابی سەختی
یەکسەری پڕ ئەمەری سێبەری میراودەلی‌یە
کەلەکی چەرخە کە دەڕواتو سەرەوبن نابێ
باعیثی صەولەزەنی لەنگەری میراودەلی‌یە
هەر کە نافەوتێ لە کاکۆی ظەفەری یەک دانە
سەبەبی تەسویەیی بێداری میراودەلی‌یە
ئولفەتی جانو تەنی عالەمی ئەم خاکە لەبار
ئاوی بازارو هەوای پشدەری میراودەلی‌یە
فەلەکی دەهرە کە مەعموورە ( محەممەد ) ئەک چۆڵ
ڕەوشەنی میهرو مەهو ئەختەری میراودەلی‌یە

- ٨٧ -

« چاو چنۆکی »

ئەی عەزیزان یەک دوو ساڵێ بووم ئیمامی سەرگەڵوو(١)
ڕامبوارد ئەو بەینە ئیتر سا بە هەر نەوعێک کە بوو
بوو لە ئەقطاری ( شەشۆ ) شەخصێ عەجەب ڕوو گرژو ترش
یەعنی ئەوڕەحمان مەلایی دەستی کردە هاتوچوو(٢)
بیستو نۆ دەفعە زیاتر هەر بە عەزمی دیدەنی
هاتو ئەی وت بمکەنە ئیمامی خۆتان زوو بە زوو
چونکە زۆری کرد تەشەببوث ئەو بە ئاغاو قەومەکان
صوورەتی مەجبووری دایان وەعدەیەکی ڕوو بە ڕوو
ئەو لە خۆشیانا وەکو موژدەی بەهەشتی پێ بدەن
دەستی کردە هەڵپەڕینو قاچو قووچو هاتووچوو
عالەمی دنیا بە جارێ طەعنەیان چەند لێ ئەدا
هەر قبووڵی بوو ، کە ئەهلی غیرەتو جەوهەر نەبوو
ماڵەکەی هێنا بە وەعدەی دوو دەقیقەو سێ سەعات
وەی ئەزانی شایە ئیتر کەوتە دوی ئەم هاوهوو
ئەو لەوێ نەیزانی دەرنابا وەکو بەندەی غەریب
وەی ئەزانی قەومەکەو ئاغا ئەبن بۆ ئەو بە جوو

---

(١) سەرگەڵۆ :ـ گوندێکی گەورە خۆشە لە ناوچەی شارباژێڕ .

(٢) ئەوڕەحمانمەلا :ـ مەلای شەشۆ بووە ویستوویەتی بیکەن بە مەلای سەرگەڵوو .

سالی ئەووەڵ بەعضێ پارەو ڕۆنی بۆ تەعیین کرا
دووهەمین ساڵ صەد شوکر ئەو ڕۆنو پارە قەطعی بوو
چی کە ئەو هەر ڕازی‌یە هیچی بەنێ یا نەیەنێ
هەر دەڵێ بەسمە بە شەرطێ ڕێم بدەن بۆ دێوو دوو
ئێستە هیچی نادەنێ هەم ڕێگەیی لەولاو لای نی‌یە
عاقیبەت مەجبوور بووە عەودەت بکاتۆ زوو بە زوو
هەر وەکو بیستوومە ئێستا وا لە دەم ئەم عالەمە
زۆر بە مەمنوونی ئەدا بەرتیل‌و بیکەن تاوو توو
گەر شەشۆیی ڕاضی بن ئەو حەز ئەکا بڕواتەوە
لاکین ئاغا موشکیلە لیرەی ئەوێ لەو بیستوو دوو[٣]
چونکە زۆر شێواە حاڵی ئەو فەقیرەی هەردوولا
ناعەلاجە هەر ئەڵێ : ئەیدەم کە من بووم یا نەبوو
با وجوودی هەر درۆیە گەر بڵێ نیمە برا
ئێستە صەد لیرەی حەرامی وا لە ماڵا بێ درۆ
ئەی ( ویصالی ) تو خودا ئێستا گوناهی من چی‌یە ؟
تۆ ئەوا هیچ ، من بڵێم چی ؟ . ئەو لە من بۆتە عەدوو[٤]

---

(٣) شەشۆ :ـ گوندێکە لە ناوچەی شارباژێر ئەکەوێتە بەشی ماوەتەوە ٠
(٤) لەم پارچە شیعرەدا ویصالی هەڵویستی یەکێکی خستۆتە پێش چاو کە مەولی داوە جێ بە ویصالی لێژ بکات ، بەڵام هەوڵەکەی بێ سوود بووە . چونکە کارەکەی لە جێی خۆی‌دا نەبووە ، پەشیمان بووەتەوەو گەڕاوەتەوە بۆ گوندەکەی پێشووی کە بیکەنەوە بە مەلای ئەو گوندە ٠

- ٨٨ -

مژدەبێ ئەی دڵ ئەڵێن بولبولی ئابستان هاتەوە
بەزمی گێڕا ئەهلی عەصرو دڵحەزینان هاتەوە
مووددەێ بوو چوو بوو بۆ هەولێرو کۆ بۆ ئیش‌وکار
حەمدولیلاهـ ، کاری چابوو ، گوڵ بە خەندان هاتەوە
جەمعی ئەحباب هەموو بوو بوون بە یەعقووبی زەمان
ئێستە دلخۆشن کەوا شاهید بە کەنعان هاتەوە
گوڵ کە ڕۆیی لەم مەقامە چاوی دڵ تاریک بووە
ئێستە پڕ نوورە کەوا ماهی درەخشان هاتەوە
قاصدی بادی صەبا مژدەی بە گۆشی من گەیاند
باعیثی تەفریحی قەلبی جینن‌و ئینسان هاتەوە
تێفکرە ئیمڕۆ لە سایەی خواوو فەخری ئەنبیا
بۆ شکستی دوشمنی دین ، مەردی مەیدان هاتەوە
با حصوولی جوملە مەطلەب ئەی دڵا شادی بکە
لەو وڵاتی دوورەوە تەشریفی جانان هاتەوە
هەر کەسێ عەقلی ببێ ئیمڕۆ جلووسێ ساز ئەکا
چونکە بۆ ئەم عالەمە شەمعی شەبستان هاتەوە
زەمزەمەی شادی لە ناکاو کەوتە ناو ئەهلی زەمان
چون لە بۆ مژدەی صەبا مورغی سولەیمان هاتەوە
مەستو دلخۆش بووم لەگەڵ زومرەی مەریضانێ جیهان
وەقتێ مەعلووم بوو کەوا تەشریفی لوقمان هاتەوە
مولکی کوردان بەینێکە بووەتە نەشیمەنگاهی کوند
موژدە بۆ یاران ئەوا مەعماری وێران هاتەوە

ذەڕڕەیە ئاسایشو ڕاحەت نەما بۆ بوعدی یار
شوکرو [ لله ] مەنبەعی ئەلطافو ئیحسان هاتەوە
ئەو کەسە خالیق کە ئەووەڵ دەفعە ناوی نا حەسەن
ئیمڕۆ یا حوسنی تەواوو طەبعی شادان هاتەوە
طائیفەی کوردان دوێنێ پەرێشان بوو بە غەم
کەوکەبی فەرخەندەیان ئیمڕۆ بە تابان هاتەوە
ئەی ویصالی غەم مەخۆ چیدی لەبۆ دیداری یار
گوڵ لەبۆ جێی خۆی بە ئەمری شاهو سوڵطان هاتەوە(١)

---

(١) لە مەلا عەبدوللای کوڕی شاعیرم بیست کە گوایە ویصالی ئەم شیعرەی بەهۆی گەڕانەوەی شێخ مەحموودەوە داناوە کە لە دیلی ڕزگاری بوو . بەڵام من گومانم لەمە هەیە چونکە لە سەرەتاوە ئەڵێت :- [ موددەیێ بوو چوو بوو بۆ هەولێرو کۆ بۆ ئیشو کار ] . کەواتە مەبەستی خۆشەویستێکی تری بووە کە لە دوورەوە گەڕاوەتەوە .

- ٨٩ -

## هەشت خشتەکی(١)

بۆ کەسێ کە تێ بگا لەم شیعرە میثلی دوڕە
هەر کەسێ فکری هەیە بیڵێ ئیتر نەیبێ قڕە
کەس نەڵێ ئەم شاعیرە سەیری ئەڵێ‌ی بەردی خڕە
خزمەکان بەو ذاتە وا حوکمی لەسەر بەحرو بەڕە
بەرخە نێرێ گەر ئەنێرێ هەر کەسێ صاحێب مڕە
دێم بە گژیا ئەیکوژم گەر [ في المثل ] شێری نەڕە
با ئەقەومێت وا نەزانن ئەم هەموو شۆڕو شەڕە
گشت لەسەر کاوری کەڕو بزنی گەڕە

---

(١) ویصالی ئەم پارچە شیعرەی لە پارچە بەیاضێکا بە دەسخەتی خۆی نووسیوەتەوەو لە سەرەتاوە تەنها ئەوەندەی نووسیوە :- [ مثمن شیخ محمد قرداغی ] ئیتر ڕوونی نەکردووەتەوە بۆ کێ‌ی نووسیوە بەلام وا دیارە بۆ کەسێکی دەسەلاتداری ئەو سەردەمەی ناردووە لە کۆتایی پارچە شیعرەکەشدا نووسیویەتی‌و ئەڵێت :- [ تمت شد وەلی عەیبە کە نەینێرن ] .. واتای پارچە شیعرەکەش زۆر ئاشکرایە .

( ویصالی ) ئەم پارچە شیعرەی لە باسی دونیادا داناوە . تیایا باسی ( سینەما )ی کردووە کە لەو کاتەدا بە کارێکی خراپ لە قەڵەم ئەدراو لە هەمان کاتیش‌دا ئیشارەتی بۆ پەیدا بوونی ( یاسای کۆماری ) واتە ( الجمهوریة )و سەر هەڵدانی شۆڕشی ١٤ تەمووز/١٩٥٨ کردووە .

سەیری دەوری چەرخ‌و ئیشی خالیقی ئەرض‌و سەما
جینن‌و ئینسی خەلق کرد دونیاشی کردە سینەما
سینەما وەک سینەمای دونیا ، لە دونیادا نی‌یە
سەیری ئەحوالی جیهان کە جا ئەبینی سینەما
سینەمای تازە فرۆفێڵە لە لا ئەهلی نەظەر
تۆ ئەگەر عالیم بی ئەصلا ، ناچی قەط بۆ سینەما
سینەما سنوودی نی‌یە غەیری زەرەر بۆ داخلین
داخ‌و دەردی سینەما هەروا لە لەوحەی سینەما
سینەماو دۆمینە ڕەسمی پیاوی هەرزەو ئەبلەیە
هەر کەسێ عەقڵی ببێت ئەزانێ کاری قۆڕە سینەما
غەیری وێران کردنی میللەت لە دوولا چی کەیە ؟
مەیکەدەی بێ شەرعی‌ی‌و جورم‌و قصوورە سینەما
شۆڕشی جمهووری پیرۆز گشتی دەرهێنایین لە چاڵ
با هەموو سەربەست بژی میللەت کە وەسواسی نەما
بۆگەنی جەمعییەتی کۆن عالەمی پیر کردبوو
ئیمڕۆ جمهووری‌یەتە پاک بووینەوە ، پیسی نەما

- ٩١ -

ئەم پارچە شیعرەی خوارەوە ویصالی لە کاتی خۆیا بۆ مەلا عەبدوڵڵای کوڕی ناردووە کە لە سولەیمانی بووە ، لێرەدا بەشێکی کەم لەو نامەیە ئەخەمە پێش چاوو ئەمجا پارچە شیعرەکەش ئەنووسمەوە . — نامەکە —

[ بۆ نووری هەردوو چاوم‌و قووەی دڵ‌و هەناوم کاکە عەبدوڵڵا گیان ، بەینی هەردوو چاوەکانت ماچ ئەکەم ، لەپاش چاو ماچ کردن کاکە گیان ئەو ڕۆژە بۆ ڕانەوەستای وە صەبرت نەکرد هەتا چاوم پێت بکەوێت ، وەختێ کە هاتمەوە تۆ حەرەکەتت کردبوو ، زۆر موتەئەسسیف بووم کە چاوم پێت نەکەوتووە ، باوەڕ بکە وەک خەو وەها بوو هاتنەوەت فەقەط بڵێم چی خوا حافظیت بێ ، وە حەق تەعالا لەسەر تەحصیل موەفەقت بکات .

باقی لە خزمەت جەنابی مەلا مستەفاو مەلا ڕەسووڵ‌و مەلا صالحا بە ئەفواج عەرضی سەلامی بیلا خیتامم هەیە ، ئەبێ ( انشاء الله ) لە دەعەواتی خەیریەیە غافڵمان نەفەرموون ، [ لان الطلاب بالنسبة الى سائر العالم ملائكة على الارض ودعاء الملائكة عند الله مستجاب ولأن الطالبين للعلم أغنياء ونحن فقراء وهذا معلوم ان الفقراء كل آن يحتاجون الى الاغنياء ]

غەرەض لەم قیل‌و قالە یاری جانی
لە من غافڵ نەبی شام‌و بەیانی
کە چونکە هەر دوعایێ ئێوە ئەیکەن
قبووڵە لای خودایی ئاسمانی
کەسێ مونکیر بە ئەهلی عیلمە بێشک
ئەوە هەر ڕووڕەشەو شەیطانی ثانی
مەکەن سستی لە تەحصیلی مەعاریف

مەبن موستەغریقی دونیایی فانی
کەدونیا هیچو پووچو بێ بەقایە
کە تاسەر نەیبوو بۆ کەس شادمانی
هەزاری تەفرە دا نەیدانێ مەقصوود
هەمووی کوشتن بە ذیللەت گەر بزانی
کە وەعدەی بە هەرکەس بێ وەفا بوو
چیان لێ هات سەلاطینی زەمانی
خەریکی کەسبی خواناسینو عیلمە
ئەوی عەقلی ببێ جەهرو نیهانی
کە چون مەعلوومە لێی وەقتێ ئەجەل هات
سەعاتێ نادا عیزرائیل ئەمانی
خەریک بن تاکو گەنجن ببنە مەخدووم
نەوەک هەر ماڵ وێرانیو هیچ نەزانی
خۆتان کامیل بکەن نوقصانی عەیبە
تەماشاکەن لە ئەحواڵی ( ویصالی )
لەبەر نوقصانی مەجهوولە مەکانی

غزلی عالی کوصلاحی بنوسری ۱۰ بیت

- ۹۲ -

سەیری ئەم دونیای عەجووزە خۆی لە من چۆن کردە بووك
هەر وەکو دوختەر بە حیلە دەستی کردە نووکە نووك
بۆ فریبی جاهیلان خۆی وا موزەییەن کردووە
هەروەکو قەحبە عەجایب ڕەنگی خۆی کردە گلووك
حەسرەتا تووشی مەبن هەر وەك طەلیسمە مەکری ئەو
هەر کەسێکی کەوتە بەر دەس کردی ڕسواوو چرووك
سەیری سولطانانی چەرخە باریك بوون لە دەس ئەودا چو دووك
ئاسمان حەیباك‌و دونیا هەروەکو بێچاڵی قووڵ
عالەمیش لەم بەینەدا سەر گەشتە بوون هەر وەك مەکووك
لەشکری ئیسلامی شادی وا بە طەییارەی عەدو
گشت لە کۆیی بێ‌کەسیدا کەوتوون عوریان‌و سووك
وا بە بادی غەم چرای عەیشم عەجەب پەژموردە بوو
دەورەیان لێدام غەم‌و هەم هەر وەکو جەیشی ملووك
سەیری ئەشکی من وەکو باران‌و چاویش هەورو بەرق
لەم تەم‌و هەورو مژە ئەمڕۆ سەما نادا برووك
تێفکرە لەم ساحەتی دونیاو لە ناوی ئەم عالەمە
من لەدەست چێووکی غەمدا بێ‌قەرارم وەك هەلووك
ئەی ویصالی توێشەیە پەیدا بکە تا فرصەتە
تا نەکەوتوویە هەلاکەت بگرە پێش ڕاهی سلووك

چامەی عالی ٢١ بیت – چامەی عالی ٢١ بیت – چامەی عالی ٢١ بیت

**- ٩٣ -**

ئەم شیعرەی خوارەوە ئاوردانەوەیەکە لە بـاری ژیانـــی ئابــووری سەردەمی پاشایەتی لە ناوچەی سولەیمانی‌داو ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعەیـــە کە گەل‌و کۆمەڵ تیا ئەژیا ، بە تایبەتی مەسەلـــەی بازرگانـــی‌و کریـــن‌و فرۆشتن ، شاعیر وێنەیەکی فوتۆگرافی بە کامێرای شیعری بـۆ گرتووین‌و شریتی چۆنیەتی ڕەفتاری بازرگانەکانمان بۆ لێ ئەداتەوەو ئەڵێت :ـ

صەبا هەڵسە بڕۆ زووکە لە شاری سولەیمانی
بڵێ صاحێب کەوا عەرضت دەکەن زوورپاع‌و دێکانی
بە شمشێری سیاسەت گەرچی بێخ‌و ڕیشەی دەرهات
دەرختی نەحس‌و ظوڵم‌و ئەشقیاو ئاشووب‌و تاڵانی
بەلاگیرۆدەو فەوتاوو داماو‌و خەریک ماوین
هەموو لایێ لەبەر قەمپانی تیججارو پیلانی
بە پێنج صەد ڕوپیە تا زاریع هەتا جووتێکی بۆ پێک دێت
هەزاریشی دەوێ بۆ مەصرەفی پێویستو کیلانی
بە خوێنی ماڵ‌و منداڵ هەتا شەش باطمان تووتن
دەکەن پەروەردوو پەیدا بە صەد دەردو پەرێشانی
تیجارێ نەک تیجاری چەرچی دودەس بەناڵی دێت
بە حیلە تێ دەهاڵێ وەک چقڵ دەگرێ گریبانی[١]
بە سوێن خواردن دەڵێ هەر کەس قرانێ زیاتر بیفرۆشێت
بە ناموسم بە تۆ لەو زیاد دەدەم هەشت ، نۆ ، دە تارانی[٢]

---

(١) گریبان :ـ یەخە ٠

(٢) تارانی :ـ جۆرە پارەیەکی ئەو سەردەمە بووە ٠

هەسانی ساو دەدا ، دەیدا لەبەر پێی تا پێی دەخزێ
لەسەر داوا بەسەر ئەرضیا دەدا دەشکێ ملو شانی
قەپانی تێ دەخا تالآنی بێ ، هاومالە بێ عەینی
بە شەش لێی وەرگرێ سەیری کەن جا وەقتی کێشانی
داوای پارەی دەکا ئێ پێی دەلێ قوربان بەسەر چاوم
ئەوا نووسیم حەوالەم بۆ دەکەن تا حەفتەیی ثانی
بە ڕۆژە ڕۆژە تەفرەی دا هەتا دایگرتو سەوقی کرد
کە ئەمجا جێبەجێ بوو ئیشو کارو ڕەسمو دووخانی
لە بەغدا دەیفرۆشێو پارەکەی دێنێتەوە هێشتا
کە زاریع دێن دەچن بۆ پارە بەر دوککانو بەر خانی
یەکێ حاشا دەکا ، یەکیان دەلێ پارەم نییەو یەکیان
دەلێ تووتن شکا ، نادەم ، لە پەنجا زیادە باطمانی
دەلێ شەرطت نەکرد قەرضی حکوومەت جێبەجێ کەی بۆم ؟
دەلێ تۆم قەط نەدیوە گەرمیانیت یاخود کوێستانی
گەزی چێو جاوی چی ڕاکەن نەمردوون تا لە برسانا
هەتا کەی دادەنیشن هەر شەوێ یا دوانە میوانی
بە چاوی دڵ هەچی تێبفکری بێ شوبهە دەیزانی
سەبەب توججارە بۆ مەحووی فەلاحو خانەوێرانی
لە زاریعدا یەکێ صەد باطمانی بێت ئەگەر سالێک
خەریک هەر شکستە سالْ بە سالْ وەک نۆطی عوثمانی
تیجارێ صاحێبی صەد چەرخی قەلبە لە پاش سالێک
لە ملوێنێ زیاتر زیاد دەکا دەزگاوڕدوکانی
هەموو مزگەوتی لادێکان لەباتی ذیکرو تەهلیلە
دوعا لێکردنی توججارە ، ئەورادی سبەینانی

چ حاجەت عەرضی پێشکەوتن بکەم ئەم حالەتە ئەمڕۆ
ئەوی تۆ خۆت دەڵێی زووتر جەنابی حاکم ئەیزانی
لە بیرت نایە ویصالی کە پازدەی مانگی دێسەمبەر
لەبەر ئەم دەردە بوو ئاخر حکوومەت ئەمرو ئعلانی

- ٩٤ -

## - توتوتن فرۆشتنی ویصالی -

سەیری وەضعی ڕۆزگارو دەوری چەرخی ئاسمان
چەندە ناهەموارو بەدابوو هەر لە بەختی شاعیران
عالەمی خستۆتە چاهی حەسرەت‌و جەورو جەفا
سەیری کە هەر کەس بە دەردێکۆ ئەکا ئەکا نالەو فوغان
کوللی کەس وەک من گرفتارە لە داوی تووتنا
عالەمێ کەڕ بوو لە دەنگی نالە ناڵ‌و ئەلئەمان
سەیر ئەکەم بۆ جەژنی قوربانم نەمابوو شەکرو چا
مەصلەحەت وایە وتم سەعی بکەم تا ماوە جان
نەختێکم تووتن بوو عەینی ماڵی خۆم ، بۆ نەکبەتی
نەختێکی کەیشم کڕی هاتم لە قەوم‌و خوێشەکان
یەک کۆم کردنەوە دام گرتن‌و کردم بە بار
بەم خەیاڵە بیفرۆشم یا بە جەهری یا نیهان
خوا وتی تەقدیری من تەدبیری تۆی ئیبطاڵ کرد
چۆن ئەبێ بێتە مەصاف ڕێوی لەگەڵ فیلی زەمان
تێ‌فکریم لەم کارەدا تەنبیهی تیا مەوجوود بوو
یەعنی ئیتر نەخلەتابی دەست لە تووتن دەی عەیان
ئیشی تووتن لەم زەمانە ئەی برا زۆر موشکیلە
پیاوی عاقڵ خۆی لە تووتن ناگەێنێ بێ بێ‌گومان
من لەلا خۆم وام ئەزانی شەکرو چا هەرزان ئەکەم
نەم دەزانی گەر وەها دەبمە ئەسیری کافران

# داستانی حیزو هەتیو

حەیفێ غەیبم پێ نەبوو دەمزانی ئیش ساوا دەبێ
چونکە بۆ ڕیش هاتم ئەووەڵ چی سمێڵیشم نا لە بان
هەم ڕەفیقم پیاوی کەر بوو ، یا ڕەبی خووا بیگرێ
وەک منی تووشی بەڵا کرد ، خۆی بە سالم دەرچوان
وەک گونی هەللاج ئەلەرزی وا لە ترسانا بە شەو
جوو لە چاویا ئەینوان وەک ڕۆستەمی مازندەران
بیدیایە ڕێوی‌یەک ئەو ، هەر لە دوورۆ ڕای ئەکرد
پێم دەگوت بۆچ ڕادەکەی ئەی وت لەبەر شێری ژیان
ماکەرێکی پێ بوو جێی هێشت ساعەتەن ئەو ماکەرە
ظەننی وا بوو ئەی کوژن ئەو ماکەرە پۆلیسەکان
گەر چی کەر بوو ڕۆیینی ڕێی وابوو هەر وەک ڕەوڕەوە
طەیی ئەرضی پێ ئەبوو هەر وەک تەیارەی ئاسمان
ظاهیرەن کەر بوو وەلێ باطین لە صەد پیاوی وەکو
قالە چاتر بوو ، هەم ، عاقلترو ، هەم ، کارزان
چونکە ئەو گەر لێی گەڕایە ڕانەدەوەستا هیچ یەقین
بۆ خۆی ئەچووە لای مودیرو بۆی دەکرد بەحثو بەیان
ساعەتەن باسی دەهێنا بێ دەنگو بێ دەردی‌سەر
بۆ هەموو کار چاک بوو گەر وەری ئەگرت قەبضەی ئەمان
گەر ڕەفیقی کەر نەبوایە ، سوێند ئەخۆم قەط ئەو کەرە
نەیدەبینی دەردو زەحمەت چون کەرێ بوو نوکتەزان
دەفعەێ تر قەط کەری وا نابێتۆ بۆ خاوەنی
کەر نەبوو ، باوەڕ بفەرموو ، هەر پەری بوو وا جوان
نەک منو تۆ صاحێبی بەڵکو خوداش هەر خۆشی ویست
بۆیە وا ئێستا بە چاکی چۆتە سیلکی سالیکان

# داشۆرکن خێبوو هەجو

بەم سلووکە وا دەزانم مەرتەبەی دەست کەوتووە
چونکە وا لە ئیعتیکافا بێتەو نۆ ڕۆژە لە خان
[ صائم الدهره ]، بە ڕۆژو ، [قائم الليل ] بە شەو
ئێسنە بیستوومە ئەوە سەر ذاکیر بۆ ئەهلی خان
ئەڵبەتە ئیسلامی ساغە بۆیە وا تووشی بەڵای
کردو بیداتێ لە پاشا ڕاحەتی باغی جینان
کەر چی خۆشی ڕابوارد ، خوا ئیتیقامی لێسەنۆ
بێ طەریقەت پێگەیی کاری هەموو لێ بوو عەیان
گوێ مەدەرە عەیشی دنیا هیچە ، خۆزگە بەو کەرە
چونکە دنیا نامێنێ باقی لە بۆ کەس با ئەمان
زۆر دەمێکە نەمدیوە لاکین هەموو عالەم دەڵێن
شوکری خالیق هەر ئەکا ئێستەش بە میثلی زاهیدان
دەستی کەوت ڕوتبەی شەهادەت ، ئەو بە دووسێ مەرتەبە
یەک بە غوربەت ، دوو بە ناحەق ، سێ ئەسیری کافران
کەرێتی قالە عەجەب تەئثیری بۆ ئەو کردبوو
چونکە خۆی وا کەر نەبوو ، بڕوا بە بێ ناموو نیشان
بەحثی بێ ناموسی ئەو هەر ناکرێ هەم تووتنەکەت
بێنە ڕووی مەیدانو دائیم بیکەرە ویردی زوبان
تووتنەکەم تووتن نەبوو ، چی بکەم خودا بۆ تووتنەکەم
صاحێبی عەطرو عەبیر بوو وەک ڕیاحەینی جینان
هەر ئەوەندەم بوو لە ماڵا [ قاضی الحاجات ] بێ
عاقیبەت خالق ئەویشی خستە داوی ظاڵمان
هەر کەسێ کاری خراپ کرد ، سا لە ڕەحمەت دوور بێ
تا ئەکا ئیتر خەیالی غەصبی ماڵی موسلیمان

٧١

# داشۆرین ـ جنێو ـ هەجو

وا عەیانە لێم ( ئەمین بەگ ) نا ئەمینی میللەتە
کاری چاکی هەر نی‌یەو نەبووە لە بۆ ئەهلی جیهان
عالەمی ئیسلام لە چنگیا زۆر ذەلیلە سا خودا
بیخەیە بەر بادی غەضەب . مانەندی قەومی عادیان
کوشتنی واجیب بووە ئێستا بە شەرعی ئەحمەدی
چونکە بۆتە موفسیدو هەم فیتنەیی ئاخر زەمان
هەر کەسێ لام بیکوژێ تەحقیقە دەستی سەوز ئەبێ
چون عەدوویی ئەهلی عیلمە هەم جەمیعی سەییدان
ئەلحەق ئێستا چاکە بۆ مەولوود بە نامی کەلبەوە
بیکوژێ دنیا بکا ئیتر بە باغی کاسبان
هەروەکو مەشهوورە ئیسمی بێتو ئەم فەتحەش بکا
حەیەرئاسا هەم لە دنیا بۆی ئەبێتە داستان
ئەی خودا چی بکەم لە چنگ بەختی کەچو هەم یاری کەچ ؟
سەیری کە خۆیشم کەچم ، بەم سێ کەچە ، نا میهرەبان
ئەی ( ویصالی ) من بلێم چی تووتنو حیمارەکەت
هەردووکی خواردن ئەمین بەگ . بۆتە فیرعەونی زەمان

چامە ٣٧ بیت کورد



## خۆشیو بەزمی سەماوەر

ئەگەر بە وردی لەم شیعرەی خوارەوە وردبینەوە ئەگەر چی بە ڕواڵەت باسی شتێك ئەكات كە بە لای كەسەوە شاراوە نیەو ڕەنگە زۆریش چێ‌ی سەرنج نەبێت . بەڵام ئەگەر بە چاوی لێكۆڵینەوەو واتای قووڵەوە بڕوانینو بچینە ناخو بنجی‌یەوە ئەگەینە ئەو ڕاستی‌یەی كە بڵێین بە ڕاستی مەگەر هەر ویصالی توانیبێتی بەو تەرزو شێوەیە باسی سەماوەر بكات وەك عاشقێكو دڵخوازێكی باس ئەكاتو سەرنجی هەموو خوینەرێك ڕائەكێشێت بۆ لای خۆی ، ئەمجا با بزانین چۆنی باسی سەماوەر ئەكات ٠٠ ؟ ٠

تەماشاكەن لە مەیدانا سەماوەر
خەریكی شینو گریانە سەماوەر
میثالی بێوەیی كوڕمردە دائیم
خەریكی شینو گریانە سەماوەر(١)
هەمیشە چاو پڕ ئاوو دڵ پڕ لە ئاگر
لە زومرەی دڵ حەزینانە سەماوەر
یەتیم‌ئاسا بەبێ صاحێب دەناڵێ
دڵی پڕ جۆشو بویانە سەماوەر(٢)
لە چاوی دێتە خوار بارانی ئەسرین

---

(١) بێوە :ــ بێوەژن ٠

(٢) یەتیم‌ئاسا :ــ وەكو هەتیو ٠

دەڵێی بەعموو بی کەنعانە سەماوەر(٣)
میثالی حەضرەتی لوقمان لە دنیا
طەبیبی دەردەدارانە سەماوەر
ڕەفیقێکی غەریبە بۆ حەریفان
ئەنیسی داغدارانە سەماوەر
عەجایب مەجلیس ئارایەو دڵ ئەفرووز
وەکو شەمعی شەبستانە سەماوەر(٤)
بە میثلی بولبولی شەیدا شەبو ڕۆژ
بە ئاهو سۆزو گریانە سەماوەر
کە ئەو تەشریفی حاضر بوو لە مەرجێ
ڕەئیسی شاهو سوڵطانە سەماوەر
وەکو ئەسکەندەری هەر چار کەنارە
چراغی قەصرو ئەیوانە سەماوەر
لە نێو شێخو مەلاوو طالیبانا
وەکو مورغی غەزەڵخوانە سەماوەر
بە حوببی ئەو هەموو کەس موبتەلایە
بە فەیضو لوطفو ئیحسانە سەماوەر
دڵی پڕ ئێشە دائیم خەستەخاتر
نەخۆشی ناری هیجرانە سەماوەر
بە ظاهیر عاشقو باطن چ مەعشووق

---

(٤) ئارا :ـ ئەیرازێنیتەوە ٠

(٣) ئەسرین :ـ فرمێسك

زەدەی عەشقی حەبیبانە سەماوەر

میثالی ئەولیای صاحێب خەواریق

کەمەندی نەفس‌و شەیطانە سەماوەر

بە ڕەنگ ئیدریس وباطن میثلی ئیبلیس

بە تەزویرو بە دەستانە سەماوەر

لە جامی فەیضی عالەم مەی دەنۆشن

عەجایب پیری مەیخانە سەماوەر

ئەگەر زۆر موخلیصی بی ئەبیە موفلیس

عەدووی مسکین‌و سوڵطانە سەماوەر

طەریدەی کاروان‌و ماڵ‌و موڵکە

دەڵێی ئینگلیزو یۆنانە سەماوەر

تەمەتتوع بەخشی قەلبی ناتەوانە

صەفا بەخشی حەریفانە سەماوەر

دەڵێی شایە کە سفرەی دێتە پێشێ

عەزیزی جینن‌و ئینسانە سەماوەر

هەمیشە شیفتەوو بوریانی عەشقە

حەریفی بادەنۆشانە سەماوەر

ئەکا زیندو دڵی عوششاقی فانی

میثالی ئەبری نیسانە سەماوەر(٥)

لە وەقتی فەجری صادق دێتە مەیدان

وەکو عابید ئەناخوانە سەماوەر

خەلیل‌ئاسا لە دەستی ناری نەمرود

---

(٥) ئەبر :ـ هەور ٠

هەموو دەم ڕووی لە سوبحانە سەماوەر(٦)
لە کۆمی بێستوونی هیجری چایی
عەجەب فەرهادی بێ‌جانە سەماوەر
بە سۆزی دڵ ئەناڵێ سێ سەعاتان
موقیمی صەحنی مەیدانە سەماوەر
گورفتاری خەمی زولفەینی یارە
بە میثلی شێخی صەنعانە سەماوەر
بە گریانو بە زاری وەک هوزارە
شەهیدی یاری بوستانە سەماوەر(٧)
وەکو دەروێش‌و شێخی ئەم زەمانە
خەریکی تەپڵ لێدانە سەماوەر
بە چاوی دڵ تەماشای حاڵی ئەو کە
کە غەرقی بەحری عیرفانە سەماوەر(٨)
بە ظاهیر گەر چی مەستی ناری عەشقە
بە دڵ مەشغووڵی ڕەحمانە سەماوەر
بە چایی چا نەبێ ، چا نابێ کاری

---

(٦) خەلیل‌ئاسا :ـ وەکو خەلیل . مەبەست لە حەزرەتی ئیبراهیم پێغەمبەرە کە نەمروود ئاگرێکی گەورەی بۆ کردووەوەو تێ‌ی هەڵدا ، جا لەوێدا هاواری خوای کردو خوای گەورەش فریای کەوت‌و ئاگرەکەی بۆ کرد بە باخ‌و باخات‌و گوڵزار .

(٧) هوزار :ـ بولبول .

(٨) چاوی‌دڵ :ـ زاراوەیەکە سۆفیەکان بەکاری ئەهێنن . ئەم چاوە جیاوازە لە دووچاوی سەر ، تەنها پیاوچاکان لە پلەیەکی تایبەتی‌دا هەیانە .

که مەنظەرگاهی چاکانە سەماوەر
حەقیقەت قیبلەگاهی ئەهلی عەشقە
لە شوعلەی نووری یەزدانە سەماوەر
مەگەر ئەهلی بیارا بێ ( ویصالی )
کە دائیم دەم بە قورئانە سەماوەر(٩)

---

(٩) بیارا :ـ مەبەست بیارەیە ٠
شاعیر لێرەدا بیارەی بۆ ئەم مەبەستە بەرکاهێناوە چونکە مەڵبەندی سۆفیو زاناو پیاوانی خوا بووە ، ڕابەرەکانی تەریقەتی نەقشبەندی زۆربەیان لەم مەڵبەندەدا ژیاون ، جگە لە زاناو عاشقانی ڕێگەی حەقیقەت کە هەمیشە دەروون گەرم بوون بە وێنەی سەماوەر پڕ لە ئاگر ٠

- ٩٦ -

ویصالی لەم پارچە شیعرەی خوارەوەدا داوای دەرمانی مەلاریا لــە مەحمووەفەنی ئەکات ، ئەم مەحمووەفەنیەش کاک « مەحموودهەژار » بـوو کە ئەو کاتە لە خەستەخانە فەرمانبەری میـری بووە . ئـەم پیـاوە تـا ئێستاش لە ژیاندایە ..

مەحمووەفەنی عەزیزم بەعضێ دەرمانم ئەوێ
چون لە سرمەی مشکءو مۆنەی مێش خەوم لێ ناکەوێ
دەفعی ئەو دوانەش بە دەرمانی مەلاری تۆ ئەبێت
ئێستە ئەینێری کە ڕۆژە یاخو نەیخەیتە شەوێ
تۆ کە مەئموری مەلاریت هەم حەکیمی لەرزوتای
لازمە ( دەرمان ) بکەیت ، ( دەرمان ) نەکەیت لێرەو لەوێ
گشت برینداریـن بە نێشی مێشءو مشکءو مارومور
لازمە گەورەی مەلاری تا زووە فریاکەوێ
چاوەکەم با نەڵێمۆ زۆر گوتن قورئان خۆشە
یەعنی دەرمان زۆر نەنێری لێت ئەخوێنم وەک کەوێ
کەم نەبێ دەرمانەکەت وابێ تەشەککور هەلگرێت
بێتءو کەم بێت هەڵیەدێرم تا ئەگاتە بەرگەوێ
من کە دەرمانی مەلاریم ئێستە داوا کردووە
مەقصەدم وابوو لە عالەم پیاوەتی تۆ دەرکەوێ
هەرچی لەشمانە بە کێچءو مۆریان بۆتە برین
خۆت ئەزانی نێشءو ئازار . هەردوو دەرمانی ئەوێ
خوا دەوامی فەیصەلی ثانی بدا بۆ کردمەوە
چونکە بۆتە موحسینءو ئیسراحەتی بۆ عام ئەوێ
موختەصەر دەرمان بنێرە بۆ ( ویصالی ) ڕۆحەکەم
هەر کە ناردت زۆر بنێرە . کەم بنێری نامەوێ

غزلی توصیفی ۱۲ بیت

*– ٩٦ –

صەد شوکر ئیمڕۆ بە ڕەحمەت خالقی جینن‌و بەشەر
ناردی بۆ سەر ئەم قەزایە حاکمێکی موعتەبەر
بۆ عەدالەت شاهی کیسرا بۆ سەخا حاتەم صیفەت
بۆ فیراسەت پووری سینا وەک توهەمتەن بۆ هونەر
لەو دەمە صدیقە شاتە تەشریفی کەوتە ئەم قەزا
مەسئەلەی کیذب‌و خیانەت کەمتری ماوە ئەثەر
لازمە سەجدەی شوکر ئێستا لەسەر ئەم عالەمە
چون بە سەعی‌ی عەدلی پاشا باغی مسکین پڕ سەمەر
خۆ ئەمە مەعلوومی عامە دڵی زیندوو کردەوە
شاهی صەددیق وەک کوڕی عەبدول عەزیز یەعنی عومەر
هەر لە ئەووەڵ تا بە ئاخر نەیدی چاوی ئەم قەزا
حاکمێکی وا بە دین‌و وا عەدیل‌و دادگەر
هەر وەکو صدیقی ئەکبەر حامی بۆ دینی نەبی
بێ‌طەرەف حوکمی هەیە ، بۆ دۆست‌و دۆژمن بێ کەدەر
یەعنی مەحبووبی خودایە ذاتی صدیق پادشا
بۆیە زۆمرەی دوعاگۆ چاوی لوطفی باخەبەر
هەر ببێ ئەو حاکمە یا ڕەب وەکو بیستوومە من

---

★ لە کاتێکدا صدیق پاشا قائمقامی قەزای چوارتا بووە شاعیر ئەم شیعرەی بۆ وتووە ..

قەط زەمانە نەی بووە فیکری بەشەر بۆ هیچ بەشەر
لوطفی پاشا ، میهر ئاسا ، وەک یەک بۆ قوربەو بەعید
بۆیە ئەمنیش لێرە ئێستا موستەفیدم وەک قەمەر
شاهـ بۆ بەندەنەوازی شەکری زۆری ناردبوو
یەعنی من بەو ئیلتیفاتە تاجی فەخرم نا لەسەر
شاهی تۆ بەندەنەوازە ئەی ( ویصالی ) موژدە بێ
هەی وەکو شاهی سولەیمان بووی لە بۆ مووریێ نەظەر

غزل ۷ بیت

- ٩٨ -

## چوون بۆ سەر دەعوەت

عەوی یەک شەممە واقیع بوو لە ماڵی ئێمە پەنهانی
کە بێن بۆ ماڵی شێخ ئەولا ، بە ئیزنی شاهی ڕەببانی
کە هاتین گەیینە ماڵی شێخ کەریمی حاجی ڕاوەستاین
لە ناکاو هات بە گوێمانا عەیانەن دەنگی گۆزانی
گوزەرمان کرد لە ماڵی شێخ کەریمۆ نەختێ ڕابووردین
کە گوێمان گرت لە ماڵێ ، گرتوویانە بەزمی ڕەندانی
نیگامان کردە ئەو بەزمە لە قاپی تۆزێ ڕاوەستاین
لە پاشا هاتینە مەنزڵ ، عەجەب جێیەکی نوورانی
کە تێفکرین لە قاپی دوو خەریکی [ ئامەدوشود ] بوون
دڵێکی سەروو باڵاو گوڵێکی زوڵف ڕەیحانی
لە پاش دانیشتنی بەینێ ، جەنابی خاڵە شێخ ( ئەوضا )(١)
بە چاکی چایی حازر کرد لەگەڵیا گۆشتو بریانی
کەبابچی شێخ حەسەن ئایش ، مودەببیر شێخ حەسەن بارێ
برایم موطریبی بەزمو ، ( ویصالی ) شەممەی بوستانی

---

(١) ئەم ناوە ئەگەرچی لە کوردیدا نەبیستراوە بەڵام لە هەموو دەستنووسەکاندا هەروا هاتووە ·

- ۹۹ -

له كاتي خۆیدا گونـدی ( شیوه‌کـه‌ل ) کـه ئه‌که‌وێتـه ناوچـه‌ی شاربازێره‌وه ، [ مه‌خفه‌ری ] پۆلیسی تیابووه ، له‌و کاتـه‌دا ( مه‌لا صـالح ) ناوێك لێ‌پرسراوو فه‌رمانده‌ی ئه‌و مه‌خفه‌ره بووه ، ویصالی بـه‌م چه‌نـد شیعره‌ی خواره‌وه پیرۆزبایی کاری تازه‌ی لێ کردووه ، وا دیاره ئه‌و صالـح ناوه ئه‌و فه‌رمانه نوێ‌یه‌ی تازه گرتۆته ئه‌ستۆ ..

جه‌نابا ئه‌وا من هاتوومه باری
له‌سه‌ر تۆ لازمه ته‌بریك جاری(۱)
كه چونكه هه‌ردوو هه‌م جنسین من‌و تۆ
سه‌ریعه‌ن واجیبه زوو بێ‌یته باری
موباره‌ك بادی قوربان ئه‌مری شه‌رعه
ئه‌بێ لوطفت وه‌كو باران بباری
كه بۆت مه‌علووم بوو هاتووم‌و نه‌هاتی
جه‌ریمه‌ت بێ‌شكه ئه‌كرێ به‌جاری
ئه‌گه‌ر ته‌بریكی مه‌نزلمان نه‌فه‌رموون
ئه‌بی مه‌حكووم له سبحه‌ی تا ئێواری
ئه‌وا (چا)ش حازره فه‌رموو ته‌ماشا
هه‌موو جه‌معین له‌ژێر سایه‌ی چناری

(۱) باری :ـ گوندێكه له ناوچه‌ی شاربازێر .

لە خزمەت حەزرەتی (چا)دا بە حەلقە

هەموو دانیشتووین دلخۆشین بەجاری

عەجایب مەنزلێکە جەننەت ئاسا

لە دەوری چایی گوڵڕەنگ شەکر ئەباری

لە بەینا چایی گوڵڕەنگ دانراوە

مەلەووەن پیالە هەر وەك لەعلی یاری

موزەییەن مەنزڵو مەجلیس مورەتتەب

بە دەستو جامێ ساقی گولعوزاری

مەگەر باغی ئیرەم بێتە ڕەفیقی

لە هەر لایێ ئەبینی لالەزاری

( ویصالی ) مەنزلت تەعریفی نایە

لە دنیادا نیە ئەمسالی باری

ـ ١٠٠ ـ

ڕۆژو شەو قوربان تەمەننامە لە شاهی ذولمینەن
خوا لەسەر چاکە درێژکا ، عومری پیاوانی وەطەن
بۆ ژیانی میللی ئێمە لێرە گەورە باعیثن
بۆ ژیانی میللی ئێمە لێرە گەورە باعثین
لوطفی ئێوە گەر نەبێ من چیمە لەم شاخو چەقەن
وا ڕەوانەم کردە لای تۆ کاغەزو پیاوی خصووص
هەر لەسەر ئەو وەعدە فەرمووت دوێنێ تۆو ئاغا حەسەن
قیرووسیا دوێ شەو بەبێ شێو کاکە سەرمان نایەوە
حوکمی خوایە چی فکرێ لە بۆ ناشتا بکەن
گوو بە ڕیشی پیاوی نامەرد خێرێکی بۆ خۆی نەکرد
چونکە ئەمساڵ مەیلی بوو هەر کەس لە خوا ئیمانی سەن
هەر کەسێ عەقلی نەبوو ئەمساڵ بە کاری خۆی نەهات
هەر مەگەر گوبکەن بە خێری ، پاش خۆی ئەولادو ژن
مەصلەحەت وایە کەوا ڕاپەڕێنی ئیشەکەم
با نەقەومێت فیتنەوو دوشمن بە ئێمە خۆش مەکەن
صولحی ئەمن و تۆ بە مەخفی چاکە چونکە عاقڵین
با بە ئیشی پیاوی عاقڵ قەط نەزانن نارەسەن
ئەی ویصالی مژدە بێ خوا ویسعەتی خستە وڵات
ضەیقەتیی ڕۆیی بە ئیزنی حەزرەتی وەیسی قەرەن

- ١٠١ -

ویصالی ئەم پارچە شیعرەی خوارەوەی بۆ ( مەئموور مەرکەزی ماوەتی ئەو کانە ناردووە ، لە سەرەتای شیعرەکەوە نووسراوە : [ بۆ حضـــووری صاحێب شعوور جەنابی مەئموور مەرکەزی ماوەت عەلی‌یەفەندی خوا دەوامی عومرو تەرفیعی مەراتب بدات تەقدیم بێت وە بــە چـــاوی مەرحەمـــەت بیخوێنینەوە وە زوبان قبوولی تەحسینی بکات ، لە پاش شیعرەکەش ئــەم چەند دێڕەی بۆ نووسیوە : ــ [ والسلام ، نعم الختام ، وتشرف الکـلام ] ، باقی جەنابی عەلی‌یەفەنـدی لـە خزمـــەت جەنابتانـا عەرضــی ئیحتــرامم هەیە وە لە قاپی لایەزالا تەمەننای تەرەقی دەرەجات‌و تەرفیعی مەراتبم هەیە بو جەنابتان ، ئیکە ئەبێ بێ‌عوزرو بەهانە ئـــەم شـــەکرو کووتالـــەم بـۆ وەربگری لوطفەن هەتا چەند ڕۆژێکی تر ئینشـــا زوو پارەکـــەت تەقدیـم ئەکەمەوە ، ، شێخی سەعدی ( علیە الرضوان ) ئەفەرموێ لـە گولستانـی خۆیا : ــ

[ دوست آن باشد کە گیرد دسـت دوسـت در پریشـان حالـــی‌و در ماندگی ] . جەنابیشت لازم ناکا دۆست‌و ئاشنای .

**الداعي :ــ القرەداغـي**

ئەی جەنابی عەلی‌یەفەندی ، چی گوتوومە قافی‌یە
تۆ کە مەئموور مەرکەزی دیققەت بکە لەم قافی‌یە
تۆ لەلا خۆت ئیلتیفاتت بوو لەگەڵ من چاوەکەم
بۆچی ناپرسی عەزیزم ئێستە ئەحواڵم چی‌یە ؟
وا لەدەس چەرخی زەمانە ، سەیری کە وەک فرفرە
هەڵدەسووڕێم دائیما یەک لەحظە ئارامم نی‌یە

هەم لە بۆ دەفعی پەرێشانیو بەیانی حاڵی خۆم
هەر خەریکی گردوشاتم ڕۆژو شەو وەک دەوری‌یە
تۆ کە جاران ئاشنا بووی بۆ منی دێوانە ڕەنگ
ئێستە نازانم کە ئایە ئاشناییت باقی‌یە ؟
ڕۆحەکەم بیستوومە چایو شەکرو کووتاڵ هاتووە
هیچ دڵم پێی خۆش نی‌یە ، ئێستاکە من پارەم نی‌یە
ئێستە با تەدبیر حەواڵەی ڕەئی تۆ بێ ڕۆحەکەم
یەعنی بۆوەرگرتنی ئەم دوو شتە چارەم چی‌یە ؟
ئەی ویصالی عەلی‌یەفەندی بۆت وەرئەگرێ تۆیش نەڵێی
موختەصەر با پێت بڵێم ئەو حاتەمێکی ثانی‌یە
گەر ئەزانی هاتنم بێ پارە سبوودێکی هەیە
پێم بڵێ بێ یا مەیە ، یا لێی گەڕێ قیری سی‌یە
گەر بە وەعدەی چەند شەوێ کووتاڵو چام بۆ وەرگرێ
تا قیامەت هەر لە بیرمەو باعیثی مەمنوونی‌یە
یا بفەرمووی بیفرۆشە ئەبمە کابرای پیازفرۆش
چون لە ئەصلا کەم نفووسم ، هیچی بۆ من تیا نی‌یە
چونکە هەرچی چوو لەلا بایع ئەبا بۆ من نەبم
یا بە تەنها من کەری قاضی ئەگێم لەم ناحی‌یە
کاکە ڕاضی نیم بە قورئان ئیستیقاقی خۆم ئەبەم
هەر ئەبێ بمداتێ بایع ئیشەکەم مەجبووری‌یە
چونکە وەک عالەم منیش لەم ئەمرەدا صاحێب بەشم
یا ( ویصالی ) بۆی بڕاوە هەر بەشی غەمخواری‌یە
ماڵی بێ چایی هەمیشە پڕ لە بۆڵەو پرتەیە
هەر بەوە مەعلوومە چایی باعیثی دڵ جەمعی‌یە

بۆ هەموو دەم چاکە چایی ، خۆ خصووص فەصڵی بەهار
چونکە صەحرا سەوزسوورە ، موقتەضایی چایی‌یە
تا زەمان چابوو بە قوربان زیرەکو فەرزانە بووم
ئێستە گەر ماتو نەخۆشم باعیثی بێ چایی‌یە
من بە ئومێدی وەفا تۆم کرد بە جێکەی ئیلتیماس
گەرچی نەفسم پێم ئەڵێ تەکلیفەکەت خۆرایی‌یە
عەلی‌یەفەندی ماڵی ئاوا شەکرو چاکەی بۆ کڕیم
با بزانم چۆنە ئەمجا نۆرە باجی حاجی‌یە
ئەی ( ویصالی ) وا مەزانە حاجی عالی هیممەتە
چون لە طۆفانی بەڵا بۆ ئێمە نووحی ناجی‌یە

★ ★ ★

غزل ٦ بیت

## -۱۰۲-

بۆ خۆشەویستی حۆم یەعنی باعیثی بینشی عەینانم جەنابی کــاک سەعید [ دام عزە ] ئەم غەزەلە تەقدیم‌بێت ..

سەلامی من لەسەر تۆ بێ گوڵی گوڵزاری ئالانی
منی بولبول نەما صەبرم دڵم کەوتە پەرێشانی
بە وەصلت گەر نەکەی دەرمانی زامی قەلبی مەغموومم
لە کوورەی فیرقەتا ئەمرم وجوودم زوو ئەبی فانی
بەتاڵی خۆت بکە شیرین ، عەزیزم تێبگە بەسیە
لە بۆ ئەم نەوعە ئیسقامە ئەتۆ مانەندی لوقمانی
لە بۆ ئیکمالی بەزمی خۆت ئەبەد ڕەحمت نەبوو قوربان
کە سووتا جیسمو دڵ مابوو ، ئەویشت کردە بوریانی
سەعیدا بوچی ناپرسی ( ویصالیت ) بوو ، ئەویش سووتا
لە جادەی کافری لادە ، وەرە سەر ڕێی موسڵمانی
براکە لێرە من شەکرو ئەتۆ کاکوڵ لەوێ بێنە
وەرە ئێرە دەبا بگرین ، زەمانی ڕەندانی

غزل و بیت



ویصالی ئەم پارچە شیعرەی نووسیوە بۆ جەنابـــی شـــێخ نووریو دەرویش ئاغاو مەمەندئاغا ..

به حوببی ئێوە مەشغوولم ئەگەر چی ظاهیرەن دوورم
وەلی بە شەمعی دیدارتان ئەسیری تاری دەیجوورم(١)
بەخێر بێن ئەی جەنابینە کە بارێتان هوبارەک کرد
لە وەقتی عەصرەوە تا حاڵ ، بەبێ ئەندازە مەسروورم
دوعای خێر لازمە بیکەن خودا بەڵکی بکا ڕەحمێ
خصووص بەندە لە چنگ ئەمساڵ بە غایەت ماتو مەغدوورم
نەبوو مومکین کە شەو بێمو بە خزمەتتان موشەڕڕیف بم
وە ئیللا من بە دیدارتان وەکو پەروانە مەجبوورم
بە موژدەی هاتنی ئێوە بە میثلی غونچە پشکوتم
فەقەط کەوتووم سەرم ئێشێ لەبەر بێ چایی ڕەنجوورم
( ویصالی ) حاڵی شێواوە ، بە وەضعی ساڵ خلافاوە
مەڵێن بۆچ دیار نەبوو قوربان ، بە وەڵلا خەیلی مەعذوورم

بەندە ئیمامی باری
القرەداغی

---

(١) تاری دەیجوور :ـ تاریک .

- ١٠٤ -

شاعیر ئەم پارچە شیعرەی بۆ ( مودیری ناحیـەی ماوەت ) نـاردووە ، تیایا داوای چارەسەکردنی گیرگرفتێکی کردووە کە پەیوەنـدی بە خۆیـەوە هەبووە ..

ئەلا ئەی هەمدەمی ژینو مەماتم

ئەلا ئەی باعیثی نەفیو ئەباتم(١)

ئەلا ئەی یوسفی کەنعانی ماوەت

ئەلا ئەی مایەی نەقدو حەیاتم

جەنابی بەگ مودیرو عەلیەفەندی

کە ئێوەن واسیطەی تەفریحی ذاتم

بە غەیری ئێوە بۆ من کوا ئەمیرێ

بە چاکی پێم بڵێ چارەی نەجاتم

بەڵێ حاڵم لە ئێوە ئاشکرایە

ئەزانن بۆچی بەم گەرمایە هاتم

ئیتر ئەم عەرضیو حاڵەم بۆیە نووسی

ئەبێ ئەم جارە زۆر پرسن شکاتم

کە ئێوە مەلجەئی بێچارەگانن

ئەبێ کارێ بکەن زووبێ نەجاتم(٢)

---

(١) نەفیو ئەبات :ـ پێشی ئـەوترێ نەفیو ئیثبـــات ، دوو زاراوەن لـە تەصەووفدا بەکار ئەهێنرێن ، ئەویش دوو پایەو پلەی تەصەووفـن کە متەصەوویفەکان ئەیگەنێ .

(٢) بێچارەگان :ـ بێ چارەکان ، ئەوانەی چارەیان نییە .

(٣) سوورەقەڵات :ـ ئەو کاتە گوندێک بوو لە نێوان چوارتـاو ماوەتـا ، ئێستا کراوە بە ( مجمعێکی ) گەورە .

منی مەحزوون بەڕاستی چوارده مانگە
ئەسیری میللەتی سوورەقەڵاتم(٢)
بە قەولی ڕیش‌سپی‌و ماقول‌و کوێخا
قەراری بیست دیناریان دا بەراتم
ئەگەر چی سابیقەن فەرمووت بە محمود
بە سەهلی بدرێ پارەی باقیاتم
لەگەڵ حوکما نەبێ بێ‌سوودە تەبلیغ
تەماشاکەن کە چەن مەغدوورو لاتم
قسەی مەحموود کە زانیم بێ ڕەواجە
لەوێ ڕۆییم بە مەجبووری هەڵاتم
ئەبێ ئەم باقیاتە ئێوە بیدەن
ئەپرسن ئێوە گەر دادو شکاتم
ئەزانن ئێوەش‌و عالەم کەنیمە
بەغەیری ئەم بەراتە واریداتم
کە ئێوە ناظرن بۆ مولک‌و میللەت
مەکەن سستی لە عەرض‌و لائحاتم
ئەگەر چی ئێوە مەللاحێکی چاکن
وەلی من غەرقی گێژاوی فوراتم
بڵێم چی ئەمری خوایە چون دوعاگۆم
ئەوا هەر بێ ئیعاشەو بێ خەڵاتم(٤)
( ویصالی ) مەستی بادەی عەشقتانە
کەوا ئاوارەیی خاک‌و وڵاتم

(٤) دوعاگۆ :ـ ئەو کەسەی لە خوا ئەپارێتەوەو دوعا ئەکا ..
لێرەدا چاک وایە باسی ئەم ڕووداوە بکەم کە شاعیر ناچـــار بـووە ناڕەزایی خۆی بەرامبەر دانیشتوانی سوورەقەڵات دەربڕێ ، ئەمەیش بەو هۆیەوە بووە کە دانیشتوانی گوندەکە ئەو پەیمانەیان شکاندووە کە بەرات‌و مووچەی ویصالی لە کاتی خۆیدا بدەن ، دیـارە ئیـدارەی جارانی مەلا لە لایەن دانیشتوانی گوندەکانەوە ئـەدرا ، .. ئەگـــەر نەیدرایەتێ کاری نە ئەچووە سەر ، کەواتە ویصالی لەسەر ماف بووە کەگلەیی لێ‌کردوون .

غزل ٥ بیت

- ١٠٥ -

شاعیر ئەم پارچە شیعرە ناچابەی بۆ ( شێخ محمد ) ناوێک ناردووە ..

چبکەم لە بەختی شەوتوو ، یار هاتو پێم نەزانی
چنگی هەر وەک موغیلان لە چاکیم وەر نەهانی(١)
گەر شەو بە خەو ئەمزانی ڕێبازی بازە ئێرە
بۆ ئەخذی ئەحلی یاران صەد عەنکەبووتم ئەهانی
بڕوانە مەیلی سەیرت ، چۆن دڵ شکستی کردم
مەر موئمینانی وەصڵت جەبری بکا ، شکانی
بەو وەعدەیەی کە فەرمووت دڵ ئینتیظاری ڕێتە
بە عوسرەت ڕابوێرین ئێوارە تا بەیانی(٢)
یار ئەر حەزی لەسەربێ ، خالیص کە بەهرموەربێ
بە دلیا ڕائەبورێ ، مەیلی قەڵاچوالانی(٣)

(١) موغیلان :ـ جۆرە درکێکە لە دەشتی حیجاز زۆرە .
(٢) عوسرەت :ـ خۆشی ، شادمانی .
(٣) قەڵاچوالان :ـ گوندە پایتەختی ئیمارەتی بابان بووە .

ئەلا ئەی صاحێبی دەرکێو درایەت
ئەلا ئەی ناظمی مولکێو ولایەت

ئەلا ئەی صاحێبی ڕوشدو کەرامەت
ئەلا ئەی مەعدەنی جودو سەخاوەت

ئەلا ئەی صاحێبی ذهنو فەراسەت
ئەلا ئەی گەوهەری کانی سەعادەت

ئەلا ئەی نەغمەخوانی صوبحگاهی
ئەلا ئەی غونچەی باغی مەلاحەت

ئەلا ئەی دوڕی دەریایی شەرافەت
ئەلا ئەی صانعی شەهری ڕەشادەت

لە بۆ تەزیینی مەجلیس شەمع ئاسای
وەکو سەحبانو وائیل بۆ فەصاحەت(١)

ئەلا ئەی بولبولی بوستانی ماوەت
ئەلا ئەی گوڵبەنی باغی لەطافەت

بە گەرما بۆیە هاتم تۆ ببینم
کەچی خالی بوو بێ جێو مەقامت

حەلیمخان ڕووی سپی بێ ، بێ قصوور بوو
لە خزمەت کردندا نەیکرد ڕەخاوەت

بەبێ تۆ نانو ماستو چایمانە خوارد
وەلی بێ لەفظی تۆ نەیبوو حەلاوەت

ئیتر غەم هەر وەکو باران ئەباری
کە مەحرووم بوو لە دیداری جەنابت

کە تۆ حازر نەبی ئەی نووری چاوم
وەکو وێرانە وایە مولکی ماوەت

ویصالی تۆی نەدی ، چلۆن ویصالی
لە تاوا زۆری ڕشت ئەشکی نەدامەت

---

(١) سەحبانو وائیل :ـ ناوی دوو زمان پاراوی عەرەب بوون ·

غزل ١٠ بیت

- ١٠٧ -

گوێ بگرە لە من ئەی بادی صەبا
بێ بۆ بەردەزەرد بێ عوزرو بەها(١)

مەروەحەی زولف‌و ڕووی حەبیبانی
هەم بۆ نەخۆشان دەرمانی شفا

بۆ گولستان‌و هەم بۆ نەباتات
هەر ئەتۆی باعیث بۆ نەشئەو نما

شاطرێ نی‌یە چابوکتر لە تۆ
بۆ کاری موهیم ئازانە بڕوا

بۆیە لە عالەم تۆ کرای موختار
کە ببیە قاصد لە بۆ ئەنبیا

تەبلیغی ئەمری ئەنبیا بکەی
مەشریق‌و مەغریب بە گۆی عالەما

زوو بێ بۆ لای من ڕۆحی شیرینم
ئیشێکی ضەرور وا لە من قەوما

ئەم نامەم نووسی بە گیان‌و دڵ
بۆ برادەرو دۆست‌و ئاشنا

ئەبێ بە گورجی بیبەی بۆ واژە
بیدەی بە دەستی جەنابی کوێخا(٢)

زۆر بە چاکی خۆی بیخوێنێتەوە
هەم بۆ شێخ ئەحمەد ، هەم سەیید عەبدوڵڵا

---

(١) بەردەزەرد :ـ گوندێکە لە ڕۆژاوای چوارتا

(٢) واژە :ـ گوندێکە لە خوار بەردەزەردەوەیە ٠

ئیستیدعا ئەکەم لە قاپی ئەحەد
دووربن لە دەردو ئالامو بەلا

مەقصەدم ئەوە ئەی ڕۆحی ڕەوان
لەپاش تەبلیغی سەلامو دوعا

شایەد تێبگەن کە مەطلەب چی‌یە
نەک هەر لام سەر لام بیخەنە ئەولا

ئەو سەیید عەبدوڵڵای بانەیی مەشهوور
نەک سەیید عەبدوڵڵای جەنابی مەلا

ئەو چون مەلایە موکەللەف نی‌یە
بۆ خۆم ئەزانم ئوصولی مەلا

ئەگەر واش نەبین هەر پێمان ئەڵێن
هەر ئەڵێ بێنە ، مەلا ناڵێ ها

ئەمە مەشهوورە ، فەقەط درۆیە
ئەصڵو ئەساسی نی‌یە بە وەڵڵا

ئەم نەقڵە درۆ کەوتۆتە دوامان
بۆتە شۆرەتی تەواوی دنیا

بێ‌مارو نانی مەلاو چاوی موور
ئەم سێ‌یە هیچ کەس نەی دی لە دنیا

هەر کەس ئەم شیعرەی مەشهوور کردووە
زۆر ئاوس بووە لە کێری مەلا

دەوڵەتی مەلا شەرعو حەدیثە
کێ سوئالی کرد مەلا بێ‌دەنگ ما

بەڵێ سوئالی شەرعی لە مەلا
بکرێ ، نەجیلە گەر جواب نەدا

لە صەد یەکێکم نەدی لە مەلا
بە ئەمری شەرعو بە قەولی ئاغا

بیبێ وەکو عام دەوڵەتی دنیا
داکەکەیم گا ، بە کێری کوێخا

لەتاو ئەم شیعرە طایەفەی مەلا
کونە مشکیان لێ بۆتە سەرا

مەلای قوڕبەسەر لە هیچ جێگای
ناوێرێ بکا ئیددیعای سەخا

چبکا کە نەیبێ ، چ بدا بە خەڵق
وا خەڵقی ئەڵێن ڕەذیلە مەلا

مەلا هەر ئەبێ عالەم بیداتێ
ئەگەر نەیدەنێ مەجبوورە بڕوا

ناماقووڵی کرد ، سەری دا لەبەرد
هەرکەس ئەو بەیتەی خستە دوا مەلا

ئەمر بە مەعرووف ، نەهی لە مونکەر
لازمە بیکەن تەواوی مەلا

موافیقی شەرع ئەگەر ئەم دوانە
یەک لە مەلایان بەجێ نەهێنا

ئەوە زۆر حەقە پێی بڵێن بەخیل
نەک بۆ نانێکو دووسێ پیاڵە چا

مەلا کە نەیبوو بۆ دین تەبلیغات
یەخەی ئەگیرێت لە دنیاو عوقبا

ویصالی بەسیە تۆ خەریکی چیت
ئەمجا بەحثەکەت وەرگێڕە سەر کا

لە مەڕو هێسر ماینو وشتر
یەعنی لە هەموو ئەروەتی دونیا

زیاتر لە لوطفی حەضرەتی باری
نیمە بە غەیری یەک طاقە مانگا

سێ ڕۆژە ئەویش وەکو ڕەمەزان
هەر بە ڕۆژووە ، هیچ نیە بیخوا

( صائم الدهر )ە ، ( قائم اللیل )ە
ڕوو لە طاعەتە . خوا لێی قبووڵ کا

چامە - چامە

مەشغووڵی صەومو سلووگە دائیم
قەط غافل نی‌یە ، وەک گاکە ئەوضا

مەشهوورە ڕۆژی ئیلیاسو خدر
ئەویش ئەیگرێت بە نیازی کا

پێی ئەڵێم وا تۆ مردی لە برسا
ئەڵێ لێم گەڕێ جارێ قەیناکا

ڕۆژو ناشکێنم تا لە واژەوە
ئاشناو کوێخا بۆم نەنێرن کا

وەختێ کام بۆ هات ڕۆژو ئەشکێنم
لە وەختێ ئیفطار ئەخوێنم دوعا

مەمنوونی کوێخا مارفیش ئەبم
وەکو سالیکان حەمدو ئەنای خوا

ئاثاری بڕی زستانی ئەمساڵ
مەعلوومە لێتان ، هیچ لازم ناکا

زستانی ئەمساڵ ، خولاصەی کەلام
( بخت النصر ) بوو ، کەوتەوە دنیا

ویصالی بێنە خەتمی ئەشعارت
ئیتر هەر تۆ نیو ، دوو سێ گوێنی کا

(بەڵام کاکە گیان (کا)کەتان (کا ) بێ
نەک پاش ئاخوڕی بزنو کەرو گا) ئەگەر دوو ڕۆژی

ئەگەر (کا) نەبێ قبووڵی ناکەم
قەیناکا با هەر بمێنێ دەعوا

ئەگەر (کا) نەبێ ، مانگاکە بمرێ
حەقی ئەویشان مەعلووم دێتە پا

مەعلووم بێ لێتان کای بۆ نەنێرن
ڕۆژی قیامەت دیوان دانرا

کە موقابیل بوو بۆ مورافەعە
موافقی حەق ، مەسئولتان ئەکا

له واژەو سنکێو هەم له بەردەزەرد
له مێکوو کانو هەم هەم شەمساوا(٣)

عەدالەتی حەق چۆن قبووڵ ئەکات
مانگاکەی مەلا بمرێ له برسا

ئەگەر نەینێرن خۆتان ئەزانن
ئەوا ( ویصالی ) پێی وتن بۆ خوا

---

(٣) ئەم ناوانە کۆمەڵێ گوندن له ناوچەی شاربازێر ٠

ئەم شیعرەی خوارەوە لە کاتی خۆیا ویصالی ناردوویەتی بۆ حەلاوەخانی خێزانی شێخ لەتیفی شێخ مەحموود ، بە نامەکەدا وا دەرئەکەوێ کە پەیوەندی لەگەڵ ئەم بنەماڵەیەدا هەبووە ، بە تایبەت ویصالیش دانیشتووی ناوچەی شەربازێر بووە کە شێخی نەمر ، واتە شێخ لەتیف زۆربەی ژیانی لەوێ بردە سەر ، نامەکە لە پاڵ هەواڵ پرسینو دوعاگۆییو قسەی نەستەقدا ، لە ڕووی نازەوە گلەیی لە حەلاوەخان ئەکاتو باسی هەندێ شتی کردووە کە لە شیعرەکەدا ڕوونو ئاشکرایە ، ئەمجا بزانین ویصالی ئەڵێت چی :-

ئەی حەلاوەخان ، خوشکی خۆش کەلام
موبارەکت بێ سەراپا ئاغام
تەمەننا ئەکەم لە قاپی ئەحەد
هەر ڕێکو پێک بن ، نەبینن ئالام
ئاوێنەی دڵتان موکەددەر نەبێت
هەر صافو ڕوون بێ ، وەک صەفحەیی جام
تا هەن لە دنیا هەوڵ گوشابن
هەر ڕابوێرن بە خۆشیو ئارام
هەر کامەرانو مەقصوود ڕەوابن
لەسەر صیححەتو عەیشی بێ خیتام
پێکەوە بن وەک گوڵو بولبول
لێک جودا نەبن تا طوولی ئەییام
ڕوو خۆشو دڵخۆش لێو بە خەندەبن
وەک عاشق لەگەڵ یاری دڵارام
من وەک ئێوە نیم بێ‌بەشتان ناکەم

چامه - چامه ۷٠ بیت

له دوعایی خێر وەختی صوبح‌و شام
چونکه من دائیم ئێوەم له‌بیره
له بیرم ناچن تا دێ ئینتیهام
هەر له گەڵتان بێت ، [ دائم الاوقات ]
لوطفی حەضرەتی حەیی [ لاینام ]
ئەمجا بەیانی مەطڵەبم ئەکەم
بۆ ئێوه له‌پاش دوو ملوێن سەلام
وا پێتان ئەڵێم نابێ عاجزبن
له هەر چی ئەیڵێم به گوێرەی مەقام
ئاخۆ قەط جارێ یادی من ئەکەن
ئەی خانم له‌گەڵ شێخەکەی ئاغام
گلەیی ئەکەن هەر له دوورەوه
حوسەین بۆ نەمات ئەو شێتەی نەفام
قەیناکات یاخوا نۆشی گیانتان بێت
چیلی شیرین‌و پڕ ڕەنگ‌و خۆش تام
ڕۆژتانه ئیمرۆ فرصەته بیخۆن
گۆشت‌و پلاوو ئەنواعی طەعام
خواردتان بەبێ ڕەنج ئەو گشت برنجه
منیش به خەپلەی وشکەوه خنکام
وا له چنگ سەرمای زستانی ئەمساڵ
زەردو ضەعیف بووم ، به جارێ فەوتام
هەر نەمدی جارێ دوو هۆقه برنج
که بۆم بنێرن به وەجهی ئینعام
هیچشم نەدی ، گلەیی ئەکەن

لە بەندەی فەقیر ، یەعنی بێ وەفام
مەسەلەی دزو ماڵ ،خۆ مەشهوورە
ئێمەیش هەروەهاین خولاصەی کەلام
لە بێوەفایی خۆتانە قوربان
ئەگەر حەق بڕۆن هەر من بەوەفام
نەمبیستو نەمدی کە ئێوە جارێ
لە من بپرسن ماوم یا نەمام
هەق وایە گەورە لە بچووکی خۆی
هەر لێی بپرسێت ، [ دائم المدام ]
ئەی حەلاوەخان تۆ بۆچی گۆڕرای ؟
خۆ تۆ زۆر چاک بووی لەگەڵ خاصو عام
ڕووخۆش بووی سابیق ئەی حەلاوەخان
خەڵکت بانگ ئەکرد بۆ نەهارو شام(١)
ئێستە نازانم خانمە خاصەکەم
بۆچی وات لێهات ئەی شیرین کەلام !
تەعەجوب ئەکەم لە بێڕەحمی تۆ
نە جارێ کاغەز ، نە جارێ سەلام
لە حەمدی خواوە لە تەرەققیدان
عالی ڕوتبە بوون ، دەرچوون لە قەوام
مەپرسن حاڵی فەقیرو ئیتام
گەر کەس نەناسن هەقتانە بڵێن

---

(١) نەهارو شام :ــ نانی نیوەڕۆو ئێوارە ٠

چامە-چامە ٩٠ بیت

شێخ سولەیمانەو منیش بەلقیسام

بخۆن چێشتی چەور هەم تاسکەبابی
مەپرسن حاڵی فەقیرو ئیتام

ئیدارە ئێمەیش داروو خەڵووزە

ئێوارەش ئەخۆین لە شۆربای بێ‌تام

ئێوارەش ئەخۆین لە شۆربای بێ‌تام

ڕەش بووین وەک خەڵووز ، ڕەق بووین وەکو دار

وەرن ببینن سەراپا ئەندام

گشت بۆ کەبابێ هەر بووینە کەباب

بێ‌هۆش‌و خامۆش وەکو مقەببام

ئێوەش هەر ئەخۆن ناپرسن لە کەس

بە ڕاست‌و چەپا کشمیش‌و بادام

سەیری ئەو هەموو برنجە جوانە .

خواردتان بێ حسەین لێتان بێ حەرام

خانم قەیناکات با بمان‌مێنێ

وەختێ خۆم قسەی خۆم ئەکەم تەمام

هەر کەسێ نەمرێ تەحەممولی بێ

نەتیجە ئەگات بە هەموو مەرام

چۆن قبووڵ ئەکات عەدالەتی حەق

ئێوە ڕۆن بخۆن منیش نانی خام

شەرعی ئێوەو من با هەر بمێنێ

هەتا مەحکەمەی خودایی عەللام

لەوێ دەعواتان لەسەر قەید ئەکەم

بە شەریعەت‌و ئایاتی کەلام

ئێوه نیتانه ڕێگەی ئیعتیراض
هەم بە حەدیثی ( سید الانام )
قسەی خیلافیش نایە بە دەمما
شەرتە کردوومە تا لەسەر دنیام
عەدالەتی حەق شەرعمان ئەکات
تا مەحشەر نایێ خاتیمەی کەلام
ئەو وەختە جا لێك ئەپرسینەوە
موجریم دەرئەچم ، ئایە بێ خەطام
لێم مەعلووم بووە کە لای هەردووکتان
حسەینی مەغدوور نەیما ئیحتیرام
بەفلسێك ناچێت حسەین لای ئێوە
وەك شایی عەجەم لە بێرووت‌و شام
خودا بۆم بکا پێتان ئەڕێژم
داخی دڵی خۆم ڕۆژی ئینتیقام
ئێوە لە حاڵی حسەین ناپرسن
من بە تەمای چیم کە لێرە مەلام
شێخ حسەین شرحی حاڵی خۆی ئەدا
شایەد ئیشەکەی بکا بە ئەنجام
مەلا شێخ محەممەد تۆ بە تەما چیت
یا تۆیش لە دڵدا ئەڵێی بە تەمام
ویصالی بێ شك دوری ئەشعارت
زۆر بە قیمەتە لای عالی مەقام
باقی لەو دیوە ئەشعارەکانم
فیکری لێ بکەن زۆر بە ئیهتیمام

غەم مەخۆ دنیا خۆش ئەكات بۆمان

لەمەولا خودای سابق الانعام

بێ‌شك مەرامان جێ‌بەجێ ئەكات

ئێوەش بە شادی هەڵبكەن ئەعلام

هەروەك قودسیو سەعدیو نیظامی

بێنە خاتیمەی شیعری خۆش نیظام

نەظمی ئەشعارم جوانە ئەترسم

نەڕوا بە قیمەت لەلای شا بارام

ئەترسی شێخیش لای نارەواج بێ

هەر بە قیمەتە لەلای گوڵئەندام(٢)

مەشهوورە هەردوو عالی هیمەتن

هەر وەكو حاتەم بۆ جوودوو ئیكرام

بەیانی مەطلەب ( ویصالی ) كردت

ئیتر بەسیەتی ، باقي والسلام

---

(٢) ویصالی لەم بەیتەو بەیتی پێشووترا شێخ لەتیفی شوبهاندووە بە ( بارامشا )و حەلاوەخانیش بە ( گوڵئەندام ) .

- ١٠٩ -

ئەلا ئەی ساقی بەزمی حەیاتم
ئەلا ئەی مورشیدی ڕێگەی نەجاتم

ئەلا ئەی باعیثی ئارامی جانم
ئەلا ئەی مایەی نەفیو ئەباتم

ئەتۆ لەم ناحیە بۆ ئێمە شەمعی
وەکو پەروانە ئەمنیش موبتەلاتم

ویصالی ئارەزووی بوو بۆمولاقات
وەلی ڕۆژ بوو مانیع گەر نەهاتم

★ ★ ★

عەزیزم نووری چاوم عەلی‌یەفەندی
خودا بۆت زیاد بکا پایەی بولندی

لە بیشەی ماوەتا وەک شێری مەستی
لە بەزمی چایی‌یا ئەمثالی قەندی

لە بۆ ئیفای وەظیفە خۆت لە ماوەت
شوکر سولطەت هەیە بێ‌باکو ڕەندی

ئیلاهی بۆ ( ویصالی ) هەر بمێنی
شوکر پیاوێکی باشو بێ وەزەندی

★ ★ ★

ئەلا ئەی نووری چاوی ئەغیار
لە باغی ماوەتا تۆی وەردی بێ‌خار

ئەوا ناردم کەڵەشێرێ بە دیاری
بە ڕەنگ مانەندی طاووسی کەبکێ‌ڕەفتار

کلیلی چاکە بۆ مانگایی ئەعدا
لە مەیدانا میثالی شێری هوشیار

( ویصالی ) هەر ئەوەی بۆ ناردی بۆ تۆ
قبووڵی کە ئەتۆش وەک دوڕی شەهوار

★ ★ ★

لێرەدا دەربارەی ئەم پارچە شیعرە بە پێویستی ئەزانم کە ئەمە ڕوون بکەمەوە کە دوو شیعرمان لە دوو پارچە بەیاضی جیا جیادا بەرچاو کەوت کە هەردووکیان لە یەکەوە نزیکن‌و تەنانەت چەند بەیتێکیشی لە هەردووکیانا دووبارە بوونەتەوە ، وە بەو هۆیەوە کە جیاوازیەکەیان زۆرە وامان بە باش زانی هەردوو پارچە شیعرەکە بڵاو بکەینەوە ٠

سەرم ئێشێ لەبەر بێ چایی قوربان

وەکو طەڕڕاح ئەوا کەوتووم لە مەیدان

کە چایە نووری چاوی ئینس‌و جیننە

کە چایە زینەتی بوستانی ڕیضوان

کە چایە شەمعی جەمعی عاشقانە

کە چایە شاهیدی گوڵزاری کەنعان

کە چایە موطریبی خۆش‌خوانی مەنزڵ

کە چایە ساقی بەزمی جوملە یاران

کە چایە خۆشەویستی جوان‌و پیرە

کە چایە دولبەری سوڵطان‌و شاهان

کە چایە باعیثی ئەحیایی عالەم

کە چایە ڕەونەقی دێهات‌و شاران

کە چایە دافیعی عەجزی دەروونی

کە چایە واسیطەی ڕێکی‌و عیرفان

کە چایە ئەسبابی بەزمی ئیتتیحادە

ئەگەر چایی نەبێ عالەم پەرێشان

خصووص بۆ ئێستە گەر فەصڵی بەهارە

زەمانی عەیش‌و نۆش‌و بەزم‌و سەیران

ئەگەرچی ئێستە دونیا سەوزو سوورە
وەلی بێ چا سەراسەر چۆڵە قوربان
کە من چاییم نەبوو قوربان لە مالا
ئیتر بۆچیمە مالی ورتو وێران
چ موحتاجی بەیاناتە کە بیکەم
ئەزانی حالی بێ چایی بە ویجدان
مەگەر چایە مەسیحی ئیبنی مەریەم
ئەکا ئەحیا هەزاران قەلبی بێ‌جان
کە تەشریفی نەبوو چایی لە مالا
وەکو ورچ بۆڵەیانە مالو میوان
( ویصالی ) وێلی وەصلی بووکی چایە
وەکو مەجنوون کەوا کەوتووەتە کێوان
کە مالێ خالی بوو یەعنی لە چایی
نی‌یە فەرقی لەگەل ئەشکەوتی کێوان

لە ڕاستی‌دا ئەگەر لە شێوەی دەربڕینی ئەم شیعرە وردبینەوە کە چەندە شێوەیەکی ساکارو ئاسانی بەکارهێناوەو لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی ئەوتۆ باسی (چا)یی کردووە کە پێم وایە تا ئێستا لە ئەدەبی کوردی‌دا چ شاعیرانی ڕابووردوو وە چ شاعیرانی ئەم سەردەمەش نەیان توانیوە بەم تەرزە باسی چایی بکەن‌و نرخ‌و گرنگیەکی ئەوتۆی بدەنێ کە ویصالی داویەتی‌و هەروەکو چۆن مرۆڤو گیانلەبەرانی‌تر بێ « ئاووهەوا » نەژیاون ، ئا بەو جۆرەش ویصالی بێ (چا) نەژیاوەو گوزەرانی نەکردووەو هەر کاتێ چایی لێ بڕابێت ژیانی لێ تال بووەو بە هەر شێوەیەك بووە چایی پەیدا کردووە ، ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی ترەوە گەلێ لایەنی کۆمەلآیەتی‌و ڕەوشتی مرۆڤایەتی‌و تەندروستی‌و ژیانی ڕۆژانەی بەستۆتەوە بە چایی‌یەوە ، وە لە ڕاستی‌دا ئەو شتانەی باسی کردوون لە بارەی ئەم شەرابە خۆشەوە هەمووی ڕاستەو چایی بووەتە هۆی یان ئەنجامی ئەو شتانەی باسی کردوون ..

سەرم ئێشێ لەبەر بێ چایی قوربان
وەکو طەڕڕاح ئەوا کەوتووم لە مەیدان
کە چایە خۆشەویستی پیرو جوانان
کە چایە نووری چاوی جینن‌و ئینسان
ئەگەر چایی نەبێ حاضر لە ماڵا
وەکو ورچ بۆڵەیانە ماڵ‌و میوان
کە چایی بافیثی تەزیینی مەجلیس
بە چایە حورمەتی سوڵطان‌و شاهان
کە چایە جەمعی بەزمی یاران
کە چایە شاهیدی گوڵزاری کەنعان
کە چایە موطریبی خۆش‌خوانی مەنزڵ
کە چایە زینەتی ئەیوانی دیوان
کە چایە باعیثی ئەحیایی عالەم
کە چایە ڕۆشنی دەشت‌و بیابان
کە چایە دافعی عەجزی دەروونی
کە چایە واسیطەی ڕێکی‌ی‌و عیرفان
کە چا ئەسبابی نوقطەی ئیتتیحادە
ئەگەر چایی نەبێ عالەم پەرێشان
( ویصالی ) شێتی وەصڵی بووکی چایە
وەکو بولبول کە شەیدایی گولستان

- ۱۱۲ -

هەر چایە لەم جیهانە ، مەحبووبی ئینس‌و جانە
طەبیبی دەردی قەلب‌و ئارامی ڕۆح‌و جانە
ئەسبابی نەظمی سەقفی بەیتی وجودوو عامە
ئەرکانی بەزم‌و عەیشی دڵداری جاویدانە
تەفریحی ئـەهلی ویجدو تەزیینی تەختی شایە
مەمدووحی ئەهلی حاڵ‌و مەطلووبی عاشقانە
تەنقیحی نەفسی عام‌و ئەربابی ئەولیایە
مەشرووبی ئەهلی دنیا ، خورشیدی گولستانە
تەحسینی وەجهی شەخص‌و تەسکینی ئێشی سەرە
تەنویری چاوو ڕوکنی ئەبدانی ناتەوانە
ئەسبابی ذیکرو فیکری پیران‌و پارسایە
تەرفیعی عیززو جاهی مەخلووقی ئاسمانە
تە شریحی صەدری خەڵک‌و ڕەنگین‌و مەجلیس ئارا
تەرتیبی زوڵف‌و خاڵ‌و گێسوویی دولبەرانە
مەنظووری شێخ‌و عالەم ، مەعشووقی پیرو جوانە
مەبغووضی مودخەلان‌و مەقبوولی سەروەرانە
مانەندی لەعلی یارە ، دەرمانی دەردەدارە
شیرین‌و ئابدارە ، ڕەنگ میثلی ئەرغەوانە
شفای دڵی فوگارە ، ئەوصافی بێ شومارە
مەطبووعی یاری غارە ، ڕەفیقی ڕاستانە
عەدوویی ئەغنیایە ، مەنسووبی ئەتقیایە

هەم دەردو هەم دەوایە ، جان بەخش‌و جان ستانە
بێ جورم‌و بێ هەوایە ، پڕ نوورو پڕ صەفایە
مەوجوودی لوطفی خوایە ، ڕەفیقی شاو سەپانە
شەوقی دڵی ( ویصالی ) ، دائیم بە عەکسی چایە
بە شەمعی چایە ڕۆشن ، بەزمی عێراق‌و بانە

برادەر هەر کەسێ چابێ ، دەبێ ئەو یاوەری چا بێ
لەگەڵ ئەسبابی چایی حاضرو دائیم موهەییا بێ
کە چا بێ هەر لەگەڵ چا بێ ، بە چا بێ مونیسی چا بێ
بە چا بێ نیسبەتی چا بێ ، کە چا بێ هەمسەری چا بێ
لە دنیا چایە مەمدووحە ، بەبێ چا عەیش مەقبووحە
بە چا مەیخانە مەنجووحە ، بە چایە مەجلیس ئارابێ
ئەگەر چا بی دەبێ چا بی ، لە مەئوایەکی زۆر چا بی
لە قۆناغێکی زیبایی ، نەوەک شوبهی کڵێسابێ
نە جێگایەکی نا شەق بێ ، دڵی تێدا معەووەق بێ
نەوەک حوجرەی موعەڵلەق بێ کە جێگای بەردو سەرما بێ
نەوەک حوجرەی موخەندەق بێ ، دڵی تێدا مورەووەق بێ
نە میثلی وەکری لەقلەق بێ ذەلیلو گێژو هەم بابێ
نە جێگایەکی وا تەنگ بێ ، وەکو مەئوای مێشەنگ بێ
نە خانەی پیسو بەدڕەنگ بێ ، بە عەینی دەبۆ وابێ
نە جێگایەکی بێدار بێ ، هەموو کەس لێی بەهاوار بێ
نە قەبضو پەرتو پەندار بێ ، موغارەی دێوو صەحرا بێ
نە خانەی مارو عەقرەب بێ ، نە جێگەی ئەسپو مەرکەب بێ
نەجێی مناڵو مەکتەب بێ ، نە سەقفی سەطحی ڕووخابێ
نە میثلی قەیصەری وابێ ، بە دائیم پڕ لە سەرمابێ
نە وەک توونی حەمام وابێ ، کە صاحێب تارو هەودا بێ

# چامه‌ـ چامه‌ـ چامه‌

نه جێگه‌ی خه‌وف‌و ده‌هشه‌ت بێ ، نه قه‌برئاسا به ظولمه‌ت بێ
نه جێی ئافات‌و عیلله‌ت بێ ، نه جێگه‌ی شین‌و غه‌وغا بێ
نه حوجره‌ی کون وکوناوی بێ ، له‌گه‌ڵ صه‌حرا مساوی بێ
نه‌طامانی بیاوی بێ ، شیاکه‌ی پێوه نووسا بێ
نه‌پڕ زبڵ‌و گڵاوی بێ ، دڵۆپه‌ی بان گوڵاوی بێ
نه‌وه‌ک جێی دووکه‌ڵاوی بێ ، به دوودی دیده ئه‌عما بێ(١)
نه جێگه‌ی تۆزو هه‌م غه‌م بێ ، نه‌جێی ڕوباهو ضه‌یغه‌م‌بێ
نه جێی بێ عه‌قڵ‌و ئه‌بکه‌م بێ ، نه جێگه‌ی گه‌برو ته‌رسا(٢)
نه‌وه‌ک حوجره‌ی ... ناوی ، نه‌ویی‌و به‌رزو هه‌رداوی
عه‌جه‌ب ناخۆش‌و باداوی ، به میثلی توونی بابا بێ
نه‌دارو بارو هه‌رزالی ، له‌باله‌ب بێ له سیپالی
به گۆزه‌ی کوپه‌یی خالی ، سه‌راسه‌ر ڕێکه گیرا بێ
نه هێنده بێ سه‌روپا بێ ، که‌سێکی گه‌ر له‌نێودا بێ
که صبحه‌ینێ هه‌ڵستا بێ ، سه‌راسیمه‌ی عه‌جه‌ب مابێ
که بێته ده‌ر له سیپالی ، شکابێ لاقی‌و باڵی
که دیققه‌ت کا له ئه‌حوالی ، به جوزئی ڕۆحی تیا مابێ
ئه‌گه‌ر جێی عه‌قره‌ب‌و ماره ، مه‌کانی ڕه‌نج‌و ئازاره

---

(١) دوود :ـ دووکه‌ڵ .

(٢) گه‌بر :ـ گاور .

ته‌رسا :ـ پیاوی ئایینی غه‌یری ئیسلام .

گەسی تێدا بێ ناچارە ، دەبێ قەصدی مودارا بێ
نە ئەبلەو ناکەسی لێ بێ ، نە بەدکارێ دراوسێ بێ
کە وابێ ، گوێ خلەی تێ بێ ، ئەگەر ئەو جێگە جێی چا بێ
لە نێو ئەم ئەهلی دنیایە ، ڕسووم‌و قاعیدە وایە
صەدارەت لائیقی شایە ، سیاسەت بۆ کەرو گا نابێ
فەقیرە ڕووت‌و دڵ خەستە ، عەزیزە مەستی سەربەستە
شەهێنە هەر لەسەر دەستە ، سەگە گەر جێی لە دەرگا بێ
لەسەر ئەم ئەرضە ڕەنگینە ، خەبیث بۆ پیسە بیبینە
کە چا بۆ قەندی شیرینە ، نیکۆیی بۆ بەدان نابێ
بەڵێ هەر چیزە بۆ چیزێ ، ئەنێرێ چیزێ بۆ چیزێ
بەڵێ هەر ڕیزە بۆ ڕیزێ ، خراپە نابێ بۆ چا بێ
وەکو ئینگلیزو عوثمانی ، وەکو بولغارو یۆنانی
شەبیهی ڕووس‌و ئەڵمانی ، لەگەڵ یەکدا کە دەوا بێ
مەقامی توونچی هەر توونە ، ڕەفیقی لۆطیە مەیموونە
خەزێنە مالی قاروونە ، عەصا بۆ دەستی مووسا بێ
چە حاجەت تۆ بڵێی وایە ، کە نەرگس مەست‌و شەهلایە
شەهی مەجنوون کە لەیلایە ، مەهی وامیق کە عوذرا بێ
سولەیمان زەوجی بەلقیسە ، عەزازیل کاری تەلبیسە
خەیاطی ئیشی ئیدریسە ، کەرامەت بۆ مەسیحا بێ
سەخاوەت بۆ کەریمانە ، ڕەذیلی بۆ بەخیلانە
حەماقەت ڕەسمی نادانە ، فەراسەت کاری دانا بێ
ئەگەر ئاتەش ئەگەر دوودە ، لە بۆ شەددادو نەمروودە
جەهەننەم صونعی مەعبوودە ، لە بۆ کوففاری دونیا بێ

ئەمە تەقسیمی سوبحانە ، کە حیکمەت کاری لوقمانە
خضر بۆ ئابی حەیوانە ، ، سکەندەر موطەللەع نابێ
ئەگەر یونس نیهانی بێ ، مەکانی بەطنی ماهی بێ
چ شەو بێ یا بەیانی بێ ، بە ئەمری حەق دەبێ وابێ
ئەمە تەقدیری مەولایە ، کە داود حونجەرەی چایە
ئەگەر یوسف دلآرایە ، زولەیخا بۆی پەشێوا بێ
ئەنیسی ڕەندە هەر ڕەندە ، ڕەفیقی چایە هەر قەندە
حەریفە مائیلی پەندە ، ڕەقیبە جێی کەمینگا بێ
عەبایە قابیلی شانە ، کەپەنکە بەرگی چۆپانە
لەطافەت بۆ جوانانە ، کیتابەت ئیشی میرزا بێ
بەهەشت بۆ صادق بێ ، سەعیرە بۆ مونافیق بێ
ئەوە بۆ ئێمە لائق بێ ، ئەمیش با جێی نەصارا بێ
بەشی من طەبعی مەوزوونە ، شەرابم غوصصەوو خوونە
سورشکم شەبهی جەیحوونە ، بە میثلی شەططی بەغدا بێ
غەزەل دلدارو دلبەرمە ، کیتابەت ئەفسەری سەرمە
فەصاحەت بەرگی مەخمەرمە ، خودا بیدا دەبێ وابێ
کەسێ نائیل بە دەولەت بێ ، نەصیبی گەر بە ڕەحمەت بێ
دەبێ غەرقی عیبادەت بێ ، خەریکی شوکری [ الله ] بێ
ئەگەر وابێ عەیبدارە ، مەقامێکی بە ئازارە
هەموو کەس لێی بە هاوارە ، مەقامی چا دەبێ چا بێ
ئەگەر هاتو کەسێ ئەمرۆ سوئالی کرد لە جێی نیکۆ
مەکانی قەرقەفی خۆشبو ، دەبێ چۆن بێ ~~چیا~~ بێ

ویصالی تۆ ئەگەر دانی ، جوابی دە بە ئاسانی
شەبیهی ئاصەفی ثانی ، بڵێ قەصرێکی ئاوابێ
دەبێ حوجرەی موزەییەن بێ ، دەبێ ساقی موعەییەن بێ
لە هەر جانیب موبەییەن بێ ، نەوایی سازو گۆیا بێ
دەبێ طاقی مقەووەس بێ ، فرووشی صەحنی ئەطڵەس بێ
هەموو جانیب موقەرنەس بێ ، وەکو قەصری زولەیخا بێ
دەبێ ئەو سەقفە نەیڕەنگ بێ ، شەبیهی قەصری حەو ڕەنگ بێ
صەدایی تارو هەم چەنگ بێ ، وەکو مەیخانە ئاوا بێ
دەبێ دیواری ئەو زەڕ بێ ، هەموو ئەطرافی زێوەر بێ
لە نێویا میشکی ئەذفەر بێ ، وەکو ڕەیحانە بۆیا بێ
بە فەوق و تەحتو حانووتی ، بە کورسی و تەختی زوموڕوتی
بە کاخی دوڕڕو یاقووتی ، وەکو قەلعەی شەهنشا بێ
چ قەلعە فەرقی گونبەد بێ ، بناغەی ئەو زومەڕڕەد بێ
دەبێ پایەی زوبەرجەد بێ ، هەموو دەروازە پۆڵا بێ
منارەی خشتی گەوهەر بێ ، ستوونی سیم و هەم زەڕ بێ
مەکانی دوڕڕو جەوهەر بێ ، شەبیهی طاقی کیسرا بێ
سەریری مەرجان بێ ، وەکو تەختی سولەیمان بێ
لەسەر ئەو حۆرو ویلدان بێ ، فرووشی قەززو دیبا بێ
قەنادیلی لە گەوهەر بێ ، لەسەر وی شەمعی ئەنوەر بێ
سەروا پەردەی مجەوهەر بێ ، وەکو قەصری موعەللا بێ
قصووری سەبزو ئەحمەر بێ ، دەری سەقفی موعەنبەر بێ
مەسیری ماهو ئەختەر بێ ، وێنەی طاقی مینا بێ
دەبێ ئاوی موطەهھەر بێ ، نەظیری حەوضی کەوثەر بێ

شەرابی حورو گوڵبەر بێ ، وەکو شەهدی موجەففا بێ
دەبێ ئەو خاکی ئەفخەر بێ ، سەراسەر تاج‌و ئەفسەر بێ
مەقامی میشک‌و عەنبەر بێ ، میثالی خاکی تاتا بێ
بە شەمعی ئەیوان ئەنوەر بێ ، ڕەفەی یاقووتی ئەحمەر بێ
نیقابی سەطحی ئەخضەر بێ ، وەکو عەرشی موعەللا بێ
بە فانۆس‌و چراخانی ، لە دەهلیزو لە ئەیوانی
لە شەوقی شیشەبەندانی ، جیهان یەک دەفعە ئاوابێ
حەسارو دیواری ، مورەصصەع بێ بە مرواری
لە شوعلەی عەکسی ئەنواری ، شەوی تاریکی بەیضا بێ
بە وێنەی قەصری خاقانی ، مەیانی صەحن‌و دیوانی
کەنارو سەطح‌و سەربانی ، بە زیووزەڕ موطەللا بێ
لە دەورەی باغی عەرعەر بێ ، سەهی‌و سەروو ضەوبەر بێ
بە لالەو عوودوو نەستەر بێ ، وەکو فیردەوسی ئەعلا بێ
دەبێ مەئوای غیلمان بێ ، دەبێ جێی طەیرو مورغان بێ
دەبێ ساقی لە مەیدان بێ ، وەکو یاری دلارا بێ
چ ساقی عەنبەرین گێسوو ، گوڵ ئەندامێکی میشکین‌بۆ(٣)
کەبک سەیرو ڕەوشت ئاهوو ، وەکو طاووسی ڕەعنا بێ
بەرابەر شاهیدو دلبەر ، لە نێودا ساقی‌و سیمبەر
شەبیهی مەجلیسی قەیصەر ، میثالی بەزمی دارا بێ
بە باغات‌و بە گوڵزاری ، بە سەروو عەرعەرو ناری
بە ئاوی حەوض‌و جۆباری ، وەکو باغی ئیرەم وابێ

---

(٣) میشکین‌بۆ :ـ بۆنی وەک میسک ·

چ باغی ڕۆح ئەفزا ، مەکانی سونبولو گوڵها
بە دەنگی طەیرو بولبولها ، عەجەب جەللابی دڵها بێ
چ باغێ پڕ ڕەیحان، مەقامی صوحبەت‌و سەیران
حەصاتی عەنبەرو مەرجان ، تورابی میشک ئاسا بێ
دەبێ حەوضی لەبەر دەربێ ، کەناری بەردی مەڕمەڕ بێ
فوارەی ناوی گەوهەر بێ ، بە گەنجی تورەنپا بێ
حەریری چینی بوستەر بێ ، سەرینی عەینی مەخمەر بە
لەسەر ئەو ماهی ئەنوەر بێ ، عەجەب یارێکی زیبا بێ
لەحافی قەززو ئەطڵەس بێ ، لە نێویا یاری نەورەس بێ(٤)
ئەمە فەرضی هەموو کەس بێ ، کە عەشقی وی لەسەردا بێ
چ یارێ ، یاری یاریی بە ، مەهی بورجی تەلاری بێ
خەریکی غەمزەکاری بێ ، بە چاوی فیتنە گیرا بێ
چ یارێ ، یاری دولبەر بێ ، جوان‌و شووش‌و ئەسمەر بێ
دەبێ هەمتایی ئەختەر بێ ، وەکو ئاهوویی صەحرا بێ
دو زوڵفی ئەو موسەلسەل بێ ، دو پایی ئەو موخەلخەل بێ
دو چاوانی موکەححەل بێ ، بە نازی سورمە کێشا بێ
چ یارێ ماهی پەیکەر بێ ، چ یارێ تورکی سیمبەر بێ
چ یارێ ، یاری گوڵبەر بێ ، دەبێ میثلی زولەیخا بێ
دەبی چەشمان موعەتتەل بێ ، دەبێ صاف‌و موصەققەل بێ
لە نێو حوران موفەضضەل بێ ، وەکو عوذراوو سەلما بێ

(٤) لەحاف :ـ لێفە .

چامە ـ چامە ـ چامە ـ ١٠٠ بەیت

دەبێ باڵا ضەوبەر بێ ، لەبی وەک شەهدو شوکەر بێ [١]

دهانو دورجی گەوهەر بێ ، ددانی دوڕڕی دەریا بێ

ذوقن چون سیمی ئەحمەر بێ ، دەبێ خەددی موعەنبەر بێ

گوارەی گوێی لە گەوهەر بێ ، وەکو عەقدی ثورەییا بێ

دەبێ بەرگی لە ئەستەر بێ دیباری بوستەر بێ

دەبێ ئەو حوری گولبەر بێ ، خەرامان قومری ئاسا بێ

لەگەڵ ئەم عەیشو ئەحواڵە ، لەگەڵ ئەم بەختو ئیقباڵە

لەگەڵ ئەم یاری نەوساڵە ، چ خۆشە هەمسەرت چا بێ

چ خۆشە پیاو لەگەڵ یاری ، بچێتە پەردەیی یاری

چەتارەی سور مەیلداری ، لە غورفە قەصری هەڵدابێ

چ خۆشە چاکە بنوێنی ، چ خۆشە چاکە بستێنی

ڕەگی بەدکاری بپسێنی ، لە قەیدی میحنەت ئارا بێ

حەقیقەت چی بڵێی وایە ، فەقەط عەقدی لە دڵدایە

چ مەردێ لائیقی چایە ، چ مەردێ لێی موبەڕڕا بێ

( ویصالی ) تۆ وەرە مەیدان ، جوابی دە وەکو مەردان

کەسێ چاکە لە نێو خووبان ، کە چاکەی ئەو هووەیدا بێ

دەبێ وابێ کە حاتەم بێ ، دەبێ دارایی خاتەم بێ

نە غەرقی بەحری ماتەم بێ ، بە میثلی پیرەژەنها بێ

کەسێ طالیب بە چایی بێ ، دەبێ لائیق بە شاهی بێ

نە کوردێکی بەرانی بێ ، سەفیهو ڕوو بە صەحرا بێ

کەسێ ئەهلی طەبیعەت بێ ، دەبێ بۆ چا بە ڕەغبەت بێ

لە دووری چا بە میحنەت بێ ، دەبێ غوربەتکەشی چا بێ

دەبێ صاحێب تەکەللوم بێ ، دەبێ صاحێب تەرەححوم بێ

نەبێ خەندەو تەبەسسوم بێ ، بە عەینی وەک موقەببا بێ
دەبێ ئەصلی بە پاکی بێ ، دەبێ خۆی نەسلی چاکی بێ
سەعادەت باب‌و داکی بێ ، کە یەعنی دوڕڕی یەکتا بێ
دەبێ کانی مەلاحەت بێ ، لەسەر لەهجەی فەصاحەت بێ
لەسەر ڕێگەی صەلاحەت بێ ، ڕەشیدی هەردوو دنیا بێ
نەوابێ طەبعی بێ دڵ بێ ، لە بوخلا شوبهی مودخەل بێ
نە کاکۆڵی لە پشت مل بێ ، نە ئەو تەپلەی لەسەر نابێ
نە بێناموس‌و عیصمەت بێ ، لە دونیا بێ مرووەت بێ
نە ئەو طالیب بە ڕەشوەت بێ ، وەکو قاضی ئاوێستا بێ
نە وەک فیرعەون‌و هەرقل بێ ، خەریکی کاری باطیل بێ
لە فکری تۆبە غافڵ بێ ، لە مەحشەر کوێرو ڕسوا بێ
نە هەرزەو شێت‌و ئەحمەق بێ ، لە قەیدی عەقڵ موطڵەق بێ
نە وەک کەر دێزو گوێ لەقا ، بە دائیم هەر لەگەڵ کا بێ
نە ئەو بێعەقڵ‌و کەودەن بێ ، وەکو حەیوانی پێزەن بێ
نە ئەو پشتیری مەسکەن بێ ، ڕەفیقی عیجل‌و مانگا بێ
نە عەفعەڤ قیصصەیی ئەوبێ ،. نە ڕۆژدی حیصصەیی ئەوبێ
نە کورتان حوللەیی ئەو بێ ، نە وەک گا کزنی بەر چا بێ
نە ڕووگرژو غەظەنفەر بێ ، بۆ نانێ طالیبی شەڕ بێ
نەوا بەدفیعل‌و بەدفەڕ بێ ، بە ڕق ناو چاوی تێک نابێ
دەبێ خۆش خولق‌و خۆش خوو بێ ، لەگەڵ میهمانی خۆش‌ڕوو بێ
درەنگ وەقتیشی پێ زوو بێ ، بە دائیم بەذلە گۆیا بێ
دەبێ عەینی حەلاوەت بێ ، قصەی صاحێب طەراوەت بێ
دەەبێ کانی سەخاوەت بێ ، سەخا تاجی لەسەر نابێ

نه عالی بێ له مەنصەبدا ، وەکو کەر بێ له مەکتەبدا
لەنێو جەهلی مورەککەبدا ، وەکو گوێساله داما بێ
نه وەك حەیوانی کێوی بێ ، ئەنیسی گورگ‌و ڕێوی بێ
حەشیشی دەشت شێوی بێ ، چەقەڵ دەم ڕەنگی تێ نابێ
نه وەك کەر منجه منجی بێ ، له گێژیی‌دا برنجی بێ
نه جبەی ئەو فەرەنجی بێ ، عەمامەی پووشه خورما بێ
نه کرمانجی گەڕووسی بێ ، نه میثلی ئەهلی ڕووسی بێ
نه ڕەنگی وەك مەجووسی بێ ، به هەیئەت وەك نەصارا بێ
نه کوردی شارەزووری بێ ، نه دێوی لەندەهووری بێ
نه وەك ئیبلیس خەزووری بێ ، نه صەخرەی جیننی زاوا بێ
دەبێ وەك غونچەیی گوڵ بێ ، جوانمەردو سەخی دڵ بێ
دەبێ صاحێب تەوەککول بێ ، له کاری چاکه ئازا بێ
دەبێ مەردێکی زۆر چا بێ ، به کاری چاکه چارا بێ
خەیاڵی هەر لەسەر چا بێ ، لەگەڵ چا بەزمی گێرا بێ
غولام‌و نۆکەرو خادیم ، به دەستووری شەهو حاکم
دەبێ حاضر بکەن طاقم ، نەبێ ناقیص ج ئەسبابێ
ئەگەر وابێ گەلێ چاکه ، بلێ لەو جێگه چا چاکه
له بۆ چا خۆت موهەییا که ، بەبێ چا کارت چا نابێ
به قەهوەی نابو ڕەیحانی ، له نێو فنجانی نوورانی
به چایی چاکی ڕەحمانی ، خەلائق مەستو شەیدا بێ
به چادانێکی زۆر ڕەنگین ، لەطیف‌و کارخانەیی چین
به جامی نازك‌و نەقشین ، دەبێ مەجلیس له کەیفا بێ
کەشفی وەك دوڕی بەیضا بێ ، گوڵی وەك نەجمی زەهرا بێ

چامە - چامە - چامە

ڕەنگی ساقی لە نێودا بێ ، شوعاعی شوعلە بەرپا بێ
دەبێ پیالەی بلوورین بێ ، ڕۆغن دەوری ڕەنگین بێ
دەبێ ژێرپیالەی نەقشین بێ ، دەبێ مەجلیس لە کەیفا بێ
دەبێ ئەقداحی زێڕین بێ ، بە دەستی ساقی ڕەنگین بێ
پڕی ڕەحراحی نوورین بێ ، وەکو جامی موصەففا بێ
بە دەنگی موطریبی سەرخۆش ، بە نالەی ساقیی مەهوەش
بە جورعەی نازکو دلکەش ، دەبێ جەننەت هووەیدا بێ
لەپاش ڕەحراحی نوورانی ، جیهان ڕووی کردە وێرانی
ئەما دیوانی ئینسانی ، خودا سولطانی چا با بێ
کەسێ بێ ، طەبعی مەوزوون بێ ، دەبێ بۆ چایی مەحزوون بێ
بە شوربی چایی مەمنوون بێ ، کە چایە لەذذەتی چابێ
کەسێ وەک من کە بێچا بێ ، دەبێ دائیم لە غەمدا بێ
وەکو پەروانە سووتابێ ، ذەلیلو عاجزی چا بێ
( ویصالی ) ئێستا بۆ چایە ، وەکو مەجنوونی شەیدایە
بە دائیم وێڵی صەحرایە ، مەگەر لەیلای چا یا بێ

چای

چامە - چامە - چامە ۲۶ بەیت

- ۱۱٤ -

ئەی چا مەگەر تۆ مەنبەعی شادیو عوشرەتی
هەموو کات بۆ دڵ مایە ئارامو ڕاحەتی
تەسکینی عیجزو ئافەتی غەمو دەفعی ئیضطراب
دەرمانی دەردو ڕەفعی کەدەر ، عەینی صەفوەتی
رۆحی نەشاطو جانی طەرەبو جۆشی ئینبیساط
ئابی بەقا ، هجوومی صەفاو لەطافەتی
میرئاتی طەبعو صەیقەلی دڵو جەوهەری خەیاڵ
تیمثالی حوسنو مەوجی حەیاو مەحضی حیرەتی
سامانی شەوقو ڕەنەقی ذەوقو بەهاء ڕەنگ
بوستانی عەیشو سەبزەی باغی نەزاکەتی
مەوجی گریشمەو جۆشی لەطافەتو هجوومی ناز
نەیرەنگو جیلوەی شاهیدو کانی مەلاحەتی
مەحضی طەرەبی جیهانو طەراوەتی ڕیاضو سووق
جانی شەرابو نەشئەی مەیو جۆشی لەذذەتی
ئایاتی لوطفو دافیعی ظوڵمەتو مەداری فەیض
ئەی چا مەگەر تۆ مەظهەری نووری سەعادەتی
ئەنواری صوبحو سازی تەبەسسومو شوعاعی میهر
ئاثاری نووری بەرقو تەجەللایی ڕەحمەتی
لوطفی خودا لەطیفەو ئەسراری کیبریا
قەطعی هەواو ڕەفعی هەوەسو دەفعی ظوڵمەتی
ئاشووبی ڕۆم ، شۆڕی عەجەم ، فیتنەی عێراق

چامە - چامە - چامە ٢٦ بیت

غەوغایی چین ، زەمزەمەی هەر ولایەتی
مەقبوولی طەبعی شاهو گەداو دڵنشینی خەڵق
ئەلحەق زە حوسنی خولق عەجەب پاک طینەتی
ئارامی تەن ، خولاصەی جان ، مەغزی عەقڵو هۆش
تەفریحی قەلبو مایەی تەوحیدو ئولفەتی
بەسط موزاجو ویسعەت مەشرەبو عرووج طەبع
میعراجی شەئنو واسیطەی ئەوجی ڕەفعەتی
شەهدی شیفا ، شەکری شاری ، شەرابی شەوق
شەمسی شعوورو شەعشەعەی شەئنو شەوکەتی
بابی هونەر ، فصووڵی سەیر ، کاشفی صەبوور
تەصحیحی فکرو ڕەمزی مەجازو حەقیقەتی
مەعجوونی عەقڵو مەرهەمی جانو قاطعی عەلیل
ئیصلاحی قەلبو دافعی هەر دەردو عیللەتی
تەرویجی بەزمو زینەتی مەجلیسو سەروەری عام
حوسنی نیگارو غیرەتی گوڵزاری جەننەتی
دیواری تەن ، ئەساسی بەدەن ، سەقفی بەیتی عەقڵ
فەرشی وجود ، مەصطەبەی بەزمو عوشرەتی
تەنویری ڕۆحو ڕۆشنی چەشمی ئینتیظار
سوودی مەتاعو قافڵەیی تابو طاقەتی
تەهذیبی نوطقو قووەی ئیدراکو بەسطی ذیهن
بورهانی عیلمو باعیثی تەئییدی حوججەتی
ئیجادی نازو شۆخی گوڵ عیشوەی غروور
سەرمایەی حەقیقەتو کاڵایی عوشرەتی

# چامە - چامە - چامە

[ صبح از درون خسته دلان درد میبری
شام از برای اهل طرب خود مسرتی ]
ئەی چا بە ئین مەعالی ئەوصافی دائیمت
دەر خورد طەبعی نازکی آن نیک خولقەتی
یەعنی جەنابی ئان بەگ والا فلان بەگ
[ آو را مسلمست مقیدی طبیعتی ]
بێچارەگان دەهر کە باباو محمدند
شهورد گەشتەئان ارباب عوزلەتی

ئەلا ئەی ئەهلی کاشانە بەجێ بێنە ڕەسمی موسڵمانی
بە جانو دڵ بەجێ بێنین نەصیحەت‌هایی لوقمانی
لە گوێ مەکرن قسەی بەدگۆ ، بەپەندی حەق ببن عامیل
بە دائیم چاکە بنوێنن بە چایی چاکی ڕەحمانی
خەریکی توخمی چاکی بن لە ئەرض‌و مەزرەعەی دونیا
کە توخمی چاکە چا دێنێ لە بۆ فەللاحی ئینسانی
طەعامی چایی حاضر کەن لە بۆ هەر کەس کە واریە بوو
وە ئیللا خوارو ڕسوابن مەکەن دەعوای سولەیمانی
ئەبێ ناچار قبوولی کەن کەواتە لۆمەیی عالەم
کە چونکە جێ‌بەجێ ناکەن ڕەوشت‌و ڕەسمی میهمانی
تەماشاکەن قەریبی دوو سەعاتە ئێمە دانیشتووین
کە ناپرسن لە ئێمە گەرمیانین یاخو کوێستانی
مەبن ڕوگرژ لە بۆ میهمان چ موسلیم بێ چ کافر بێ
حەدیثی [ أکرموا الضیف ] لە گوێ کەن جەهرو پەنهانی(١)

---

(١) أکرموا الضیف :ـ ئیشارەتە بۆ فەرموودەیەکی پیـــرۆزی پێغەمبـــەر (در٠خ)
[ من کان یؤمن باللہ والیوم الآخر فلیکرم ضیفه ، ومن کان یؤمن باللہ والیوم الآخر فلا یؤذی جاره ، ومن کان یؤمن باللہ والیوم الآخر فلیقل خیرا أو فلیصمت ] ، واتای فەرموودەکەش ڕوونو ئاشکرایە ٠

سەخی بن هەر وەکو حاتەم بەجێ بێنن ئومێدی خەڵق
مەبن دڵتەنگ وەکو مومسیک بە وەسواسێکی شەیطانی
ئەوە پەندێکە من دەیڵێم ئەگەر ئێوە لە گوێ بگرن
کە چونکە دۆست شەخصێکە بڵێ هەر عەیبو نوقصانی
ویصالی ئێستە میهمانە ، لە بۆ چایی چایی پەرێشانە
سەماوەر دەمکەنو چایی لەگەڵ قەند بێتە مەیدانی

ویصالی ئەم قەصیدەیەی خوارەوەی لە کاتی خۆیدا داناوە کە باسی چایی تامو بۆن ناخۆشی خوا لێخۆش بوو میرزا ئیبراهیمی چوارتایی‌یە . ئەم پیاوە دوکانی شەکرو چایی هەبوو لە چوارتا ، ئەو کاتە چایی لە سندووقە گەورەکاندا بوو کە تامو بۆنی زۆر خۆش بوو ، میرزا برایمیش پیاوێکی زۆر چاکو بێ فروفێڵ بوو ، ماوەی پانزە ساڵ ئەبێ کۆچی دوایی کردووە شایەنی باسە شاعیر ئەم شیعرەی لە ڕۆژی چوار شەممە ساڵی ١٩٤٩زا ـ داوتووە ...

هۆ برای عەزیز کاکی چوارتایی
بڕژێ بە سەرتا ڕەحمەتی خوایی
هەر تەمەننامە لە قاپی خودا
دووربی لە دەردو بەڵای دنیایی
ئاوێنەی دڵت هەر بێ کەدەربێت
نەیێت بە سەریا قەط تاریکایی
لە سایەی خواوە بۆ هەموو عالەم
بوویتە ئەربابی کووتاڵو چایی
میرزا ئیبراهیم ڕۆحی شیرینم
بەجێ‌هێنەری ڕەسمی برایی

هەر لە من ببیە قەولی بێ غەرەض

ئەلحەق لائیقی بۆ ئاشنایی

لازمە بتبێ ئەشیایی مومتاز

زیاتر لە هەموان حەضرەتی چایی

ئەوی کە حەق بێ بەڕاستی ئەیڵێم

کەتمی حەق ناکەم بەبێ ڕیایی

بۆ خۆت ئەزانی دنیا بەبێ چا

زینەتی نی‌یە هەر وەک خەلایی

بە چایە شەوق‌و دەماغی عالەم

ئەگەر چا نەبێ عالەم سەودایی

زیاتر لە عالەم منی موبتەلا

ساتێ چا نەبێ ئەبمە شەیدایی

فەرهاد ئەو عەشقەی نەبووە بۆ شیرین

وەکو عەشقی من بۆ یاری چایی

ڕۆژێ نەمان بوو چایی لە مالا

مات‌و بێ‌هۆش بووم وێڵی صەحرایی

بۆ چایی ڕەنگین زۆر پەرێشانم

وەک خەرامان‌و خورشید ئاسایی

بە صەد تەشەببوس ، هەوڵ‌و کەشاکەش

هەتا پەیدام کرد پێنج شەش پەنجایی

بە ئیبنول‌حاجا ناردم بۆ لای تۆ

کە بۆم بنێری ئیزرەمێ چایی

که چایی بۆ هێنام تامو بۆن ناخۆش

حەیفی پارەکەم چوو بە خۆڕایی

مەلای نامەلاش یاخوا نەمێنن

که قەط نازانن ڕەسمی‌مەلایی

وەکو چاکەی تۆ کە هەر چا نەبوو

کەچی بەو نەوعەش پێی ئەڵێن چایی

بێ گوێ ڕاگرە هەر هاواری‌یە

هەرکەس هێناویە چایی میرزایی

ئەسەف بۆ چایی جارانی پێشوو

قابیل بوون لە بۆ مەجلیسی شایی

چا بە جوانی خۆی منی مەجبوور کرد

وەکو مەجنوونو چاوی لەیلایی

بەم چایە چاییم وا لەبەر چاو کەوت

نازانم چی‌بکەم ئەمجا بۆ چایی

ڕۆژی لێ گێڕام بە شەوی تاریک

نەیهێشت لە چاوما نووری بینایی

خوا بکا لەم چا زوو نەجاتمان بێت

ئەمجا لێ ئەدەین طەپڵی پاشایی

ماڵم لێ بووەتە دوشمنی خوێنین

بەبێ چا بوومە وەحشی سارایی

ماڵە ئاوایی نی‌یە ڕووی تێ‌کەم

گشت وێران بەبێ مەجلیسی چایی

بەم چا خراپە زۆر ماڵ وێرانین

ئەم چا بەڵا بوو کەوتە ئاوایی

لە لوطفی خواوە هەر من ذەلیل نیم

هەر کەس هێناویە بووەتە سەودایی

ئەوانیش وەک من وا سەرگەردانن

دەسیان داوەتە چێوی گەدایی

بێ‌هۆش‌و سەرخۆش بێ‌خەبەر لە ماڵ

وەک حەقەکانی خەڵقی ئەولایی

شێخ‌و دەروێش‌و مەلا بەجارێ

هەموو کەوتینە داوی بەڵایی

بەبێ ئاگایی هەر دەڵێین حەقە

وەک شارستێنی‌و مەمەند ئاوایی

ڕجات لێ ئەکەم بەچایی بۆگەن

قەط مەخەرە بەین کێوی جودایی

هەرچەند کە ڕەشە وەکو سەگی ڕەش

تام‌و بۆنەکەی وەک گیای چیایی

ئیتر ئەم جارەش صەرفی نەظەر بێت

بۆمان بنێرە چای چاردە شایی

گەر خەبەر نەدەی چاکەم خراپە

بۆت حساب ئەکەین بە بێ‌وەفایی

هەرکەس لێی ئەخوا ئەڵێ کەی چایە

ئەمە چایەکە نیو دینار بایی !

ئەگەر نەیرێژین ئیضاعەی ماڵە

بە ناچار ئەی‌خۆین بە بێ‌حەیایی

جارێ تر وابێ هەجووی چایەکەت

ئەی‌خەمە دەمی ئەهلی بەغدایی

ئێمە مەجبوورین هەر ئەبێ بیڵێین

ئەوی کە حەق بێ بەیێ مەرایی

قابیلە بگرین بۆ چایی گوڵڕەنگ

وەک لە دووری گوڵ بولبول ئاسایی

نەظمی مەجلیسی قەیصەر بە چا بوو

چا جوانی ئەکرد بەزمی دارایی

بە ڕایحەی چا پێی ئەبێ زیندوو

مردووش هەروەکو دەمی عیسایی

مەخصووص ئەو دەمە لە بەزمی چادا

ساقی کە ئەیکات نازو ڕەعنایی

لەو دەمە هەرکەس بمرێ شەهیدە

وەکو شەهیدی دنیاو عوقبایی

موبتەلا بوو بوون بە چایی ڕەنگدار

لەمسەر تا ئەوسەر خەڵقی دنیایی

چونکە شەرابی ئەهلی بەهەشتە

پارچە نوورێکە لە نووری خوایی

بۆ خوا پێت ئەڵێم ڕۆحەکەم میرزا

خۆت موجریم مەکە بەبێ خەطایی

بەم چا خراپە چایی جەمالیش

حەیفێ بە جارێ ڕۆیی حەیایی

بێ چایی گوڵڕەنگ بووم بە دێوانە

پۆشیم بە ناچار بەرگی ڕیسوایی

میرزا لازمە بێیتە مەحکەمە

بخرێیتە مادەی جورمو جەزایی

بە ئەمری شەرع‌و بە عەدل‌و قانوون

ئەو سێ‌صەد فلسە بووەتە بەقایی

کاکە ڕێ نەبوو زوو تەبلیغت کەم

نەش‌بوو لە بەینا تەلی هەوایی

( ویصالی ) ئێستا نەخۆشی چایە

بە چایی نەبێ نایێ شیفایی

ظاهیر ویصالی بەحثی چا ئەکات

وەلی بە باطین طەبع ئازمایی

**له ١٢/٣/١٣٥٨ك/دا وتراوه**

بۆ حضووری موحتەرەم جەنابی کاکە شێخ نووری « دام لطفه » تقدیم ...

له پاش ئیحتراماتی لائیقەو ئیظهاری دەعەواتی فائیقە عەرضم ئەمەیە کـه

که ئەم کاغەزە بە طەوری ئەدەب عەرضتان ئەکات : ـ

موسمی سەیرانو گەشتە ، سەوزە صەحرا کاکە گیان
ذەڕڕەیە چاییم نەماوە ، شێتو شەیدا کاکە گیان
خۆت ئەزانی چایی قوربان باعیثی دڵ جەمعی‌یە
ئێستە وا من بووم بەبێ چا وێڵی صەحرا کاکە گیان
لەم زەمانە هەرکەسێ ئیسلامە قەط بێ چا نەبێ
کەس بەبێ چا ، چا نی‌یە جوز حەق تەعالا کاکە گیان
یا خودا هیچ کەس وەکو من وێڵو سەرگەردان نەبێ
ظاهیرە ئینسانو باطین وەک موقەببا کاکە گیان
هەر خودا بێ چا بێ چاکە نەک منی غەمبارو شێت
چون بە کوللی لام نەماوە هۆشی دونیا کاکە گیان
من کە سابیق ئاشکرا بوو زیرەکو فەرزانە بووم
ئێستە بێ بمبینە بێ چا ، شێتو ڕیسوا کاکە گیان
چاکە ئیزرەم چا بنێری بۆ ( ویصالی ) زوو بە زوو
با بمێنێ ، نەک نەمێنێ بمرێ بێ چا کاکە گیان

## - ١١٨ -

ئەوا فەصلی بەھارەو مۆسمە ، دەی
وەرە ساقی کەرەم کە ، یەک قەدەح مەی
چەمەن یەکبارە پڕ بەزمو نەوایە
بە ئاوازی خۆش‌و گوڵبانگی یا حەی
بە دەستی نەی‌زەنی غەم هەر دەناڵێ
وەکو نەی ، هەر وەکو نەی ، هەر وەکو نەی
لە دووری وەصلی یارم زەردە ڕەنگم
وەکو بەی ، هەر وەکو بەی ، هەر وەکو بەی
لە خولدیشا نی‌یە ئەمثالی حاشا
شەمامەی وەک شەمامەی ، وەک شەمامەی
وەظیفەی من بوو بۆسەی لێوی ئاڵت
فیداتم زووکە ، سا دەی ، زووکە سادەی
وەکو بولبول بە ناڵینم شەوو ڕۆژ
لە دەوری گوڵ بە واوەیلاو وەی وەی
کە تۆی لوقمانی دەردی دەردەداران
ئەبێ چی بکەم کە دەردی من دەواکەی
مەکانی من خەراباتە وەکو کوند
حەبیبا ئینتیظاری تۆ هەتا کەی
لە بۆ ناپرسی عاشیق چۆنە حاڵت ؟
چی‌یە جارێ لە خوا شەرمو حەیا کەی
نەماوە ڕاحەت‌و صەبرو قەرارم

نەبشتەی ، نەبشتەی . نەبشتەی
کە تۆ سوڵطانی جوملە نازەنینان
چی‌یە ڕەحمێ بە ئەحواڵی گەدا کەی
ئەبێ یا ڕەب ، کە وەعدەی ماچی دامێ
وەفا کەی بێ ، وەفا کەی بێ ، وەفا کەی ؟
ئەبێ تۆماری عەجزرو غەم خودا کەی
ببێ طەی ، کەی ببێ طەی ، کەی ببێ طەی
نەما عەقڵو نەما هۆشم بە دەنگی
خرنگەی بازنو لوولەی گوارەی
( ویصالی ) چەشتی زەهری ماری هیجران
نیشانەی لوطفە جارێ مەرحەبا کەی

غەیری خوا هەڵناگرێ مەعلوومە شانی کەس لە ناس
لەم زەمانە بۆ خەلائیق بێتە جێگەی ئیلتیباس
میثلی ئەهلی مەکتەبی ئەم عەصرەی ئێمە یا ئیلاھ
تاکو ماوین ڕێی هیدایەت ون نەکەین وەک قەلبی قاس(١)
چەن بە دین بوون سەیری مەئمووری سەلاطینی سەلەف
دائیمە خزمەتگوزاری ئەهلی عیلمو خواشناس(٢)
نەگبەتی ئیسلامە مەئموور ئێستە بوونە فەرمەسۆن
پاکی غەددارو حەرامو‌خۆرو عەبووسو خوانەناس(٣)
هەرچی ئەیبینی شەرابخۆرە ، هەموو دوژمن بە دین
لا ئەوان ئەم دینە جوانە هیچو پووچەو بێ ئەساس
ساخودا ڕەحمێ بکا دەرچین لەناو ئەم فیطرەتە
نەک بمانبێ ئاخری بەم ظالمانە ئیلتیبباس
کوردە لای‌خۆی بوو بە مەئموور ، قۆرەکەی لێ ون ئەبێ
فکری نامێنێ بە کوللی ، مەسئەلەی هەمزەو هەباس

---

(١) قەلبی قاس : ـ دلی قەسوەتاوی ، دڵێک بە چلکی گوناھ داپۆشرابێ ٠
(٢) سەلاطین :ـ پاشاکان ٠
سەلەف :ـ ڕابووردوو ٠
(٣) فەرمەسۆن :ـ ئەم وشەیە بۆ بنیامێ بەکار ئەهێنرێ کە ئیسلام نەبێ ،
گاور ، غەیرەدین ٠

نابەلەد بووم ئەهلی لوجنە ، مەدحی چاکم کردبوون
نەمدەزانی بیل‌عمووم ، نا ئەهلی‌و هەم نا سوپاس(٤)
تووتنی سێوەنگ برنجی ، یەک دوو بارێکم هەبوو
عاقیبەت بردمە قەزاو کەوتم لەوێ بێ‌هۆش‌و کاس
چەند زەمانێ لەو (قەزا)یەی پڕ (قەزا) من مامەوە
کەس نەبوو گەر بێتە لام‌و لێم بپرسێ باس‌و خواس
موختەصەر تا حەفتەیێ ئەم وت بەوان فەحصی بکەن
هەر دەیان گوت بێ‌قەزابێ ، ئیمڕۆ نیمانە حەواس
توتنەکەی منیان بە ( أولی ) بۆیە دانا ، لا ئەوان
بێ‌نموود بووم ، چون مەلا بووم ، ڕووت‌و قووت‌و بێ لیباس(٥)
کاکە هەر بەدبەختی خۆمە چاکە عەیبی کەس نەڵێم
حەق تەعالا مەیلی وایە ، بۆیە وایان کرد قیاس

---

(٤) وا دیارە ئەو شتەی پاڵی ناوە بە ویصالی‌یەوە کە سەرزەنشتی لیژنەی فەحسی تووتن بکا ئەوە بووە کە غەدریان لێ کردووەو تووتنەکەیان بەرێک‌و پێکی بۆ فەحس نەکردووە ... جاران کە جووتیارەکان تووتنەکەیان ئەبرد بۆ فەحس ، ئاغاو دەستڕۆیشتووەکان ، لە پێشەوە بۆیان فەحس ئەکراو تووتنەکەشیان بە « مومتاز » بۆ لە قەڵەم ئەدرا ... دیارە ( ویصالی ) تووشی چەرمەسەرێی فەحس کردن بووە ، بۆیە بەم جۆرە هێرشی بردۆتە سەر لیژنەکە ..
(٥) تووتن کە فەحس ئەکرا پلەی مومتاز لە هەموویان چاکتر بوو ، ئەمجا پلەی یەکەم ، دووەم ، .... تاد .

دۆشەکو قالی لەگەڵ لێفەی حەریر با هەر نەبێ
صەد شوکر گەر خوا بمانداتێ جاجمو بەڕەو پەلاس
هەرچی خوا نەیکا بە قیسمەت مالی دنیا نامەوێ
قیروسیا منداڵ نیانە کەوش‌و جامانەو کراس
نانێ خوا نەیدا بە تۆغەمی قەط بۆ مەخۆ
منەتی ئەو دائیرەی لوجنە بە ڕەئسی کاکە لاس
ئەی ( ویصالی ) غیرەتت بێ قەط پەنا بۆ کەس مەبە
هەر لەگەڵ یادی جەنابی باری بگرە ئیستیناس(٦)

---

(٦) باری :ـ خودا ٠

- ۱۲۰ -

خودا قەهری لەجێیە گرتو مەیلی بوو بە وێرانی
ئەکا سەلبی عەقڵ لەو ئەهلە هەر وەک قەومی نەیرەوانی

نەتیجە کاری چا نابێ کەسێ فکرێ نەکا بۆ خۆی
لە نادانی وجوودی خۆی بخاتە کێوی حەیرانی

لە ئاخردا غەمی ڕێ ، دی کەسێ هەر خۆی ببینێو بەس
وەکو ئەم قەومی نیروانە کە هیچ ئەوقاتێ نەیزانی

ئەبێ ئاغا بێ یا مسکین بە چاری ئەو بە حاڵێ خۆی
نەوەک خۆی کەر بکا بگرێ طەریقەی جەهلو نادانی

ئەمە دنیایە هەر وایە ( ویصالی ) ئەووەڵو ئاخر
کە تەختە جێگەیی شاهو گەدایە ڕەسمی دەربانی

- ١٢١ -

ئەگەر ئەپرسن ئەحوالی سەعید

حالی پەشێوە سەعید بەعید

هەروەك بایەقووش هێلانە شێواو

بێ ڕەفیق ماوە ، کامیلەن سەعید

ظاهیر زەمانەی ناموساعیدە

ناوی سەعیدە ، بەختی ناسەعید

ئەچێژێ سەعید دائیم بە بێ کەس

وەك جەهەننەمی عەذابی شەدید

لەم چۆڵو هۆڵە پەرێشان حاڵە

هەر ڕۆژە جەژنی ئەکا بە بێعید

هەرچەند هەوڵ ئەدا دەستی ناکەوێ

ناشوکری نەبێ لە کۆنەو جەدید

لە قۆجی قشلاخ هەر هاواریە

بەجێماو لە خێڵ ، یاری نەورەسید

خولاصەی کەلام ئەمە حاڵ نیە

داویە بە سەعید ، حەمیدو مەجید

کاری شەیطانە کە ئیش ساز نابێ

هەر بە لەعنەت بێ شەیطانی مەرید

هەموو هەر غەرقین لە گێژی دنیا
هێشتا هەر ئەڵێ ( فهل من مزید )(١)

هەموو گیرۆدەی ئومێدو بیمین
کەی ئەبێ وەعدەو نەجات لە وەعید(٢)

ڕەمەزان مانگێکە بۆ هەموو عالەم
دوای ئەبینن بە عام ڕۆژی عید

ساڵ بۆ منو ئەو هەر ڕەمەزانە
مەگەر خوا خەز کا نزیک بین لە عید

( ویصالی )و سەعید زەحمەت خەلاصی بن
لە عیجزو غەمو ئەندۆهی مەدید(٣)

(١) ئیشارەتە بە ئایەتی [ یوم نقول لجهنم هل امتلأت فتقول هل من مزید ]
واتە :ـ ڕۆژێ دێ بە دۆزەخ ئەڵێین ئایــە پڕ بوویت ؟ ئەویشــ وەڵام ئەداتەوەو ئەڵێت هی زیاتر هەیە ؟ ).

(٢) بیم :ـ ترس ٠

(٣) ئەندۆهی مەدید :ـ غەمو پەژارەی زۆر ٠
ویصالی ئەم شیعرەی لە پێش ساڵانی ١٩٦٠دا وتووە ٠

چامەی عالی ١٩ بیت

- ١١٢ -

سەیری چەرخی حیلەبازو مەکرو فێڵی ڕۆزگار
واقیعەی چۆن ڕوو دەدا لە منی غەریبی دڵفوگار
جێگەیەک میثلی زەرتکە ئاوەدانو پڕ لە خەڵق
ئێستە سەیری کە کە چۆن وێرانە بێ دەمسازو یار
جێ سەری دەرزی نەبوو خاڵی لەسەر ئەرضێ لەبەر
کیژەتی مەخلوقی ئەطرافی وەکو بازاڕو شار
دەنگی خەڵقی لێ بڕا ، یەک دەفعە وەک صەحرایی شام
بێنی خوێنی لێ دەهات وەک جێ شەڕی ئەسفەندیار
چەندە خۆشبوو پێشتر ، ئێستاکە ناخۆشتر بووە
یاخوا وێران بێ وەکو وێران بوو زەرتکەیی پڕ غوبار
عەیشی ئێمەو ئەهلی زەرتکە تاڵ بووە وەک عەیشی گورگ
دێ لە کەپرو تاوڵەکان ئاوازی گریەو شینو زار
سەیری وەضعی ئەهلی عیلمو طالیبانی مەدرەسە
وەک هەتیوی بێ پودەر شەیدانو خوارو کوهسار
حوجرەیان تێک چوو بە جارێ وەک هێلانەی بایەقووش
غەیری لوطفی حەق نەبێ ، مەلجەء نەما بۆ قەلبی زار
حوجرەیەکی هێندە گەرمو ناخۆشە کەس نەیدیوە
وەقتی لەیلی پڕ لە مارە ، وەقتی یەومی پڕ لە نار
وەیل بۆ ئێمە کەوا مردین بە بێ یارو ڕەفیق
یاخوا ڕەحمێ بفەرمووی زوو بە ئێمەی دەردەدار
کەس نییە هەمدەم لە بۆ مە ، غەیری حاجی مصطەفا

بازچینەی کەسبو کارە ئەو وەکو مورغی هەژار
تاوڵەکان ساتێ موقیم بوون ، لەحظەێ پاش تەخلیە
میثلی طەییارەی شکستە گشت لە پاشان کەوتنە خوار
چیغو تاوڵە کەوتنە ئاسمان هەر وەکو هەوری سیاه
وا پەرێشان بوون بە دەم باو نەیان مابوو قەرار
ئاوەکەی هەر چەندە ساردو خۆشە لاکین ، دەم دەمە
زۆرە ئەووەڵ کەم دەبێ ، ئاخیر دەبێتە قەطرەدار
نامێنێ ساردیی طەعمی میثلی ئاوی شارەزوور
بەینێ دێ دائیم بە زەردی هەر وەکو میزی حیمار
دایدەپۆشێ قەوزە یەکسەر ، فەوقی وەک چیمی چەمەن
پڕ دەبێ دەورەی لە قرژاڵ ، تەحتەکەیشی پڕ لە مار
گەرچی مەشهوورە بە جەننەت زەرتکە بۆ قازانیان
لێکبوو ئەهلی مرووەت زەمهەریرەو پڕ لە نار
لێی گەڕێ وەصفی مەکە چون [ الخبیثات ٠٠ ] الخ
طیبات للطیبین ، هەستە لەم جێگە بە غار
ما علینا ، گوی خلە لەم عەیشە بێ ، لەم جیگەدا
چونکە ناخۆشە دڵم گەیشتۆتە حەددێ ئیستیوار
ئەی ( ویصالی ) بەسیە بەحثی ناخۆشی ، شادی بکە
چون لە پاش زەحمەت فەرەح دێ ، خۆت مەکە چیدی نزار

ئێستە وا مەشهوور بووە ئەم هەرزنە مالی منە
نابێ کەس بیخوا بە کوللی دۆستە یاخود دوشمنە
گەر کەسێ بیخوا بە عەمدەن ، یا بە سەهو ئەو هەرزنە
بێشک ئیعلانی ئەکەم ، ئەو خوێی‌و ئەجدادی ژنە
هەرکەسێ یا نەفسی خۆی بێ ولاغی تێ کەوێ
بێی ئەلێم دووربین نی‌یە ، هەم دوور لە عەقڵە وەک پنە
ئەی ( ویصالی ) مژدە بێ زەحمەت ولاغیش تێ کەوێ
چونکە هی تۆیە کەسێ بیخوا جەزای ئەو کوشتنە

---

★ وا دیارە ویصالی لەو سالەدا پەلە هەرزنی بووە ، وە بەم پارچە شیعرە ئەوەی دەرخستووە کە هەندێ ناحەز ویستوویانـە ولاخـی تێبکەن‌و تێبکەن‌و هەرزنەکەی بخۆن ٠٠ دیـارە ئـەم پارچـە شـیعرە بـرا هەڕەشەیەکە کە کردوویەتی تا هەرزنەکەی نەخورێ ٠

ویصالی لەم پارچە شیعرەدا ستایشی لیژنەی فەحس کردنی تووتـــن ئەکات ، ئەگەر چی لە شیعرێکی ترا ، کە لە پێشەوە بڵاومـان کردۆتـەوە ، هێرشێکی توندی بردۆتە ســـەریان ، دیـــارە بـــە جۆرێک لیژنەکـــەی هەڵسەنگاندووە ، بەڵام وەختێ ڕاستی بۆ دەرکـەوتووە ، ســـەرزەنشـــتی کردوونو پەردەی لە ڕووداماڵیون ، ئەوەتا بەم جـۆرە ستایشـیان ئەکـاو ئەڵێت :ـ

سەیری ئەم لوطفە کردی ، خوداوەندی بێ‌نیاز
کردنی بە لوجنەی قەضا ، سێ نەفەری پاکبار
( سەعید بەگو میرزا ئەحمەد لەگەڵ نووری‌یەفەندی )
ئێستە بۆ ئەم میللەتە ئەوان بوونە کارساز
لە کەسبی مەعریفەت‌دا بوونە ئەهلی مەدەنی
هەرسێ صاحێب ویجدانن ، هەرسێکیان بێ حیرص‌و ئاز
زیاتر بۆ ئەهلی عیلم دائیم صاحێب حورمەتن
کاری ئەوان ساز بکا ، خوداوەندی کارساز
ئەبێ میللەت بە جارێ هەموو شوکری خوا بکەن
کەسێ نەفەر لە خۆمان بوونە ئەهلی ئیمتیاز
لە پاش دوعای خێرو سەعادەت‌و تورەققی
بەندە کە ئەهلی عیلمم عەرضیان ئەکەم لە ڕوویی ناز

ئەسبابی ژیانی ئێمە بووەتە فەردە تووتن
ئەبێت مەرحەمەت بکەن بۆم دابنێن بە مومتاز
ئیتر کەیفی خۆتانە بۆ خودا پێتان ئەڵێم
خۆتانو شیری خۆتان زۆرم نی‌یە غەیری ناز
بەندی ئیستیرحام ئەکەم لەم دائیرەی لوجنەیە
فەحصی بکەن سەریعەن ، بۆشم دانێن بە مومتاز
ئەگەر بێ لوطفی بکەن بۆم دانەنێن بە مومتاز
نایەلم هیچتان دەرچن مەگەر یەکێکتان بە شاز
هەر چەند کە غەرقی گێژی غەمی قەرزی مەترسە
٧
بووەتە سەفینەی نەجات لوطفی ئەهلی ئیمتیاز
خەتمی کەلامت بێنە . بێشک دائیرەی لوجنە
لوطفت لەگەڵدا ئەکەن لە قەرز ئەبی سەرفراز
هیچ غەم مەخۆ محەممەد ئەوان ئەهلی ویجدانن
مەعلووم هەر سێ فەردەکەت بۆ دائەنێن بە مومتاز

غزل نبیت

کالۆکێکم بوو چ گالۆک ، گالۆلێکی زۆر عەجیب (١)
قەط لە دنیادا جارێکی دی نابێتۆ هی وا غەریب
مەجلیس ئارا بوو وەکو گوڵ شوعلە بەخشی جانو دڵ
بۆ دەوای دەردی نەخۆشان میثلی دەرمانی طەبیب
یاخوا هەرچی ونی کرد ، کەوا نەیدامەوە
پێی نەهێلی یا ئیلاهی صەبرو ئارامو شەکیب (٢)
من ئەزانم کێ دزی لێم ساعەتەن ئەو گالۆکە
چونکە مەعلوومە خراپە ڕەسمی بەدکارەو ڕەقیب
تا ئەتوانی خۆت لە بەدکارو ڕەقیبان لابدە
زۆر کەمە چونکە ئەوێستا مەردو داناوو نەجیب
مەقصەدم لەم شیعرەدا تۆفیقی من ناوی نیە
نیمتیحانم کردووە چون چاکە بێتە هەم لەعیب
ئەی ( ویصالی ) تەعزیە زۆر لازمە بۆ گالۆکت
بەلکو خوا ڕەحمێ بکا بە منی ئەسیرو دڵ شەکیب

---

(١) لە مەلا عەبدوللای کوڕی ویصالیم بیست کە وشەی ( گالۆکێکی ) ( کالێکە ) ، بەڵام وشەی ( کاڵ ) لەگەڵ واتای بەیتەکاندا یەک ناگرنەوەو چەند بەیتێکیش لەنگ ئەکا بۆیە ئێمە وشەی « گالۆك » بە ڕاستتر ئەزانین .. ( ج.م )

جامه ١٧ جامه ١٧ جامه ١٧

ـ ١٢٦ ـ(١)

ئەی موسڵمانان تەماشاکەن لە فەضلی موستەعان
حاکمێکی عادلی وا ناردووە بۆ موئمینان
بۆ عەدالەت ، بۆ شەجاعەت ، بۆ سەخاوەت جامیعە
صاحیبی سێ خیصلەتە یەعنی لە بۆ ئەهلی جیهان
فەرشی عەدلی بۆ ڕەعییەت داخراوە دائیما
دادخواهە بۆ هەموو کەس هەر وەکو نەوشیرەوان
دائیما مەشغوولی حەمدی حەقە ، ناوی ئەحمەدە
بەرقەرار بێ ئەو ڕەئیسە ، ئەی خودا بۆ داعیان
ڕۆستەمیش مانەندی گورگین ئەو دەمە خۆی ناگرێ
هەر وەکو حەیدەر کە ئەحمەد بێتە مەیدانی زەمان
مەزرەعەی ئومێدە ئەلحەق ، بۆ هەموو کەس نافیعە
هەر منی بەدبەخت دووروو بێ‌نصیب لەو ئاستان
گەرچی ڕسوا بوون لە پێشا زومرەیی عاشق وەلی
یەک بە یەک ئێستە لە باغی عوشرەتا شیرین زوبان
حمد لله وا لە دەسیا خاتەمی عیزو شەرەف
بۆیە دائیم عالەمی ئاسووتی بوونە پاسەبان(٢)

---

(١) ویصالی لەم شیعرەدا باسی موتەسەڕڕیفی ئەو کاتەی سلێمانی ئەکات کە [ ئەحمەد تۆفیق ] بووە ٠

(٢) پاسەبان :ـ پاسەوان ٠

خەسرەو ئاسایە هەموو دەم بەزمی شیرینی هەیە ·
لایقە طەپڵی بەشارەت لێ‌بدەن ئەهلی زەمان
هەوری نیسان قەطرەیەکی جوودی لەو دەس کەوتووە
ئێستە هەر بەو قەطرەیە ڕەنگینە وا توطری جیهان
هەر لە ئەووەڵ تا بە ئاخر ئەشرەفن ئەو طائیفە
لاکین ئەم سوڵطانە ڕوتبەی سەبقەتی کردووە لەوان
باعیثی لوطفی سولەیمانە سولەیمانی کەوا
ئەهلی ئەمڕۆ بوون بە ئاصەف ، یەک بە یەک پیرو جەوان(٣)
شوکری خالق لازمە ئەلحەق لەسەر ئەم عالەمە
گەر لە باغی کوردی‌یا ئەمڕۆ گوڵێکی وای ڕووان
هەر کەسێ موحتاجە ئەو بابێتە قاپی ئەحمەدی
خوانی یەغمای ڕاخراوە دائیما بۆ ئینس‌و جان(٤)
ئەووەلی ئیسمی کە ئەلفە واسیطەی ئەمنییەتە
حەرفی ثانی حامی‌یە بۆ دینی [ ئەحمەد ] بێ گومان
حەرفی ثالث مەنبەعە بۆ چەشمەیی جوودوو کەرەم
حەرفی چوارەم دافیعە بۆ دینی ذیممەی شاعیران
ئەی ( ویصالی ) تۆ کە لوطفی حاکمی وەقتت ببێ
بەستە ئیتر ناتەوێ زیوو زەڕیە گەنجی جیهان

---

(٣) ئاصەف :ـ وەزیری حەزرەتی سولەیمان بووە ·
(٤) خوان :ـ سفرە ·
یەغما :ـ تالان ·

شاعیر لەم پارچە شیعرەدا باسی کەڵەشێرێکی مل ڕووت ئەکـــات ،
بەڵام نازانم کە ئەم پارچە شیعرەی بۆکێ ناردووە ، ..

ئەوا بۆت هات کەڵەشێرێکی مل ڕووت
لە بۆی پەیدا کە جنسی ببنە هاوجووت
هەتا زوو یاری بۆ سازکەی ، درەنگە
نەوەک سوێی بێتەوە بێچارە بێ جووت
لە غوربەتدا ئەگەر بمرێ بەبێ جووت
هەموو ئۆباڵەکەی ئەو دێتە ئەستۆت
عەجەب جنسێکە حەیفە تۆو براوبێت
کە لاهووتی بوو خوا هێنایە ناسووت
لە بۆ زینەت هەڵی بکرە زەمانێک
درووس کە باوانە بۆ پێی لە یاقووت
حەقیقەت بارەی ئەو دونەل بلووغە
فەقەط بۆ شەڕ عەجەب چالاکو مەضبووط
لە بۆ دوشمن عەجەب دەم گەرمە بۆ شەڕ
ئەگەر ببینێت بە دائیم خواردنو قووت
کلیلی شێرە بۆ مەیدانی ئەعدا
بە شەرطێ نەیدەیە بەر تیری تانووت
موباریز ناوێرێ بۆی بێتە مەیدان
کە هەرچی هاتە مەیدان کردی نابووت

بەبێ پرسیار ئەگێت بێفەرق‌و ئەندێش
بە عەینی میثلی قەومی حەضرەتی لووط
مەیەلە با نەفەوتێ ، هەر بمێنێت
کە مانی قووەتە بۆ دەست‌و بازووت
بە زەحمەت لەم ولاتە جنسی ئەو بێت
مەگەر جوودێ لە شام بێ یا لە بێرووت
تەواو نابێ بەهای ئەو شکلە حەتتا
بە باغاتی درێ‌و قامیش‌و بەرزوث
ڕەوایە چاوەزاری بۆ بنووسیت
کە دائیم زینەتە بۆ حەوش‌و حانووت
( ویصالی ) بەسیە مەدحی دوایی نایەت
ئەگەر بێلن هەتا ئاخر یەتە تابووت

بۆم وەها مەعلوم بووە ئێستا لەلا ئەهلی سەلەف
نینە ئەصڵەن ذەڕڕەیە ناموس و کەرەمی ناخەڵەف
کوللی جنسێ سەیری کە طالیب بە جنسی خۆی ئەبێ
تۆ وەلی گەر جنسی خۆت دی ، زۆر ئەخۆی زەهری ئەسەف
ئیتتیفاقی ئەهلی شار جەممەن لەسەر ئەم قەولەیە
کەس نی‌یە ئێستا لە دنیا وەک جەثابت بێ شەرەف
بیستبووم کەذذابی تۆ ..لاکین لەلام تەصدیق نەبوو
جی کە ئێستا دەنگی داوە کیذبی تۆ وەک دەنگی دەف
تەفرەیی عالەم وەکو من زۆر ئەدەی ئەی بێ ئەدەب
خۆ بە زێڕ ئەنوێنی ئەووەل . دەردەچی ئاخر خەزەف
بو ویصالیت تەفرە دا هەی کەر وتت من دەیدەمێ
ظاهیرەن نیمە ئەڵێ . باطین ئەدەی بەهری عەلەف
کەرێتی تۆ وایە لادێیی . ئەڵێی جەممەن کەرن
چونکە بۆ خۆت زۆر کەری بۆیە لە دین بووی بێ طەرەف
مەنعیشت ناکەم کەوا ئێستا کە بووی بە پەرمەسۆن
بێ نمازو ڕۆژووە ئەمما دینی خۆت داوە بەلەف(١)
من غەمی خۆتم نی‌یە کافر ئەبی چاوت دەرێ
خەوفی طوللابی نرم زۆرە ببن وەک تۆ کەنەف

---

(١) نماز :ـ نوێژ .
ڕۆژوو :ـ ڕۆژوو .
تەلەف :ـ لەناوچوو .

\- ١٢٩ -

سەلامی من میثالی بەفرو باران

لەسەر تۆ بێ مەلای سیوەیلو ئالان

لە پاش عەرزی سەلام هۆشت بە خۆبێ

بە کوردی پێت ئەلێم ئەی جانی جانان

وە چاکە زو بکەی ئیصلاحی کارت

بە خۆشی پێت ئەلێم ئیمڕۆ بە نیهان

بە شەرعی مصطفەفاوو ئەمری قانوون

بە ڕەئی ئەهلی خیبرەو ئەهلی عیرفان

مومەییز بە لە بەینی جورمو حەپسا

قەراریان دا بە جارێ ئەهلی ئەعیان

بفەرموو ئیختیاری یەکێ لە ئەمرەین

جەرات پێ خۆشە یاخود حەپسو تالان

خولاصە ئەمێستە وا مەسئوولی زەحمەت

بە سووکی تەبریە بکرێی لە عصیان

مەلێ گوێزو مریشکو مێوژو هەرمێ

ئەیان نێرم بە دیاری بچنە مەیدان

ئەگونجێ ئەو دەمە صەرفی نەظەر کات

وە ئیللا زەحمەتە عەفووم بە ئاسان

بە کوردی پێم وتی خۆ من .... نیم

ئەمانە طوورڕەهاتن ئەی براگیان

مەڵێ ئیتر ئەمن ئەهلی عەمامەم
مەخوێنە بۆم حەدیثو وەعظو قورئان
مەڵێ پێنج شەش مریشكو دووهەزار گوێز
بە دیاری بۆی ئەبەم خۆم ئەچمە ماڵیان
کە کابرا چون چڵێسو صافو شێتە
کە چاوی کەوت بە گوێزو مورغی جوان جوان
ئەڵێ قەیناکا ئەم جارەیش عەفووبێت
بچێتو دانیشێ وەك جاری جاران
ئەگەر چی وەك خولەپیزە بە جارێك
بخوا هەموو ماڵی سیوەیلو ئالان
دڵی خۆت خۆش مەکە بەم وردە فکرە
بەطاڵە هەرچی فکرێ بیکەی ئەڵئان
ئەمانە هیچێ لامن پارە ناکەن
کە خۆش نابم لە تۆ هەروا بە ئاسان
لە ئەفکارت ( ویصالی ) نابێ تەمین
ئەتۆ کارێکیت کرد دەرچوو لە ویجدان

★ ★ ★

- ١٣٠ -

به ته‌قدیری خودایی حه‌یی بێچوون
له وه‌ختی عاجزیی‌و قه‌لبی مه‌حزوون
له ده‌شتێکی بیابان ، چۆڵ‌و هاموون
گه‌لێ مل‌پان‌و ڕیش‌زل تووشی من بوون
له دوور وه‌مزانی تێفکریم جوون

★ ★ ★

گوتم ئێوه به هه‌یئه‌ت وه‌حشی کێوین
به مل‌پانی هه‌موو گاجووتی جووتین
به کلکی کولکنا ئه‌مثالی ڕێوین
به شکڵ‌و صووره‌تا وه‌ک کێوی قافین
به پاڵ‌و تووکی سه‌ر مانه‌ندی پابوون(١)

★ ★ ★

عه‌جه‌ب ماوم له ئێوه طایفه‌ی چین
به ڕیش‌و سیمبلا هه‌ر وه‌ک یه‌هوودین(٢)
به گوێچکه‌ی توکنا وه‌ک ورچی لوطین
به‌بێ نوێژو جه‌ماعه‌ت وه‌ک مه‌جووسین
به جببه‌و مێزه‌ری زل ، شه‌بیهی ئاخوون(٣)

★ ★ ★

زمان ڕیشی نی‌یه ئه‌ی صاحێبی ڕیش

چ صۆفی بێ ، چ جوو بێ . یاخو دەروێش
بە پوولێ نایکڕن صەد ڕیشی بێ ئیش
تەماشا ئەهلی عیلمە عەر جگەرڕیش
بەرێشانن بە مەکری چەرخی واژوون

★ ★ ★

ئەوێستا ڕیشی مالووم زەردو کاڵە
وەکو ڕیشی قەشە چەند بێ کەماڵە
بە ئەستووری ئەڵێی کلکی گەماڵە
بە پانی شوبهی یاڵی ماینە ئاڵە
بە پانی شوبهی یاڵی ماینە ئاڵە
ئەوا بوونە مەبالی کەلبو مەیموون

---

(١) یابوو :ــ بارگیر
(٢) سیمبلا :ــ سمێڵ ·
(٣) ناخوون :ــ مەلا

ئەوێستا ئەهلی عیلمە دڵ برینداز
لە فوقرو بێ نەوایی زارو بێزار
هەمووی کوشتن بە ذیللەت چەرخی دەووار
نە هەر بێنانی هەم مردن بەبێ دار
بە مەیلی جاهیلانە دەوری گەردوون
بە غایەت دوشمنێکی بێ ئەمانە
سەراسەر کیذبە قەولی ئەم جیهانە
لەوی ئەتداتێ لێت ئەکا بە طاعوون
مەنازە قەط بە مالی پووچی دنیا
وەکو قاروون هەزاری کرد ڕیسوا
بە ڕیش‌و مێزەر نیش نابێ موهەییا
عەمەل مالە ، لە دنیاو لە عوقبا
ئەجیبە چون فەقیرە غەرقی خوونە
بەڵێ بەختی هونەرمەند سەرنگوونە
کە دنیا تا هەیە طلیب بە دوونە
ئەوێستا گەورە دوونو گەورە مادوون

عمر پاشای مەحمود



ویصالی لە پاڵ شیعری کوردیدا ، بە زمانی فارسیو عەرەبیش شیعری داناوە ئەگەر چی شیعری عەرەبی زۆر کەمە بەلام ئێمە وەك نەماناتێکی مێژوویی‌و ئەدەبی نەمان توانی بلاوی نەکەینەوە ، ئەگەر چی بلاوکردنەوەی ئەو جۆرە شیعرانە ئەرکێکی پێویستەو کەرەکە پشت گوێ نەخرێ . شاعیر ئەم پارچەیەی بە زمانی عەرەبی لە ستایشی ، حاکمی سلێمانی ‌ەدا وتووە ، هەر لە هەمان پارچەبەیاضدا کە ئەم شیعرەی تیایە ، لە دیوی ئەودیوی‌یەوە بە سێ بەیتی فارسی ، دیسانەوە ستایشی ئەو زاتە ئەکا جارێ پارچە عەرەبی‌یەکە ئەنووسینەوە :-

من فیوض الباري انت حاكم الكرد الاسير
اوجبت انعامك الشكر علینا بالجدیر
نور قلب الرعایا من شعاع عدلك
انت في شهر السليماني كالبدر المنير
ما رایت من یغیث في زمان حکمك
قد نجا من ظلم بعض ، بعض مخلوق الفقير
نستریح الآن نحن من ظلال جودك
طول عمر الحاكم اطلب من الله القدير
ارسل الله بلطفه رحمة للعالمين
يعنى في هذا الزمان انت لي نعم الامير

بسط كف جودك الآن كالبحر المحيط
بعد حاتم في الجواد ليس لك اصلا نظير
من وفور اشتياقي جئت الآن اليك
فالتف لي بالنوالك بالكريم انت شهير
اني امس قد وقعت في بحار الافتقار
نجني باللطف انت اليوم من هذا الغدير
ذاب اعضائي بنار الغم من ظلم الدهور
قلت يطفى نار قلبي من له لطف كثير
اي وجه كان عشت سابقا اني فقط
كان في هذا الاوان زاد اولادي يسير
يا محمد لا تخف من عسرك هذا الزمان
ان ربي بالعباد كل اوقات بصير
بعد هذا الوقت لا تحزن وصالي بالملل
يظهر من لطف حاكم دفع حاجات الفقير

له دامێنی ئەم شیعرەوە ئەمە نووسراوە :

[ تمت هذه الابيات من قلم الفقير المذنب العاصي محمد الحسيني القرداغي الملقب ( بوصالى ) قد أنشاها تعريفا لحاكم السليمانية ادام الله اقدام حكمه على مسند العدالة والسعادة ، راجيا منه ان يعين له وجها كافيا لاعاشه اولاده ولعل عند الله يكون باعثا لاجر الجميل وجزاء الجزيل وفي الختام السلام عليكم ] .

پاشان ئەم بەیتەشی لە دامێنەوە نووسیوە ئەڵێت :ـ

يا محمد لا تقل فاقنع بما يعطى بك

جاء بعد العسر يسر نص به قول البشير

هەر لەدوای ئەم ستایشە ، بە سێ بەیتی فارسی دیسانەوە ستایشی هەمان کەس ئەکاتەوەو ئەڵێت :ـ

از شعاع جود پاشا ابر غم‌و تار هم

گشت زائل از درون قلب پر نیش‌و اليم(۱) الم

غيرت شير خدا عدل عمر ، جود حتم

جمع گشتند در ضمير حاكم صاحب كرم(۲)

ای وصالی مژده باد عنبر شد ان باغ اميد

غم مخور ديگر كه لطف حاكم است دفع الهم(۳) هم

---

(۱) واتە لە پرتەوی پیاوەتی پاشاوە ، هەوری غەم‌و تاریکی‌و ناخۆشی لاچوو لەسەر دەروونی پڕ ئێش‌و ئازار .

(۲) واتە :ـ ئازایەتی ئیمامی عەلی‌و دادپەروەری ئیمامی عومەرو دڵفراوانی‌و سەخاوەتی حاتەم . ئەمانە هەمووی کۆبووەتەوە لە دڵی ئەودا .

(۳) واتە :ـ ئەی ویصالی موژدە بێ ، باغی هیوای تۆ وەکو عەنبەر بۆنی داوەتەوە ، ئیتر غەم مەخۆ چونکە لوتفی حەمور نارەحەتیەکت لا ئەبات .

- ١٣٣ - (١)

مِن كە ڕازی بووم بە خەپلەی هەرزنو نانی شەعیر
منەتی كوێخا ، ڕەئیسی خاقانو كەیخوسرەو بە كیر
هەر كەسێ ئەحمەق ئەبێ قەط نایەتە مەیدانی من
یەعنی بەم ئەحوالەوە ئەو بێ بكا لۆمەی فەقیر
چۆن ئەبێ دەرچێ لە دەستم ئەو كەرە خاكی بەسەر
دێم بە گژیا ئەی‌دڕم فەورەن میثالی نێرە شێر
هەر ئەوەندە گەر بزانم كێ‌یە بەدكاریم ئەكا
هەر بە یەك شەق ئەیگەینمە گەرمیانی گەرمەسیر
هەركەسێ دوژمن بە ئەهلی عیلمو سەیید بێ یەقین
بێ‌بەشە دائیم لە ڕەحمی خالقو مەحرووم لە خەیر
من كە ڕاستو بێ درۆم باكم لە بۆلەی كەس نی‌یە
چۆن كە ڕێوی نابێ ئەصلەن بێتەوە مەیدانی شێر
غەیبەتی ئێمە كەسێ ئەیكا بە بێ‌جوورمو خەطا
با ببۆلێنێ لە ژوورا لێی گەڕێ وەك ورچی كوێر
غائبانە هەر كەسێ بۆلە بەسەر مندا ئەكا
لێی گەڕێن هەقی‌یە كە چون دۆكەی ڕژاوە پوورە ....
من تەمەننامە لە قاپی حەضرەتی حەیی ئەحەد
دوژمنی ئەم قاپێی ئێمە كە زووبیخاتە ژێر
ئەی ( ویصالی ) دوژمنی تۆ بزنە ، نانی شوانی خوارد
كرێ ئەچێ خاكی بەسەر ، ئەی‌گێم وەختێ هاتە بیر

.....................................

(١) ئەم شیعرە لە شیعرە دانەتۆرینەكانێتی .

شاعیر ئەم نامە شیعریەی بۆ کاک تۆفیق‌و کاک عەلی ناردووە ،

ناوەرۆکی نامەکە داشۆرینە تیایا ئەڵێت :ـ

بۆ خۆشەویستم ڕەفیقی شەفیق
ئەووڵ کاک عەلی ، دووەم کاک تۆفیق

ئەبارێمەوە لە قاپی خودا
لەسەر کەسابەت تۆفیقتان بدا

لە پاش بەیانی عەرض‌و ئیحترام
ئەوا بۆم ناردن چەن فەوجێ سەلام

دوعاو سەلامتان هەر بۆ ئەنێرم
وە منەتیشتان بە سەری کێرم

چونکە لە دنیا من صاف‌و پاکم
لە ڕاست هەموو کەس دائیم بێ باکم

ئەگەر ئەپرسن لە حاڵ‌و ئەحواڵ
خۆشترە حاڵمان لە حاڵی بەقاڵ

ئێمە لە لادێ خوا موعینمانە
بۆ ئەهلی بازار ڕەفیق شەیطانە

لێرە هەرچی بوو لەوێ دای ئەنێین
ئەووەڵ تا ئاخر سەر ئێوەی ئەنێین

نەجیبن ئێوە کە هەر ئەمەتە
کاغەزتان ناردبوو بۆ دووسەبەتە

وامزانی کاغەز کەوا نێرراوە

بۆ کاری موهیم یەکجار نووسراوە

کە تەماشام کرد نامە سەرانسەر

نووسراوە لە بۆ دوو سەبەتەی شر.

بناء علیه ئەی برای ئەرشەد

سەبەتەکانم داون بە ئەحمەد

ئەمن وام زانی ئێوە بەقالن

نەمزانی هەردوو هەر قنگ بەطالن

بەلێ بیستوومە لە ئەهلی کەمال

لە بازارا هەن بەقال و چەقال

گەر وەک ئێوەبن بەقال و چەقال

کێرم بە قنگی دوو هەزار بەقال

بیستم کە ئێوە هەردوو بە پرتاو

تەصادوفتان کرد بۆ دوو کچی لاو

بەجارێ کردتان مەرحەبا لەوان

شکلی ئێوەیان کە دی هەردووکیان

هەردووکیان بە جووت تفیان لێ کردن

بەجارێ حەیاو ناموسیان بردن

تازە هەردووکتان لە سال بوونەوە

ئاشی ئاو کەوتوون بەطال بوونەوە

تازە چیتانە لە کچی جوان

ڕیشتان سپی یەو نەماوە دانتان

تازە مەر بەخەو ببینن جوانی

ئەویش بە جومعە سەر لە بەیانی

# هەجو - جنێو - داشۆرە

هیچتان بۆ ناکرێ بە پیرە پیرە
مەگەر هەردوو دەست بگرن بەم کیرە
حوسەین هەر ڕاستە ڕاستیش ئەیژێ
بۆیە قسەی ورد بۆ ئێوە ئێژێ
هێندم تا ئێستا نەصیحەت کردن
ئینسان تێی هەڵدەن نەک حەیا بردن
عالەم کە پیر بوون بە حەیا ئەبن
ئێوە تا پیر بن بێ حەیا ئەبن
بەڵێ حەقتانە حەیا بە چاوە
ئێوەش خۆ شوکر چاوتان نەماوە
کالانەی چاوتان بووەتە شکلی نوون
لە دوورنەشوبهێ بە قنگی مەیموون
چونکە هەردووکتان چرووچاو نووساو
دەم بە قووڵا چوو وەک بیرو گۆلاو
دەم وەک کەلاوەی سالی دەقیانووس
تەعمیر ناکرێتۆ بە ئینگلیس و ڕووس

شاعیر ئەم شیعرەی بە زوبانی [ ڕەئووفی ]

کوڕییەوە ناردووە بۆ کوڕی حوسەینی فەقێ زینۆ کە نزیک ماوەتە ،

شیعرەکە وەڵامی دوختوری کوڕی حوسەینی فەقێی زینۆیە

ڕۆحەکەم دوختەر گەیشت نامەکەت

باش تێگەیشتم لە کەلامەکەت

منیش وەکو تۆ دڵ پەرێشانم

لە دووری خوشکە شیرین نامەکەت

وەختە لە تاوان بچم بە کێوا

بۆ ماچی خوشکە گوڵ ئەندامەکەت

بە خوشکت بڵێ ڕەئووف بێ حاڵە

بۆ لەنجەی باڵا نەونەمامەکەت

فەرمووتە [ ڕوقیە ] مایەی شیفایە

هەرچۆن تۆ بڵێی واقیعەن وایە

شکی تیا نییە فەرموودەت جوانە

ئەسبابی خوشکە ، قسەت ڕەوایە

بۆ گوڵی باغی ڕیضوانی ( زینۆ )

ڕەئووفیش وەک تۆ بولبول ئاسایە

بەڵێ عاشقی خۆشە لە دنیا

وەلی نە وەک تۆ کەوا بێ حەیا

کەسێ نەزانێ ڕەسمی عاشقی

ئاخری وەک تۆ ئەبێ ڕووسیا

چون هەر کەس کردی ئیقامەی دەعوا
لە مەحکەمەدا لێی ئەکەن داوا
ئیثباتی داوای بە شاهید بکات
شایەد داواکەی بۆ ثبووت نەکرا
بە حوکمی شەرع‌و بە مادەی قانوون
ئەمجا ئەیخەنە دائیرەی جەزا

تۆ کەوا کەر بی نابێ دوختەر بی
ئەگەر دوختەر بی ، نابێ وا کەر بی
بێ موقەددیمە ، سەرسەری ئاسا
ئەڵێی ڕوقیایە دەرمانی شیفا

چون عەشقبازی ئوصولی وایە
ئەووەڵ سرڕیە نەکا ئاشکرایە
دیارە نازانی ڕەسمی عاشقی
ماتووڵ کەوابێ قابیلی شەقی
دوختەرەفەندی هێشتا منالی
دیققەتت نیە زۆر بێ خەیالی
لە بۆ ئیدراک‌و فەهم‌و مەعریفەت
هێشتا بەطالی وەک کووپەی خالی
ڕەسمی عاشقی ئێمە ئەیزانین
بۆ ماچی خوشکت زۆر پەرێشانین
دوختەر پێم بڵێ ( خاهەرت ) چۆنە
بۆ ژیانی من وەکو کەو بوونە
گەر عەشقی لەیلای خوشکی تۆ نەبێ
چۆن عالەم ئەڵێن ڕەئووف مەجنوونە

داشوشە-چێو هەلا چو

چبکەم دەمێکە ئەمن لێی دوورم

بەڵایە بە دائیم زەردو ڕەنجوورم

تۆ خۆت ئەزانی لە بەردەزەردم

لە دووری خورشید گرانە دەردم

دڵم بۆ گوڵی باغی نەماوە

پەروانە ئاسا گیانم سووتاوە

بڵێ بە خوشکت هەردوەکو لوقمان

دەفعی دەردەکەم بکا بە دەرمان

ئیلاهی کەی بێ چاوم پێی کەوێ

بەرانبەر ببین وەک جووتە کەوێ

جا تەماشاکە لە گوفتوگۆمان

لە ماچو مووچو لە هاتوو چۆمان

عەزیزم دوختەر ڕۆحی شیرینم

کەی ئەبێ باڵای خورشید ببینم

ڕەئووفە کوڕی مەلای بەردەزەرد

لە داخی خورشید دڵی پڕ لە دەرد

طالیبە بە ڕووی خوشکە جوانەکەت

بە ئەشماری تەڕ وەکو لیرەی زەرد

دوختەر چاوەکەم ڕۆحی ڕەوانم

تاریکە بێ ڕووی خورشید جیهانم

بە غەیری خورشید لە خوشکەکانت

ڕۆحەکەم چبکەم ، ناویان نازانم

ئەگەر ئەمزانی کامەیان جوانە

ئەمکرد بە ویردی ڕۆژو شەوانە

هەجو - جێبو - داشۆشە

فەقەط بلێم چی ، با بمانمێنێ

که هاتم خورشید تێت ئەگەیەنێ

وەختێ که خورشید کەوتە لەنجەولار

تێ ئەگەی لە ئیش لەسەر هەتا خوار

وەختێ که لێی دا لارەپێچ لەسەر

بە تیری نازی لەت ئەکا جگەر

موشتەری دایم هەر وەک پەڕی داڵ

شێتو شەیدایە لە چوار دەوری ماڵ

منیش یەکێکم لەو مشتەریانە

بۆ باڵای خورشید بووم بە دێوانە

تۆ کوڕی میرزای زینۆی عەزیزم

منیش صاحێبی خەنجەری تیژم

ڕەئووفم ناوە باشم بناسە

طالیب بە کچی جوانو لەذێذم

- ١٣٦ - (١)

شكك ئەبەم شەخصێ لە ڕۆما پێی ئەڵێن مەللا حەسەن
لازمە ذەممی بکەن ئەلحەق هەموو ئەهلی وەطەن
چونکە مەشهوورە چرووکی‌ی ئەو لە دونیادا بە عام
ئەو ڕەذیلە نەیدی جارێ غیرەتی بێتە بەدەن
شەش صەدی وەك مارفـو بەندەی لە برسا کوشتووە
من ئەوا بێگانە بووم ، خۆ ئەو برای ئەو بوو عەلەن
ئیسمەکەی فەوتاوە حوسنی نی‌یە خوا بیبڕێ
نەمدی ئیسمی بێ موسەمما لێرە وەك ئەو تا یەمەن
ئەی ( ویصالی ) بەسیە ئیتر قابیلی تەنبیە نی‌یە
لێی گەڕێ با هەر مەحو بێ ، ئەو نەجیلەی بێ دەهەن

(١) ویصالی لەم شیعرەدا هەجووی « مەلا حەسەن » ناوێکی کردووە ،
ڕەنگە ناکۆکی لە نێوانیاندا زۆر بەهێز بووبێت .

# وەفاتنامەو بەشارەنامەی ویصالی

## ١٩٦١ ز / ١٣٨٠ ك

پەشێوی ۲۸ ت

## ـ وەفات نامەو بەشارەت نامە ـ

ئەم دوو قەسیدەیە کە یەکێکیان باسی مردنی گیسکێکی ڕەش ئەکات لە کاتی خۆیا هی ویصالی بووە ، وە ئەوی تریان باسی بەشارەتو هاتنەوەی ئەکات ‥ لە ڕاستیدا ، ڕەنگە زۆر کەس وا هەست بکات کە بۆچی ویصالی کاتی خۆی بە دانانی قەسیدەیەکی ئاوها بەسەر بردووە ؟ بەڵام ئەگەر بە وردی لە شیعرەکە وردبینەوە ئەگەینە ئەو قەناعەتو ڕاستی‌یەی کە یەکێکە لە شیعرە خۆشەکانی ، بێ‌گومان ئەمەشــ لە جیهانی شیعری کلاسیکی‌دا سەیر نی‌یە ، ئەوەتا نالی باسی ( کەرەکەی ) ئەکات ‥ شێخ ڕەزای تاڵەبانی باسی ( ماین )ێک ئەکات ‥ وە گەلێکی تریشمان لەم بابەتە هەیە ‥ ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی ترەوە ویصالی بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێشەرو پێکەنیناوی ، شیعرەکەی دارشتووە ، وە لە ڕووی ناوەرۆکیشەوە گەلێ پەندو ئامۆژگاری تێدایە ، کە لە سەرەتاوە سوپاسی یەزدانی گەورەی کردووەو باسی جیهانو حاڵی خۆی کردووە ، وە باسی گەلێ شتی تریش ئەکا ‥ ئەمەش سەرەتای وەفات نامەکەیە :

حەمدو سوپاس‌و شوکری بێ عەدەد
بۆ زاتی پاکی واحیدول ئەحەد
ذاتی بەری‌یە لە چەندو لە چوون
بێ ضدو جنسە ، خالیقی بێ چوون

ذاتی قەدیمەو ئەزەل هەر بووە
وجوودی یەکەو بەری لە دووە
ناماقوولی کرد هەرچی وەک نەمروود
لە عەصری خۆیا خۆی کرد بە مەسجوود
لەسەر ئەو فکرە سەری دا لە بەرد
با جێی سەقەر بێ ئەبەدول ئەبەد
خودایە تەنهایە بە بێ چەندو چوون
خەلقی عالەمی کرد بە کافو نوون
لە خەزنەی کەرەم بێ ڕەفیق تەنیا
ڕزق بە کوللی ذی ڕۆحێ ئەدا
بە بێ ئیزنی ئەو کارێ ناکرێ
بێ ئیرادەی ئەو نابێو نامرێ
( وبعد ) برژێ ، سەلامو صەڵات
بۆ ڕۆحی پاکی فەخری کائینات
ئەو محەممەدە سەر پاکی نوورە
هەر کەس نەیەوێ لە ڕەحمەت دوورە
یا ڕەب بە جاهی ئەو پارچە نوورە
هەر چەند موجریمین ، لێمان ببوورە
هەم سەلامی خواو درروودی بێ حەد
لەدوا حەزرەتی زاتی ( محمد ) ص
بۆ سەر ئالو بەیت ، ئەصحابی کیرام
هەم بۆ ئەولیاو عولەمای ئەعلام
هەم بۆ تابیعین ، هەتا ( یوم الدین )
رضي الله عنهم اجمعين

ئەمجا بیینەوە سەر دەوری ئاسمان

چۆن بێ سوود سەری لە عالەم شێوان

چەند ناکەس بەچەی کردووە بە کەس

چەند نەجیبزادەی کردووە بێدەس

چەندی بەم دنیا کردووە مەغروور

چەندەی موحتاجی کردووە ڕەنجوور

سەیری کەچی کرد چەرخی چەپێواز

ڕیشەی عالەمی دەرهێنا بە گاز

وەلی ئەو زوڵمە کە کردی لە من

لە هیچ کەس نەیکرد لە ئینسو لە جین

بۆ زەرەر لێدان گەردوونی ئەخضەر

برنجی ئێمەی کردە سەر دەفتەر

سەیری گەردشی خەڕەکی دەوران

دونیای چلۆن کرد پەرتو پەرێشان

ئەعلا ئەباتە دەرەجەی ئەدنا

ئەدنا ئەباتە دەرەجەی ئەعلا

ظاهیر دوشمنی شەرعی موبینە

دائیم خەریکی فەوتانی دینە

ئەسەف بۆ کەسێ لەم دینە جوانە

لایدا بە جارێ ، چوو بۆ مەیخانە

غەیری میللەتی ئیسلام لە دنیا

هەموو گەیشتنە پایەیی ئەعلا

زیاتر تەماشا لە کوردی بەدبەخت

هەر کەس گرتوویە ڕێگەیەکی سەخت

کورد له‌به‌ر کینه‌و حه‌سه‌دو نیفاق
قه‌ت ڕێ‌ناکه‌وێ بۆیان ئیتتیفاق
ئه‌گه‌ر خوا حه‌زکا ئاوا ده‌ستوبرد
پێشکه‌وتن نابێ بۆ تایه‌فه‌ی کورد...
ئینقیلابی چه‌رخ ، بێ جورم‌و تاوان
سه‌ری له ئیسلام به جارێ شێوان
وا تێکه‌ڵ بووه ڕاست به ناڕاست
لێک هه‌ڵناوێرین وه‌ک دۆشاوو ماست
به قه‌ولی ئه‌صه‌ح عوله‌مای ئه‌علام
ده‌ته‌بو ئایین ، مه‌زهه‌بی ئیسلام
زیاتر نه‌بووه له حه‌ددی چوار
که‌چی ئێستاکه گه‌یوه به هه‌زار
ئه‌مه‌یش نه‌گبه‌تی ئیسلام‌و کورده
تێ‌ییشی‌ناگه‌ین به‌م ده‌ستو برده
ئه‌ی کوردی هه‌ژار تۆ که که‌م‌ڕه‌وتی
ڕێگه‌ی ڕاست بگره لاده له چه‌وتی
ئه‌گه‌ر ڕاست نه‌ڕۆیت ناگه‌یته مه‌نزڵ
ئاخر ئه‌چه‌قیت له ناو ئاوو گڵ
قه‌ط ته‌فره مه‌خۆ به چه‌رخی که‌چ‌ڕه‌و
ڕۆژی ڕووناکت لێ ئه‌کا به شه‌و
ڕاستی ویصالی بێ فێڵ پێت ئه‌ڵێ
له‌م قیل‌و قاله دڵت هیچ نه‌ڵێ
نه‌ی‌بووه له بۆ هیچ که‌سێ وه‌فا
تۆ به ئومێدی ببینی صه‌فا

## « وەفات نامەی گیسکەڕەش »

ویصالی گیسکێکی ئەبێت کە لە دێی « گەنکێ » ئەبێت کە لە قەزای چوارتاوە نیو سەعات ڕێگە ئەبێت لە بەشی ڕۆژاوایەوەیە ، شاعیر ئەم گیسکەی لەگەڵ مەڕی حاجی مەحموودی گەنکێ‌یی‌دا ئەبێت ..

هەواڵی فەوتی گیسکەکەی بۆ ئەهێنن کە چەندە بە زەلیلی فەوتی کردووە .. ئەمەش کارێکی گەورەی کردووە سەر هەستی شاعیرو بەم بۆنەیەوە ئەم قەسیدەیەی داناوە .. مێژووی دانانی قەسیدەکە لە سالی ۱۳۸۰ کۆچی‌دا بووە ..

## . وەفات نامەکە

وەرن تێفکرن لە دەوری زەمان

چەند خانەدانی کردووە ماڵ وێران

نە ئەنبیای هێشت نە ئەولیای دین

نە پادشاهان لەسەر ڕووی زەمین

ئەی داد لە زوڵمی زەمانەی بێ پۆ

هەزار وەک منی کردووە ڕەنجەڕۆ

مایەی ماڵو سەروەتی جیهان

گیسکێکم هەبوو ڕەشی بێ‌نیشان

ئەووەڵ لە ماڵی حاجی ئەحمەد بوو

چونکە جوان بوو ، هەر چاوی بەدبوو

نفووسی پیس بوو وا کاری لێ‌کرد

ماڵی منیشو خۆیشی وێران کرد

وەختێ ڕوانیان لە حەوشەو حەسار

زاتی گیسکەڕەش وا نی‌یە دیار

ئاخری زۆر گەڕا حەمە ماڵەو ماڵ

هەر وەک دەروێشێ کە بکری بۆ سواڵ

لە بۆ گیسکەڕەش بیدۆزێتەوە

کە دۆزیەوە ، بیهێنێتەوە

ئیتر بە خۆیو بە هۆزییەوە

زۆری بۆ گەڕا نەی‌دۆزیەوە

لەدوا مەئیوس بوون ، گوتیان ون بووە

ئاخۆ گورگی چەرخ بۆ کوێی بردووە

لە مەوطینی خۆی چەرخی کەچ ڕەفتار

دەربەدەری کرد بە ڕەنجو ئازار

ئەو کارەی کەردوون لەگەڵ منی کرد

خەسرەو لە فەرهاد ئەو زوڵمەی نەکرد

بەینێ گیسکەڕەش ونبوو بێ ئەثەر

دڵ کەوتە گێژی دەغدەغەو خەتەر

غەمی گیسکەڕەش هەر لە دڵ مابوو

ڕۆژێ لە ناکاو شەخسێ پەیدابوو

وەك خضری زیندەی موبارەك ئەثەر

ئەو شەخسە چاکە بە منی دا خەبەر

گوتی مژدە بێ ماوە گیسکەڕەش

دڵم وەکو گوڵ بەو موژدە بوو گەش

چەمیبوو باڵام وەك خەمی گۆچان

شێت بووبووم وەکو مەجنوونی کێوان

موژدەی نەسیمی گیسکەڕەش ئەتکوت

غونچەیی دڵم وەکو گوڵ پشکووت

سەد ( بارك الله )، کاکی مژدە خۆش

خوا لە ڕەحمی خۆی نەمان کا بێبەش

پێم گوت لە کوێیە برای دنیاو دین

ئەو گیسکەڕەشەی جوانو نازەنین

گوتی غەم مەخۆ ببە بێ خەتەر

وا لە گەنکێیە مەبە بێ خەبەر

له مه‌ڕی حاجی مه‌حموودی گه‌نكێ

وا قه‌له‌و بووه ڕۆنی لێ ئه‌تكێ

ئیتر وه‌ك عه‌تری گوڵی وه‌نه‌وشه

مێشكی پڕ كردم ئه‌و مژده خۆشه

كه بۆم مه‌علووم بوو گیسكه‌ڕه‌ش ماوه

سوپاس بۆ خودا كه نه‌فه‌وتاوه

گوتم ئه‌و گیسكه كه‌وا له گه‌نكێ

با بمێنێتو بۆ خێری نه‌نكێ

عه‌جه‌ب شكڵێكی هه‌بوو گیسكه‌ڕه‌ش

وه‌ك شكڵی په‌ری جوان‌و مونه‌قه‌ش

ئاوریشم ڕه‌نگ‌بوو مومی ئه‌ندامی

ئاسكی گه‌رمیان ئه‌ی كرد غولامی

جیلوه‌ی حه‌ریری موویی تابداری

هه‌ر وه‌ك په‌رچه‌می تورك‌و تاتاری

وه‌ختێ ئه‌ی‌بارِان له كێوو سارا

شه‌بیهی ده‌نكی نازداری خه‌تا

فه‌سڵێ ئه‌كه‌وته شیرین كه‌لامی

عالم تێر ئه‌بوون له عه‌قڵ‌و فامی

هه‌ر وه‌ك قه‌مه‌رناز ، نازو نازدار بوو

خه‌رامان سیفه‌ت به ئه‌نجوولار بوو

شوعله‌ی گلۆپی هه‌ردوو چاوانی

وه‌كو ئه‌ستێره‌ی به‌ری به‌یانی

ده‌می وه‌كو صه‌ده‌ف پڕ بوو له گه‌وهه‌ر

ساحێب پرته‌و بوو وه‌ك شه‌مسو قه‌مه‌ر

شاخەکانی ڕاست ڕەنگی وەک مەڕمەڕ
وەک شاخی تاجی شاهی ئەسکەندەر
ڕوخساری جوان‌و ساف‌و بێ‌کەدەر
هەر وەک شۆرابێ بە ئاوی کەوسەر
سمی ڕەش‌و ساف وەک بێجادە جوان
سیفەت ئاوێنە لە دوور ئەینوان
ئێستە بیستوومە فەوتی فەرمووە
ڕۆحی شەریفی بۆ جەننەت چووە
تەئریخ هەزارو سێ سەدو هەشتا
زاتی گیسکە ڕەش دەرچوولە دنیا
چونکە مردنی لە غوربەت بووە
ئەجری زۆر گەورەی بە نسیب بووە
ماتووڵ ئەو زاتە لەوێ مردووە
تەکلیفی شەرعی لەسەر لاچووە
داخی گرانم بۆ تۆ گیسکەڕەش
لە خۆشی بەهار کەوا بووی بێ‌بەش
خۆزگە دەوڵەتی فەرەنگ‌و ئینگلیس
لەگەڵ تایەفەی جولەکەی خەبیث
هەم ئەمریکاو ڕووس‌و ڕووسیا
فەوت ببوونایە پاکیان لە دنیا
ئەمما گیسکەڕەش تۆ بمایتایە
خۆشی بەهارت لە کیس نەچوایە
حەقیقەت بەهار ڕەنگین‌و خۆشە
سارا پڕ گوڵ‌و لالەو وەنەوشە

جا چە فائیدە بەهاری ڕەنگین
گیسکەڕەش بێتو چۆڵە سەرزەمین
گیسکەڕەش وا تۆ لە ( دار الفنا )
ڕیحلەتت فەرموو بۆ ( دار البقا )
گیسکەڕەش خۆت چوویت بۆ مێرگی بەهەشت
غەمو ئەسەفت بۆ من بەجێ هێشت
بێ تۆ گیسکەڕەش یاری باوەفا
تازە بۆچیمە حەیاتی دنیا
گیسکەڕەش حەیفێ ددان مرواری
لەززەتت نەدی لە گیای بەهاری
ئەی جا من چبکەم بێ تۆ لە دنیا
مەگەر وەک مەجنوون بچم بە کێوا
بێ تۆ گیسکەڕەش ئەمن لە دنیا
چۆن ڕابوێرم بە سەیرو صەفا
دەرچوو گیسکەڕەش لە دنیای فانی
ئەسەف بۆ خوڵقو ڕەوشتی جوانی
داخی گیسکەڕەش دەرناچێ لە دڵ
هەتاکو لاشەم نەچێتە ژێر گڵ
زینەت بوو لە بۆ گەنکێو سنجەڵێ
بۆیە وەک مەنجەڵ بۆی ئەکوڵێ
شکڵی وا جوان نابێتو تازە
بۆی بگرین ئەی گەل زۆر بێ ئەندازە
سەرۆک مێگەل بوو لەم ناوە ناوە
ڕەئیس نەقابە لە هەر چوار لاوە

ساحێبی ماف بوو ، بوو بوو بە بەشدار

له بۆ جنسی خۆی ئامرو سەردار

له بۆ مسکینو فەللاحی دلێر

بۆ هەردوو لایان بوو بووە سکرتێر

جەهدی زۆر ئەکرد له بۆ پێشکەوتن

حەتتا نەیمابوو خواردنو خەوتن

هەتا ئەو مابوو هەر خۆش بوو دنیا

وەختێ ئەو نەما عالەم لێی شێوا

ئەی ( مع الاسف ) له بۆ زاتی وا

که ئەمرێو ئەڕوا ئەچێتە فەنا

الحکم لله . ماتوول مردبێ

قەزاو بەڵاکەی حاجی بردبێ

فەقەت حاجی گیان تۆیش هەر بە هەوا

مەڵێ گیسکەڕەش مرد قیری سیا

ئەمین بە حاجی خوێنی گیسکەڕەش

نافەوتێ هەر وەک خوێنی سیاوەخش

نەسیحەت گۆبوو بۆ دێهاتو شار

بێ مەعاش بوو بووە واعیظی سەییار

تا زوویشە غەمی حاڵی خۆت بخۆ

مەڵێ ئەڵێی چی دە هەرۆ هەرۆ

هەزار شەللاتیو جولەکەی ڕووڕەش

ئەیکەم بە قوربان کلکی گیسکەڕەش

گیسکەڕەش ئەگەر بۆ من بمایە

هەتا قیامەت ئەبووە دەسمایە

گەر ئەمردایە هەر بۆ یادگار
ئەبووە نموونە لە بۆ ڕۆژگار
وا پێتان ئەڵێم خوێنی گیسکەڕەش
نابێ بفەوتێ ئەی برای سەرخۆش
گەر ئەڵێ زۆرە پێم نادرێ زەرەر
با برادەران ببنە یاریدەر
چونکە یەکێتی وا لە بەینایە
زەرەری یەکێ هی هەموو لایە
من لەسەر حەقی خۆمم کاکە گیان
جێبەجێی بکەن ئێوەش هەمووتان
مەڵێن هیچ نادەین زۆرە یا کەمە
کاکە ئاچووغە قاپی مەحکەمە
جا لە هەردوو لا زوو مەعلووم ئەبێ
لە بۆ ئەم حەقە کێ مەحکووم ئەبێ
ئەمجا میثلی خۆی یاخود قیمەتێ
خوێنی زاتی وا چلۆن ئەفەوتێ
جا موخەییەر بن ئێوە لەو دووە
دە جێبەجێی کەم هەتاکو زووە
ویصالی بێنە خاتیمەی کەلام
مەجبوورن بیدەن خوێنەکەی بە عام
ویصالی بەسیە مەبە دڵ گران
خوا نایفەوتێنێ حەقت بێگومان
تۆ هەر ناتەوێ حەقت دەسکەوێ
دەستت ئەکەوێ لێرە یا لەوێ

گلەیی مەکە لە چەرخی زەمان
هەزاری وەک تۆی کردووە سەگەردان

گەر لوتفی ببێت خودای ئاسمان
بە تاقە گیسکێ نابێ سەرگەردان

هەرچەند گیسکەڕەش مایەی ماڵت بوو
وجوودی مایەی خۆشی حاڵت بوو

بەلا غەم مەخۆ ، خودا مەننانە
ساحێبی ئەجرو جەزاو ئیحسانە

صابیر بە لەسەر ئەم موصیبەتە
صەبر لای خودا زۆر بە قیمەتە

ئەمین بە لای خوا قەیدە لە دەفتەر
بۆ تۆ نابێتە مایەیی زەرەر

جەزا یەک بە دە ، نەصصی قورئانە
تا یەک بە حەوت‌سەد لە بۆی ڕوانە

ویصالی ئیتر مەکەوە پەلە
خوا ( لا یسل )ی ( عما یفعل )ە

یا ڕەب سا هەر چۆن دەرمان‌ئەچوێنی
ئەبێ لەگەڵمان ڕەحمەت بنوێنی

کارێ وا نەکەیت ، ئیبلیسی لەعین
ئیمانمان بەرێ و بێ ئیمان دەرچین

لوتفت یاوەر بێت بۆ ئێمەی ئەتیم
ظەفەریاب نەبێت ، شەیتانی ڕەجیم

ڕازین بە ئەمرو فەرمانت خودا
بە ئیمانەوە دەرچین لە دنیا
هەرچەند گیرۆدەی نەفس‌و شەیتانین
وەلی موحتاجی ڕەحمی ڕەحمانین

ڕەحمەتی زۆرە خودای ذو الجلال
نامان‌خاتە سەر ڕێگەیی ضەلال
بە کوێری چاوی ئیبلیسی لەعین
سەلبی ئیمانمان ناکا بە یەقین
عەزابمان نادا بە ناری سەقەر
لەبەر خاتری ئالی پێغەمبەر

من خۆم ئەزانم غەرقی گوناهم
بە غەیری خودا نی‌یە پەناهم
هەر چەند موزنیب‌و هەم ڕووسیاهم
وا هەر چاوەڕێی عەفوی ئیلاهم

ویصالی زووکە بۆ ئیصلاحی حاڵ
تەوبەیە بکە لای خوای لا یزال
وەها خالیص بێ تۆبەکەت بە دڵ
تاکەی هەزکاری بۆ نابی عاقڵ

عەودە نەبیەوە بۆ شەرمەساری
بپۆشی بەرگی خەجاڵەت‌باری
تا بە لوتفی خۆی قبووڵت بکا
بە جەننەتی خۆی دڵشادت بکا

هەر بە نەزانی لە دنیای فانی

ڕیشت سپی کرد ، بە خۆت نەزانی

بێ عەقڵ تاکەی ویصالی بەسە

عاریف بە عاریف حەرفێکی بەسە

هەزارو سێ‌سەد هەشتای هیجری

بۆ وەختێ فەوتو تەئریخی عومری

کتێبی وەفات نامەی ویصالی

خاتیمەی هێنا ڕەحمەت لە قەبری

## شادیانەی گیسکەڕەش

پاش ئەوەی کە ویصالی هەواڵی فەوتی گیسکەڕەشی ئەدەنێ ، وەفات نامەیەک دائەنێ وەک لە پێشەوە نووسیمانەوە ، لەپاش ماوەیەک هەواڵی گیسکەکەی ئەبیستێ کە بە سەلامەتی هاتووەتەوە ئەڵێت :ـ

خۆزگە پیاوێکی ڕەشیدو ئازا
غیرەت بکێشێ لە چاپی بدا

هەتا ون نەبێ ئەم جۆرە ئاثار
نەشری کردایە لە دێهاتو شار

بخوێنرێتەوە لە ناو کوردستان
بۆ دڵگوشایی گەنجانو لاوان

ویصالی بڵێی یەکێ دەس کەوێ
چاپی کا لە بۆ خوێندنەوەی شەوێ

## ـ بەشارەت نامــە ـ

حەمدو سوپاسو شوکرو سەنای زۆر
بۆ زاتی پاکی خودایی غەفوور
زانایی ڕازی ئاشکراو پەنهان
بۆ مەخلووقی خۆی ڕاحیمو ڕەحمان
هەر بە ئەمری ئەو عالەم بوو ظهوور
هەر ئەبێو ئەڕوا هەتا نەفخی صوور
بڕژێ بە زۆری سەلاتو سەلام
بۆ سەر محمد ( ص ) ، سەیدول ئەنام
بۆ سەر ئالو بەیت ئەسحابی ڕەنگین
هەم بۆ تەواوی زومرەی تابیعین
هەم بۆ عولەماو ئەولیایی دین
بۆ باقی ئوممەت زومرەی موسلمین
ڕەزاو ڕەحمەتی خودای عالەمین
لە بۆ ئێمەیش بێو لەوان ئەجمەعین
ئومێدم وایە پادشای کەریم
ڕەحمەت بنوێنی بۆ زومرەی ئەثیم
بە ئاوی ڕەحمەت بشورێتەوە
خەتتی گوناهمان ڕەش ببێتەوە
بدرێتە دەستی ڕاسمان لە مەحشەر
نامە عەمەلمان بەبێ دەردی سەر

ئومێدم وایە خودای عالەمین

لەبەر خاتری محمد ئەمین ( ص )

لێمان خۆش ببێت عەفوومان بکات

بە باغی جەننەتی شادمان بکات

وبعد لە پاش سەنای بێ‌کران

بۆ زاتی پاکی خودایی سوبحان

بێنە سەر باسی کردەوەی دەوران

چلۆن عالەمی کردووە سەرگەردان

مین جوملە یەکێ وەک منی هەژار

چی کرد لەگەڵما چەرخی کەچ‌ڕەفتار

ئیتر تەماشا نەک بە تەنها من

هەزاری وەک من کردی سەروبن

لەسەر یەک حالەت قەراری نییە

دەمی بۆ هیچ کەس مەداری نییە

گاهێ پێت ئەدات تەختی سەڵتەنەت

گاهێ لە ناکاو ئەتخاتە زیللەت

گاهێ بە بەڵا ڕەنجوورت ئەکا

گاهێ بە خەڵات مەسروورت ئەکا

مین جوملە وەک من لە بەینی پێشوو

گیسکێکم هەبوو لە ناکاو ون بوو

زۆری بۆ گەڕاین لە کێوو نزار

زاتی گیسکەڕەش هیچ نەبوو دیار

ئاخر دەسمان لێ هەڵگرت بە عام
زۆرمان شوکر کرد بۆ خوای لا ینام
خولاصەی کەلام کەلێکی پێ چوو
بێناوو نیشان گیسکەڕەش ون بوو
کەچی لە ناکاو ڕۆژێ زەلامێ
موژدەی حەیاتی گیسکەکەی دامێ
زۆر دڵم خۆش بوو هەر وەکو بولبول
یەکێ بۆی بێنێ ناکاه موژدەی گوڵ
وەختێ زانیمان گیسکەڕەش ماوە
خۆشیمان ناو کەوت لە هەر چوار لاوە
نەتیجە ڕۆژێ خۆم چووم بۆ گەنگێ
کاری گیسکەڕەش کە بکەم یەک ڕێ
وەختێ کە مەجلیس گیرا بۆ قسان
باسی گیسکەکەم هێنایە مەیدان
عاقیبەت حاجی مەحموودی ڕووگەش
فەرمووی لای منە زاتی گیسکەڕەش
فەقەت لێی گەڕێ جا با لێرە بێت
تا بە ئارەزوو لە گیا تێر ئەبێت
ئەمجا هاتمەوە بە کەیفو سروور
خێرم لە بۆ کرد هەرچی بوو مەقدوور
زۆری پێ نەچوو شەخسێ بێ حەیا
خەبەری فەوتی گیسکەکەی هێنا

پێی گوتم قوربان تۆ نەتبیستووە
زاتی گیسکەڕەش فەوتی فەرمووە
شەخسێ لەلای من قسەی کردووە
وا جەنازەکەی لەوێ کەوتووە
دایان نەکردبوو بە بە سەرما کوشتیان
گەنکەیی کردیان بە جەژنی سەگان

فەوتی گیسکەڕەش کە بۆم مەعلووم بوو
دڵم لە شادیو خۆشی مەحرووم بوو
لە داخا وەکو یەعقووبی کەنعان
کە یوسفیان برد خستیانە زیندان
ئەو چون دوا یوسف ڕووی کردە گریان
فرمێسکی ئەڕژان وەک تاوی باران
منیش وەک یەعقووب جەرگو دڵ بوریان
وەکو باب‌مردوو بە ناڵەو ئەفغان
ئیتر بە جارێ جەرگو دڵو لەش
پارە پارەی کرد فەوتی گیسکەڕەش
پاشان هەموومان شینمان بۆ گێرا
حەسەب ئەمری شەرع تەعزیەی بۆ گیرا

وەفات‌نامەمان بۆ نووسی بە گەل
بە تەئریخەوە کرا موسەجەل
وەفات‌نامەکە چاک هۆنراوەیەوە
زۆر لە مەجلیس‌دا ئەخوێنرایەوە

ئاخری خوێنی گیسکەڕەش برا

یا لە جنسی خۆی یا حەقو بەها

مەجلیسو کۆمەڵ وا قەراری‌دا

خوێنی گیسکەڕەش نەفەوتێ قەطعا

یا حاجی خۆیی‌و لەگەڵ ئەهلی دێ

خوێنی گیسکەڕەش بکەن جێ‌بەجێ

تا زوو جێ‌بەجێ‌ی بکەن درەنگە

نەوەک نەمێنێ دنیا بەم ڕەنگە

لە حاجیم وەرگرت تەئمیناتی تام

خوێنی گیسکەڕەش بکەن سەرەنجام

ئەمجا هاتمەوە بۆ دێکەی خۆمان

دانیشتین بە جەم هەتا سێ ڕۆژان

تەعزیەی گیسکەڕەش کە خاتیمەی هات

کردمان شوکری خوای ئەرزو ئاسمان

زۆری پێ نەچوو بە لوطفی سوبحان

لە ناکاو شەخسێ هەروەکو مەردان

وەختی ئێوارە مژدەی بۆ هێنام

غەم مەخۆ سوپاس بۆ خوای لا ینام

زاتی گیسکەڕەش بۆ خۆی هاتەوە

زۆر بە حورمەتو بە خەڵاتەوە

لە هەر ماڵێکا بووە گیسکەڕەش

لە دەردو بەڵا خوا بیکا بێ‌بەش

تا زەمانی دوور یاخوا ئاوا بێت
دەرگای ڕەحمەتی خوای لێ گوشابێت

موبتەلا نەبن بە ڕەنجو ئازار
هەر لە خۆشیا بن صیغارو کیبار

ئیحتیاج نەبن بە پیاوی لاسار
قەت بە فەقیری نەبن گرفتار

مەحفووظ لە فیتنەو بەڵای ڕۆزگار
بینا بە خاتری ئەحمەدی موختار ( ص )

خۆشیو بەشارەت وا کەوتە ناومان
وەک دەرهاتنی یوسف لە مەیدان

کە چووم گیسکەڕەش وا لەناو داڵان
دانیشتووە عەینەن هەر وەک خەرامان

هەر وەک قەمەرناز بە نازو عیشوە
جار جار بە نازۆ لێوی ئەبزوا

منیش تا توانیم زۆر بە ئیحتیرام
بە حەیاو ئەدەب لە دوور ڕاوەستام

گوتم گیسکەڕەش بەخێر بێیتەوە
خۆ تۆ مردبووی زیندوو بوویتەوە

وتی حەقیقەت خەریک بووم بمرم
بە جووت دەستانم بە گونانت بکرم

ئاخری وەک خەلیل کە خوا ئەمری کرد
لە بۆ سەربڕین ئیسماعیلی برد

بۆی پارانەوە هەموو کائینات
تا مەلائیکەی ئەرزو سەماوات
کوورەی ڕەحمەتی خودا جۆشی خوارد
بە لوتفو کەرەم خوا فیدیەی بۆ نارد

بۆی هات بەرانێ لە بۆ سەربڕین
بۆ فیدیەی کوڕی لە خولدی بەرین
کە سەری بڕی حەزرەتی خەلیل
ئەو کەبشە چاکە بە ئەمری جەلیل
ئەو جا ئیسماعیل لەو بەلای موبین
زوو نەجاتی دا رب العالمین

منیش هەروەها خودا ڕەحمی کرد
دەرگای ڕەحمەتی لە من گوشا کرد
ئەو گیسکە ڕەشە کە لە گەنکێ بوو
بە خەیالی تۆ خێری نەنکێ بوو
خوا بۆ فیدیەی ئەو منی دانابوو
ئەو مردوو شوکر من نەجاتم بوو

تەمەننا ئەکەم خوا بە ڕەحم بێت
بۆ مەخلوقی خۆی زۆر بە کەرەم بێت
سەیری ئەو حوکمە ها بە لایەوە
کەوا لە نەبوو منی دایەوە
ویصالی ئەبێ تۆ هەتا ئەمری
مل کەچ بیو موطیع دائیم بۆ ئەمری

چونکە هاتمەوە سەربەستو ئازاد
رەنجی پێشووی تۆ خوا نەیدا بە یاد

ئەبێ دەعوەتێ بکەی جێبەجێ
لە بۆ ماقووڵو ناماقووڵی دێ
لە رۆژێکی خۆش هەتاوو هەستاو
وە ئەهلی ئەبێ بەجارێ بڵاو
کەللەیێ شەکرو ئەلیدرەم چا
قەراری بدە بۆ سەیری سارا
لە جێیەکی دەشت سەوزە گیابێ
ماستو کەرەو و هێلکەی تێدا بێ
بە شادیانەی گیسکەکەی مەلا
رۆژێ رابوێرین بە سەیرو صەفا

بە کوێری چاوی هەموو نەتەوێ
بەزمێ بگێرین بەزم خوسرەوێ
هەتا ئێوارە لە بۆ گیسکەرەش
کە لە گیای بەهار خوا نەیکا بێبەش
الحمدلله گیسکەرەش نەمرد
لە دەردوبەلا خوا مەحفووظی کرد

بە سەلامەتی خۆی هاتەوە ماڵ
ماڵو منالی هەموو کرد خۆشحاڵ
برا منو تۆ هەرچییە خەیاڵ
موقەددەری خوا زوو نەیکا بەتاڵ

ڕاستت پێ بڵێم برای پڕ کەماڵ

خوا نافەوتێنی ئەموالی حەڵاڵ

باقی والسلام ئەی برای عەزیز

هەرگیز لامەدە لە ئەهلی تەمیز

خۆت ﻟ شەللاتیو بێ حەیا لادە

تا لەگەڵیان بیت ڕەنجت بە بادە

ئەی برای بەڕێز گوێ لە نەسیحەت

بگرە بەکار دێ لە بۆ قیامەت

ویصالی غایەی هەر نەسیحەتە

گەر بیگریە گوێت زۆر بە قیمەتە

هەرچەند موجریمین ڕوورەشو خەجڵ

بپاڕێینەوە بە ئیخلاصی دڵ

بیبێ لەگەڵمان لوتفو عینایەت

خوا لامان نەدا لە ڕێی هیدایەت

یا ڕەب بۆ خاتری شاهی مورسەلین

تالانمان نەکا شەیتانی لەعین

یا ڕەب بۆ خاتری شاهی ئینسو جان

مەحفووظمان بکەیت لە سەلبی ئیمان

یاڕەب بۆ خاتری ساحێبی فتووح

فریامان کەوی دەمی نەزعی ڕووح

ظەفەریاب نەبێت ئیبلیسی مەلعوون

بۆ خاتری یەحیاو زەکەریاو شەمعوون

یا ڕەب بۆ خاتری شاهی ئەنبیا

له ڕۆژی حەشرا نەبین ڕووسیا

یا ڕەب بۆ خاتری ( سید البشر )

مەمان سووتێنە بە ناری سەقەر

هەر چەندە ئێمە کە بێ پەیڕەوین

بە گوێرەی حساب ئوممەتی ئەوین

خاریجمان مەکە لە ئیمانو دین

پێمان خۆش مەکە شەیتانی لەعین

ببوورە لێمان خودای تەنیاو تاک

لەبەر خاتری شای تەختی ( لولاك )

نەمانخەیتە ناو ئاگری جەهەننەم

لەبەر خاتری سەییدی خاتەم

هەر بە ڕەحمی خۆت ئازادمان بکە

بە دیاری حەزرەت شادمان بکە

ویصالی بەسیە ئیتر مەگەفە

لە بۆ خاتری ئەو ذی شەرەفە

لێمان خۆش ئەبێت عەفوومان ئەکات

بە نیعمەتی خۆی شادمان ئەکات

## پاشبەند

لە کاتێکدا لە ئامادەکردنی ئەم دیوانە بوو بورمەوە چەند پارچە شیعرو چوارینم کەوتە بەردەست کە نەمان توانی لە شوێنی خۆی‌دا بلاویان بکەینەوەو لەم بەشەدا کە ناومان نا پاشبەند بلاومان کردنەوە ..

دوو چوارین

— ١ —

کاکە بۆ حیرص‌و طەمەع بەسیە ئیتر سوێنی درۆ
لادە لەم جادە کەچە وەرە هەستە ڕاست بڕۆ(١)
ئەی ویصالی قسەکەت سوودی نی‌یە ڕاست نەما
چون نەما ناوی خودا ئێستە بە ڕاس غەیری درۆ

— ٢ —

شەرابی جەننەتم ناوێ بە غەیری وەصلی مەعشووقان
کە بێ زینەت ئەمێنێ شەمعی لاچو مەجلیسی ڕەندان
ویصالی عاشقی یارە ، لە دووری یارە بیمارە
دلی پڕ جۆش‌و هاوارە ، ئەلێ یا ڕەب بەسە حیرمان

(١) کەچ :ـ خوار ، چەوت .

ڕەنگە هەندێ لە خوێنەواران سووکە ڕەخنەیەکی بێجێ لەوە بگرن کە لە هەندێ شیعرا چەند وشەیەکمان بە بۆشیی هێشتۆتەوەو لە دامێنیشەوە ئیشارەتم بۆ ئەوە کردووە کە بۆ [ وتن ناشێ یان بۆم ساغ نەبووەوە یان کوژاوەتەوە ] ، ئەم قسانە پێویستیان بە بەڵگە هەیە کە لە خۆمەوە ئەو قسانەم نەوتووە . ئەمەش وێنەی چەند پارچە شیعرێکین کە کەڵکیان پێوە نەماوەو نوسخەی تریشی نەبووە تا بە هۆیەوە ساغ بکرێنەوە .

وێنەی پارچە شیعرێکی پەرپووت

## ( ١ ) فەرهەنگی دیوانی ویصالی

ساقی :ـ مەیگێر ، بە دەربڕینی متەصەوویفەکان بە پیری تەریقەت ئەڵێن ساقی ٠

جەور :ـ ناخۆشی ، زۆرداری ٠

جەفا :ـ ناڕەحەتی ٠

میحنەت :ـ مەینەتی ٠

ئاسۆره :ـ بەئازاره ٠

کونجی‌ئەحزان :ـ خەفەت‌خانە ٠

قەدەح :ـ پەرداخ . ئەو پەرداخەی بۆ مەی خواردنەوە بەکار ئەهێنرێ٠

خەریدە :ـ کڕراو

ساغیر :ـ پیاڵەی شەراب ٠

دەربان :ـ دەرگاوان . قاپیەوان ٠

موزەییەن :ـ ڕازاوه ٠

چنگ :ـ ئامێرێکی مۆسیقایی‌یە ٠

نەی :ـ شمشاڵ ٠

خەمر :ـ شەراب ، مەی

یاقووت :ـ ماددەیەکی جوانی زۆر بە نرخە ٠

نیهاڵ :ـ تازەنەمام ٠

جەمەر :ـ بێ‌نرخ ٠

مەه :ـ مانگ ٠

شەهدا :ـ لە زاراوەی گشتی‌دا بە هەنگوین ئەوترێ شەهد . بەڵام ئەم وشەیە بەو ماددەیە

ئەوتـریّ کـە لـە شـــانەکەدا هێشتا ماویەتی
ببێت بە هەنگوینی تەواو ·

ببۆسن :ـ ماچی‌کەن ·
لەعلی‌مەیگون :ـ لێوی ئالی شەرابی ·
سەحەر :ـ بارشێو ، پێش بانگی بەیانی
پەراگەندە :ـ بڵاو ·
خومار :ـ سەرخۆش ·
میهر :ـ ١ ـ ڕۆژ ٢ ـ خۆشەویستی ·
موهر :ـ مایین ·
مەهر :ـ مارەیی ·
شەمع :ـ مۆم ·
فەنەر :ـ چرا ، فانۆس ·
شام :ـ نانی ئێوارە ·
نەهار :ـ ١ ـ ڕۆژ ٢ ـ نانی نیوەڕۆ ·
هیلالی حاجیب :ـ برۆ ·
چەشمە :ـ سەرچاوە ·
هارووت‌وماroوت :ـ ئەو دوو فریشتەیەن خوا غەزەبی
لێ‌گرتن‌و ئەڵێن لە بیرێکان سەرەوژێر
هەڵواسراون لە بابل ، لە ژێرەوە بە دووکەڵ قانگ ئەدرێن
چاه ١ ـ چاڵ ٢ ـ چاڵی چەناکە ·
حەدداد :ـ ئاسنگەر
تاب :ـ گەرم ·

ئاتەش :ـ ئاگر ٠

مورغ :ـ باڵندە ٠

خووبان :ـ ١ ـ جوانان ٢ ـ پیاوچاکان ، پیاوانی خوا ٠

گێسوو :ـ زوڵف ٠

صەییاد :ـ ڕاوچی ٠

بۆیی :ـ بۆنی ٠

تابان :ـ ڕووناك ٠

ئابی ئاهوو :ـ مەبەست لە میسکی بۆنخۆشە ٠

هەم ئاغۆش :ـ باوەش ٠

مانەند :ـ وەکو ٠

دەهان :ـ دەم ٠

چەمەن :ـ گولسناز

ئاهوو :ـ ئاسك ٠

حۆری :ـ پەری ٠

حۆری :ـ پەری ٠

نیەت :ـ جوانی ٠

بەدگۆ :ـ زمانبەد ، ئەوەی قسەی خراپ بەسەر زمانیا دێ ٠

نیثار :ـ پێشکەش کردن ٠

بەلقیس :ـ خێزانوحەرەمی حەزرەتی سولەیمان پێغەمبەر بووە ٠

تار :ـ ١ ـ تاریك ٢ ـ ئامرازێکی مۆسیقا ژەنینە ٠

هەوری زوڵف :ـ قژی ڕەشی ٠

زائیل :ـ لاچوو ٠

دەمسازی غەم :ـ هاوجووت لەگەڵ غەم ٠

وەرد :ـ گوڵ •
خار :ـ دڕك •
جاهلا :ـ پایەوبولندی •
جەلال :ـ شکۆندی •
سەروو :ـ دارێکی بەرزی جوانی هەمیشە سەوزە
جۆبار :ـ جۆگە ، جۆگەلە •
هوزار :ـ بولبول •
لالە :ـ گوڵالەسوورە •
چو :ـ وەکو •
ئوفتادە :ـ کەوتوو ، داکەوتوو
سورشك :ـ فرمێسك •
سەهبا :ـ شەراب •
لەب :ـ لێو •
عەلیل :ـ دەردەدار •
خەیلی :ـ زۆر •
موژگان :
دیك ١ ـ کەلەشێر ٢ ـ دیزە [ شاعیر مەبەستی واتای دووەمە ]•
جەریح :ـ بریندار •
چەقەنەونەی :ـ دوو ئامێری مۆسیقایین •
جان :ـ گیان •
نوطق :ـ قسەکردن •
کەبك :ـ کەو •
خۆش‌خەرام :ـ خۆش‌ڕەوت •

دام :ـ داو

مورشید :ـ ڕێنیشاندەر ، پیری تەریقەت ، ڕابەری تەریقەت ٠

مورید :ـ ئەوەی لەسەر دەستی پیری تەریقەتا تۆبە ئەکات ، جا وشەی ( مورید ) ئەوانەن کە خۆیان ئەدەنە دەستی شێخی تەریقەتـــی نەقشبەندی ، ئەوانەش کە خۆیان ئەدەنە دەستی شێخی قادری پێیان ئەڵێن ( دەروێش ) ٠

ناتەمام :ـ ناتەواو ٠

طەلعەت :ـ دەرکەوتن ، دەرخستن ٠

خورشید :ـ ڕۆژ ٠

شمشاد :ـ داری شمشاد ٠

خەم :ـ غەم وپەژارە ٢ ـ چەماوە ٠

چۆگان :ـ کۆچان ٠

ئاسا :ـ وەکو ٠

پەروانە :ـ پەپوولە کە بە دەوری گڕا ئەسووڕێتەوە تا ئەسووتێ ٠

پەیکان :ـ سەرەڕم ، سەرەتیر ٠

ئەفسووردە :ـ شێواو ٠

تیرئەنداز :ـ تیرهاوێژ ٠

بۆتە :ـ کاسەیەکە ئاڵتوونی تیا ئەتوێنرێتەوە ٠

شیفتە :ـ شێواو ٠

ئاشیفتە :ـ شێواو ٠

خونبار :ـ خوێناوی ، خوێنی لێ دێتە خوار ٠

دێوانە :ـ ١ ـ لە ( دێڤـ )ـەوە هاتووە ، لە زمانە کۆنەکاندا بـــە

شێت وتراوە ( دێڤ ) ، دوایی بووە بە دێو ، دێوانە ،

٢ ـ یەکەسێکیش ئەوترێ خزمەتی مەزارگەی پیاوچاکێک یان قیسێک ئەکا ٠

زار :ـ لاواز ٠

غول :ـ شێت ٠

پەروا :ـ باک ٠

بوستەر :ـ سەرین ٠

شەوچراغ :ـ شەوچرا

جەبین :ـ ناوچەوان ٠

قەند :ـ شەکر ٠

نەدیمە :ـ نەدیو ٠

عەییار :ـ زۆرزان ٠

سەرشار :ـ بەخۆ نازین ٠

شیفتە :ـ شێواو ٠

پەژمووردە :ـ سیس بوون ٠

مەهوەش :ـ وەکو مانگ ٠

تاتا :ـ داهێنراو ٠

زار :ـ زەلیل ، لاواز

یەشیز :ـ جۆرە پارەیەکی کۆنی ئێرانە ٠

ڕەستەخیز :ـ ڕۆژی قیامەت ٠

ئاهوو :ـ ئاسک ٠

غەزال :ـ ئاسک

نوما :ـ دەرخستن ٠

ڕوخ :ـ ڕوو ، چەهرە ٠

نەوەرد :ـ گەڕان ، خولانەوە ٠

صەحرانەوەرد :ـ چۆڵگەرد ٠

نەوید :ـ موژدە ٠

کام :ـ ئارەزوو ٠

ئەنگوشت :ـ پەنجە ٠

خەستە :ـ نەخۆش ٠

بێخود :ـ بێئاگا ٠

خورد :ـ خواردن ٠

جوز :ـ جگە ، بێجگە ٠

ئەختەر :ـ ئەستێرە ٠

سایە :ـ سێبەر ٠

بیمار :ـ نەخۆش ٠

ڕەعنا :ـ بەرز ، باڵابەرز ٠

نەخچیر :ـ نێچیر ٠

پارەپارە :ـ لەتلەت ٠

خەد :ـ خاڵی سەر گۆنا ٠

کیشوەر :ـ وڵات ، ولکە ٠

ناهیق :ـ ئەوەی ئەزمەرێ ٠

حاذیق :ـ شگارەزا ٠

خاریق :ـ لە عادەت بەدەر ٠

ڕوباب :ـ نامێرێکی مۆسیقایە

چەمەن :ـ گوڵزار ۰

طالیع :ـ بەخت ۰

فەیرووز :ـ پیرۆز ۰

جانسۆز :ـ گیانسووتێنەر ۰

کولاغ :ـ قەلەڕەش ۰

ئاوێزان :ـ هەڵواسراو ۰

چەشمە :ـ سەرچاوە ۰

عەنقا :ـ باڵندەیەکە ئەڵێن لە کێوی قافدا ئەژی ۰

تریاق :ـ ئەم ماددەیە بۆ مارانگاز بەکاردێ ، وا باوە کە ( گاکێوی ) دوژمنی گەورەی مارەو بە هیچ کلۆجێ مار ناوێـری توختی بکـەوێ ، تەنانەت ئەگەر تاڵێ مووی گاکێوی بە هەر کەسێ بێ مار پێوەی نادا ، بەڵام مار تەنها ئەگەر بۆی بکرێ ئەدات بەسەری لووتییەوە ، چەنـد دڵۆپێ فرمێسک لە چاوی گاکێوییەکەوە دێتە خوارەوە ، ئەو دڵۆپـە فرمێسکانە ئەگەر بخرێنە سەر دەمی برینی مارانگاز یەکسەر چاک ئەبێتەوە ، وا باوەو وایشە کە گاکێوی مار هەڵ ئەلووشێ ۰

خاتیمە :ـ کۆتایی ۰

نێش :ـ پێوەدان ۰

ئیرەم :ـ بەهەشت ۰

واماندە :ـ تیاماو ۰

موهر :ـ خەتم ۰

ئەمر :ـ مارەیی ٠

میهر :ـ ١ ـ خۆشەویستی ٠

٢ ـ ڕۆژ ٠

بەلعەم :ـ بەلعەمی بنی باعوورا ، لە زەمانـــی حەزرەتی مووســـادا بـووە ٠ ئەوەندە پیاووچاک بووە وەکو حەزرەتی مووسا ئەچـووە شوێنـــی تایبەتـی خۆیی‌و لەخودا دەپاڕایەوە ، لە کاتێکا حەزرەتی مووســـا ویستی بچێ بۆ سەر قەومـەکـەی تـا بڕوای پـێ بهێنن بـەڵام بـۆ پاراستنی زەعامەتی خۆیان داوایان لـە بەلعەم کرد دوعا لە حەزرەتـی مووسا بکا ، ماوەی چل ڕۆژ مووساو لەشکرەکەی نەیان توانی بچنـە سەر قەومەکەی ، تا حەزرەتی مووسا لە خوا پاڕایەوەو قســەی لەگەڵ خوا کرد ، خوا فەرمووی بەلعەم دوعای لێ کردووی ، ئەمجا مووساش دوعای لێ کردوو زمانی وەکـو سەگ هاتە دەرەوە لە کۆتایـیدا بـــە کافری مرد ٠ [ ئەم سەرگوزشتەیەم لە مامۆســتا مـەلا عەبدولـــلای نووسەری حەزرەتی شێخ عوثمانی بیارە بیستووە ] ٠

ئاستان :ـ سەردەرگا ٠

گوشا :ـ کراوە ٠

میکائیل :ـ فریشتەی ڕزق‌و ڕۆزی ٠

ناسووتی :ـ عالەمی مادە ٠

لاهووتی :ـ عالەمی موجەڕڕەدات ، ڕووت‌لەماددە

سەبووک‌بار :ـ بارسووک ٠

بەرزەخ :ـ ماوەی‌نێوان گۆڕو قیامەت ٠

خەسیس ـ پیس ٠

یەثریبوبەطحا :ـ شاری مەدینە ٠

خووەینی :ـ ناوی شارێکە لە ئێران مەلای چاکی زۆرە ٠

مەنسووخ :ـ بەتاڵ کراوە ٠

جان :ـ ڕۆح

جانان :ـ ڕۆحیڕۆحان ٠

تەلیسم :ـ زانستیيەکی تایبەتیيە ٠

ئەرا :ـ ژێرزەوی ، ژێر کوڕەی زەوی ٠

ثورەییا :ـ ئەستێرەیەکە لە ئەستێرەکان ٠

موطریب :ـ گورانیبێژ ٠

سەقف :ـ بنمیچ ٠

مەمدووح :ـ ستایش کراو ، پیاهەڵدراو ٠

تەسکین :ـ دامرکێنەرەوە ٠

ئارا :ـ ڕازاندنەوە ٠

شومار :ـ ژمارە ٠

بێشومارە :ـ نایەتە ژماردن ٠

جانستان :ـ گیان ئەسێنێ ٠

موهەییا :ـ ئامادەکراو ٠

زیبا :ـ جوان ٠

کلێسا :ـ کەنیسە ٠

مەئوا :ـ جێگا ٠

دوود :ـ دووکەڵ ٠

چیز :ـ شتە

حەماقەت :ـ نەفامی ، بێ عەقڵی ٠

خضر :ـ خەرزینده ٠

یونس :ـ حەزرەتی یونس پێغەمبەر کە حووت قووتی داو ماوەی چل شەو لە زگیا مایەوەو دوایی داینا ، مەزارگەی پیرۆزی لە مووسڵە ٠

کەپەنک :ـ فەرەنجی کە شوان لە زستاندا ئەیدات بەسەر شانیا ٠

نائیل :ـ دەستکەوتوو ٠

طاقی‌کیسرا :ـ ئەو تاقە بەرزەیە کە ئێستا پاشماوەکەی لە سەلمان پاک ماوە ، کاتی خۆی کیسرا ، شای فارسەکان دروستی کردووە ٠

موطەههەر :ـ پاک ٠

موکەحەل :ـ چاورێژراو ٠

ئیقبال :ـ بەخت ٠

نەسل :ـ رەگەز ، وەچە ٠

میهمان :ـ میوان ٠

جورعە :ـ قوم ٠

مەعجوون :ـ شێلراو ٠

ئەن :ـ لەش ٠

سارا :ـ بیابان ، سەحرا ٠

# پێرست


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ٥ | وێنەی ویصالی |
| ٧ | وێنەیەك لە دەستنووسەکانی شاعیر |
| ٩ | وێنەی دەسخەتێکی تری شاعیر |
| ١١ | چۆن دەستم کرد بە کۆکردنەوەی ئەم دیوانە |
| ١٢ | ویصالی کێیە ؟ |
| ١٩ | چۆنیەتی ئامادەکردنی ئەم دیوانە بۆ چاپ |
| ٢٠ | پلەو پایەی شاعیرێتی ویصالی |
| ٢١ | مەبەستەکانی ویصالی لە شیعرا چی بووە ؟ |
| ٢٦ | سوپاس‌نامە |
| ٢٧ | بەشی غەزەلیاتو دلداری |
| ٢٩ | ١ ـ وەرن یاران تەماشاکەن لە ئەحوالی پەرێشانم |
| ٣١ | ٢ ـ بلێن ساقی قەدەح پڕکا شەرابی بێ ئەثەر نابێ |
| ٣٤ | ٣ ـ ئەلا ئەی عاشقی مسکین وەرە ئیمڕۆ بە مەیخانە |
| ٣٨ | ٤ ـ موددەتێکی زۆرە عەزمی دیدەنی یارم هەیە |
| ٤١ | ٥ ـ منم هوزاری باغی قەرەداغ |
| ٤٤ | ٦ ـ ئەی مصطەفایی شەیدا تێفکرە لەم پەیامە |
| ٤٦ | ٧ ـ تەماشا طەلعەتی یارم وەکو خورشیدی تابانە |

| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ٤٨ | ٨ ـ دەمێکە من لە دووری تۆ دەناڵم |
| ٥٠ | ٩ ـ مەجنوون و سەراسیمەوو داماوە دڵی من |
| ٥٤ | ١٠ـ سەلامی من لەسەر تۆبێ گوڵی گوڵزاری کوێستانی |
| ٥٦ | ١١ـ ئینسانێ وەکو من کە فەلەک تەفرەیی دابێ |
| ٦٥ | ١٢ـ باعیسی دووریتە جانا مونقەطیع بوو خەوتنم |
| ٦٧ | ١٣ـ لەمن وایە ئەتۆ یارێکی جانی |
| ٦٩ | ١٤ـ لەگەڵ عاشق کە صەد جەورو جەفا کەی |
| ٧٠ | ١٥ـ مایەی چی‌یە وا عاجزی لەم بەندەیی مسکین ؟ |
| ٧٢ | ١٦ـ دەمێکە دەناڵم لە بۆ وەصلی جانان |
| ٧٦ | ١٧ـ ئەی یاری جەفاکێش دڵ ئازاری هەتا کەی ؟ |
| ٧٨ | ١٨ـ وتم دەمتە وە یا غونچە وتی ئەو نوقطە مەوهومە |
| ٨٠ | ١٩ـ غونچەی باغە جینانی ئەی صەنەم یاخود پەری |
| ٨١ | ٢٠ـ مەفەرموو پیرە عومری صەد ساڵە |
| ٨٣ | ٢١ـ وەرە ئەی دولبەری مەهوەش لە باوەش کە منی سەرخۆش |
| ٨٤ | ٢٢ـ چونکە من کوردم بە کوردی پێم بڵێ یاری عەزیز |
| ٨٥ | ٢٣ـ دڵ لە حەسرەت چاوی نازارە کەوا زاری دەکا |
| ٨٧ | ٢٤ـ ئەی نەسیمی صوبحەدەم بیستوومە یار هاتۆتە شار |
| ٨٩ | ٢٥ـ شەوو ڕۆژ من بە چاوی ئەشکباری |
| ٩٢ | ٢٦ـ ئەو پەرچەمە چین چینە لەسەر کوڵمی حەلاوە |
| ٩٤ | ٢٧ـ سەیری تەقدیری خودایی ئەحەد |

| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |


٢٨ـ ڕەفیقان سەیری ئامین کەن کە چ مومتازو شیرینە ٩٧

٢٩ـ شاهیدم ئەمڕۆ لە باغا غونچەیەکی سەرچلە ٩٩

٣٠ـ ئەگەر خورشیدی ڕووی دەرخا لەسەر خۆی لابدا تارا ١٠٠

٣١ـ براگەل مژدەبێ لیتان لەلاتان ١٠٣

٣٢ـ حەبیبا کاغەزی تۆ پەیغامی یاری هێنا ١٠٥

٣٣ـ ئەی یار هەتا کەی لە فیراقت بە شەبو ڕۆژ ١٠٧

٣٤ـ بێ عەطری گوڵت بولبولی دێوانە بڵێ چی ؟ ١٠٨

٣٥ـ ئەی موعەططەر سازی جەمرەی بێنیو قەصری دەماغ ؟ ١٠٩

٣٦ـ من کە مەهجوورم لە یاران بوومەتە نەخچیری سێ ١١١

٣٧ـ ئەوا ڕەنگ زەردی جانانو حەزینم ١١٣

٣٨ـ لەم زەمانە هەر کەسێ هاتو وتی من ناطیقم ١١٧

٣٩ـ هەر دەمە دونیا بە نەوعێ دێتە پێشێ گەه وەکو ١١٨

٤٠ـ سەد شوکر ئیمشەو کە ڕەیحان ساقیی مەیخانەیە ١٢٠


## بەشی نیشتیمان پەروەری


٤١ـ ئەی برای کورد ڕوو بکە ئیتتیفاق ١٢٤

٤٢ـ سەیری وەضعی ڕۆژگارو دەوری چەرخی ڕووسیا ١٢٦

٤٣ـ ئەی فەلەک بۆچی لە مەوطین وا منت ئاوارە کرد ؟ ١٣٠

| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| **بەشی ئایینیو پارانەوە** | |
| ٤٤ـ غەریقی بەحری عصیانم اغثني یا رسول الله | ١٣٦ |
| ٤٥ـ بە شوعلەی چەبهەیی ئادەم ، بە نووری سەییدی عالەم | ١٣٨ |
| ٤٦ـ ئەگەر عەبدی حەیی ذولجەلالی | ١٤١ |
| ٤٧ـ موالي یا موالي | ١٤٣ |
| ٤٨ـ خودا تۆی حافظی شاری بیارە | ١٤٥ |
| ٤٩ـ سەیری کە عەجەب مەنبەعی ئیحسانە طەوێلە | ١٤٧ |
| ٥٠ـ دیانەت باری کرد ڕۆیی مەگەر پاشبارەکەی ماوە | ١٤٨ |
| ٥١ـ خوا خۆی ئەزانێت پەنام هەر ئەوە | ١٥٢ |
| ٥٢ـ لەگەڵ ئێوەمە ئەی برادەران | ١٥٦ |
| ٥٣ـ قەصیدەی باران .... الحمدلله منشیء الخلق والاسرار | ١٦٣ |
| **٥٤ـ چوارینەکان** | |
| ٥٥ـ ئەلای ئەی قەومی ناهەمواری نادان | ١٧٣ |
| ٥٦ـ ئـەی برادەر تۆ کە لەملا ڕووتو بێ دەسمایە بی | ١٧٦ |
| ٥٧ـ ئەی نەفسی پیر بووم هەتا کەی مەیلی ئەملاو لا بکەم | ١٧٨ |
| ٥٨ـ زەمانە قەط لەگەڵ ئەولادی ئادەم باوەفا نابێ | ١٨٠ |
| ٥٩ـ ئەی برادەر گوێت بێ ، بێ گوێ مەبە هەروەک حەجەر | ١٨٢ |
| ٦٠ـ سەیری کە جیهان مەخزەنی ئەسراری خودایە | ١٨٥ |

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ٦١ـ مەرحەبا ئەی سەییدی خەلقی خودا | |
| ٦٢ـ ئەی سەری من بۆ بە قوربانی قەدو بالآیی تۆ | |
| ٦٣ـ یا رسول الله ببەخشە تۆ گوناهم مەمکە دەر | |
| ٦٤ـ منم عەبدی ذەلیلی تۆ ، مەدەد یا شاهی گەیلانی | |
| ٦٥ـ یا رسول الله بە قوربانی قەدت بۆ جیسمو جان | |
| ٦٦ـ ئەسیری چەرخی دەورانم ، غەریبم سا خودا ڕەحمێک | |
| ٦٧ـ موحەققەق بوو لە عالەمدا وەرن یاران بە مەردانە | |

## پێنج‌خشتەکی

| | |
|---|---|
| ٦٨ـ تەخمیسی ویصالی لەسەر کەلامی زێوەر | |
| ٦٩ـ ئەی دولبەری جینانی غەمخوارو میهرەبانی | |
| ٧٠ـ پێنج خشتەکی لەسەر شیعری وەفایی | |
| ٧١ـ پێنج خشتەکی ویصالی لەسەر شیعری تایەر بەگی جاف<br>ساقی وەرە مەیخانەو مەی تێکە درەنگە | |
| ٧٢ـ پێنج خشتەکی ویصالی لەسەر شیعری صادق | |
| ٧٣ـ تەخمیسی شیعری فانی | |
| ٧٤ـ پێنج خشتەکی ویصالی ...<br>دڵ حەپسی چی‌یە ؟ ، فیرقەتی دلدارو نەحیفە | |
| ٧٥ـ جیهان بووکێکە موعریشی جەفایە | |
| ٧٦ـ دوێ شەوێ لە مەیکەدە شاهید بە ڕوویی نازەوە | |

| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |

## بەشی هەمەجۆرو هەمە بابەت

٧٧ـ گیرانی ویصالی بە دەستی ئینگلیزەکان
٧٨ـ ئەی برادەر سەیری شوورەی جەیشی بێ سامانی کێچ
٧٩ـ ڕەقیب با یلێ لێت ئەمرێنم
٨٠ـ تەعریفی مێرگاسە
٨١ـ لەم قەریە تەماشا کە لە قەصرو لە وتاغی
٨٢ـ ئەلا ئەی ناظری ئەگەر ئەهلی کەمالی
٨٣ـ ستایشی خوارەمیر
٨٤ـ برای شیرینم ئەی کاکی خۆش ڕەوت
٨٥ـ زەلیلی کارژۆڵەی ویصالی بە دەم شاهێنەوە
٨٦ـ پاکو خاوێنی میراودەلی‌یەکان
٨٧ـ ئەی عەزیزان یەک دوو ساڵێ بووم ئیمامی سەرگەڵوو
٨٨ـ مژدەبێ ئەی دڵ ئەڵێن بولبولی ئاستان هاتەوە
٨٩ـ حەشت خشتەکی ٠
٩٠ـ سەیری دەوری چەرخو ئیشی خالیقی ئەرضو سەما
٩١ـ غەرەض لەم قیلو قالە ئەی یاری جانی
٩٢ـ سەیری ئەم دونیای عەجووزە خۆی لە من چۆن کردە بووک
٩٣ـ صەبا هەڵسە برۆ زووکە لە بۆ شاری سولەیمانی ٠

| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |


٩٤ـ سەیری وەضعی ڕۆزگارو دەوزی چەرخی ئاسمان

٩٥ـ خۆشیو بەزمی سەماوەر

٩٦ـ مەجموەفەنی عەزیزم بەعضێ دەرمانم ئەوێ

٩٧ـ صەد شوکر ئیمڕۆ بە ڕەحمەت خالقی جینو بەشەر

٩٨ـ شەوی یەک شەممە واقیع بوو لە مالی ئێمە پەنهانی

٩٩ـ جەنابا ئەوا من هاتوومە بارێ

١٠٠ـ ڕۆژو شەو قوربان تەمەننامە لە شاهی ذولمینەن

١٠١ـ ئەی جەنابی عەلییەفەندی چی گوتوومە قافییە

١٠٢ـ سەلامی من لەسەر تۆبێ گولی گولزاری ئالانی

١٠٣ـ بە حوببی ئێوە مەشغوولم ئەگەر چی ظاهیرەن دوورم

١٠٤ـ ئەلا ئەی جەمدەمی ژینو مەماتم

١٠٥ـ چبکەم لە بەختی خەوتوو یار هاتو پێم نەزانی

١٠٦ـ ئەلا ئەی صاحێبی دەرکێو درایەت

١٠٧ـ گوێ بگرە لە من ئەی بادی صەبا

١٠٨ـ ئەی حەلاوەخان خوشکی خۆش کەلام

١٠٩ـ ئەلا ئەی ساقی بەزمی حەیاتم

١١٠ـ سەرم ئێشێ لەبەر بێ چایی قوربان

١١١ـ سەرم ئێشێ لەبەر بێ چایی قوربان

١١٢ـ هەر چایە لەم جیهانە مەحبووبی ئینسو جانە

١١٣ـ برادەر هەر کەسێ چا بێ دەبێ ئەو یاوەری چا بێ

| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| ١١٤ـ ئەی چا مەگەر تۆ مەنبەعی شادیو عوشرەتی | ٣٣٢ |
| ١١٥ـ ئەلا ئەی ئەهلی کاشانە بەجێ بێنە ڕەسمی موسلمانی | ٣٣٥ |
| ١١٦ـ جەر تەمەتنامە لە قاپی خودا | ٣٣٦ |
| ١١٧ـ موسمی سەیرانو گەشتە ، سەوزە صەحرا کاکە گیان | ٣٤٣ |
| ١١٨ـ ئەوا فەصلی بەهارەو موسمە ، دەی | ٣٤٤ |
| ١١٩ـ غەیری خوا هەلناگرێ مەعلومە شانی کەس لە ناس | ٣٤٦ |
| ١٢٠ـ خودا قەهری لە جێیە گرتو مەیلی بوو بە وێرانی | ٣٤٩ |
| ١٢١ـ ئەگەر ئەپرسن ئەحوالی سەعید | ٣٥٠ |
| ١٢٢ـ سەیری چەرخی حیلەبازو مەکرو فێلی رۆزگار | ٣٥٢ |
| ١٢٣ـ ئێستە وا مەشهوور بووە ئەم هەرزنە مالی منە | ٣٥٤ |
| ١٢٤ـ سەیری ئەم لوطفە کردی ، خوداوەندی بێ‌نیاز | ٣٥٥ |
| ١٢٥ـ گالۆکێکم بوو چ گالۆک ، گالۆکێکی زۆر عەجیب | ٣٥٧ |
| ١٢٦ـ ئەی موسلمانان تەماشاکەن لە فەضلی موستەعان | ٣٥٨ |
| ١٢٧ـ ئەوا بۆت هات کەلەشێرێکی ملڕووت . | ٣٦٠ |
| ١٢٨ـ بۆم وەها مەعلووم بووە ئێستا لەلا ئەهلی سەلەف | ٣٦٢ |
| ١٢٩ـ سەلامی من میثالی بەفرو باران | ٣٦٣ |
| ١٣٠ـ بە تەقدیری خودایی حەیی بێ‌چوون | ٣٦٥ |
| ١٣١ـ ئەوێستا ئەهلی عیلمە دڵ بریندار | ٣٦٧ |
| ١٣٢ـ من فیوض الباری انت حاکم الکرد الاسیر | ٣٦٨ |
| ١٣٣ـ من کە ڕازی بووم بە خەبلەی هەرزنو نانی شەعیر | ٣٧١ |

| لاپەڕە | بابەت |
| --- | --- |
| ٣٧٢ | ١٣٤ـ بۆ خۆشەویستم ڕەفیقی شەفیق |
| ٣٧٥ | ١٣٥ـ ڕۆخەکەم دوختەر گەیشت نامەکەت |
| ٣٧٩ | ١٣٦ـ شک ئەبەم شەخصێ لە ڕۆما پێی ئەڵێن مەللا حەسەن |
| ٣٨١ | ١٣٧ـ پاشبەند ، وەفات نامەو بەشارەت نامە |
| ٤٢٠ | ١٣٨ـ فەرهەنگ |
| ٤٢٢ | ١٣٩ـ پێرست |